





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست:

١- له هەناردەکردنی شۆڕشەوە هەتا لێواری دارمان ................................................ عومەر باڵەکی ...... ٤
٢- لە حوجرەوە بۆ مەتەرێزی پاراستنی خاک و نیشتمان (فەقێ ڕەسووڵ میرانیان - پیرەباب) .... برایم چووکەڵی ..... ٩
٣- نەرمە کۆخەی قووتدانی پارووی تفت و مێوخۆش لەسەر سفرەی ڕێبەرەکەتی ئینقلاب ................ دارسمە ...... ١٢
٤- سەعید عبادەتیان "بانان" ............................................................ سارۆ خوسرەوی ...... ١٥
٥- ئەمنیەت یان ماف؟ .................................................................. کەریم پەرویزی ...... ٢٣
٦- شۆڕشی ژینا، پێناسەی پێشمەرگەی گۆڕی .............................................. ئاسۆ مینبەری ...... ٢٦
٧- ڕۆژگاری ڕەش ...................................................................... ئەلبورز ڕوویین‌تەن ...... ٢٩
٨- پێویستیی تێپەڕین لە ستراتیژیی گەمارۆ و سزادان ...................................... عەلی بداغی ...... ٣٢
٩- بەشێک لە پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان ......................... شاڕوخ حەسەن‌زادە ...... ٣٦
١٠- کێوەکانیش یار نەبوون ............................................................... ڕەزا دانشجوو ...... ٣٩
١١ یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و مافی نەتەوەکان ...................................... مستەفا مەولوودی ...... ٤٤
١٢- ترسنۆکترین تێرۆریستانی مێژوو ....................................................... مەنسوور مروەتی ...... ٥١
١٣- خۆکوشتن بۆ ڕزگاربوون لە دۆزەخی ژیان .............................................. عەلی بداغی ...... ٥٤
١٤- گوورانی ڕۆژ ........................................................................ شاڕوخ حەسەن‌زادە ...... ٥٧
١٥- کۆنترین گوندەکانی باشووری کوردستان ................................................ بێهزاد قادری ...... ٥٩
١٦- تاوانباری سەرەکی، خودی کۆماری ئیسلامییە ........................................... مەنسوور مروەتی ...... ٦٢
١٧- شارەوانییەکان، لە گەندەڵیی سیستماتیک هەتا "شارفرۆشتن" .............................. ڕەزا دانشجوو ..... ٦٥
١٨- تەنیایی دیکتاتۆرێک .................................................................. کەریم پەرویزی ..... ٦٩
١٩- لە کاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکان بەرەورووی بەکرێگیراوانی ئێران دەبێتەوە، بایدێن لەژێر گوشاردایە .................
................... دێهیڵ - برەد درێس ............ وەرگێڕان لە ئینلیزییەوە: کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ٧٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢٠- پێشمەرگە (ئەرک و ڕەسالەتەکانی) ........................................................ پژمان شەریعەتی ..... ٧٨

٢١- عەلی مونەزەمی: لیبراڵیزم و کۆمۆنیزم دوو شێوە لە ئانتیتێزەکانی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگن ...................

............................................................................................ دیمانە: دیاکۆ دانا ..... ٨٤

٢٢- کێبڕکێیەکی سەیر .................................................................... ئاسۆ مێنبەری ..... ٩٠

٢٣- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید حوسێن عەلیپوور - حەسۆ) ................................. برایم چووکەڵی ..... ٩٣

٢٤- گۆرانی و گۆلی ورمێ لە داخی هەوردۆشین ........................................................ دارسمە ..... ٩٦

٢٥- د. کوێستان گادانی: ڕاستە زۆر دەرفەتمان لەکیس چوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی ئێران نـاگەڕێتەوە پێش شۆڕشی ژینا ..................................................................... دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ٩٩

٢٦- توندوتیژیی سیستماتیک و ڕووبەڕووبوونەوەی ........................................ شەونم هەمزەیی ..... ١٠٧

٢٧- تەقینەوەکانی کرمان و ماهییەتی بەتاڵی کۆماری ئیسلامی .................................... سمایل شەرەفی ..... ١١١

٢٨- قوتابی لە هێڵی پێشەوەی شۆڕشی ژینادا ............................................ ناسر ساڵحی ئەسڵ ..... ١١٤

٢٩- بەشێک لەو جینایەتانەی ڕێژیم لە ناوچەی هەوشار خوڵقاندنی .................................... ڕەزا مورادی ..... ١١٨

٣٠- سەیوانی وەتەن و زارای نیشتمان، دووانەی ئێرادەن لەبۆ گشتمان ............................ شەریف فەلاح ..... ١٢٣

٣١- هۆشی دەستکرد و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ............................... ئەلبورز ڕووبینتەن ..... ١٢٦

٣٢- بەرسڤی "کانت" بۆ پرسیاری: ئایا سیاسەت دەتوانێ ئەخلاقی بێت؟ ......................... شاڕوخ حەسەنزادە ..... ١٢٩

٣٣- کوردستان لەسەر پێیە ......................................................................... سمایل شەرەفی ..... ١٣٥

٣٤-"کوردستان" و ڕیسالەتێکی هەمیشەیی ........................................................ عەلی بداغی ..... ١٣٨

٣٥- "کوردستان"، ئاڵایەکی هەمیشە شەکاوەی حیزبی دێموکرات ................................ حەسەن قارەمانی ..... ١٤٣

٣٦- بەندکردنی ئازادی! ........................................................................... شیوا مورادیان ..... ١٤٦

٣٧- گاڵتەجاڕییەکی ڕۆژنامەی "جام جم"ی تاران ............................................. مەنسوور مروەتی ..... ١٤٩

٢٨- سەرکوت و تاڵان .............................................................................. عەلی بداغی ..... ١٥١

٣٠- فەرهەنگ، وەکوو ئەوەی هەیە ............................................................. سەلام سەدیقی ..... ١٥٤

٢٩- کۆمەڵگەیەکی زیندوو و دەرووەست ....................................................... شاڕوخ حەسەنزادە ..... ١٥٨

٣٠- خەباتی ئەمڕۆی ژنان ئۆتۆریتەی ڕێژیمی شکاندووە ......................................... شەونم هەمزەیی ..... ١٦٢

٣١- ڕێژێمێک کە جیا لە هاشاوڵی دەوروبەر هیچی بۆ نەماوێتەوە! ................................ سمایل شەرەفی ..... ١٦٥

٣٢- ئامانجی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان ............................ تەیموور مستەفایی ..... ١٦٨




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە هەناردەکردنی شۆڕشەوە هەتا لێواری داڕمان



عومەر باڵەکی

٤٥ ساڵ لەوە پێش، کاتێک گەلانی ئێران مێژووی ڕێژیمی پاشایەتیان تێکەوە پێچا، بە هیوای ژیانێکی باشتر و ئەمنیەتی ڕوحی، فەرهەنگی، ئابووری و سیاسییەوە بوون. هیچ کەس و لایەنێک بە خەیاڵیدا نەدەهات کە ئەو شۆڕشە گەلی و هەمەلایەنە لە ویست و داخوازی کەمینەیەک لەژێر ناوی کۆماری ئیسلامیدا کورت بکرێتەوە و بە جێگای ئەوەی ببێتە مایەی بەختەوەریی کۆمەڵگە، نەهامەتی، هەژاری و نائەمنی لە کۆمەڵگەی ئێراندا ڕەگی دابکوتێ و پەرە بستێنێت.

پێش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ لەم سەدەیەدا سێ شۆڕشی دیکە لە وڵاتانی ڕووسیە، چین و کوبا ڕوویان دا و خاڵی هاوبەشیان هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان بوو. بەڵام بەو جیاوازییە کە شۆڕشەکانی ڕووسیە، چین و کوبا لە ڕێگای ئیدئۆلۆژیی خۆیانەوە مزگێنیی دنیایەکی بێچەوسانەوە و یەکسانیان بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهاندا دەدا، بەو حاڵەش نەیانتوانی بە هەناردەکردنی شۆڕش بۆ وڵاتانی دنیا لە بەرەوپێشبردنی ئیدئۆلۆژیی کۆمۆنیستی سەرکەوتوو بن و بینیمان یەکیەتیی سۆڤیەت دوای نیزیک بە ٨٠ ساڵ دواجار هەرەسی هێنا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەنەمانی یەکیەتیی سۆڤیەت وەک ئۆردووگای سۆسیالیستی هەناردەکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی بۆ وڵاتانی دیکە بەتەواوی ڕاوەستا و دوو وڵاتی چین و کوباش لە ساڵانی ڕابردوودا هەوڵیان داوە خۆیان لەگەڵ نەزمی جیهانیی سەردەم بگونجێنن و خۆ لە بیرۆکەی هەناردەکردنی شۆڕش ببوێرن. شۆڕشی گەلانی ئێرانیش کە هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینی و داروودەستەکەی دەستی بەسەردا گیرا و نیزامی کۆماری ئیسلامییان دامەزراند، ڕاست وەکوو دەسەڵاتدارانی ئەو سێ شۆڕشەی پێش خۆی (ڕووسیە، چین و کوبا) لە بیری هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بوون. بەو جیاوازییەی کە شۆڕشی سۆسیالیستی ڕوانگەی بۆ داهاتوو بوو. واتە کۆمەڵگە بە شۆڕشی سۆسیالیستی بەرەوە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ژیانێکی یەکسان و دوور لە چەوسانەوە بڕوا، بەڵام شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بە پێچەوانەی شۆڕشی سۆسیالیستی ویستیاری دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک لە ئێراندا بوو کە لە بواری فەرهەنگییەوە بنەما و باوەڕەکانی دەگەڕایەوە بۆ نەریت و فەرهەنگی ١٤٠٠ ساڵ لەوە پێش کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبستان باو بووە و ئەو شێوە ئیدئۆلۆژی و بیرکردنەوەیە هەر زوو وەک ستراتیژی و ئامانجی نیزامی کۆماری ئیسلامی هاتە نێو بەند و برگەکانی یاسای بنەڕەتی ئێران. واتە بەو شێوەیە پێناسەی بۆ کرا کە "شۆڕشی ئێران جووڵانەوەیەکە بۆ سەرکەوتنی تەواوی ستەملێکراوان بەسەر زاڵماندا" و ئامانجی ئەو شۆڕشە " درێژەکێشانی لە نێوخۆ و دەرەوەیە"، "بەتایبەتی لە پەرەپێدانی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، لەگەڵ جووڵانەوەکانی ئیسلامی و خەڵکی تێدەکۆشێ هەتا ڕێگای دروستبوون و پێکهێنانی ئۆمەتێکی جیهانی دەستەبەر بکا." لە درێژەی ئەو بابەتەدا یاسادانەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی باس لەوە دەکا کە "ئەرتەش و سپای پاسداران هاوتەریب لەگەڵ ئەو ئامانجە پێک هاتوون و بێجگە لە پاراستنی سنوورەکان و پارێزگاری لە نیزام، ئەو ئەرکەیان لەسەر شانە کە لە ڕێگای خودا و خەبات لە پێناوی پەرەپێدانی حاکمییەتی قانوونی خودا لە سەرانسەری جیهاندا تێبکۆشن و جیهاد بکەن".

بەو ڕوانگەیەوە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ماوەی ٤٥ ساڵە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بەڕێوە دەبن و ئێران و گەلانی ئەم وڵاتەیان تووشی نەهامەتی و هەژاری لە بواری ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی و دەیان قەیرانی دیکە کردوە. دوای تێپەڕینی ٤٥ لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و ئەو هەموو نەهامەتی و کوشت و کوشتار و هەژاریی کۆمەڵگەی ئێران و تەریککەوتنەوەی سیاسی ئێران بەهۆی کردەوەکانی ئەو نیزامە لەنێو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، ئێستاش دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی (امالقری)ی موسوڵمانانی جیهانە. بەڵام پێچەوانەش ئەوەش دەبینین کە لە هەر جێگا و شوێنێک بەرژەوەندیی نیزام بکەوێتە مەترسی، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی نیزامەکەیان لە هەموو ئەو دروشم و کردەوانەی خۆیان پاشەکشەیان کردوە. هەروەک ئێستا لە شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیلدا بەئاشکرا پاشەکشەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە پشتیوانیکردنی حەماس و پرسی فەلەستین دەبیندرێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە سەرەتای بە دەسەڵاتگەیشتنی نیزامی کۆماری ئیسلامی و لەپێناو وەدیهاتنی ئامانجی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی دەسەڵاتدارانی تاران بە هەڵگرتنی دروشمی "نە شرقی و نە غربی" کەوتنە پاڵپشتیکردنی هەموو حەرەکەت و جموجۆڵێکی گرووپ و ڕێکخراوی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەتا سەحرای ڕۆژئاوای ئەفریقا، ئەمریکای باشوور هەتا دەگاتە باکووری ئەفریقـا. ئەم ڕەوتە وای کـرد بـۆ مـاوەیەکی دوورودرێـژ ئێـران بە دیـاریکراوی ببێـتە ناوەنـدی هەمـوو ئەو گـرووپە تێرۆریستیانەی نـاوچەکە و جیهـان. لە تـاران بێ ئەوەی سەرنج بـدرێتە ئیدئۆلۆژیی ئەو گرووپـانە دەسەڵاتدارانی کۆمـاری ئیسلامی سـامانی گەلانـی ئێرانیـان بـێ حیسـاب و کتـاب بەخشییە ئەو گـرووپ و ڕێکخـراوانە و ئێسـتاش لەو سیاسـەتە بەردەوامن. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان وای کرد دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی شێوەی تێڕوانییـان لە هەنـاردەکردنی شۆڕش و پشتیوانی لە ناڕازییانی وڵاتان بخەنە گرەوی مانەوەی نیزام. بەو مانـایە ئەگەر پێشتر هەوڵیـان دەدا بە شۆڕشی ئیسلامی کە خۆیـان سـەرکردایەتییان دەکـرد جیهـان بگـۆڕن، هەر زوو تێگەیشـتن کە پێوەنـدییە نێـودەوڵەتی و نێونەتەوەییەکـان و بەرژەوەنـدی دەوڵەتـان و گەلان لەگەڵ ئەو ئامـانجەی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی یەک نـاگرێتەوە و لە زۆر شـوێن و جێگـا لەگەڵی بەتەواوی لە دژایەتیدایە. بۆ نموونە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق بەشێک لەو ڕێکخراوانە تێڕوانینیـان لەسەر ئەو شەڕە وەک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەبوو. وەک ڕێکخراوی ڕزگاریبەخشی فەلەستین بە ڕێبەریی یاسر عەرەفات کە لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی، هاتوچۆی ئەو ڕێکخراوە بۆ تاران و دیتنی ڕێبەرانی سیاسی و مەزهەبـی ئێـران گەلێـک زۆر بـوو و تەنـانەت وێنەگـرتن لەگەڵ ڕێـبەری ئەو ڕێکخـراوەیە جۆرێـک لە شـانازی بـوو بـۆ کاربەدەسـتانی کۆمـاری ئیسـلامی. بەڵام هەرکە ئەو ڕێکخـراوە لە ئۆسـلۆی پێتەختـی نـۆرویژ لەگەڵ ئیسـرائیل گەیشـتنە ڕێککەوتنی ئاشتی، دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی تاران ٣٦٠ دەرجە لە سیاسەتیان بەرانبەر بە ڕێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستین وەرسـووڕان و پێوەنـدییەکانیان لەگەڵ ئەو ڕێکخـراوەیە پچڕانـد و کەوتـنە دروسـتکردنی ڕێکخـراوی هاوتەریـب بـۆ فەلەستینییەکان.

یـان دوای تەواوبـوونی شـەڕی ئێـران و عێـراق و دامـاویی دەوڵەت و حکـوومەت لە ئـاوەدانکردنەوەی وڵاتـی دوای شـەڕ و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیـانی ئاسایی بـۆ خەڵکی ئێران، دەرکەوت کە ئەو نیزامە لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا تووشی قەیرانی مەشروعییەت بووە. بۆیە لە سەرەتاکانی دەیەی هەشتای هەتـاوی دەسەڵاتدارانی نیزام وەخۆکەوتن کە سیاسەتی دەرەکییان دەبێ بکەوێتە خزمەت مانەوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی. هەربـۆیە مەیـدانی سیاسـەتی هەنـاردەکردنی شۆڕشیان لە ناوچەکەدا زیاتر چڕ کردەوە و هەوڵیـان ئەوە بـووە لە هەستی مەزهەبـی گەلانی نـاوچەکە بەتـایبەتی مەزهەبـی شیعە بە قازانجی ئەو ستراتیژییە کەڵک وەربگرن و لەسەر دوو ئامانجی دیاریکراو ستراتیژیی دەرکییان داڕشت. یەکەم، هەوڵـدان بـۆ ڕووخانـدن و لابردنـی دەوڵەتـانی وڵاتـانی عەرەبـی نـاوچەکە و لەنێـوبردنی حـاکمییەتی ئیسـرائیل. دوویەم، دروسـتکردن و پێکهێنـانی سـازمان و ڕێکخـراوی جۆراوجـۆر و لەژێـر نـاوی مەزهەبـی و دینـی لەو وڵاتـانە بـۆ ئەوەی گرفـت و کێشـە بـۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەوڵەتەکان دروست بکەن. ئەو سیاسەتە وای کرد کە دەوڵەتانی عەرەبی ناوچەکە پێوەندییەکی سارد و سڕیان لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامدا هەبێ و هەموو کات بوونی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە هەڕەشە لەسەر خۆیان دابنێن. بۆ نموونە دەوڵەتی میسر وەک دەوڵەتێکی گەورەی عەرەبی هەر لە سەرەتاوە پێوەندی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پچڕاند و هەموو هەوڵێکی ئەوە بووە ئێزەن نەدا سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی بگاتە نێو خاکی ئەو وڵاتە. یان دەنا پێوەندییەکانی عەرەبستانی سعوودی لەگەڵ ئێران لە ماوەی ئەو ٤٤ ساڵەدا گەلێک هەڵکشان و داکشانی بە خۆیەوە دیوە و تەنانەت زۆرجار گەیشتووتە ئاستی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی بە چەشنێک کە بۆنی شەڕی لێ هاتووە.

ئەوەی دوای ٤٤ ساڵ لە حوکمڕانیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ستراتیژی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران سەلماوە ئەوەیە کە ئەو سیاسەتە نەک سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو ئاسەواری شکان و ناکارامەییشی بەتەواوی دەرکەوتوە. لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و وڵاتانی ناوچەکە، ئێران بەچاوی دەوڵەتێکی سەرەڕۆ و پشتیوانی تێرۆریزمی نێودەوڵەتی و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ چاوی لێ دەکەن و لەهەمان کاتدا بە هۆکاری دەستوێڕاگەیشتن بە چەکی ناوەکی و بەرنامەی مووشەکی و پشتیوانی لە ڕێکخراو و گرووپی تێرۆریستی لە بواری جۆراوجۆری ئابووری و سیاسییەوە هەم لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەم لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئابلۆقەی ئابوورییان هاویشتۆتە سەر ئێران. ئەوەش وای کردوە لە ماوەی دەسەڵاتدارەیەتیی ئەو نیزامەدا ئێران بە سەدان میلیارد دۆلار زیانی پێبگات و لە هەمان کاتدا سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە وای کردوە کە وڵاتانی عەرەبی کەنارەکانی کەنداوی فارس زیاتر لێک نزیک ببنەوە و شورای هاوکاری کەنداو پێک بێنن و بتوانن لەو ڕێگایەوە دژایەتی سیاسەتە پاوانخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بکەن. ئەو بێمتمانەییە بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وای کردوە کە ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ ئێران نەتوانن پێوەندی ئابووری و سیاسی ئاساییان هەبێ کە ئەوەش هەر زیانی گەورەی لە ئابووریی ئێران داوە کە بەداخەوە هەتا ئێستا دووکەڵەکەی چۆتە چاوی گەلانی ئێرانەوە.

ئاکامگیری لەو باسە ئەوەیە دوای ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پێڕەوکردنی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران نەک هیچ گەل و نەتەوەیەک بە یارمەتیی کۆماری ئیسلامی لە دەست دەوڵەتانی زاڵم و سەرەڕۆ ڕزگاری نەبووە، بەڵکوو ئەو سیاسەتە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران گیروگرفتی زۆری بۆ ئەو وڵاتانە دروست کردوە کە دەستی کۆماری ئیسلامییان وێ ڕاگەیشتوە. لە نێوخۆی ئێرانیش ئەو سیاسەتە بێجگە لەوەی گەلانی ئێرانی تووشی هەژاری و کەمداهاتی و زیادکردنی نەخۆشییە کۆمەڵایەتیەکان کردوە لە بواری ئازادییە سیاسی و تاکەکەسییەکانیش ئێرانی کردووەتە زیندانێکی گەورە. بۆیە دەرنگ یا زوو هەموو ئەو دەستتێوەردانانە و قەیرانخوڵقێنی دەسەڵاتدارانی تاران کە لە ماوەی ئەو ٤٥ ساڵە بەناوی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و پشتیوانی لە "مستضعفان"ی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com


جیهان بە گشتی و وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی کردوویەتی، پێی کۆماری ئیسلامی دەگرێتەوە و ڕق و بێزاریی پەنگخواردووی گەلانی ئێران بە پشتیوانیی کۆمەڵگەی جیهانی و ئازادیخوازان بەڕووی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامەدا دەتەقێتەوە و تۆماری دەسەڵاتدارییان تێکەوە دەپێچن.

١ی بەفرانباری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە حوجرەوە بۆ مەتەرێزی پاراستنی خاک و نیشتمان




(فەقێ ڕەسووڵ میرانیان - پیرەباب)

**برایم چووکەڵی**

ئوستوورەکان ئەوانەن حیکایەتی سەروەریی خاک و خەڵکەکەیان بە خوێن و گیانی خۆیان نووسیوەتەوە. لە مێژووی خەباتی حیزبی دێموکراتدا دەتوانین بڵێین هەموو پێشمەرگەکان ئوستوورەن. یەکێک لەو ئوستوورانەی لە "هەگبەی شاخوشۆڕش"دا ڕێز لە یاد و ناوی دەگرین شەهید فەقێ ڕەسووڵ میرانیان ناسراو بە "پیرەباب"ە لە ناوچەی سەردەشت.

فەقێ ڕسووڵ ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە ئاوایی نێوچوان لە ناوچەی سوێسنایەتیی سەردەشت لە ئامێزی بنەماڵەیەکی وەرزێر و جوتیاردا لە دایک بوو. ڕەسووڵ وەک زۆربەی منداڵانی گوند لەنێو باخ و باخات و ڕەز و لێرەوارەکاندا وێڕای منداڵانی دیکە گەورە بووە و دواتر لە بەرنەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەیان نێردراوەتە حوجرەی فەقێیان و لە حوجرە فێری خوێندن و نووسین و زانستە ئایینییەکان بووە. هەر لە کاتی خوێندنی زانستە ئایینییەکاندا لەلایەن مامۆستاکان و ئەوانەی لە خۆی بەتەمەنتر بوون فێری وانەی کوردایەتی بوو و دواتر لە ڕێگای شەهید مەلا ئاوارەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕش و حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیدا کرد و بووە ئەندامی حیزب. فەقێ ڕەسووڵ بە هۆی گوشاری ڕێژیمی پاشایەتی بۆ سەر حوجرەکان لە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی ڕێگای باشووری کوردستانی گرتەبەر و بووە پێشمەرگەی چەکلەشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. هەر ئەوکاتەی بووە پێشمەرگە، ناوی نەهێنیی پیرەباب بۆ فەقێ ڕەسووڵ دیاری کرا و لەو کاتەوە هەموو کەس فەقێ ڕەسووڵی میرانیان بە پیرەباب ناسی و ئەو ناوە بووە ناوێکی ئاشنا و جێگای باوەڕی خەڵکی ناوچەی سەردەشت.

پیرەباب لە شۆڕش و ڕاپەرینی چەکداریی ساڵەکانی ١٣٤٧ - ١٣٤٦دا لەگەڵ شەهیدان مەلا ئاوارە و قادر شەریف و کۆمەڵێک لە کادرەکانی حیزبی هاتەوە ناوچە و بەهۆی شارەزایی لە ناوچەکەدا تیمەکانی هێزی پێشمەرگەی هەڵدەسووڕاند. لە شەڕی بەناوبانگی سەرشیودا لەگەڵ شەهید قادر شەریف و هاوسەنگەرانی دیکەی زەبرێکی قورسیان لە پەیکەری لەرزۆکی ژاندارمە و جاش و ساواکییەکانی شا دا. پیرەباب لەم شەڕەدا ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا و هەربۆیە دوای ئەم شەڕە یەکێک لەو شوێنانەی قارەمانەتیی لێ نواندبوو، ئێستاش بە ناوی شاخی پیرەباب دەناسرێ. شەهید پیرەباب لە هەموو ئەو جەولانەی لە ساڵانی ١٣٤٧ - ١٣٤٦دا لە ئارادا بوون بەشدار و نەخشی کاریگەری هەبوو. دوای ئەو قۆناخە وەک زۆربەی کادر و فەرماندەکانی دیکەی حیزب لە باشووری کوردستان مایەوە و وێرای بەخێوکردنی ماڵ و منداڵی ئەرکی پێشمەرگایەتیشی بەڕێوە برد.

پێش دەستپێکردنی ڕاپەرینی گەلانی ئێران پیرەباب لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکانی دیکە گەڕانەوە نیوخۆی وڵات و لە یەکەم ڕێکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەدا پیرەباب لە هێزی شەهید موعینی وەک فەرماندەری لکی یەکی شەهید مەحموود زەنگەنە دیاری کرا. لکی یەک بەهۆی لێهاتوویی و ئازایەتی و لێوەشاوەیی پیرەباب بووە یەکێک لەو لکانەی لە هەموو شەڕەکانی ناوچەدا بەشدار بوو و لێوەشاوەیی و چالاکیی ئەو ڕۆڵە بە بیروباوەڕەی دێموکرات زۆر زوو دەرکەوت، بە جۆرێک کە لە ماوەیەکی کورتدا بەشداریی بەربەرەکانییەکانی دژبە هێزەکانی ڕێژیمی کرد و بەحەق حەماسە و قارەمانەتی لە دەفتەری بیرەوەریی پێشمەرگەی کوردستاندا تۆمار کرد. شوێنە جۆراوجۆرەکانی ناوچەی سەردەشت شاهیدی حەماسەخوڵقاندنی ئەو شێرەکوڕەی دێموکراتن. بەتایبەت لە گرتنی مۆڵگەکانی گوندی "باغی" و "قوڵتێ"دا ڕۆڵێکی گرینگی لەو سەرکەوتنەدا گێڕا. پیرەباب لە شەڕەکانی نێو شاری سەردەشت و ڕێگاکانی سەردەشت-بانە، سەردەشت-ڕەبەت، سەردەشت-پیرانشار و گوندەکانی ئەو ناوچەیەدا بوێرانە بەشداریی کرد. ئەو لە هەموو مەئموورییەتەکاندا بێ سێودووکردن ئامادە بوو و ئەرکە پێسپێردراوەکانی بەوپەڕی شارەزاییەوە ڕادەپەڕاند.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە مەڵبەندی سەردەشت بەهۆی ئەو زەبرانەی لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە لێی کەوتبوو،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەتەواوی لە هاتوچۆ خۆی دەپاراست و لە ڕێگای هێلیکۆپتێرەوە ئازووقە و تداروکاتی خۆی دەگەیاندە هێزەکانی خۆی. هێزەکانی دوژمن بۆ ئەوەی جادەی سەردەشت-پیرانشار بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە هێزێکی زۆر و پۆشتەوپەرداخیان کۆ کردەوە و پەلاماری گوندەکانی شینوێ، وشترمل، گۆرانگان، توژەڵ، گەڵو، زێوە، کاژێ، هەڵوێ، بێشاسپ، بناوێ، شیوەسەڵ و گوندەکانی ئەو ناوچەیە دا. هێرشی دوژمن بە ڕادەیەک بەربڵاو بوو کە هێزی پێشمەرگە بۆ پێشگیری لە هاتنەپێشی زیاتری دوژمن بە سەر چەندین دەستە و پەل و تیمدا دابەش بوون و هەروەها هێزی بەرگریی خەڵکیش وێرای کادر و پێشمەرگەکان بۆ بەرگری بەشدارییان کرد. پلاماری دوژمن چەند ڕۆژ درێژەی کێشا و دوژمن لە هەموو هێرشەکانیدا لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە بەرپەرچی درایەوە و تێکشکێندرا. لەو شەرە حەماسییەدا زیاتر لە سەد کوژراو لە هێزەکانی دوژمن لە بەرەکانی شەڕدا بەجێ ما. لە ماوەی شەڕی چەند ڕۆژەی نێوان هێزی دوژمن و هێزی پیشمەرگەدا بەداخەوە ڕۆژی ٨ی خەزەڵوەری ١٣٦١ دوای بەرگرییەکی چەند ڕۆژە و سەخت لە شوێنێک بە ناوی چەکۆ لە پشت ماڵی بێشاسپ بە داخێکی گرانەوە گوللەی دوژمن پیرەبابی خۆشەویستی گەل و نیشتمانی پێکا.

پیرەباب دوای شەهیدبوونی لەنێو خەم و پەژارەی کادر و پێشمەرگە و خەڵکی گوندەکانی ناوچە و گوندی نێوچوان لە زێدی لەدایکبوونی خۆی بە خاک سپێردرا.

١ی بەفرانباری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## نەرمە کۆخەی قووتدانی پارووی تفت و مێوخۆش لەسەر سفرەی پڕبەرەکەتی ئینقلاب



دارسمە

وشە و دەستەواژەی "تفت" و "مێوخۆش" و "مێخۆش" لە زۆر شوێنی قسەکردن و نووسیندا دەکار دەکرێن. تفت و مێوخۆش دوو تامی لێک جودا و هێندێک جاریش تێکەڵن.

لەنێو جۆرەکانی مەیدا تەنیا شەراب تامی تفتە و ئەویش ئەم تفتیەی لە توێکڵی ئەستووری ترێ ڕەشە و هەندێک جار لە هەناریش وەرگرتوە. مێوخۆشیش جۆرە تامێکە لە تفتەکەی خۆمان نزیکە، بەڵام دەکرێت بڵێین ئەویان ترش و شیرینە. هەنار ئەگەر بە توێکڵەوە نەخۆرێت، زۆر جار دەنکەکەی نێوی ترش و شیرین واتە "مێوخۆشە". بەڵام بە توێکڵەوە تفتە. مێخۆشیش تامێکە تەنیا نێرینان هەستی پێدەکەن.

فارسان وەک دراوسێی کۆنی ئێمەی کورد بە مەبەستی لێک نزیککردنەوەی مانای تفت و مێوخۆش و مێخۆش وشەی "دێبش"یان داناوە. وشەدانی فارسیی "موعین" بۆ لێکدانەوەی وشەی "دێبش" دەڵێت ئەم وشەیە بە مانای "نایاب، زۆرباش،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تفت و ترشوشیرینیە."

ئەگەر ئەم ناو و ئاوەڵناوانەی وشەدانی موعین تێکەڵ بکەین و کەمێکیش بیرکردنەوەمان نێرانە بێت، ڕەنگە هەیکەلی مرۆڤێکی پڕ بەدڵی سەر بە نیوەی کۆمەڵی لێدروست بێت. لێرەدا مەبەست لە نیوەی کۆمەڵ، نیوە زاڵ و دەستەڵاتدارەکەیەتی. نیوەکەی دیکەش یانی ئەو نیوەی هەیکەلەکەی لێ دروست دەبێت، نیوەیەکە بەدرێژایی زەمەن وەک فارسان دەڵێن پەرەستوو و بە گوتەی خۆمان پەڕەسێلکەیان لێ هەڵدەکەوێت.

ڕاستە قسە قسە دێنێت و ئەمەش زۆر جار وادەکات لە چەقی قسەکردنەوە بەرەو پەراوێز بپەڕیەوە. لە پەراوێزی ئەم باسەشدا، قسەی خۆمان بێت و دوور لە ڕووی ئێوە پەرژینێکی بە گوڵ بێت، بەشێکی بچووکی ژنانیش هێندێک جار لە ڕووهەڵماڵاویدا بێتامی دەکەن. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەزمێکی خۆشیان ساز کردوە و وەک لە کووچە و کۆڵانی ماڵپەڕ و تەلەفزیۆن و سۆشیال مێدیادا باس دەکرێت، چەند ژنێک بە ڕووهەڵماڵاوی دوور لە ڕووی ئێوە بە نیوەڕووتی لە پشت کامێرای سۆشیال مێدیاوە خۆیان پێشانی سەربازانی جوولەکە داوە و لە پێناو فراوانکردنی هیلالی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا خۆیان با داوە و سنگیان هەڵتەکاندوە و گفتی مێخۆشانەیان پێداون ویستوویانە قسە لە دەمی ئەم سەربازە جوولەکانەوە دەربکێشن. هێندێکیش دەڵێن ئەوانەش سەربازانی گومنامی ئیمامی زەمانن. وەک لە کووچە و کۆڵانی مێدیا و سۆشیاڵ مێدیادا باس دەکرێت، ئەم مێخۆشانە ئەوەندەی نەماوە سەربازانی جوولەکە هەڵفریوێنن و هەرچی لە ڕاز و نهێنیی شەڕی ئەم دواییانە لایەنە، پێیان هەڵبڕێژن.

ئەم جۆرە ڕووداوانە هەموویان پێوەندییان بە ڕازاندنەوەی سفرەی ئینقلابەوە هەیە. هەتا سەربازانی گومناو زیاتر بۆ وڵاتانی دەوروبەر پەل باوێن، سفرەی ڕەنگینی پڕبەرەکەتی ئینقلابیش باشتر دەپارێزرێت.

خواردەمەنیی تفت و مێوخۆشیش لەسەر سفرەی ئینقلاب ئەو نێعمەتە خواپێداوەیە تەنیا بە نەسیبی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە ڕیفۆمخواز و کۆنەپارێزەوە دەبێت. هەتا ئێستا سەدان جار لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەستەڵاتی پاش ئینقلاب لە دەوری ئەم سفرە پڕبەرەکەتە بوونە و لە خوا بەزیاد بێت، چاکیشیان لێ خواردوە.

لە ململانێی شەڕەپارووی سەر سفرەی ئینقلاب، یەکەم جار غولامحوسێن کەرباسچی ساڵی ١٣٧٧ پارووپەکی زلی دە قورگیدا ما و پاشان خێرخوازانی ئینقلاب دووسێ نەرمەمستیان لە پشتی دا و پارووکەی قووت دا. دواتر لە ساڵی ١٣٩٠ کابرایەکی دیکە بە ناوی مەحموودڕەزا خاوەری، وەک بەڕێوەبەری پێشووی بانکی میللی لەسەر سفرەی ئینقلاب پارووپەکی زلی بایی سێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەزار میلیارد تومەنێکی لە قورگیدا ما  و دواتر بە بیانووی سەرئێشە ڕۆیشتە کانادا و ئێستاشی دەگەڵ دابێت نەگەڕاوەتەوە. بەدرێژایی چل و چەند ساڵی ڕابردوو، شەڕە پاروو لەسەر سفرەی ئینقلاب بەردەوام بووە و جاروبارێش ئەم وردە کێشانەی لێ کەوتووەتەوە. تازەترین کێشەی لەم جۆرە لەسەر سفرەی ئینقلاب پاروویەکی "دەبش" بە کوردیەکەی خۆمان پاروویەکی "تفت" بوو، بەڵام تفتییەک وەک تفتیی توێکڵە هەنار و شەراب نەبوو. ئەمجارەیان بەشێک لەوانەی لە دەوری سفرەی ئینقلاب کۆ ببوونەوە، چەند کەسێکیان دەگژ پاروویەکی قورس ڕۆهاتن و خۆیان ناویان نا پارووی دێبش. بەسەرهاتەکە بەم جۆرە بوو:

کۆمەڵێک لە بەرپرسانی چازان و لێزانی دەوروبەری سفرەی ئینقلاب، بە مەبەستی سازکردنی پاروویەکی تفت سەودایەکیان بە ناوی کڕینی چای تفتی دەرجە یەک لە هندوستانەوە ڕێکخست و پاشان جۆرێکی دیکەی چای دەرجە دوویان لە وڵاتی کنیا کڕێ. جیاوازیی چای هندی و چای کنیا، بۆ هەر کیلۆیەک ١٢ دۆلار بوو. دیارە ١٢ دۆلاریش بۆ ئەمڕۆ پارەیەکی بەرچاو نیە و بە نرخی ئەم ساتەوەختە دەکاتە ٦٠٠ و ٣ هەزار تومەن. لە سەرەتای ئەم ئینقلابە و پێش ڕاخستنی ئەم سفرەیە، بە ٦٠٠ و ٣ هەزار تومەن دەکرا ١٧ ئۆتۆمبێلی پیکابی سایپای شینی سفر کیلومتر بکڕی و شتێکش لە پارەکە دەمایەوە.

ئەم جیاوازیی ژمارەیەی کڕینی چایی دێبشیش دەگەڵ کۆی چەند سەودا و مامەڵەیەکی دیکە لە ماوەی کەمتر لە چوار ساڵدا لەسەر یەک کردیە پاروویەکی ٣ میلیارد و ٣٧٠ میلیون دۆلاریی سەر سفرەی پڕبەرەکەتی ئینقلاب و ئەگەر لەسەر نرخی سایپای شینی سەردەمی سەرەتای ڕاخستنی سفرەی ئینقلاب لێکی بدەینەوە، دەکرا بەم پارەیە خاکی وڵاتێک بکڕی. قووتدانی بەشێک لەم پاروویەش کابرایەک بە ناوی "ئەکبەر ڕەحیمی"، بەڕێوەبەری کۆمپانیای " دەبش" یان "تفت" ی تووشی نەرمە کۆخە کرد.


بەڵام ئەم ڕووداوانە هەرگیز بۆ دۆستانی سەر سفرەی ئینقلاب کێشە نین و بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی زۆر دڵناوەڵان و هەموو جار کاتێک دانیشتووانی دەوروبەری سفرەی پڕبەرەکەتی ئینقلاب بەم پاروە بچووکانەوە تووشی کێشەی قوتدان دەبن،  بە مست لە پشتیان دەدەن و لە ئاکامدا پاروەکە گرێ ناکات و بە سورێنچکدا تێدەپەڕێت و بەگوێرەی سووکی و قورسیی خۆی شڵپە لە قووڵایی گەدەی کەسەکە دێنێت و پاشان بەئارامی هەرس دەبێت. ئەمەیە حیکمەتی سفرەی پڕبەرکەتی ئینقلاب!

١ی بەفرانباری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سەعید عبادەتیان "بانان"



**سارۆ خوسرەوی**

سەعید عبادەتیان ناسراو بە "بانان"، ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە ناوچەی گیەڵان سەر بە پارێزگای کرماشان لە بنەماڵەیەکی ئەدەبدۆست لە دایک بوو. لە سەردەمی منداڵییدا لە ڕێگای باوکیەوە لەگەڵ ئەفسانە، مەتەڵ، ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و شێعرەکانی شاکە و خانمەسوور، شیرین و فەرهاد و لەیلی و مەجنوون ئاشنا دەبێت. ئەدەبیاتی زارەکی و مۆسیقا و ئاوازە ڕەسەنەکانی ناوچەکەی، خولیای هۆنینەوەی هەڵبەست لای بانان دروست دەکەن و زەمینە بۆ ئەم شاعیرە خۆش دەکەن تا بێتە نێو دونیای شێعر و شاعیرییەوە.

بانان، بە دوو شێوازی کلاسیک و ئازاد شێعر دەنووسێت. لە کۆبەرهەمە شێعرییەکانی بانان دەتوانین ئاماژە بکەین بە: "هەر لەلام بویت گومت کردم"، "ساڵەیل لە کیس چی"، "مەیلەم وەجێ"، "داخ دەوران"، "وا درو کەن دەسەیلم" و "ئەوریشم زامەگان."

شاعیر و نووسەری گەورەی ئیسپانیایی فیدریکۆ کارسیا لۆرکا، کاریگەریی زۆری لە سەر بانان داناوە. پێوەندیی قووڵی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سروشت و مرۆڤ، خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم دوو شاعیرەیە. بانان لە بەر خۆشەویستی و هۆگری بە لۆرکا، کۆمەڵێک لە شێعرەکانی ئەم شاعیرە مەزنەی لەژێر ناوی "تەنیا داخە کە ئاخ کیشی" وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بە دەنگی خۆی بڵاوی کردوونەتەوە.

سەعید عبادەتیان، یەکێک لە پێشەنگانی شێعری هاوچەرخی کوردی دەیەی هەفتای هەتاوی لە باشووری خۆرهەڵاتی کوردستانە و توانیویە ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە شێعری هاوچەرخی کوردی لە کرماشان و ئیلام پێک بێنێت. بانان بە ڕوانگەیەکی مرۆڤدۆستی و ژینگەدۆستییەوە مامەڵە لە گەڵ دونیای شێعر دەکات.

بانان بۆ خۆی دەڵێ: "من زادەی شێعرم. لەنێو شێعر و لە بیرچوونەوەدا نازانم ملوانکەی گەردەنی کام پەریزادەم دزیوە کە وا سزای کۆچیان بە سەردا سەپاندووم". ئەو پێی وایە وڵاتەکەی بە زمانەکەیەوە وڵاتی ئەوە و دەبێژێ: "وڵاتی من زمانی منە، وڵاتێک کە ئاوێتەی دەرد و شادیمە."

شاعیر، باس لە ژان، دڵتەنگی و وەیلانیی مرۆڤەکان دەکات و خوازیارە بۆ دەربازبوون لە تاڵی و سەختییەکانی ژیان، دەستی یارمەتی بۆ یەکتر درێژ بکەین و دەڵێ:

"ئیمە دڵتەنگەیل هاولف ژانیم
بێ ماڵ بێ ماتۆڵ وێڵ و وەیلانیم
هەرکەس دەراری ئیمە لەی خەمە
هەزار جار بۆمن وەنەزری کەمە"

لە نێوان سروشت و شێعری باناندا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و دانەبڕاو هەیە. بانان بۆخۆی لە وتووێژێکدا باس لە مژاری سروشت لە شێعرەکانی خۆیدا دەکات و دەڵێت: "پێوەندیی من لەگەڵ سروشت هەر ئەو شتەیە کە لە شێعرەکانمدا خۆیان دەنوێنن. سروشت بۆ من بوونەوەرێکی زیندووە کە هەموو ڕۆژێک لە گەڵی دەژیم. شوێنێکە کە بەردەوام ئارامیم پێ دەبەخشێت."

شاعیر، لە نێو دڵی سروشت لە ونبووەکەی خۆی دەگەڕێت و دەڵێ:

"چیمە. چیمە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تا وڵات سەوز گیا
تا خوڕەی ئرمێس شەونم
تا میوانی شەو و شەوبوو
تا رەوەن پڕ لە پێچ
زنەی لە جوو
تا ناوین دڵ و خەیاڵ
تا باڵ بەرز وای شەماڵ"

بانان، پێیَ وایە زمانی دایکی ناسنامەی سەرەکیی هەر نەتەوەیەکە و نابێت تەنیا وەک موڵک مامەڵەی لە گەڵ بکریَ، بەڵکوو دەبێت ئینسان وەک گۆشت، ئێسقان و پێستی خۆی ئەم زمانەی خۆش بوێت و بیپارێزێت.

وەک ئەوەی کە دەڵێ:

"کی وەتیە م چارە ڕەشم
لە نیشتمانم بێبەشم
هەرچەن لە ملک خوەم لایەم
زوان خوەم لە دەس نایەم
زوان من نامووسمە
گووشت و سقان و پووسمە"
زوان م ژیانمە
بیر و باوەڕ و گیانمە"

بانان، جارێکی دیکە جەخت لە سەر گرنگیی زمانی دایکیی خۆی دەکاتەوە و ئامادەیە باجی زمانەکەی بدات و دەڵێ:

"هزار قەیران بای دە تۊشم
هەر کوردم و کوردی ئۊشم"

شاعیر، ئەوەندە زمانی دایکیی خۆی لای خۆشەویستە، پێی وایە قسەکردن بە زمانی دایکی، جوانی دەبەخشێتە مرۆڤ و دەڵێ:



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

"گوڵ شەرم دێرێ لە لاد بوود ئەقەر شێوەد شیرینە
هەنای کوردی قسیە کەی لێود بێشتر ڕەنگینە"

بانان، بۆ زیندووڕاگرتنی زمان و شوناسی نەتەوەیی خۆی ڕەنج دەکێشی و بە دەربڕینی وشەی جوان و داهێنانی هونەری بە زمانی دایکیی، بوونی خۆی دەسەلمێنێت و دەڵێ:

"تەرم شەرم دەوران کیشم
سووز بەرد و بەوران کیشم
یانە گیشتێ وە گیان کیشم
ئەوە ونەی دەنگ کییە ؟
ئویشێ ک ت ەڤچد نییە"

شاعیر، شەو و ڕۆژ بێئۆقرەیە و دەرد و ژانی ژیان لێناگەڕێ تاوێک ئاسوودە بنوێ، بۆیە دەڵێ:

"لە ژێر باڵ چەرخ کەو، ساتێ وە خوەش نەخەفتمە
لە وەیشت دەرد و ژان شەو، ساتێ وە خوەش نەخەفتمە"

نەورۆز، لە شێعری باناندا تەنیا بە واتای نوێبوونەوەی ساڵ و هاتنی بەهار نییە، بەڵکوو ڕەمز و هێمای ڕزگاری و ئازادییە، بۆیە دەڵێ:

"لە نەغمەێ بوڵبۆڵ سەیرە و قەناری
نەورووز گۆڵ هەڵدا ئالای ڕزگاری"

بانان، بە تێگەیشتنی قووڵی لە کولتووری زاگرۆس، ئاگر وەک سەرچاوەی پاکی و ڕووناکی ژیان پێناسە دەکات و دەڵێ:

"دۊەت ساڵەیل هەوری وا کە ئاگر زڵفد
لە ئایین ئەهوورا ئاگر پرچێ ڕەنگینە
ئاگر خارەتگەرەیل پرچ سزنێد و پەرچەم
تەنیا لەی نیشتمانە ئاگر نیشان ژینە"



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو کاتەی ناسامانی و دیاردەی کۆچکردن لە وڵات دەست پێ دەکات، شاعیر هەست بە تەنیاییی خۆی و میلکانی دەکات و ناخوازێ وڵات چۆڵ بێت، بۆیە دەڵێ:

"لەی ملّکە نەمەن بەرێ وە باخەو
مەلان کووچ کردن گەل گەل وە داخەو
مەچوو لە داخد دڵ تەرف تۊنم
چۊ کەپوو وەیلان ڕۊ سەرزەمینم"

بانان، وەک شاعیرێکی ناسک خەیاڵ پێی وایە خەندەی یار هیچ کەمتر نییە لە خونچەی گوڵی بەهار و شەوقی مانگ و ئەستێرەکان و دەڵێ:

"لە جای گوڵ وەهارەگان ت بخەن
لە جای مانگ و هسارەگان ت بخەن
لە جای تمام داوڵەیل م گیرم
لە جای دەم ئنارەگان ت بخەن"

بانان، لەو بڕوایەدایە داهێنانی بەرزی هونەری بەرهەمی ڕەنج و سووتانی مرۆڤە بۆ ئەو شتەی مەبەستیەتی و بەوپەڕی ئەویندارییەوە مامەڵەی لە گەڵ دەکات، بۆیە دەڵێ:

"هونەر ئنسان
لە هجران و سزیانە ک
پەلوەچ کیشێد و
سەمەر دەید"!

بانان، هەروەها پێی وایە مرۆڤەکان لە ئەنجامی هونەردا دەتوانن بوونی خۆیان وەک نەتەوە بسەلمێنن و لە پێناوی پێکەوەژیان سنوورەکانی نێوانیان هەڵگرن و دەڵێ:

"بێگومان
تەنیا هونەرە ک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وشەگان نەتەوایەتی
ڕز ڕز چنێد و
سنوور وڵاتەیل شکنێد"!

بانان، بە پێچەوانەی زۆرێک لە شاعیرەکان کە پێیان باشە لە چۆڵەوانی یان بەرزایی شاخەکان و بە بێ دەنگی بمرن، دەخوازێت تا دوایین ساتەکانی ژیانی لە پێش چاوی خەڵکەکەی بێت و شێوە و چۆنیەتیی مردنەکەشی لە کەس شاراوە نەبێت،

وەک ئەوەی کە دەڵێ:

"حەز نیەکەم
لە سەر شاخ بەرزێ بمرم
یا لە چڕی دارسانێ ؛
حەز کەم
لە وەر چەو بمرم
لە خیاوان یا مەیدانێ،
بیلا مەرگم ئاشکەرا بوو
بیلا عالەم گێشت بزانێ"!

شاعیر، لە گەڵ دڵدارەکەی دەکەوێتە قسە و پێی دەڵێ: ئەگەر تۆ بێی بۆ لام، بەرد لە هیجرانی هاتنت نەرم دەبێت و فرمێسک دەڕێژێ، بۆیە دەڵێت:

"کی ئۆشی: سان دڵێ سەختە؟!
هە نای ت تیەید
کەتیبەی لاڵ تاقوەسان
زوان وا کەی
وە لە چەوەیل سەخت سان
ئرمێس رشێ"



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بانان، خۆی وەک شاعیرێک کە ساڵانێکە زمانەکەی لە بیر کراوە و لە نێوان مەرگ و ژیاندا قەراری گرتووە، دێتە دەنگ و دەڵێ:

"هەنای
هسارەی ئاوا بوو
یەکێگ مرێ،
وە هەنای هسارەی هەڵاێ
یەکێگ زای،
وە ئەو هسارە ک لە دۊر دۊر،
گاجار مرێد و
گاجار ترۊسکە بێ نزێ دێرێ
ئەوە منم
نە مردمە،
نە زینێیم"!

بانان، پەیوەندییەکی تەواو ڕۆحیی لە گەڵ مۆسیقا بە تایبەت سازی تەمبووری یارساندا هەیە و لە شێعری "سەرتەرز"دا باس لە کاریگەری و دونیای پڕ لە ڕازی ئەم سازە دەکات و پێی وایە ئەم نەوا سیحراوی و ئاسمانییە بە ڕادەیەک کاریگەرە کە دەتوانێ ڕازی نێوان خودا و بەندەکانی ئاشکرا بکات.

وەک ئەوەی کە دەڵێ:

"وەڕاسی ئایەم تویەنی
خوەی وە سیمەگان تەمۊرە ئاوێزان بکەی
وە باڵ بگرێ تا کەشکەشان
وە پەردەی ماوین خوەی و خودا لاوەی"

شاعیر، هەروەها پێی وایە جەستەی مرۆڤ زیندانیی ئەزرەتەکانیەتی و تەنیا سازە دەتوانێ مەلی ڕۆح لە زیندانی تەنگ و تاریکی جەستە ڕزگار بکات و دەڵێ:



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

"دەنگ ساز
پەرواز رووح باڵندەی بێتاقەتە
لە قولاخ تەنگ جەسە
جەسە زندان ئەزرەتەگان"

بانان، باوەڕی وایە مرۆڤ دەبێ لە پێناوی ژیاندا بەرخۆدان و تێکۆشان بکات و لە ئەنجامی تێکۆشانی بەردەوام ژیان سەمەر دەدات،

بۆیە دەڵێ:

ژیان، یانی سزیان و پاوەگەزدان
وە دواره له خوڵەكەوان
سەوز كردن و پەلوەچكیشان"


شاعیری نوێخواز، سەعید عبادەتیان (بانان)، لە دەیەی حەفتای هەتاویدا زۆرترین چالاکیی لە شێعری کوردیی خوارووی نواندوە و بە یەکێک لە دیارترین پێشەنگانی شێعری کوردی لەو دەڤەرە دەناسرێت. شێعری بانان بە ڕادەیەک ڕەوان و پاراوە، لە گەڵ خوێندنەوەی، خوێنەر پەلکێش دەکا و دەیکاتە ئەوینداری هەمیشەیی خۆی. بە تایبەت ئەم شاعیرە، زۆرتر ئیلهام لە سروشتی جوانی زاگرۆس وەردەگرێت و دەیکاتە هەوێنی شێعرەکانی خۆی. بانان، هەروەها شارەزاییەکی باشی لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری ناوچەکانی ئیلام و کرماشان هەیە، لە گەڵیان گەورە بووە و تێکهەڵکێشی شێعرەکانی دەکات. ئەم شاعیرە، بەرهەمە شێعرییەکانی لە هەردووک فۆڕمی کلاسیک و نوێدا زۆر جێگای سەرنجن و بە یەکێک لە سامانە گرینگەکانی شێعری کوردیی خواروو دەناسرێت.

۱ی بەفرانباری ۲۰۲۳



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەمنیەت یان ماف؟



**کەریم پەرویزی**

دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی لە تاران پێی وایە کە دەتوانێ بە پەرەدان بە بەرنامە مووشەکییەکانی و دەستوێڕاگەیشتن بە درۆن و هەروەها چەکی ناوکی، ئەمنیەتی ڕێژیمەکەی دابین بکا و لە ترسی ڕووخان و هەرەسهێنان دەربازی ببێ! هەربۆیە هەمووماڵوێرانی و هەموو گەمارۆیەک قبووڵ دەکا و بەرەو پێشوازیی هەموو سزا و تەریککەوتنەوە و تەنانەت بڕیارنامە نێونەتەوەییەکانەوە دەچێ کە دژی ڕێژیمی ئێران پەسند دەکرێن!

یان هەمووان لەبیریانە کە سەردەمانێک تەنانەت دەیانگوت بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بێنرخ و بەهان و با ئەوەندە بڕیارنامە دەر بکەن تا خۆیان ماندوو دەبن! هەموو ئەم کردەوانەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێیانوایە چەکی دوورهاوێژ و ستراتیژیی درۆن و مووشەک و چەکی ناوکی دەبێتە خاوەن زەمانەت و گەرەنتییەک کە ڕژیمەکەیان بمێنێتەوە! لەو پێناوەشدا چەندین نموونە دێننەوە کە چەندین حکوومەت بە لەدەستدانی چەکەکانیان ڕێژیمەکەیان لە نێو چووە. بۆ وێنە ڕێژیمی قەزافی لە لیبی، یان ڕێژیمی بەعس لە عێراق. یان داگیرکردنی خاکی ئۆکراین


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەلایەن ڕووسیەوە بەو هۆکارە دەزانن کە ئەم وڵاتانە چەکە ستراتژیک و کۆمەڵکوژەکانیان لە دەست داوە و هەر بۆیە زلهێزەکان تەماحیان تێ کردوون و هێرشیان کردوەتە سەریان!

ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی و پاسدارانی وشک مێشکی بەو تێگەیشتنە، تەواوی هەوڵیان ئەوەیە چەکەکانیان پەرە پێ بدەن و هەر چەکێکی تازەشیان دەست دەکەوێ لەسەر کوردستانی تاقی دەکەنەوە! ئەوان هەم کوردستان وەکوو تاقیگە دەبینن و هەم بە چەکە کۆمەڵکوژەکانیان دەیانەوێ کورد بترسێنن!

بەڵام ئەوەی کە بیریان لێ نەکردوەتەوە و لێی تێ ناگەن بریتییە لەوەی کە چەکی قورس و کۆمەڵکوژ ڕەنگە لە شەڕی دەرەکیدا بەکار بێ، بەڵام لە ڕووداوە نێوخۆییەکاندا ئیدی ئەو چەکانە بێمانا و بێ کاریگەر دەبن! ڕەنگە هەتا ئێستاش بۆی ئاسان بووبێ مووشەک و درۆن بە بنکەی حیزبی دێموکراتەوە بنێ، بەڵام خۆ پێی ناکرێ مووشەکی بالستیک لە سنە و کرماشان و زاهدان و ئەهواز و تەورێز و یان شارە فارسنشینەکانی وەکوو تاران و ئیسفەهانەوە بنێ و لە کاتی ڕاپەرینی خەڵکیدا ئیدی چەکی کۆمەڵکوژ بێ کاریگەرە.

بابەتی دووهەم کە لەبیریان کردوە ئەوەیە کە وڵاتی خاوەن چەکی ئەتۆمی وەکوو یەکیەتیی سۆڤیەتیش هەبوو کە بەبێ هیچ تەقەیەک ڕێژیمەکەی هەرەسی هێنا! کاتێک ئیدئۆلۆژییەک ئیکسپایەر بوو و ڕێژیمێک بوو بە بارگرانی بەسەر تەنانەت لایەنگرانی پێشووشیەوە، ئیدی هیچ چەکێک نایپارێزێ.

لە پرسی ڕووداوە لەناکاوەکان و بەرژەوەندیە کلاتییەکان گرنگتر، پرسی مافی ئینسانی و نەتەوەییە کە ڕژیم پێشێلی دەکا و پێی وایە کە لە پێناوی مانەوەی خۆیدا دەتوانێ هەموو چەکێک بەکار بێنێ و مافی نەتەوەکانی بەلاوە هیچ بایەخێکی نیە. بەڵام کاتێک ئەمنیەتی ڕێژیمێک لەسەر ئەوە ڕاوەستابێ کە درێژە بە بێمافکردنی خەڵکانێکی دیکە بدرێ، ئەوکاتە ئەو ئەمنییەتە نەک سەقامگرتوو نییە، بەڵکو و دەبێتە دیاردەیەکی دژی خۆی!

کردەوە و سیاسەتەکانی ڕێژیم دەکەوێتە نێو بازنەیەکی دەوردانەوە کە لە هەر سووڕێکدا ئەمنییەتی خۆی زیاتر وەمەترسی دەخا! ڕێژیم بۆ دابینکردنی ئەمنییەتی خۆی مووشەکی زیاتر بەرهەم دێنێ و درۆنی فراوانتر بەکار دێنێ و ئەم چەکسازی و لەنێوبردنی سەرمایە و هەروەها هەڕەشە لە گیان و ژیانی نەتەوەکانی نێو ئێران و دەرەوەش، وا دەکا کە لەباری ئابوورییەوە لاوازتر بێ و خەڵک زیاتر دژی سەرکوتەکانی ڕێژیم هەڵوێست بگرن و تووڕەتر بن و تووڕەیی و ڕقی پەنگخواردووی خەلک، ڕێژیم زیاتر دەترسێنێ و بۆیە چەکی زیاتر بەرهەم دێنێ و تاوانی زیاتر دەخوڵقێنێ و خەڵک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زیاتر تووڕە دەکا!

بازنەی بێ‌پسانەوەی ئەمنیەتی پووشاڵیی ڕێژیم کە لەسەر ئەساسی بێ‌مافکردن و ستەمکردن لە نەتەوەکانی نێو ئێران و دەرەوە درێژەی دەبێ، خێراتر و خێراتر دەور هەڵدەگرێ و مێژوو نیشانی داوە کە لە وەها ڕکەبەرییەک لە نێوان ئەمنیەتی پووشاڵیی ڕێژیمێکی سەرەڕۆ و دواکاریی خەڵکی مافخوراودا، ئەوە ڕێژیمەکانن کە چاڵی مەرگی خۆیان هەڵدەکەنن! هەرشەکانی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان و سەردانی بەرپرسەکانی بۆ عێراق و دەوروبەر و تەنانەت مووشەک و درۆن هاویشتنیان، نیشان لە هاتنی دەورانی دیکە دەدەن؛ دەورانی هەرەسی کۆلۆنیالیزم.

٣ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ژینا، پێناسەی پێشمەرگەی گۆڕی



**ئاسۆ مینبەری**

لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئێمەدا پێشمەرگە هێمایەک لە پێشەنگایەتی و بوێری و لە هەموویان گرینگتر نیشتماندۆستی بووە. هەر ئەم تایبەتمەندییانە وای کردوە کە پێشمەرگە لای گەلەکەی خاوەن پێگە و خۆشەویستییەکی تایبەت بێت و، لە ڕاستیدا ئەم خۆشەویستییە وای کردوە کە پێشمەرگە وەکوو یەکێک لە پیرۆزییە نەتەوەییەکان چاوی لێ بکرێت.

پێشتر کە پێشمەرگە دەگەڕایەوە نێوخۆی کوردستان و ئەرکی پێشمەرگانەی خۆی بەڕێوە دەبرد، خەڵکی کوردستان بەوپەڕی لەخۆبوردوویی و بوێرییەوە و لە سەختترین دۆخدا بەوەرەپیریانەوە دەچوون و هاوکارییان دەکردن. بەڵام دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا گۆڕانێکی یەکجار گەورەی بەسەردا هات و، چەمکی پێشمەرگەی شار هاتە نێو وێژمانی حیزبی دێموکراتەوە و پێناسەی پێشمەرگە گۆڕانێکی بنەڕەتیی بە خۆیەوە بینی.

ئەگەر پێشتر پێشمەرگە تەنیا وەک چەکدارێک پێناسەی بۆ دەکرا و بەو کەسە دەگوترا کە بۆ بەرگری لە مافی نەتەوەکەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سنووره دەسکردەکانی بڕیون و زێد و نیشتمانی خۆی بەجێ هێشتووه و ئامادەیە گرینگترین سەرمایەی ژیانی لەم پێناوەدا پێشکەش بکا، پێناسەکە ئاوا گۆڕا کە هەر تاکێک بە هەر توانا و هێزێکەوە و لە هەر پێگە و ڕۆڵێکدا، دەتوانێ پێشمەرگە بێ! چونکە ئەرکی ڕزگارکردنی خاک و نیشتمان و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەرانە، ئەرکی هەموو تاکێکە، جا ئەگەر دەسەڵاتێک ئازادییەکان زەوت دەکات، ئەوە ئەرکی تاکە کە بۆ ڕزگاریی خۆی تێبکۆشێ و ژیانێکی شیاو بۆ خۆی دابین بکات.

لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵی ڕابردوودا، چەمکی پێشمەرگە پێناسەکەی تایبەتتر بووەوە؛ لە شۆڕشی ژینادا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەمەن و ڕەگەز و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، توانییان ڕۆڵی پێشمەرگە بگێڕن و لەم چوارچێوەیەدا هەنگاو هەڵبگرن.

ئەگەر پێشتر ڕێژیم تەنیا ترسی لە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ نێوخۆی کوردستان و چالاکییە پێشمەرگانەکانیان بوو، لە شۆڕشی ژینادا، پرسەکە ئاوا گۆڕانی بەسەردا هات کە هەر تاکێکی کوردستان بوو بە پێشمەرگەیەک و لە بەرانبەر کۆشکی ستەمکاریدا وەستا.

زۆر جار باس لەوە کراوە کە شۆڕشی ژینا وەکوو خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی ئێمەدا دەبێ چاوی لێ بکرێت، لێرەشدا پێویستە بگوترێ کە یەکێکی دیکە لە خاڵە گرینگەکانی ئەم شۆڕشە ئەوە بوو کە چیدیکە ترس و دڵەڕاوکێی لە دڵی خەڵکدا و لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەردا نەهێشت. ڕەنگە پێشتر خەڵک بە هۆی زاڵبوونی کەشی ئەمنییەتی، زۆر بە پارێزەوە باسیان لە پێشمەرگە کردبێ، بەڵام لە شۆڕشی ژینادا، وێڕای شکانی ترس و تابۆکان، ئەوە خەڵک بوون کە پێشمەرگەئاسا بەرەنگاری دەسەڵات بوونەوە. لە هاوکێشەیەکی یەکجار نارێکدا، خەڵک هاتنە بەرانبەر دەسەڵات و هێزە داگیرکەرەکانییەوە، ئەمان دەستیان خاڵی بوو و ئەوان پڕچەک بوون، ئەمان هێزی باوەڕ بە ڕزگاری هێنابوونیە سەر شەقام و ئەوان زەبری داگیرکەر بۆ سەرکوتی بەرانبەر، ئەمان لە بەرانبەر بیری دواکەوتوو چەقبەستووی دەسەڵاتدا وەستابوونەوە و ئەوان لە بەرانبەر ئیرادەی لەگیراننەهاتووی خەڵکدا! جیا لەوەی کە چەندە خەڵکی کوردستان پێشمەرگانە و بوێرانە لە گەرمەی شۆڕشەکەدا بەرەنگاری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بوونەوە و زۆر ڕۆڵەی بوێری ئەم گەلە بە گژ داگیرکەردا چوونەوە و چوونە ڕیزی کاروانی هەرگیزنەمرانی گەلەوە، خودی بنەماڵەی شەهیدانیش پێشمەرگەئاسا لە بەرانبەر داگیرکەردا وەستانەوە.

لە جەرگەی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، قوتابی، خوێندکار، مامۆستا، کرێکار، ئەندازیار، پیر، لاو و منداڵ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەموویان بوون بە پێشمەرگە و بە چەکی باوەڕەوە هاتنە مەیدانی خەباتەوە. ڕەنگە ئەگەر لە دوارۆژدا باس بۆ نەوەکانی داهاتوو بکرێ کە چۆن کچە قوتابییەک تەنیا بە چەکی قژەکانیەوە لە بەرانبەر داگیردا وەستاوە، یان چۆن کوڕە لاوێک تەنیا بە جامانەکەی ملیەوە و بە جلە خاکییەکانیەوە، بەرەوڕووی داگیرکەر بووەتەوە، پێیان سەیر بێت کە ئاخۆ چۆن ئەوانە ئەتوانن چەک بن و ئەو کچ و کوڕانە چۆن دەتوانن پێشمەرگە بووبێتن.

پێناسەی پێشمەرگە ڕێک لێرەدایە کە مانای خۆی دەگرێت، ئەو کچ و کوڕانە ڕۆڵەی گەلێکی چەوساوەن، لە هەر بەرگ و لە هەر جێگایەکدا بن مادام بەرەوڕووی بیری دواکەوتووانەی داگیرکەر بوونەتەوە و ئامادەی گیانبازی بۆ دەستەبەرکردنی ڕزگاری و داماڵینی داگیرکەرن، مادام ئامادەن لە جیاتی درێژەدان بە ژیانی ئاسایی، سینگیان بکەنە قەڵغان و ژیانێکی سەردەمیانە و مرۆڤانە بۆ خۆیان و گەلەکەیان دابین بکەن، کەوایە پێشمەرگەی نیشتمانن و تێکۆشان و بەرخودانیان دەبێ ببێتە وانە بۆ داهاتوو.

لە شۆڕشی ژینادا ژنان بەشێک لەو کۆمەڵگەیە بوون کە بە داماڵینی بیری چەقبەستووی داگیرکەر، هاتنە مەیدان و پێشمەرگەی ئازای مەیدانی خەباتەکە بوون. بێگومان ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە شۆڕشی ژینادا دەبێ بە سەدان وتاری لەسەر بنووسرێت، چونکە ژنان توانییان بەرەنگاری بیرێک ببنەوە کە زیاتر لە ٤ دەیەیە پێناسەی لاوازی و نەزانی و دواکەوتوویی بۆ کردبوون. ژنان بە هەموو شێوازێک پێشمەرگەی مەیدان بوون و وانەی شۆڕشگێڕییان پێ فێر کردین، دایکی شەهیدان بە بڵاوکردنەوەی پەیام لە ڕۆژی لەدایکبوون و ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی منداڵەکانیاندا، مانیفێستی نوێی شۆڕشگێڕانەیان بڵاو کردەوە و بوێرییەکەیان لە ئاستێکدا بوو کە تەنیا لە پێشمەرگەدا شکی دەبەین.

ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا نیشانیان دا کە پیشمەرگە ئیتر تاکێکی چەکدار نییە، پێشمەرگە ژنێکی شۆڕشگێڕە کە دێتە سەر شەقام و تەواوەتی ڕێژیم دەکاتە ئامانج، پێشمەرگە باوکی کۆمار دەرئوفتادەیە کە بوێرانە دەڵێ خۆشبەختم کە کوڕەکەم لەسەر ئازادی و خاکی کوژراوە، پێشمەرگە سارینا ساعێدییە کە بۆ داوای مافەکانی هاتە سەر شەقام و بە باتومی هێزەکانی ڕێژیم لێی درا و شەهید بوو. لە ڕاستیدا شۆڕشی ژینا، پێناسەی پێشمەرگەی گۆڕی!

٣ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕۆژگاری ڕەش



ئەلبورز ڕوویین‌تەن

"کاروان شاهی و شەش زیندانیی سیاسی دیکە کە لە نارەزایەتییەکانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی‌دا دەست بەسەر کراون دوای ١٤ مانگ نادیاری چارەنوس بەبێ هیچ حومکێکی دادگا بە تۆمەتی (محاربە) شەڕ لە گەڵ خودا لە زیندان‌دان"، "عەلی قادری، کۆلبەری ٥٢ساڵ و باوکی سێ منداڵ بە دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم کوژرا"، "فەرزاد گوڵمحەممەدی بۆ لە سێدارەدان بۆ زیندانی ئینفرادی گواسترایەوە"، "هێزەکانی ڕیژیم لە کرماشان بەبێ ئاگادارکردنەوە هەڵدەکوتنە سەر ماڵی شاعیر و نووسەر کەیومەرس کەلەجۆیی"، "فایەق یوسفی، چالاکی سیاسی و مەدەنی لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە ڕفێندرا"، "هێزەکانی ڕێژیم، کێلی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە دیولان دەشکێنن و گۆڕەکانیان تێک دەدەن"، "ئەییوب جەوانپور، بریندارى شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بە چوار ساڵ زیندان و پانزدە مانگ دور خستنەوە سزا درا"، "لە پیرانشار چوار مامۆستای ئایینی لە سەر هەڵوێستیان لەهەمبەر سەرکوتی خەڵکی کوردستان بە یازدە ساڵ زیندان سزا دران" و. ...

ئەوانە تەنیا تیتری بەشێکی زۆر کەمی هەواڵەکەنی یەک ڕۆژی نیشتمانە لە ژێرِ ستەمی داگیرکەران، کە ڕۆژانە بە سەدان هەواڵی لەو شێوە هەیە کە هەموویان تابلۆیەکی دیاری سەرکوت و بێمافیی خەڵکی کوردستانن لە سۆنگەی دەسەڵاتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیمەوە. هەر لەو هەواڵانە کە بۆ زۆربەی خوێنەران وەک هەواڵێکی ئاسایی دەبینرێ قورسترین چیرۆکی ژیانی تاک یا بنەماڵە یا شارێکی کوردستانن. هەر یەک لەو هەواڵانە هەڵگری دنیایەک خەم و ئازاری بێکۆتایین چونکە نەک ژیانی تاکەکان، بەڵکوو ژیانی دەوروبەریان و لە کۆتاییدا ژیانی نەتەوەیەکیان ڕەش کردوە.

ئەو تابلۆیانە بەشێکی زۆر کەم لە هەزران چیرۆکی خەمبارە کە ڕێژیمێکی دیکتاتور بەئەنقەست تەنیا لە ڕووی دژایەتی لە کوردستان دەیئافرێنێ و تەنانەت لەوەی کە توانیویەتی ژیان خەڵکی کورد ئاوا ڕەش بکات شانازی دەکات. ئەوە تەنیا ئەو هەواڵانە نین کە ڕۆژگاری ڕەشیان لە کوردستان خوڵقاندوە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا بە سیاسەتێکی سیتسماتیک لە ڕووی ئابووری، کولتووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و دەرونی ژیانی ئێستای نەتەوەیەکیان ڕەش کردوە و داهاتووی وڵاتێکیان سوتاندوە. هەربۆیە نابێ وا بەئاسانی بە خوێندنەوەی ئەو هەواڵانە گوزەر بکەین، بەڵکوو پێویستە بۆ چرکەیەکیش بووبێ بە ڕامانەوە سەیری ئەو ڕۆژگارە ڕەشە بکەین و لە ڕاستیەکانی ورد ببینەوە.

یەکەم ڕاستی لەو ڕۆژگارە ڕەشە ئەوەیە دەبێ زۆر باش بزانین ئەگەر ناوی خۆمان یا نزیکەکانی خۆمان لە مانشێتی هەواڵەکان نابینین بەو مانەیە نیە ئێمە لە ئارامی داین، بە هەبوونی ئەو ڕێژیمە جنایەتکارە ئەگەری ئەوەی مانشێتی هەواڵی داهاتوو ئێمە بۆ خۆمان یا نزیکی ئێمە بێت هەیە، بە دەر لەوەی هەر یەک مانشێتانە لە نەتەوەی ئێمەن کەواتە ئێمەن و جیاوازی نیە. کەواتە پێش بە ئەوەی ببین بە مانشێتی هەواڵێکی وەها وەک قوربانی پێویستە لە خاباتدا بین بۆ نەهێشتنی ئەو ڕێژیمە هەتا ئەو ڕۆژگارە ڕەشە نەمێنێ.

ئەو سیاسەتەی کەو ئەو ڕۆژگارەی ئافراندووە تەنیا ئەمڕۆی ئێمەی ڕەش نەکردووە بەڵکوو داهاتووی جیلەکانی دیکەشی خستووتە مەترسی، چونکە لە کاتێک وڵاتانی دیکەی لە سایەی ئازادی هەنگاوی پێشکەوتن دەگرنە بەر بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن بەرەو هەسارەکانی دیکە سەفەر بکەن، چۆن قورسترین نەخۆشیەکان دەرمان بکەن و ژیانی مرۆڤەکان درێژ بکەن چۆن لە دونیایی پێشکەوتووی بیری دەستکرد کەڵک وەربگرن، چۆن ڕۆژگارێکی پڕ لە شادی و خۆشگوزەرانی دروست بکەن، ئێمە دەبێ هەواڵی کوژرانی کۆلبەرێک کە باوکی سێ منداڵە ببیسین و حاکمانی وڵاتیش هەموو تۆپ تانک دەکار بکەن حیجاب وەلا نەچێ و مامۆستای زمانی کوردی لە زینداندا بێ.

لە هەمووی خرابتر ئەوەیە کە ڕێژەی ئەو هەواڵانە ئەوەندە زۆر بوونە لەو ڕۆژگارە ڕەشەدا، کە وەک هەواڵێکی ئاسایی بە سەریاندا تێپەڕ دەبین، واتە بە ئاسایی نیشاندانی ستەم و کوشتن و ئەشکەنجە و زیندان وەک ژیانی ئاسایی ئاوا بێ یەکێک لە مەترسیدارترین تابلۆی ڕۆژگاری ڕەشی ئێستایە، کوژرانی کۆلبەر وەک ڕووداوێکی ئاسایی لێهاتووە، ڕۆژانە خەڵک



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە ئاسانی ئاو خواردنەوە دەکرێنە ئامانجی گولە، پێوستە ئەو ڕووداوانە وەک رۆتینێکی ڕۆژانە سەیر نەکەین بە بیستنی هەر یەل لەو هەواڵانە کە ڕۆژانە دەەبیسین بیر لەوە بکەینەوە چۆن کۆتایی بەو ڕۆژگارە ڕەشە بێنین کە زوو یا درەنگ هەمووومان دەکاتە ئامانج.

پێویستە باوەڕ بەوە بێنین کە ئێمە شایانی ئەو رۆژگارە ڕەشە نین بەڵکوو وەک نەتەوەیەکی ئاشتیخواز و ئازادیخواز مافمانە وەک هەر یەک لە نەتەوەکانی دیکەی ئازادی دونیا، لە ئارامی و شادیدا بژین و کە خۆشمان بە شایانی ژیانی ئازاد زانی هەوڵی بۆ بدەین. دەبێ هەمیشە بیر لەوە بکەینەوە کە پاسدارێکی بیابانەکانی کاشان و سمنان مافی حومکڕانی بەهشتی دونیا کوردستانی نیە، قاتێڵێکی سوپای پاسداران بە سەر کوڕی کوردی زانا فەزڵی نیە، زیادتر لە کوشتن و ئەشکەنجە ئەو بەکەم زانینیەی نەتەوەی کورد بە ئازارە.

لە کۆتاییدا لە هەمووی گرینگتر لە رۆژگاری ڕەشدا لە بەرەی خەباتکارانی ئازادیدا بوون بۆ نەهێشتنی ستەم هەزاران جار بە نرخترە لەوەی لە مەترسی ئەوەی کە من کەی دەبمە بە مانشێی هەواڵێک لە چاوەڕوانی دا بمێنینەوە، هەبوونی ئەو باوەڕە سەرکەوتن مسۆگەر دەکات.

٣ی بەفرانباری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێویستیی تێپەڕین لە ستراتیژیی گەمارۆ و سزادان



عەلی بداغی

دەوڵەتی بریتانیا ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٣ی سەرماوەز ڕایگەیاند خولی نوێی گەمارۆ و سزاکانی لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پڕۆژە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی ئەم ڕێژیمەی خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. قائانی، فەرماندەی سپای قودس، تەواوەتیی لقی فەلەستینی سپای پاسداران و ٦ فەرماندەی سپا لەوانەن کە ئەم سزا نوێیانە گرتوونیەوە. هاوکات لە تازەترین نوێکردنەوەی لیستی سزادانەکانی ئێراندا ٢٠ کەس و دامەزراوەی دیکەی کۆماری ئیسلامی لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە گەمارۆیان خرایە سەر. بەپێی ڕاگەیاندنی وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکا ئەو ٢٠ کەس و دامەزراوەیەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەهۆی بەشدارییان لە ڕایەڵەکانی ئاسانکاری بۆ گواستنەوە داراییەکانی وەزارەتی بەرگری و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم بەتایبەت سپای پاسداراندا سزا دراون.

مێژووی سزادان و گەمارۆخستنەسەر کۆماری ئیسلامی لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە بە قەت هەموو مێژووی ئەو ڕێژیمەیە. هێشتا ٨ مانگ لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی تێنەپەڕیبوو کە ئەمریکا لەسۆنگەی داگیرکرانی باڵوێزخانەکەی لە تاران و بەبارمتەگیرانی دیپلۆمات و فەرمانبەرەکانی سزای ئابووریی جۆراوجۆری بەسەر ئێراندا سەپاند کە گرینگترینیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەستبەسەرداگرتنی داراییەکانی ئێران لەو وڵاتە بوو. دواتر ئاشکرابوونی هەوڵە نایاسایی و بەنهێنییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم و پەرەدان بە تێکنۆلۆژیی ئەتومی و مووشەکییەکەی بوونە هۆی ئەوەی نەک هەر لەلایەن ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپاوە، بەڵکوو لەلایەن شورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە سزای بخرێتەسەر، کە دواتر گەمارۆی تاکلایەنەی چەند وڵاتێکی زلهێزی جیهانی و ناوچەییشی لەدژی ئێران لێ زیاد کرا. لیستی ڕەشی سزاکانی سەر کۆماری ئیسلامی لە سۆنگەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیشەوە کە هەم تاکلایەنە لەلایەن وڵاتان و هەم لەلایەن یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکاوە -بەتایبەت دوای سەرکوتی خوێناویی خۆپێشاندەران لە نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٣٩٦، خەزەڵوەری ١٣٩٨ و شۆڕشی ژینا لە پاییزی ١٤٠١دا- کە بەسەر ڕێژیمی ئێراندا سەپاون؛ بەشێکی تری سزاکانی کۆمەڵگەی جیهانی دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێکدێنن.

گەمارۆکانی سەر ئێران لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، زانستی، تێکنۆلۆژی و کڕینوفرۆشتنی چەک و تەقەمەنی و کەرەستەی شەڕ، و قورسترینیان سزاخستنەسەر کەرتی نەوت و وزە و بانکی ناوەندیی کۆماری ئیسلامی بووە. ئەم گەمارۆیانە لەڕووی ئابوورییەوە زەبری قورسیان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران داوە، بۆ نموونە لەسۆنگەی سزاکانەوە و بەپێی داتا ڕەسمییەکان سەتا ٩٦ی پاشکەوتی دراویی ئێرانی تەواو کردوە، بووەتە هۆی ئەوەی بارستایی ئابووریی ئێران و بەرهەمهێنانی پاکنەکراوی نێوخۆیی وڵاتی نیوە بە نیوە چکۆلەتر و کەمتر بێتەوە، ڕێ لە وەبەرهێنانی بیانی و هاتنی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بۆ ئێران بگیردرێ، پیشەسازیی وڵات بەتایبەت لە کەرتی نەوت و وزەدا هەرەس بێنێ، بارستایی بازرگانیی وڵات لەگەڵ دنیای دەرەوە بە لانیکەمی خۆی بگات، هەڵمسانی ئابووری و زۆربوونی نەختینەیی بگاتە ئەوپەڕی خۆی و دیارترین پێوەریش کە تمەن وەک دراوی نیشتمانییە کە لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی و لەسۆنگەی چوار دەیە سیاسەتەکانی ڕێژیم و گەمارۆ ئابوورییەکانەوە ٦ هەزار هێندەی سەردەمی ڕێژیمی پێشوو لە بایەخەکەی کەم بۆتەوە.

سزاکانی سەر ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا لەجێدا بە مەبەستی گۆڕینی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی و وەڵامدەرکردنی کاربەدەستانی ڕێژیم لەمەڕ سیاسەتی شەڕەنگێزانە، تێکدەرانە و دەستێوەردەرانەیان و ناچارکردنیان بە پاشەکشە لەبەرانبەر ئیرادە و مافخوازیی خەڵکە سەرکوتکراوەکەی وڵات بووە. بەو پێیەی باس کرا، گومان لەوەدا نییە هەم گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکان و هەم سزا ئامانجدارەکانی کۆمەڵگەی جیهانی لە بواری پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا کاریگەریی قووڵ و نەرێنیی زۆری لەسەر ئابووریی ڕێژیم و دۆخی خەڵک و کۆمەڵگە داناوە، بەڵام لەجێدا نەیتوانیوە ڕەفتار و سیاسەتی ڕێژیم بگۆڕێ. ئەم گەمارۆیانە توانای کڕین و قووتی خەڵکی ئێرانیان کەم کردۆتەوە، بەڵام پێشیان بە پیشەسازیی چەک و کەرەستەی شەڕ و پەرەسەندنی بەرنامەی ئەتومی و مووشەکیی ڕێژیم نەگرتوە. بە واتایەکی دی ڕاستە سزا و گەمارۆکان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کە گوشاریان بۆ سەر ڕێژیم دروست کردوە، بەڵام ئامانجی سەرەکیی خۆیان نەپێکاوە و لەبری بەچۆکداهێنانی دەسەڵات و ملکەچکردنی ڕێژیمی ئاژاوەچی و قەیرانخوڵقێن، خەڵک و کۆمەڵگەی وڵاتیان پتر خستووەتە تەنگانەوە.

### لەبارەی بنەڕەتی سزا و گەمارۆکانی سەر ڕێژیمەوە باس لە دوو خاڵ گرینگە:

**یەکەم**. ڕێژیم توانیویەتی سەرەڕای گەمارۆ سەخت و هەلایەنەکان بەڵام لە بوارەکانی سیاسی و نیزامیدا خۆیانی لەگەڵ بگونجێنێ و بەرنامە و پرۆژەکانی خۆی بباتە پێشێ. کەوابوو ئەمە گەمارۆکانن کە نەیانتوانیوە مەبەستە سەرەکییەکانی خۆیان - لە گۆڕینی سیاسەت و ڕەفتاری ڕێژیم و پێشگرتن بە بەرنامەی ئەتومی و توانا مووشەکییەکانی- بپێکن.

**دووهەم**. پێویستە ڕوانگەی کۆمەڵگەی جیهانی بەتایبەت لەدوای شۆڕشی ژیناوە لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەتی سزادانی کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەتایبەت ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا و بەگشتی ڕۆژئاوا و وڵاتە دێموکراتیکەکانی دیکە نابێ و ناکرێ هەر پێ لەسەر سیاسەتی سەرکۆنە و سزادانی ڕێژیم دابگرن. خەڵکی سەرکوتکراو بەڵام خەباتکاری ئێران و بەگشتی بزووتنەوەی مافخوازی گەلانی ئێران پێویستییان بە هەنگاوی بەکردەوەی پتر لە لۆمەکردن و گەمارۆکانە ئەویش پشتکردنی کۆمەڵگەی جیهانی لە کۆماری ئیسلامی و پشتگرتنی خەڵکی ئێران و خەباتەکەیان.

کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتە خاوەندەسەڵاتەکان لە بڕیاردانی جیهانیدا دەبێ گوێ بۆ دەنگی خەڵکی ئێران بگرن و لەو ئاستە لە گۆڕانگارییەکان کە کۆمەڵگەی ڕاپەڕیوی ئێران دەیهەوێ بە تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی بیهێنێتە ئاراوە تێبگەن. بە واتایەکی دی پێویستە کۆماری ئیسلامی لە شەرعییەتی سیاسی بخەن و ڕەواییەتی ڕاپەڕینی سەرانسەری کە هەڵگری بەها و بایەخە جیهانداگرەکانیشە بەڕەسمی بناسن.

نابێ و چۆن دەکرێ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەهەمبەر هەڕەشە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاترەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەمنیەتی ناوچەیی و جیهان دەستەوەستان و چاوەڕوان دابنیشێ، بەتایبەت ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمان کە سوور دەزانن ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم دژایەتی و دوژمنایەتیی ئاشکرا لەگەڵ بەرەی ڕۆژئاوا و ئامانجەکانی ئەوان بۆ کۆمەڵگەیەکی جیهانیی دوور لە قەیران و بشێوییە. پێوەندیی بەردەوام ڕوو لە هەڵکشانی نێوان ئێران و ڕووسیە لە بوارەکانی ئابووری، نیزامی، تێکنۆلۆژی و ئەمنیەتی و هاوکاریی ڕوو لەگەشەی پتری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆرەی باکووری لە بواری ئەتومیدا، و شەڕی تاقەتبەر و بێزارکەری ئێران لەدژی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا کە بە میلیشیا و گرووپە نیابەتییەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەیکات مەترسییەکی گەورە بۆ سەر کۆمەڵگەی جیهانیین کە هەڵوێست و بەرەوڕووبوونەوەی شێلگیرانەتری پتر لە سزادان و گەمارۆکانی دەویّ.

بێگومان لەو ململانێیەدا دیپلۆماسی بەتەنیا وڵامدەر نییە و تاکەڕێگای ئاشتی و هێمنایەتی و سەقامگیری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەرکەوتنی خەباتی مافخوازیی خەڵکی ئێران بەسەر ڕێژیمی سەرکوتگەر و نادێموکراتیکی کۆماری ئیسلامییە و خەڵکی ئێرانیش دەخوازن خەباتەکەیان بەڕەسمی بناسرێ و وەک ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی چاویان لێ بکرێت.

٣ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بەشێک لە پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان



شاڕوخ حەسەنزادە

لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بەردەوام و بەشێوەی ئاشکرا و سیستماتیک لەلایەن دامەزراوە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت ئەمنییەتی و قەزاییەکانی ڕێژیمەوە مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشێل دەکرێن.

ئەگەر بمانهەوێ چاوێک بە دوامین ڕاپۆرتەکانی پێشێلکاری مافی مرۆڤدا بخشێنین، بە پێی ناوەندی ئاماری، "ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان"(چاونیوز)؛ لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ١٤٠٢ی هەتاوی، لانیکەم ١٩٥ چالاکی مەدەنی و هاونیشتمانی سڤیل بە تۆمەتی چالاکی دژی کۆماری ئیسلامی ئێران یان هاوکاری حیزبە کوردییەکان دەسبەسەر کراون. ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ئێران لە شەش مانگی یەکەمی ساڵ (بەهار و هاوین)یشدا لانیکەم ٥٦٨ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسییان بە تۆمەت گەلی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو نیزامە گرتبوو؛ بەوەش ژمارەی ئەم کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتایی پاییز گیراون، گەیشتۆتە ٧٦٣ هاونیشتمانی. لەو دەیان کەسەی لە ماوەی ئەمساڵدا گیراون، لانیکەم ٦٦ کەسیان دادگایی و سزای لە ٣ مانگ هەتا ١١



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ساڵ کە، سەرجەم ١٧٣ ساڵ و ٣ مانگ بەندکران، جگە لە لێدانی قامچی و پێ بژاردنیان بەسەردا سەپاوە.

هەر بە پێی ئامارەکانی "چاونیوز"، لانیکەم ١٦٠ کۆڵبەر بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، تەقینەوەی مین، سەرمابردوویی و هەڵدێران کوژراون و بریندار بوونە. لەو ١٦٠ کۆڵبەر و کاسبکارە ١٥ کەسیان کوژراون و ١٤٥ کەسیان بریندار بوون. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە لەو ١٦٠ کۆڵبەرە، ١٠٤ کۆڵبەریان دوای سەردانەکەی سەرۆککۆماری ڕێژیم بۆ شاری بانە و تەنیا لە ناوچە سنوورییەکانی هەنگەژاڵی ئەو شارە دراونەتە بەر دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.

کوژران و برینداربوونی ١٦٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە سێ مانگی پاییزی ئەمساڵ لە حاڵێکدایە کە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵ (بەهار و هاوین)دا لانیکەم ٨٣ کۆڵبەر کەوتبوونە بەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە ٦٨ کەسیان بریندار بوون و ١٥ کەسیان کوژرابوون. بەو پێیە ژمارەی ئەو کاسبکارانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتا کۆتایی پاییز کەوتوونەتە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لانیکەم ٢٤٣ کەس بوونە کە ٣٠ کەسیان کوژراون و ٢١٣ کەسیشیان بریندار بوون.

هەر لە ماوەی ئەو سێ مانگەی پاییزدا، ٣٩ بەندکراوی کورد لە بەندیخانەکانی ئێران وکوردستان لە سێدارە دراون، کە دوو کەس لەوان بە ناوەکانی قاسم ئابستە و ئەیییوب کەریمی زیندانیی عەقیدەتی بوونە و لەسۆنگەی ئەندامەتییان لە گرووپێکی ئیسلامیی دژبەری ڕێژیمدا ئێعدام کراون. دەزگای دادی ئێران پێشتر و لە شەش مانگی یەکەمی ساڵ (بەهار و هاوین)دا ٤٣ کەسی لە دار دابوو و بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتا کۆتایی پاییز لە دار دراون، گەیوەتە ٨٢ کەس. بەپێی ناوەندی زانیاریی "چاونیوز" زۆربەی زۆری ئەو بەندکراوانە، پێشتر بە تاوانی کوشتن بەئانقەست یان تاوانەکانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە هەر لەو وەرزەدا، ئارمیتا گراوەند، کچە قوتابیی کوردی تەمەن ١٧ ساڵ، ڕۆژی شەممە ٦ی خەزەڵوەر پاش ٢٨ ڕۆژ مانەوە لە بەشی چاوەدێریی تایبەتی نەخۆشخانەی فەجری تاران گیانی لەدەست دا. ئارمیتا گراوەند، ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی ڕەزبەر لە مێترۆی تاران (هێڵی ٤٧ی مێترۆ) بەهۆی ئەوەی حیجابی زۆرەملێی نەبووە لەلایەن هێزە حیجابپارێزەکانی حکوومەتەوە لێی درابوو و بەهۆی سەختیی بەرکەوتنەکە لە هۆش چووبوو.

هەروەها لە کردەوەیەکی دیکەی ڕێژیمی ئێراندا، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی خەزەڵوەر سۆهراب ڕەحمەتی، پارێزەر، ئەندامی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی کوردستانی عێراق نیشتەجێی شاری هەولێر لە شوێنی ژیانی لە بەردەم "هانا سیتی" تەقەی لێ کرا و بەتوندی برینداربوو. حیزبی دێموکرات لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند ئەو ئەندامەی لەلایەن گرووپێکی تێرۆریستیی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تێرۆر کراوە.

هەروەها ڕۆژی یەکشەممە، ۲۳ی ڕەزبەر (۱۵ی ئۆکتۆبەری ۲۰۲۳)، هاونیشتمانییەکی کاسبکار بەناوی "حەمەد خدر" تەمەن ٦٠ ساڵ خەڵکی گوندی "ڕەزگە"ی سەر بە قەزای پشدەر لە پارێزگای سلێمانی بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێرانەوە لەسەر سنوور کوژرا.

ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕادەگەیەنێ ئەو ئامار و زانیارییانەی لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران بڵاوی کردۆتەوە تەنیا ئەو بەشە لەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە هەواڵ و زانیارییەکانیان بەمیدیایی کراون و لە لایەن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە ئاماژەیان بۆ کراوە، ئەگینا ئەو ناوەندە پێی وایە کە ئاماری ورد و درووستی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە زۆر زیاتر لەو ئامارەیە کە دەخرێتە بەرچاو.

**٣ی بەفرانباری ٢٧٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کێوەکانیش یار نەبوون



**ڕەزا دانشجوو**

... ڕازیکردنی "هەنار" کارێکی زۆر چەتوون بوو. تا دوایینترین ساتەکانیش ئەو لە سەر ئەم باوەرە بوو کە "ئاکام" پەلە دەکات و دەتوانێت کارێکی باش بدۆزێتەوە. زۆری خایاند تا بگاتە ئەم قەناعەتە کە ئیتر هیچ ڕێگایەک نەماوە و ئاکام ناتوانێ چیتر بێکار دابنیشێ. لە ڕاستیدا دوای ساڵانێکی زۆر ژیانی کرێکاری لە غەریبایەتی بڕیاری دا چی تر هەنار و منداڵەکان بەتەنیا جێ نەهێڵێت، بەڵام ئەوە سەرەتای بێکاری و نەداریی بوو. بۆدیتنەوەی کارێکی تەنانەت کاتییش بۆ بژێوی ژیان، ئاکام تەواوی شارودێهاتەکانی دەورووبەری لێک دا، بەڵام هیچ شتێک ڕووی نەدا. ڕوومەتی ئیشکهەڵاتوو و زەردهەڵگەڕاوی "هەناسە" و دەستی سارد و جەستەی ماندووی "هەتاو" چیتر تاقەتی برسێتی و هەژارییان نەمابوو. ئەمە دوایینترین چارەسەر بوو.

هەنار جارێکیتر خەریکی کۆڵینی باروبنەی سەفەری ئاکام بوو. ترسی ئەوەی شتێکی لەبیرچوو‌بێت یان کەمی دانابێ، هەرجار زیاتر لە جاری پێشوو بوخچەشینەی دەپشکنی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئاکام دانیشت، دەستی هەناری گرت و بەئارامی جۆرێک کە منداڵەکان لە خەو هەڵنەستن گوتی: کەسەکەم ئەمە جاری بیستەمە ئەو بوخچەیە دەپشکنی، تەواوە کەسم درەنگە، دەبێ بڕۆم، نیگەران مەبە، هەموو شتێکێت داناوە.

هەنار بێئەوەی سەری هەڵێنێ، وازی لە بوخچەی هێنا. هەستا و چوو قورئانی سەرتاقەی هێنا و لە پێش ئاکامی ڕاگرت.

- خۆ تا چاوە جوانەکانت نەبینم ناڕۆم، سەرت هەڵێنە خاتوونەکەم، با دڵ قایم بڕۆم.

هەنار زۆر بەئاسپایی سەری هەڵ هێنا و کەمێک چووە دواوە، جۆرێک کە تاریکایی نەیدەهێشت فرمێسکەکانی دیار بن.

- نابێ نەڕۆی!

ئاکام بە پێکەنینەوە چاوێکی لە هەنار کرد و گوتی: خۆ دیسان هەر قسەی خۆتت کردەوە، ئێمە قسەکانمان کردووە، ئێمە...

هەنار ئیزنی نەدا قسەکانی ئاکام تەواو بێت و بە دەنگێکی زۆر بوغزاوی گوتی: دەزانم، بەڵام دڵم ئۆقرە ناگرێت!

ئاکام کەمێک چووە پێشتر و دەستەکانی هەناری گرت، جۆرێک کە ئێتر چاوە کاڵەکانی کە ئێستا لەبەر فرمێسک جوانتر لە هەمیشە ببوون، بەباشی دیار بوون.

- بە دڵت بڵێ...

دەنگی مام ڕەحیم لەوبەری دەرگا کە وێرای لە دەرکەدان بە دەنگێکی بەرز قسەی دەکرد، کۆتایی بەم دیالۆگە هێنا.

- کاکە جەماعەت مەحتەلن، زووکە برا...

هەنار سەری لەسەر شانی ئاکام دادەنێت، بۆوەی هەرنەبێ بۆ ماوەیەکی کورت ئارامیی دڵی بێقەراری بێت.

ئاکام دەمی دەباتە بنگوێی هەنار و دەڵێت: زوو نەڕۆم مام ڕەحیم دیسان دەنگی هەڵدێنێ، با "هەتاو" و "هەناسە" وەخەبەر نەیەن. ئاکام بوخچەکەی دانا و بێئەوەی هەتاو و هەناسە وەخەبەر بێنێ ماچی کردن و ماڵئاوایی لە هەنار کرد. ...

مام ڕەحیم ئاکام بە هاوڕێیەکانی دەناسێنی و دوای کەمێک قسەوباسی کورت داوایان لێ دەکات هەموو سوار بن. قەرارە تا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نزیکی سەرحەد بەم تویوتـایە بـڕۆن. مـام ڕەحیم و دوو کەس لە پێشـەوەن و ئاکـام و چوار کەسـی تـر لەدواوە دانیشـتوون. دەنگی پێکەنین و قاقای سیروان مام ڕەحیم زۆر تووڕە دەکات. سیروان چەند ساڵە ئەوە کار و پیشـەیەتی. بـراکەی پـار لە ڕووداوی هـاتووچۆدا کاتێـک کە هێـزە چەکـدارەکانی ڕێـژیم تەقەیـان لـێ کـرد، ماشـێنەکەی هەڵـدێرایە نێـو دۆڵ و گیـانی لەدەست دا. مـام ڕەحیم بـێئەوەی لە ماشێن بێتە خوار، سەری سوڕاند و بەبێ قسـەکردن بە دەست داوای لە سیروان کـرد بێدەنگ بێت. سیروان هەر بە پێکەنینەوە بە مام ڕەحیم دەڵێت: خەمت نەبێت، جاش و پاسدارەکان هشتتا هەڵنەستاون!

مام غەفوور لە گۆشەیەک خەریکی زیکر و دوعـاکردنە. مـام غەفوور بـاوکی شەهیدە و کوڕێکی لە پێشمەرگایەتیدا شەهید بووە و ئێستا جگە لە دو کچەکەی خۆی دەبێ ئاگای لە بووکەکەی و دوو نەوەکەشی بێت.

سیروان وەک هەمیشە خەریکی قسەکردنە: مام غەفوور دوعام بۆ دەکەی ژنێکی جوانم بەنەسیب بێ؟

مام غەفوور بە بزەی سەرلێو وەڵام دەداتەوە: ئەتۆ عاقڵ بە، خۆم ژنیت بۆ دێنم!

لە پەنـا مـام غەفـوور فەرهـاد دانیشـتووە. فەرهـاد تەمەنـی ناگـاتە پـانزدە سـاڵ. دوای ئەوەی بـاوکی تووشـی نەخۆشـی شێرپەنجە بـوو، هەمـوو شتێکیان فرۆشت تـا خەرجـی دەوا و دەرمـانی ئەوی بکەن. تەنـانەت فەرهـاد ناچـار بـوو دەرس و قوتـابخانەش وەلا نێ و مل بداتە کۆڵبەری.

لە ڕووبەڕووی ئەو ئاکام دانیشتووە و خەریکی ناسینی هاوڕێیانی تـازەیەتی. سیروان دەڵێت: ئەری کـاکە بـۆ قسـان نـاکەی، دەتۆش شتێک بڵێ...

سامان چاوێک لە ئاکام دادەگرێ و پێی دەڵێ: گوێی مەدەیە، تەواو نییە.

سامان خاڵی سیروانە، بەڵام سیروان زۆر لە خاڵی ناچێت. سامان زۆر ئارام و لە سەرەخۆیە. هەڵبەت لە کاردا سیروان زۆر توندوتۆڵترە. سامان کارناسیی باڵای لە فیزیکدا وەرگرتووە، بەڵام لە هیچ کوێ دانەمەزراوە.

دوای گەیشتن بە نیزیک سنوور، هەموو دێنە خوارێ. لێرە بەولاوە سەفەر دەست پێ دەکات. مام ڕەحیم جـارێکیتر هەموویـان کۆ دەکاتەوە و باسی چۆنیەتیی ڕێگایان بۆ دەکات و وەک هەمیشە ئامۆژگارییەکانی دووپـات دەکـاتەوە. مـام ڕەحیم خۆی لە


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێشەوە دەڕوا و سیروان لە دواوە. ئاکام لە نێوەڕاست جەماعەتییە. هەتا ئێرە باش هاتوون، هەڵبەت هەمیشە کاتی گەڕانەوە کێشەکان زیاترن. جگە لە چەند شوێن کە بە هۆی بەفری زۆرەوە سەرکەوتن پێیاندا زۆر سەختە، کوڕگەل خۆیان دەگەیەننە ئەو دیوی سنوور. دوای پشودانێکی کورت، ئێستا کاتی بارکردن و گەڕانەوەیە.

مام ڕەحیم دەڵێت: کوڕینە زوو نەگەڕێینەوە تووشی بەفروباڕن دەبین. تکایە دەست ببزێون. سیروان یارمەتیی ئاکام دەدات تا بتوانێت یەخچالەکەی بەباشی بار بکات و بۆی دەبەستێتەوە. هەموو سازن و گوێبیسی فەرمانی مام ڕەحیم: دەی کاکە فەرموون پشتیوان بە خوا تاریکوڕوونی بەیانی دەگەینەوە. تکایە لە یەکتری دوور مەکەونەوە. بە بێدەنگی دەڕۆین، چاوتان لە پێش خۆتان بێت. ...

وەک کاتی هاتن دیسان مام ڕەحیم خۆی لەپێشەوە دەڕوا و سیروانی لەدوایە. نیوەی ڕێگایان بڕیوە. هەوا زۆر ساردە و بەفربارین بەتوندی دەستی پێ کردووە. جگە لە دەنگی چەکمەی کە بەفر دەبڕی سریوە لە هیچ لایەک نایە. بەفروباڕن ئەوەندە توندی کردووە زۆر بە سەختی دەتوانی پێش چاوی خۆت ببینی. مام ڕەحیم ڕاوەستاوە تا هەموو بگەنێ، شاڵی پێش دەمی لا دەبا و دەڵێ: ئاگاتان لە خۆتان بێت، دەبێ زۆر لە یەک نزیکتر بڕۆین، ئەگەری وەی هەی ڕێگامان لێ ون بێ...

ماوەیەکی زۆرە ڕێگا دەپێون بەڵام هیچ ڕوون نییە. ڕەشاییەک خەریکە وە دیار دەکەوێت. سیروان بانگی مام ڕەحیم دەکات: ئەو ڕەشاییە کوێیە؟

مام ڕەحیم زۆر زوو بێ‌ئەوەی ببێتە هۆی ترسانی هاوڕێیانی دەڵێ: کاکە بێدەنگ. پاشان ڕێگەی بۆ لایەکیتر دەگۆڕێت. جەماعەت بەپەلە دەکەنەوە شوێنی مام ڕەحیم، هەرچەندە ئەم بەفرە و ئەم بارە قورسە بڕستی لێ بڕیون. دەنگیی ئیست و فیشەکبارانی بێ‌ئامانجی پاسدارەکان بێدەنگیی کوێستان دەشکێنێت. ...

چەند خولەکێک دواتر کە خۆیان گرتەوە مام ڕەحیم خەریکی دڵدانەوەی هاوڕێیانە: کاکە ئەو شتانە ئاساییە، ژیانی کۆڵبەری هەر ئەوەیە. مام غەفوور زۆر ماندوویە، فەرهاد یارمەتیی دەدا. ئاکام نایهەوێت خۆی بدۆڕێنێت. قسەکانی مام ڕەحیم بۆتە هۆی دڵگەرمیی جەماعەت. سیروان دەڵێت: ئەوە ئەو جاریش ڕزگارمان بوو. تا جاری دیکەش خودا کەریمە. ئاکام بیری لای هەنار و منداڵەکانیەتی. بەیانی دەتوانێ دوای ماوەیەکی زۆر بە کڕینی خواردنی خۆش دڵی هەناسە و هەتاو خۆش بکات. دوای پشوودانێکی کورت وەڕێ دەکەونەوە. سیروان خەریکی گۆڕانی گوتنە، بەڵام لە ترسی مام ڕەحیم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زۆر بە بێدەنگی: بۆ کوردستان، بۆ کوردستان، بۆ وڵاتی...

هەوا بەرەو ڕووناکبوونە، بەفر لێی کردۆتەوە و ئێستا دەتوانی پێش خۆت بەباشی ببینی. ئاکام بیری هەر لای هەنار و منداڵەکانیەتی. ئەوکاتەی هەتاو و هەناسەی لە باوەشدایە و لەگەڵ هەنار خەریکی خواردنی نانی بەیانین، چابوو هاتم، ترس بەڕاستی برای مردنە، مرۆڤ دەبێت خۆی ژیانی بگۆڕێت. ...

دەنگی مام ڕەحیم بەرز بۆوە: یا ڕەسوولوڵڵا... یا حەزرەتی غەوس... کاکە پەنا بگرن، کاکە خۆتان بدەنە پاڵ ئەو بەردانە....

جەماعەت بەپەلە بارەکەیان لە خۆیان کردۆتەوە و خەریکی هەڵاتنن، گەڕان بەدوای شوێنێک بۆ خۆشاردنەوە... بۆ زیندوومانەوە. ئاکام بێئەوەی بزانێ جەماعەت خەریکی چین، سەری سووڕاند و بارەکەی لە پشتی ڕەها کرد. چاوی لە بەرزایی شاخەکان دەکرد، لە یاری هەمیشەیی کە ئەو جار یار نەبوو. کۆڵمەسوورەکانی هەنار بوون کە لە لوتکەی شاخەوە، لەنێوان سپیایی بێوینەی ڕنووی بەفردا بەرەو خوار ئەهات، بێ راوەستان بە دەنگێکی زۆر سەرسووڕهێنەر. ئاکام لە هەتاو دەگەڕا، بیستبووی هۆی ڕوودانی ڕنوو دوای بارینی بەفر، هەڵهاتنی هەتاوە. بەڵام هەتاو دیار نەبوو. جەستەی لەخوێنداشەڵاڵی ئاکام لەسەر بەفر خەریک بوو ون دەبوو. زۆر بەسەختی سەری هەڵێنا، ئێستا دەیتوانی هەتاو ببینێت کە لەو سەری چیاکان خەریکی هەڵهاتن بوو. دوای دیتنی هەنار و هەتاو، دوایین هەناسەی هەڵکێشا و وسەری لەسەر بەفرەکە دانا و ڕوو بە لوتکەی شاخ بەئارامی خەوی لێکەوت...

٣ی بەفرانباری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و مافی نەتەوەکان



(یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و مافی نەتەوەکان)

**مستەفا مەولوودی**

ڕۆژی ١٧ - ١٠ - ١٣٥٦ی هەتاوی وتاریک لەژێر ناوی ئێران و ئیستیعماری سوور و ڕەش بە ئیمزای ئەحمەد ڕەشیدیموتڵەق لە ڕۆژنامەی ئیتیلاعات چاپ و بڵاو کرایەوە. لە بەشێک لەو وتارەدا هەوڵی دژایەتیی ڕاستەوخۆی بۆ مەزهەب و کەسایەتیی خومەینی دەدرێت. لەو وتارەدا هاتوە: خومەینی بڕوای خەڵکی ئێرانی بە سۆغرە و گاڵتە گرتوە. بڵاوبوونەوەی ئەو وتارە خۆپیشاندانێکی گەورەی لە ڕۆژی ١٩ - ١٠ - ١٣٥٦ لە شاری قوم لێ کەوتەوە. لەو خۆپیشاندانانەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئەو شارە گیران و هەندێ کەسیش کوژران و بریندار بوون. پاش ٤٠ ڕۆژ لەو خۆپیشاندانە خەڵکی تەورێز بە پشتیوانی لە خەڵکی قوم خۆپیشاندانێکی گەورەیان وەڕێ خست، بەڵام بە دەستێوەردانی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بڵاوەی پێ کرا و لەوێش ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوژران و بریندار بوون. ئەمەش بوو بە سەرەتای خۆپیشاندانە زنجیرەییەکانی نێو ئێران و نارەزایەتییەکان بەدژی حکوومەتی پاشایەتی لە ئێران دەستی پێ کرد. دەکرێ بڵێین وتارەکەی ئەحمەد ڕەشیدیموتڵەق یەکەم چەخماغەی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ئێراندا بوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە سەرەتادا شا خۆپیشاندانی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ی زۆر بەهەند نەگرتبوو. حوسەین فەردووست دەنووسێ: شۆڕشی ساڵی ٥٧ی ئێران هەموو کەس تەنانەت دەوڵەتانی ئەوکاتی ئەمریکا و بریتانیاشی خافڵگیر و تووشی سەرسوڕمان کرد، بۆیە ئەگەر پرسیار بکرێ فۆڕمی ڕوودانی ئەو شۆڕشە چۆن بوو، دڵنیام هیچ بەرپرسێکی ئەوکات نەیدەتوانی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: شۆڕشەکان هەمیشە لە ماوەی چەند ڕۆژدا بە کردەوەیەکی بەپەلە و توندوتیژانە سەردەکەون. لە حاڵێکدا شۆڕشی ئێران بە حەوسەلەیەکی زۆر و هەنگاو بە هەنگاو سەرکەوت. لەو شۆڕشەدا کردەوەی توندوتیژانە لەلایەن خەڵکەوە بە ڕادەیەکی کەم بووم، ئەمەش ئۆرگانەکانی دەوڵەت نیزامی و غەیرە نیزامیی شەکەت کردبوو. ناوبراو دەڵێ هێچ شۆڕشێک بەم چەشنە نەچووەتە پێش. عادەتەن ڕێکخەرانی شۆڕش لەسەر ئەو باوەڕەن کە درێژەکێشانی شۆڕش دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی، بەڵام شۆڕشی ئێران لە ماوەی ٩ مانگدا ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووخێنەرتر و بەربڵاوتر دەبۆوە و ئەمەش نیشانەی یەکەمین نموونەی ئەو جۆرە شۆڕشەیە.

بەهەر جۆرێک لێکی بدەیتەوە ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە شۆڕش دەستی پێ کردبوو و شا کەوتبووە پەلەقاژە. جەمشید ئامووزگار ناچار بوو دەست لە کار بکێشێتەوە. محەممەدڕەزا شا لە جێگای ئەو جەعفەر شەریف‌ئیمامیی وەک سەرۆکوەزیران دیاری کرد و ڕەزامەندیی دەوڵەتی عێراق بۆ دەرکردنی خومەینی وەرگیرا. هۆوەیدا کە بۆ ماوەی سێزدە ساڵ سەرۆکوەزیرانی ئێران بوو و بەر لە ئاموزگار ناچار بە وازهێنان کرابوو، دواتر دەستبەسەر کرا. شەریف‌ئیمامی کە تەواو دەستەوەستان ببوو، ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە بوو. پاشان دەوڵەتی نیزامیی ئەزهاری هاتە سەرکار و ئەویش هیچی بۆ نەکرا. ناچار شاپووری بەختیار وەک سەرۆکوەزیران دیاری کرا، بەو مەرجەی محەممەدڕەزا شا بە شێوەی کاتییش بووبێ ئێران بەجێ بهێڵێ و لە خاکی ئەو وڵاتە بچێتە دەرەوە. شا ڕۆژی ١٤ی بەفرانباری ١٣٥٧ ئێرانی بەجێ هێشت و ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەکان بە خەتی گەورە نووسیان «شاه رفت». حکوومەتی بەختیار نەیتوانی زیاتر لە ٣٧ ڕۆژ دەوام بێنێ و هەرەسی هێنا. خومەینی ڕۆژی ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ لەنێو پێشوازیی گەرمی خەڵک گەڕایەوە ئێران و ڕۆژنامەکان بە خەتی گەورە نووسییان «امام آمد». خومەینی ڕایگەیاند کە حکوومەت پێک دێنێت. بەو جۆرە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ ئەرتەش بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاند و بەوەش نیزامی پاشایەتی لە ئێران بۆ هەمیشە کۆتایی پێ‌هات.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران و دیاریکردنی حکوومەتی کاتیی بازرگان لەلایەن خومەینییەوە ڕێبەری شۆڕشی ئێران ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ی بە ڕۆژی ڕیفڕاندۆم بۆ دیاریکردنی سیستەمی حکوومەتی لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پەهلەوی دیاری کرد. لەو هەڵبژاردنە، یان دیاریکردنە بۆ سیستەمی حکوومەتی ئەو درووشمە دیاری کرابوو: «کۆماری ئیسلامی بەڵێ و کۆماری ئیسلامی نا». لە ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ ئاکامی ڕیفڕاندۆم ڕاگەیەندرا و دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی بە زۆرینەی نزیک بە تەواوی دەنگەکان بۆ سیستەمی تازەی حکوومەتی دەسەڵاتداری لە ئێران دیاری کراوە. بەم جۆرە ڕۆژی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ بە ڕۆژی کۆتاییهاتن بە نیزامی دیکتاتۆریی پەهلەوی و کۆتاییهێنان بە سیستەمی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک

### یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و مافی نەتەوەکان

پاش سەرکەوتنی شۆڕش، خومەینی ڕایگەیاند کە لەجیاتی مەجلیسی دامەزرێنەران بۆ پەسندکردنی یاسای بنەڕەتی (قانون اساسی) دەبێ مەجلیسی خوبرەگان هەڵبژێردرێ. ئەوکات خەڵکی ئێران پێیان وانەبوو لە نێوەرۆکدا جیاوازییەک لە نێوان مەجلیسی دامەزرێنەران و مەجلیسی خوبرەگاندا هەبێت، بۆیە بەبێ کێشە قەبووڵیان کرد. کەچی پێکهاتەی نوێی مەجلیسی خوبرەگان دەری خست کە لە ڕاستیدا ئەو مەجلیسە لە ڕووی نێوەرۆکیشەوە شتێکی تازەیە، چونکە پتر وەک تەکیە و خانەقا و حەوزە دەهاتە بەرچاو تا مەجلیسی قانووندانان. سەرەنجام مەجلیسی خوبرەگان لە ڕۆژی مێژوویی ٢٨ی گەلاوێژ ساڵی ١٣٥٨، هەمان ساڵڕۆژی کودەتای شا و زاهیدی لە ساڵی ١٣٣٢پێک هات، ئەمەش ڕێک هاوکات بوو لەگەڵ فەتوای جیهاد بەدژی خەڵکی کوردستان لەلایەن خومەینییەوە.

یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە ساڵی ١٣٥٨ پەسند کرا و لە ساڵی ١٣٦٨ی چەند خاڵێکی لێ کەم و زیاد کرا، لە (١٧٥) ئەسڵ پێک هاتوە.

لە ئەسڵی پازدەهەمی (١٥) یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتوە: زمان و خەت و فۆرمی هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە و بەڵگەنامەکان و نووسراوەکان و کتێبی وانەیی قوتابییەکان دەبێ بەو زمان و بەو خەتە بێت، بەڵام بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی و قەومی لە ڕاگەیاندنەکان و مێدیا گشتییەکان و خوێندنی ئەدەبیاتی ئەوان لە مەدرەسە لە تەنیشت زمانی فارسییەوە ئازادە. هەروەها لە ئەسڵی نۆزدەهەمدا هاتوە «خەڵکی ئێران لە هەر قەوم و قەبیلەیەک بن لە مافی یەکسان بەهرەمەندن و ڕەنگ، نژاد، زمان و شتی لەو بابەتە نابێتە هۆی هەڵاواردن». لە ماددەی پازدەهەمدا هاتوە کە زمان و خەتی هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە. تا ئێرە هەرچەند ئیمتیازێکی تایبەت دراوە بە زمان و خەتی فارسی لە چاو خەت و زمانەکانی دیکەی ئێران زۆر جێگای ڕەخنە نییە، لەبەر ئەوەی پشتبەستن و بەکارهێنانی زمان و خەتی فارسی لە ئێران مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و وای لێ هاتوە نزیک بە تەواوی خەڵکی ئێرانیش مەگەر کەسێکی بێسەواد دەنا زۆرکەس بە ئاسانی لێی تێ دەگا. بۆیە دەکرێ بڵێین لەنێو زمان و خەتەکانی دیکەی ئێران گونجاوترین زمان و خەتە بۆ لەیەکتر تێگەیشتن، بەڵام هەتا ئێستا کە دەیان ساڵ بەسەر پەسندکردنی ئەو یاسایەدا تێدەپەڕێ، بەڕەسمی هیچ کارێک بۆ ئەو خەت و زمانانە نەکراوە، تەنانەت بەکردەوە زۆر جار قەدەغەشیان خراوەتە سەر. ئەگەر کەسێک یان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کەسانێک بیانەوێ فێری زمانێک جیا لە زمانی فارسی بن، حکومەت نەتەنیا کەمترین پێویستی و شوێنیان بۆ دابین ناکات، بەڵکوو زۆر توند بە گژیاندا دەچێتەوە و تووشی ئەزییەت و ئازار و تەنانەت زیندان و ئەشکەنجەشیان دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران هەوڵی زۆریان داوە بۆ فێربوونی نووسین و خوێندن بە زمانی خۆیان و لەو پێناوەشدا زۆر بلاڤۆک و ڕۆژنامە و گۆڤاریان بڵاو کردۆتەوە کە هیچیان بە کەرەسە و یارمەتیدانی حکوومەت نەبووە. تەنانەت فێرگە و ناوەندە نادەوڵەتییە چالاکەکانیش بە بەردەوامی و بە توندترین شێوە گوشاریان خراوەتە سەر، کەچی بەو حاڵەش خەڵکەکە نەک بە ئازادی بەڵکوو بە ئازایەتی توانیویانە پەرە بە چالاکییەکانی خۆیان بدەن.

سەبارەت بە ماددەی نۆزدەهەمی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەبێ بڵێین تاڕادەیەکی بەرچاو ئەو ماددەیە تەنیا وەک جەوهەری سەر کاغەز وایە و هیچ گەل و نەتەوەیەک وەک لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا هاتوە، لە بچووکترین مافی نەتەوەیی خۆی بەهرەمەند نییە و بە شێوەی جۆراوجۆریش کۆسپ و تەگەرە خراوەتە بەردەم ئەو نەتەوانە و هەر چەشنە داخوازییەکیان بۆ ئەو مەبەستە بە توندترین شێوە سەرکوت کراوە. نموونەی بەرچاو گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە وڵاتی ئێران. ئەو گەلە لەو وڵاتەدا لەو ڕۆژەوە هەستی بە پێشێلکردنی مافی خۆی کردوە و دەستی داوەتە خەبات و تێکۆشان و زۆریش هەوڵی داوە ئەگەر دەرفەتی بووبێت لە ڕێگای دیالۆگ و وتوویژەوە بە مافەکانی بگات لەبەر ئەوەی پێی وایە مافی گەلی کورد مافێکی سیاسییە و دەبێ لە ڕێگای سیاسییەوە چارەسەر بکرێ. بەڵام وەڵامی ڕێژیم لە هەمبەر داوای ڕەوای خەڵکی کوردستان بە دایم هێرش و وێرانکاری و ئەشکەنجە و ئازار و کوشت و کوشتار و ئێعدام و سەرکوت کردن بووە.

گەلی کوردیش لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ چالاکانە بەشداریی کردبوو و هەر بۆیە لە داهاتووی ئێرانی پاش پەهلەوییەکان، گەیشتن بە مافە سەرەکییەکانی خۆی بە هەقی ئاسایی خۆی دەزانی و لە پاش حاشا لێکردنی کۆماری ئیسلامی لەو مافانە هەوڵی دا لە ڕێگای وتوویژەوە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە نوێیە بە مافی ڕەوای خۆی بگات. بۆ ئەو مەبەستەش گەلێک تێکۆشا، کەچی بەداخەوە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ لەلایەن خومەینییەوە فتوای جیهادی بەدژ دەرکرا و کوردستان بەتوندی هێرشی کرایە سەر و زیاتر لە ٥٠٠٠٠ کەس لە خەڵکی مەدەنی و بێتاوانی ئەو وڵاتە بوونە قوربانی و پتر لە ٥٠٠٠ تێکۆشەری ئەو گەلە لە پێناوی ڕزگاری گەل و وڵاتەکەیاندا شەهید کران.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئەنجام

لەگەڵ ئەوەدا ئێران وەڵاتێکی زۆر کۆنە و مێژوویەکی دێرینی هەیە، واتە زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵە بە شێوەی پاشایەتی بەڕێوە دەچێ و سی ٣٠ ساڵیشە حکوومەتی کۆماریی تێدا دامەزراوە، بەڵام هیچ کات بە شێوەیەکی خەڵکی و دێموکراتیک ئیدارە نەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتێکی فرەگەل و فرەچەشنە، یانێ زۆر جیاوازیی نەتەوەیی و میللی و دینی و مەزهەبی تێدایە، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتداران هیچ کات وەک پێویست وڵاتی ئێرانیان بەو ماتەوزەوە (پتانسیل) لەبەر چاو نەگرتوە کە بۆ ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتنی ئەو وڵاتە بە کاری بێنن. تەنانەت ئەوەندەی بۆیان کراوە گەلان و خەڵکانی ئێرانیان سەرکوت کردوە و لەناویان بردوون و مافەکانیانیان پێشێل کردوە.

لە تەواوی مێژووی ئەو وڵاتەدا دوو جار دەستوور یان یاسای بنەڕەتی نووسراوە یان داڕێژراوەتەوە. یەکیان لە ساڵی ١٢٨٥ لە سەردەمی موزەفەردین شای قاجارڕ و بەهۆی گوشاری خەڵک و بزووتنەوەکانی ئەوکات، دووهەم دەستوور لە ساڵی ١٣٥٨ پاش ڕووخانی ڕێژیم یان سیستەمی پاشایەتی و سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی. ئەو دوو یاسا بنەڕەتییە چەند جارێک گۆڕانکارییان تێدا کراوە، بەڵام بەو گۆڕانکارییانەشەوە ئەم یاسایانە هیچ کات لە بەرژەوەندی گەلانی بن دەستی ئێراندا نەبووە.

### ئەو دوو یاسا بنەڕەتییەی لە مێژووی ئێراندا پەسەند کراون هەڵگری چەند خاڵی هاوبەشن، بۆ وێنە:

١- لە دەستووری ساڵی ١٢٨٥ لە ماددەی ٣٥ی دەستووردا هاتووە «سەڵتەنەت ئەمانەتێکە لەلایەن میللەتەوە بە پادشا ئەسپێردراوە» لە دەستووری ساڵی ١٣٥٨ لە ماددەی پێنجەمدا هاتوە «لە زەمانی غەیبەتی حەزرەتی وەلیی عەسردا (ئیمامی دوازدەهەم- ئیمام مەهدی) لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا وەلایەت و بڕیار (امر) و ئیمامەتی ئوممەت لەسەر شانی فەقێی دادپەروەر و بەباوەڕ و شارەزا لە پرسی ڕۆژ، بوێر و زانا و بەتەگبیرە». ئەگەر سەیری ئەو دوو ماددەیەی یاسای بنەڕەتی ئێران بکەین، دەبینین لە هەردووکیاندا سەروەری و دەسەڵاتی بێسنووری بۆ تاکە کەسێک گەڕاندۆتەوە، لە دەستووری ساڵی ١٢٨٥ بۆ «پادشا» و لە دەستووری ساڵی ١٣٥٨ بۆ «وەلیی فەقیه».

٢- لە ماددەی یەکەمی یاسای بنەڕەتیی ساڵی ١٢٨٥دا هاتووە کە «دینی فەرمیی ئێران ئیسلامە و تەریقەی هەقەی جەعفەری ئەسنا عەشەرییە و پادشای ئێران دەبێ ئەو دین و مەزهەبەی هەبێت و برەوی پێ بدات»؛ لە یاسای بنەڕەتیی ١٣٥٨دا هاتوە «دینی فەرمیی ئێران ئیسلام و مەزهەبی جەعفەری ئەسنا عەشەرییە و ئیمام و ڕێبەر و تەنانەت سەرۆک



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆماریش دەبێ ئەو مەزهەبەیان هەبێت». کەوابوو ئەم دوو یاسا بنەڕەتییە لەم ماددەیە جیاوازییان نییە و لە هەردووکیاندا پلەی بەرزی پاشایەتی و ئیمامەت و تەنانەت سەرۆککۆماری، تایبەتە بەو کەسەی موسڵمان بێت و مەزهەبی شیعەی ئەسنا عەشەری هەبێت. بەو جۆرە بەپێی یاسای بنەڕەتی لەو وڵاتەدا هەموو ئەو کەسانەی موسوڵمان نین و مەزهەبی شیعەی ئەسنا عەشەرییان نیە لەو پلە و پایە بێبەش کراون، یانێ بە یاسای بنەڕەتی وڵات جیاوازی دانراوە لە نێوان هاونیشتمانانی ئەو وڵاتەدا.

**ئەو دوو یاسا بنەڕەتییەی ئێران پێکەوە هەندێک جیاوازیشیان هەیە کە پێویستە ئاماژەیان پێ بکەین.**

١- لە یاسای بنەڕەتیی مەشرووتە (١٢٨٥) هاتووە «لە تەواوی مەملەکەتە پارێزراوەکاندا (مەمالیکی مەحروسە) ئەنجوومەنەکانی ئەیالەتی و ویلایەتی بەپێی نیزامنامەی تایبەت ڕێز دەکرێن»

.

٢- لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی (١٣٥٨) هاتوە کە «خەڵکی ئێران لە هەر قەوم و هۆزێک بن مافی وەک یەکیان هەیە و ڕەنگ و ڕەگەز و زمان شتی لەم چەشنە نابێتە هۆی هەڵاواردن .»

ئەگەر سەیری ئەو دوو ماددە بکەین، لە هەریەکیاندا بە جۆرێک باسی لە دەسەڵات و مافی ئەیالەت و مافی کەمایەتییەکان دەکات و هیچیان بە هیچ شێوەیەک تا ئێستاش کاریان پێ نەکراوە.

٣- ئەگەر چاوێک بخشێنینە سەر یاسای بنەڕەتیی مەشرووتە پەسندکراوی ساڵی ١٢٨٥دا دەبینین تا ڕادەیەک مافی شارۆمەندی لە بەرچاو گیراوە و لە سەردەمی پەهلەویشدا بە کردەوە کاری پێ کراوە. بەڵام لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٨دا مافی شارۆمەندی بۆ گەلانی دیکەی ئێران زۆر کەم لەبەرچاو گیراوە و ئەوەی هەشبووە بە لێکدانەوەی تایبەت زۆر کەم کراوەتەوە و کۆنترۆڵی لە ڕادەبەدەری خراوەتە سەر. جیاوازییەکی دیکەی ئەو دوو یاسا بنەڕەتییە مەسەلەی خەت و زمانی گەلانی غەیرە فارسی نێو ئێرانە کە لە دەستووری ١٢٨٥دا لە هیچ شوێنێک ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵام لە یاسای بنەڕەتیی ١٣٥٨دا لە ماددەی ١٥دا هاتوە «زمان و خەتی فەرمی و هاوبەشی ئێران فارسییە و بەڵگە و نووسراوە و تێکستە فەرمییەکان و کتێبی وانەیی قوتابییەکان دەبێ بەو زمان و خەتە بێت. بەڵام بەکارهێنانی زمانە ناوچەیی و قەومییەکان لە ڕاگەیاندن و مێدیا گشتییەکان و خوێندن و نووسین بە ئەدەبیاتی ئەو گەلانە لە قوتابخانەکان لە تەنیشت زمانی فارسیدا ئازادە». کەچی هەتا ئێستاش ئەو ئەسڵە کاری پێ نەکراوە و جێبەجێ نەکراوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**کاکڵی باسەکە:**

ئەو دوو یاسا بنەڕەتییە کە لە ئێران پەسند کراوە بە لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکان لە کۆمەڵگەی ئێرانی دانەڕێژراون. ئێران وڵاتێکی گەورە و بە حەشیمەتێکی زۆر و جۆراوجۆری نەتەوەیی و میللی و قەومی و ئایینی و کولتووری و تەنانەت جوغرافییە و دەبوا یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتە بەجۆرێک دارێژرابا هەموو ئەو جیاوازییانەی لەبەرچاو بگرتبا و زامنی پاراستنی مافی هاووڵاتیان بە تاک و بە کۆ بووایە. بەڵام ئەو دوو یاسا بنەڕەتییە لە نێوەرۆکدا بەتەواوی لەو جۆرە شتە پێویست و زەروورانە بەتاڵن. جیا لەوەش هەندێک بەند و مادده و ئەسڵی ئەو قانوونە بنەڕەتییانە لەبەر ئەوەی بە یەکسانی چاویان لە هەموو هاووڵاتیان نەکردوە گەورەترین کێشەی لە مێژووی ئەو سەد ساڵەدا دروست کردوە. ئەگەر قەرارە وڵاتی ئێران بەپێی یاسایەکی بنەڕەتی بەڕێوە بچێ، خەڵکی ئێران پێویستە خەبات بۆ سەرلەنوێ نووسینەوەی یاسایەک بکەن کە هەڵقوڵاوی ڕاستییەکانی وڵاتی ئێران بێت و بە ئیرادەی هەموو خەڵکی ئێران بەڕێوە بچێت. یاسایەک کە مافی میللی و نەتەوەیی و دێموکراتیکی هەموو دانیشتوانی ئێران، بە فارس و تورک و کورد و عەرەب و بلووچ و تورکەمەن و باقی کەمایەتییە میللی و ئاینییەکانی دەستەبەر کردبێت و بە گشتی بۆ دابینکردن و سەقامگیرکردنی دێموکراسی لە ئێران یاسایەکی بەبڕشت بێت.

٤ی بەفرانباری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ترسنۆکترین تێرۆریستانی مێژوو




**مەنسوور مروەتی**

دوابەدوای کوژرانی ڕەزی مووسەوی، یەکێک لە بەرپرسانی سپای قودسی کۆماری ئیسلامی لە سووریە، بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران چەندین دژکردەوەی سەیریان لە خۆیان نیشان دا کە هەموویان بە گشتی نیشانەی شڵەژان و ترسی کۆماری ئیسلامی لە ئیسرائیل لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە دیسان دەرخەری درۆزنیی بەرپرسانی ڕێژیم و تەنانەت پێخۆشبوونی بەشێک لە بەرپرسان لە کوژرانی ئەم پاسدارە تێرۆریستەی لێ دەخوێنرێتەوە.

ئەگەرچی هەر دوای کوژرانی مووسەوی دیسان بەرپرسانی ڕێژیم و بەتایبەت بەرپرسانی سپای پاسداران و وەزیری نێوخۆی کۆماری ئیسلامی دەستیان دایە هەڕەشە و گوڕەشە لە ئیسرائیل و باسیان لە تۆڵەکردنەوەی توند و سەخت لەو وڵاتە کرد، بەڵام هەرزوو ڕۆژی دواتر زمانی قسەکردنیان بۆ پاشەکشە گۆڕا و هەریەکە و بەجۆرێک باسیان لە تۆڵەکردنەوە کرد و تەنانەت هەندێکیان تۆڵەکردنەوەکەیان بە داهاتوو سپارد. هەموو ئەمانە لە حاڵێکدایە کە تا ئێستا نە خامنەیی، ڕێبەری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

كۆماری ئیسلامی و نە ئیبراهیمی ڕەئیسی، سەرکۆمار بەڕەسمی هیچ هەڵوێست و قسەیەکیان لە سەر كوژرانی مووسەوی نەبووە؛ کە ئەمە خۆی نیشانەی ئەوەیە ئەوان لەوە تێگەیشتوون کە بێدەنگەی لێ بکەن باشترە، چونکە شەبکە توندە و بۆ خۆگێڤکردنەوە و هەڕەشەکردن لە ئیسرائیل نابن.

لەم نێوەدا پاسدار ڕەمەزان شەریف، وتەبێژی سپای پاسداران لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا چەندین قسەی کرد کە هەم بۆ پێکەنین دەبێ و هەم زوو وەدرۆ خرایەوە. ڕەمەزان لە باسی تۆڵەدا بە ئاماژە بە كوژرانی قاسم سولەیمانیدا گوتی، پەلاماری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل یەکێک لەو عەمەلیاتانە بوو کە بە تۆڵەی قاسم سولەیمانی ئەنجام درا، کە هەر دەسبەجێ ئەم ئیدیعایەی وتەبێژی سپای پاسداران لە لایەن حەماسەوە وەدرۆ خرایەوە و حەماس لە ڕاگەیاندراوێکدا گوتی، پەلاماری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لەبەر کێشەی " مسجدالاقصی" بووە و پێوەندیی بە شتێکی دیکەوە نییە. دوای وەدرۆخستنەوەی وتەبێژی سپای پاسداران، ناوبراو گوتی، ئەو قسەیەی کردوویە بەخراپ وەرگیراوە، دەنا ئەمیش وەکوو حەماس پێی وایە کە عەمەلیاتی حەماس بۆ "مسجد الاقصی" بووە. ناوبراو هەروەها گوتی ئێمە پێشتریش چەند جار تۆڵەمان لە ئیسرائیل کردووتەوە، بەڵام بە میدیایی نەکراوە و ئیسرائیلییەکانیش هیچ باسیان نەکردوە، کە ئەمەیان بەڕاستی پێکەنیناوییە.

وەئەممما لێدوانی بالیۆزی دەوڵەتی ئێران لە سووریەش لە جێی خۆیدا جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە. ناوبراو لە شیکردنەوەی شێوازی کوشتنی ڕەزی مووسەویدا گوتی، وەها لێیان دا کە لە ژوورەکەیەوە فڕێ درایە حەوشەی ماڵەکە. ئەم قسەیە وەبیرهێنەرەوەی لێدوانی جەوادی زەریف، وەزیری پێشووی دەرەوەی ئێران لە کاتی كوژرانی قاسمی سولەیمانیدا بوو کە ناوبراویش گوتی، وەها لەو سەردارەی ئێمەیان دا کە هەر دەستێکی مایەوە. بەلەبەرچاوگرتنی کێشەی هەندێ لە دیپلۆماتەکانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە سەردەمی قاسمی سولەیمانیدا و، کێشەی نێوان جەوادی زەریف و قاسمی سولەیمانی، یان بە وتەی زەریف، "مەیدان و دیپلۆماسی"، زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی ئەو قسە و ئاخاوتنەی زەریفیان بە جۆرێک بە نیشانەی پێخۆشبوونی ناوبراو سەبارەت بە کوشتنی سولەیمانی لێک دایەوە. ئێستاش هەمان شێوە لێدوان و ئاخاوتنەی سەفیری ئێران لە سووریە بە جۆرێک بیرخەرەوەی هەمان هەڵوێست و کێشەی زەریف لە گەڵ قاسمی سولەیمانییە.

ئەم چەند هەڵوێستە دەربڕاو و دەرنەبڕاوەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و بێدەنگە لێکردنەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و هەروەها وەدرۆ خستنەوەی سپای پاسداران لە لایەن حەماسەوە، و لە هەمووی ڕوونتر پاشەکشەی کۆماری ئیسلامی لە قسەی توندی ساتەکانی یەکەمی كوژرانی ڕەزی مووسەوی، بابەتێکی زۆر سەرەکیمان بۆ دەردەخا. ئەویش ئەوەیە کە کۆماری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئیسلامی ئێران و سپای پاسدارانەکەی و بەگشتی هێزە سەرکوتکەرەکانی تەنیا لە کوشتن و ئەشکەنجەکردنی خەڵکی بێدەرەتانی ئێراندا دەستیان کراوەیە و بێباکن. دەنا ئەم چینە دز و گەندەڵەی کە ژیانیان لە خەڵکی ئێران حەرام کردووە لە بەرانبەر ئیسرائیل و بەگشتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا ترسنۆکترین تیرۆریستانی مێژوو و سەردەمن.

**٧ی بەفرانباری ٢٧٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خۆکوشتن بۆ ڕزگاربوون لە دۆزەخی ژیان



عەلی بداغی

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو کاتێک زۆرترین کەلکی لە کێشە و ئاریشە ناوچەیی و جیهانییەکان بۆ پووشبەسەرکردنی قەیرانە نێوخۆییەکانی وڵات وەرگرتوە کە خۆکوژی یەک لەوانە. بەڵام ئەوەی ڕۆژانە خەڵکی وڵات لە تەنیشت هەواڵە هەمیشەییەکانی گەندەڵی و سەرکوتی نارەزایەتییەکان و گرانی و بێکیفایەتییەکانی بەرپرسانی ڕێژیم دەیبیستن، هەواڵی خۆکوشتن و هەوڵە بەردەوامەکان بۆ خۆرزگارکردن لەو ژیانەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەسەر خەڵکی ئێرانیدا سەپاندوە.

ئاماری ڕاستەقینەی خۆکوژی نهێنییە و بە زەحمەت دزە دەکاتە دەرێ. پزیشکی داد ڕێک ١٠ ساڵە بە بیانووی ئەوەی بڵاوبوونەوەی هەواڵی خۆکوژییەکان نەبێتە هۆی بێهیوایی و دۆشداماویی زیاتر لە کۆمەڵگەدا خۆ لە بڵاوکردنەوەی ئامارەکان دەبوێرێ، بەڵام ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، هیندێک ڕێکخراوی حکوومەتی و ناوەندە توێژینەوەیی و ئاکادیمییەکان بە ڕاپۆرت و فورمولی زانستی کار لەسەر ئەو ئامارە دەکەن. یەک لەو ڕێکخراوانە کۆمەڵەی زانستیی پێشگرتن لە خۆکوژی لە ئێرانە کە لە ڕاپۆرتێکدا باس لەوە دەکا لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا ناوی ١٢٠ هەزار کەس لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێران کە بەهۆی خۆکوژییەوە گەیەندراونەتە نەخۆشخانەکان، لە سیستمی وەزارەتی بێهداشتدا تۆمار کراون. ژمارەی ئەو کەسانەش کە هەوڵی خۆکوژییان داوە -چ سەرکەوتوو و چ ناسەرکەوتوو- و بە هۆکاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی نەگەیەندراونەتە نەخۆشخانەش لەولا بوەستێ.

بە پێی ئەو زانیارییانە خۆکوژییەکان لە دە ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای شاردنەوەی ئامارە ڕاستەقینەکان زیاتر لە سەتا ٤٠ زیادیان کردوە تا ئەو ڕادەیە کە ئاماری خۆکوژییەکان دوو هێندەی کوشتنەکان لە وڵات بێت. هەروەها ئاماری خۆکوژییەکان لە کوردستان، بەتایبەت لە دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان دوو هێندەی نێونجی وڵاتە. لە کوردستان لە ماوەی ئەمساڵدا لەو سەدان کەسەی بە هۆکاری جۆراوجۆر هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، ١٢٦ کەسیان گیانیان لەدەست داوە کە ٦٣ کەسیان ژن و ٣٠ کەسیان منداڵ و خوار تەمەن ١٨ ساڵ بوون.

داتا و زانیارییەکان چ لە کوردستان و چ لە ئاستی ئێراندا پێمان دەڵێن حاڵەتەکانی خۆکوشتن لە ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام ڕوو لە هەڵکشان بووە و کارناسانی کاروباری کۆمەڵایەتییش ڕایان وایە لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی سەرکوتکراودا خۆکوژی بۆ زۆر کەس دەتوانێ وەک کرانەوە و ڕەهابوون وابێت. بە واتایەکی دی بێمافی، کەشی زاڵکراوی سەرکوت و پەرەسەندنی قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و سەختبوونی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری دابینکردنی بژیوی ژیان، ڕۆڵی سەرەکی و ڕاستەوخۆی لە هەڵکشانی مەیل بۆ کۆتاییهێنان بە ژیان لە کەسانی تەمابڕاودا هەیە. کاتێک بێکاری تەنگی بە زیاتر لە ١٠ میلیۆن کەس هەڵچنیوە، کاتێک کرێکارێک ئەگەر هەموو ماوەی تەمەنی و هەتا مردنی کار بکا و تاق تەمەنێک لە مز و حەقدەستەکەشی خەرج نەکا هێشتا ناتوانێ ببێتە خاوەن ماڵیکی هەرە بچووک و، کاتێک توانای کڕینی خەڵک ئەوەندە دابەزیوە کە ناچار بوون خواردنە سەرەکییەکان بە قیست بێننەوە ماڵێ، کاتێک دایکوباوک توانای دابینکردنی هەرەلانیکەمی پێداویستییەکانی منداڵەکانیان نییە، سروشتییە گوشاری ڕوحی و دەروونی و خەمۆکی وەک پاڵنەرێکی بەهێز کەسەکان بەرەو خۆکوشتن هان بدات. هەر لەوسۆنگەیەوە خۆکوژییەکان لەلایەک دەربڕی کۆتایی هیوا بە ژیان بۆ توێژی داماو و هیوابڕاوی کۆمەڵ و، هاوکات هاوار و نارەزایەتیدەربڕین بە بارودۆخ و هەلومەرجێکە کە کۆمەڵگە تێی کەوتوە.

خاڵێکی جێی سەرنج لە ئامار و زانیارییەکان ئەوە لە تەنیشت هۆکارەکانی خۆکوژی کە بەشی هەرەزۆری بۆ هەژاری و بێئەنوایی دەگەڕێتەوە ئەوەیە، کە ژنان لە ئێران دوو هێندەی پیاوان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن. سروشتییە لە کۆمەڵگە کراوەکان بە ستاندارەدە بەرزەکانی ژیان و خۆشبژیوی و ئاستبەرزییەکانی یەکسانیی ژن و پیاو دیسانەکەش خۆکوژییەکان بەهۆی گرژی و قەیرانە ڕوحی و دەروونییەکان ڕوو دەدەن. بەڵام ئەوەی لە ئێران بۆ ژنان ڕوو دەدا ڕاستەوخۆ گرێدراوی کولتووری پیاوسالاری و یاساکانی دژی ژنی کۆماری ئیسلامییە. بۆ نموونە فرەژنی، بەزۆربەشوودان، توندوتیژی جەستەیی و دەروونی، جیاوازیدانان و هەڵاواردن، سووکایەتی و بە کەمگرتن، بێمافی و چەوسانەوە بەشێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەوڵی خۆکوشتنی ژنان لە ئێرانە. بۆیەشە بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی هەواڵدەرییەکانی خودی ڕێژیم خۆکوژیی ژنان و خۆسوتاندنی ژنان لە ئێران پلەی یەکەمی لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە.

بێگومان خۆکوژی وەک خەسارێکی کۆمەڵایەتی ڕەگ و ڕیشەی لە قەیرانە ئابووری، کولتووری، ئایینی و کۆمەڵایەتییەکاندا داکوتاوە، بەڵام لە ئێرانی ژێر حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵات نەک هەر هیچ هەوڵێک بۆ خەسارناسی، چارەسەر و دابەزاندنی خۆکوژییەکان ناکا، بەڵکوو بۆخۆی بەئەنقەست بە پەرەپێدان بە کوشتوبڕ و توندوتیژی دەیەوێ ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگە ڕەگ و ڕیشەی پتر دابکوتێ. هەر بەڕاست بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بۆخۆی ڕۆژانە خەڵک دەکوژێ و گیان لە خەڵکی دەستێنی، لەکوێ و لەبەرچی گرینگە لە خۆکوشتنی خەڵک بکۆڵێتەوە و پێشی پێ بگرێت؟

قەیرانی خۆکوژی وەک هەموو خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە دەگەڕێتەوە و دانانی خاڵی کۆتایی بۆ ئەو کارەساتە کۆمەڵایەتییەش گرێدراوی کۆتاییهێنان بە حوکمڕانیی دیکتاتۆری و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامییە.

٩ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# گووڕانی ڕۆژ




**شاڕوخ حەسەنزادە**

ئەمشەو وزەی سەرما گڕ دەگرێ و لەسەر دوندی "ئاز" بەناو تەمێکی چڕ بەسەر ئاسمانی کەونی نیشتمانێک لە پەنا گەرمای کورسی و شەوچەلەی سەر بەرپی ڕەنگین، شنەی شەتاوی خاک دەگاتە یەڵدا و ئەستێرەکان مات و، مانگ خەرمانەی دەڕژێتە سەر بێشکە، شەماڵ بە دەسرازەی شلکەوە لانکەی خولیای ڕاژان و پەرتووکێک لە مێژووی گەل، بە چرۆی گزینگی بزەی دایک و ئامێزی نیشتمان، ئەفسانەیەک سەری بەرزی دەگاتە مێژوو و کلوو کلوو تیشکی ڕووناکیی دەڕژێتە هەناوی گەل.

لەژێر سێبەری قەڵای دمدم، لە ساڵی شەومیی سمکۆ، لەنێو دیرۆکی پڕ دهۆی عەجەم، لە باژێری کەسکی سێو و ئاونگی ترێ، لە ئاوایی چیا و باغ و بێستانی و بۆنی بێ و شەمامەی بەرکەول و لە بەرقەد و لاپاڵی بەر ڕۆژ، لە ژێر خوڕەی سۆلاڤی کورمانج، لەئاخێزگەی خۆزاوی هەورام کۆرپەیەک بەتەوێڵی یەڵدایی و بزەیەک لەسەر لێو، لە ئاوەز و پشت و باهۆی چاریق، خۆرێک لەدایک بوو، باوەڕێک پنجی داکوتا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەباڵا هەموو چیاکان بە ئاوەز ئاخی کوردستان بە بزە جامانەیەکی لار بە تێکۆشان شۆڕش و بەرخودان، بە زانست ئەوپەڕی ڕەگەز، شەوی دەیجووری تاراند و ڕووناکی هەڵات.

ئەو بە سەر لاولاوەدا هەڵگەڕا و گەیشتە سەرچڵ، شیلەی گوڵی کوێستانی هەڵمژی و گەردەی دا بە شەماڵ. ئەو لە چەشنی هەسارەکان دەدرەوشایەوە، سارێژی برین و تەشەنای زوخمی بەستووی مۆسیقایەکی غەریب بوو.

ئەو پان و پۆڕی خاکێکی چەواشە و پڕ زی بڕی، مێژوویەکی دووری ناڕوون بەسەر لاپەڕەی هزرێکی چەق بەستووی قۆجی، لەسەر تەختی خوێن و بەژنێکی زراڤی چەواشە، دەماری ئاوەزی ماخولیای دارماند.

ئەو بۆ هەموو وەرزێک خەبات و نەوەستان و ڕابوون و نەسرەوتن و کۆڵنەدان و ژیریی و ڕەوشت و داوێنێک گوڵی ئاویی لە پەنا کانییەکی بێگەرد، کۆڵێک کتێب و جانتایەک قەڵەم، باوەشێک ئاوات و ڕووبارێک وانە و بەحرێک زانستی بە دیاری هێنا.

ئەو سروەیەک بوو بە باڵای نیشتمان دا دەگەڕا و لە هەناوی هەموو سیمفۆنیایەک نۆتێک بوو وەک ڕێژنەی واران، دەنگێک بوو مینانی لاوژە و ڕەمزێک بوو بە وێنەی میترا، ئەو گەڕێک گۆڕان و لقێک لاوک و چەنێک هۆرە و دەمێک چەمەری و هەتا سیاچەمانە و نیشتمانێک بۆ هەمووان.

ئەو لە ڕەگەزی گۆدێنا و میتان و هۆری و لۆلۆ و ئورارتوو و کارۆخ و دیاکۆ وماننا و ئەردەشێر و هەوشار و ماڵبات و میرانی کۆڵکەی مێژوو بوو.

ئەو لەگەڵ ئەستێرەکان خول دەخوا و هەتا یەڵدا مابێ شەوی ئەنگوستەچاو دەکاتە ڕۆژ، ئەو ئێستا لەناو دڵی و دەروونی گەل شەقڵی گرتووە، لە سەر تاخچەی هەموو ماڵێک، لەسەر ترۆپکی شاخ و لە گۆڕەپانی شار، لە قەندیل و پاریسەوە دەڕژێتە شەقام و دەبێتە باوەڕ بۆ مێر بۆ ژن بۆ ژیان بۆ ئازادی و دەبێتە سروودی ژینا، پڕ بە گەرووی شار دەچڕێ درووشمی: قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە...

١١ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کۆنترین گوندەکانی باشووری کوردستان



**بێهزاد قادری**

میزۆپۆتامیا بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، یەکێک لە شوێنە کۆن و مێژووییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانن کە لە تۆمارکردنی مێژوویەکی چەندین هەزار ساڵە و هەبوونی ناوچەی شوێنەواری، زۆر دەوڵەمەند و پڕبایەخن.

لەم بابەتەدا بە کورتی باس لە سێ گوندی کشتوکاڵیی زۆر کۆنی باشووری کوردستان دەکەین. ئەم گوندانە دوای ئەشکەوتەکان دووەمین مەڵبەندی نیشتەجێبوونی مرۆڤ بوون لە کوردستانی کۆندا.

دۆزینەوەی گوندەکانی "زاوێی چەمێ، بێستانسوور و چەرمۆ"، بەڵگەیەکی تری ژیانی ئاساییی پێشکەوتووی مرۆڤی کۆنە لە کوردستاندا کە زۆربەی شێوازەکانی ژیانیان پەیڕەو کردووە.

**گوندی زاوێ چەمێ**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم گوندە دەکەوێتە باشووری ئەشکەوتی شانەدەر لە داوێنی چیای برادۆست لە پارێزگای هەولێر و مێژووەکەشی بۆ دوازدە هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. گوندەکەش گوندێکی کشتوکاڵی بووە و تێیدا دانیشتووانەکەی "گەنم و نیسک"یان چاندووە و "مەڕ و بزن"یان بەخێو کردووە. ئەم گوندە لە دە ماڵ پێک هاتووە کە پێدەچێت ٣٠ کەسی تێدا ژیابێت.

بەداخەوە سەبارەت بەم گوندە کۆنە زانیارییەکی ئەوتۆ بڵاو نەکراوەتەوە.

## گوندی بێستانسوور

ئەم گوندە لە ٢٧ کیلۆمەتریی باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی هەڵکەوتووە و یەکێکە لە کۆنترین گوندە کشتوکاڵییەکانی کوردستان کە تا ساڵی ١٩٤٧ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواریی عێراقی وەک گردێکی شوێنەواری ناسێنرابوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٢وە بەهۆی لێکۆڵینەوەی تیمێکی شوێنەوارناسیی ئەورووپی کە پێکهاتبوون لە "ڕۆجەر ماتیۆس و وێندی ماتیۆس"، دەرکەوت کە گوندی بێستانسوور گوندێکی کشتوکاڵییە و مێژووەکەی بۆ هەشت هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوە و پشکنینەکان کە لە چەند ساڵی ڕابردوو و تا ئێستا بۆ گوندی بێستانسوور کراوە، دەرکەوتووە کە نیشتەجێبوونی مرۆڤ لەم گوندەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "هۆلۆسین". هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا پلەکانی گەرما ڕوویان لە بەرزبوونەوە کردووە و سەرچاوەی زۆری ئاو دەرکەوتوون، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لە ئەشکەوتەکان دەربکەوێت و هەوڵ بۆ نیشتەجێبوونی هەمیشەیی و کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بدات.

وەک دەرکەوتووە خەڵکی ئەم گوندە کشتوکاڵیان کردووە و "گەنم، جۆ، نیسک و نۆک"یان چاندووە و "مەڕ، بزن و بەراز"یان بەخێو کردووە و خانووەکانیان لە قوڕ و بەرد دروست کردووە.

یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی دروستبوونی شارستانییەت لەم ناوچەیە بۆ هەبوونی سەرچاوەی ئاو دەگەڕێتەوە و ئەم هۆکارە هەتا ئێستاش سەرچاوەیەکی گرینگی ئاودێریی ناوچەکەیە. بۆیە لە کۆنەوە مرۆڤ لەوێ کۆ بووەتەوە و شارستانییەت و قۆناغێکی نوێی مێژوویی لەوێ دروست بووە. بەڵگەی زیاتر بۆ ئەم هۆکارە سەرەکییە، هەبوونی سێ گردی شوێنەواریی تر لە نزیک گوندی بێستانسوورە کە بەڵگەن لەسەر گرینگیی ناوچەکە بۆ کشتوکاڵ و ئاوەدانی.

شایانی باسە کە "ڕۆجەر ماتیۆس"، پرۆفیسۆری شوێنەوارناسی لە زانکۆی ڕیدینگ سەبارەت بە گوندە بێستانسوور



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕایگەیانبوو: "ئێرە لە گوندی چەرمۆ کۆنترە. هەندێک شوێنەوارمان دۆزیوەتەوە قۆناخی گواستنەوەمان پیشان دەدات لە ڕاوکردنەوە بۆ کشتوکاڵکردن. سەرەتای ژیانی جووتیاریی مرۆڤایەتی لێرە بووە. ئێرە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردین لە کۆتاییەکانی چاخی سەهۆڵبەندان".

### گوندی چەرمۆ

ئەم گوندە لە نزیک گوندی "کانی سارد" هەڵکەوتووە کە دەکەوێتە ۱۱ کیلۆمەتریی ڕۆژهەڵاتی شاری چەمچەماڵ لە پارێزگای سلێمانی و ژیان تێیدا بۆ حەوت هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. ئەم گوندە ۳۰ ماڵ و دانیشتووانی ۱۵۰ کەس بوون. ڕووبەرەکەی ۱۲۰۰ بۆ ۱۶۰۰ مەتری چوارگۆشەیە و ۸۰۰ مەتر بەرزتر لە ئاستی دەریایە.

خەڵکی ئەم گوندە دانەوێڵەیان وەک "گەنم، جۆ و نیسک" چاندووە و بایەخیان بە درەختی "بەڕوو و فستق" داوە و "مەڕ، بزن و بەرازیان" بەخێو کردووە. لە دۆزراوەکانی ئەم گوندەدا دەرکەوتووە کە دانیشتووانەکەی ڕستن و چنینیان زانیوە.
لە سەرانسەری پێگەکەدا شوێنەواری ۱۲ خولی شارستانییەت دۆزراوەتەوە. زۆربەی شوێنەوارەکانی گوندی چەرمۆ هی دوو خولی کۆنتری ئەو پێگەیەن کە هاوکات بووە لەگەڵ شارستانییەتی شانەدەر.

هەروەها خەڵکی ئەم گوندە چەند ئامرازێکیان بەکارهێناوە کە لە جۆرە بەردێک دروست کراون کە لە لای دەریاچەی وان دەست دەکەوێت. هەندێک شتیش دۆزراوەتەوە کە لە کەنداو هاتوون و ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە گوندی چەرمۆ بازرگانی و مامەڵەیان لەگەڵ ناوچەکانی تردا هەبووە.


لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە لە سنووری پارێزگای سلێمانی زیاتر لە ٦۰۰ ناوچەی شوێنەواری هەیە و لە پارێزگای هەڵەبجە و ناوچەی شارەزووریش زیاتر لە ۱۰۰ ناوچەی شوێنەواری هەیە و هەموو ئەمانە سەلمێنەری مێژووییبوونی کوردستانە.

۱۲ی بەفرانباری ۲۷۲۳



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تاوانباری سەرەکی، خودی کۆماری ئیسلامییە



**مەنسوور مروەتی**

لە دوانیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە، ڕێکەوتی ١٣ی بەفرانبارەوە کە میدیاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەواڵی دوو تەقینەوەی بەهێزیان لە دەوروبەری گۆڕی قاسمی سولەیمانی لە شاری کرمان ڕاگەیاند، تا ئێستا ئەو ڕووداوە سەرەکیترین سووژەی میدیاکانی ئێران و ناوچەکەیە و لەو بارەوە سەرنجی جۆراوجۆر خراوەتە ڕوو. بە پێی لێدوانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، لەو دوو تەقینەوەیەدا تا ئێستا ١٠٣ کەس گیانیان لە دەست داوە و زیاتر لە ٢٠٠ کەسیش بریندار بوون.

بێگومان لە سەر ئەم ڕووداوە قسەی زۆر کراوە و لێکدانەوەی زۆریش بەدوای خۆیدا دێنێ، بەڵام لەم نێوەدا سەرنج و پرسیارەکان لەسەر چوار تەوەرن:

یەکەم؛ چ ئەم تەقینەوەی کرمان و چ ئەو ڕووداوانەی دیکە کە کوژران و برینداربوون و وێرانیی لە ئێران یان ئەو وڵاتانەی دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامییان بەئاشکرا پێوە دیارە، ئاکامی سیاسەتە شەڕئەنگێزانە و دژەمرۆییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین کە ئێران و ناوچەکەیان لە خەڵک کردۆتە دۆزەخ. ڕێژیمێک کە بە سیاسەتی چەوتی ناردنەدەرەوەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕش، بناغەی دەسەڵاتی پڕ لە ئاژاوە و ئاڵۆزیی خۆیان دامەزراندوە و لەو کاتەوە تا ئێستا نە تەنیا خەڵکی ئێران، بەڵکوو خاک و خەڵکی چەندین وڵاتی دیکەی ناوچەکەشیان تووشی بشێوی، کوشت و کوشتار و ماڵوێرانی کردوە.

دووهەم؛ لەو کاتەوە کە هەواڵی تەقینەوەکەی دوانیوەڕۆی چوارشەممەی کرمان بڵاو بۆتەوە، بەشێکی بەرچاو لە خەڵک بە شێوەی جۆراوجۆر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گومانی ئەنجامدانی ئەم تەقینەوانە دەخەنەسەر خودی کۆماری ئیسلامی و بە سیناریوی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ئەم ڕێژیمەی دەزانن. خەڵک بە وەبیرهێنانەوەی ڕووداوی چەند مانگ لەوەپێشی مزگەوتی "شاچراغ" لە شیراز و تەقاندنەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە پاش چەند دەقە لە هەستانی لە فڕۆکەخانەی تاران کە کوژرانی ١٧٦ کەس سەرنشینی فڕۆکەکەی لێ کەوتەوە و حاشالێکردنی چەند ڕۆژەی ڕێژیم لەو تاوانە و دواتر وەئەستۆگرتنی تاوانەکەی بەدوودا هات، پێیان وایە ئەم تەقینەوانەش هەر کاری خودی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. خەڵک پێیان وایە هەرکات کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە حاڵەتێکەوە کە بیروڕای گشتی و بەتایبەت دنیای نێودەوڵەتی لەبەر ئاژاوەگێڕی و دەستێوەردانە نابەجێیەکانی دەیخەنە ژێر فشار و لێیپێچینەوە، لەوەها دۆخێکدا ژوورە ئاژاوەگێڕە فکری و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، پەنا بۆ لەپەراوێزخستن و بەلاڕێدا بردنی بابەتەکە و خۆقوتارکردن لە تەنگپێهەڵچنینی دەوڵەتان و بیروڕای گشتی، دەست بۆ بەڕێوەبردنی وەها سیناریۆیەکی نامرۆییانەی پڕتێچوو بۆ خەڵکی وڵات دەبەن. ئەوەی کۆماری ئیسلامی لەم پیلانانەدا بۆی گرینگ نیە و تەنیا بۆ بەلاڕێدابردنی سەرنجەکان لەسەر ئاژاوەگێڕییەکانی خۆی تەنانەت حەز بە زیادبوونی خەسارلێکەوتنی دەکاتەوە، گیانی خەڵکی بێتاوانی وڵاتە. هەرچەندە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئاستەکانی "لەشکەری و کشوەری"دا ڕایانگەیاندوە کە تەقینەوەکانی کرمان کاری ئیسرائیل و ئەمریکا و دەستوپێوەندەکانیانە و خودی خامنەیی هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەشی کردوە، بەڵام هەروەک باس کرا بەشێکی زۆر لە خەڵک و تەنانەت چاودێرانی سیاسی و شارەزایانی بواری ئەمنیەتییش، خودی کۆماری ئیسلامی بە هۆکار و بەڕێوەبەری ئەم جۆرە کردەوانە دەزانن.

سێهەم؛ لەکاتێکدا ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ چاودێریکردنی خەڵک هەموو شەقام و کۆڵان و تەنانەت شوێنە شەخسی و تایبەتییەکانی ژیانی خەڵکیشیان بە دووربینی چاودێری خستوەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و تەنانەت چاودێری چۆنیەتی ڕێگاڕۆیشتن و جۆری پۆشینی جلوبەرگی خەڵکیش دەکەن، چۆنە لەکاتی بەڕێوەچوونی وەها ڕێوڕەسمێکدا نەیانتوانیوە شوێنەکە بخەنە ژێرچاودێری و کۆنترۆڵەوە؟! بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت بەرپرسانی سەربازی و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم کە ڕۆژانە کاریان بۆتە پیاهەڵدان بە "دابینکردنی ئەمنیەت بۆ خەڵک و وڵات"، ئەدی چۆنە لە وەها بۆنەیەکدا کە چەندین حەوتوویە خۆی بۆ ئامادە دەکەن و قەراربوو بیکەنە دەسمایەیەکی بەربڵاوی تەبلیغی بۆ ڕێژیم، ناتوانن ئەمنیەتی شوێنەکە بپارێزن؟! ئایا خەڵک حەقی ئەوەیان نییە بە چاوی گومانەوە لە کار و کردوە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لێدوانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بڕوانن؟! ئەوان کە هەر ئەمڕۆژانە بە شەقام و کۆڵان و مترۆکانی شاردا بڵاوبوونەتەوە و بە زەرەبین جۆری پۆشینی جلوبەرگی ژنان و کچان و تاڵە بسکی ئەوانیان لە ژێر چاودێری‌دایە و پەلاماریان دەدەن، دەکرێ لە وەها ڕێوڕەسمێکی ئەمنیەتیدا بۆشایی ئەمنیەتییان دابێ؟!

چوارەم؛ هەن کەسانێک کە لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لەم بابەتانە دەڕوانن و پێیان وایە؛ کۆماری ئیسلامی لە چاوسوورکردنەوە و گرتن و ئازار و ئەشکەنجە و کوشتندا هەر بۆ گەلانی ئێران ئازایە، دەنا لەباری خۆپاراستن و ئەمنیەتییەوە وەها لەرزۆک و لاوازە کە لەبەرانبەر پەلاماری نەیارانیدا هیچ دەسەڵاتێکی نییە. وەک چۆن دەزانین کە دەزگا سیخوڕی و ئەمنیەتییەکانی وڵاتان بەتەواوی بەسەریدا زاڵن و بەئاشکرا لەنێوخۆی ئێران دەستی لێ‌دەوەشێنن و تەنانەت بەڵگەنامە نهێنیەکانی دۆسیەی چەکی ناوکییان بە شەو لە تاران دەبەنەدەرێ و هێزە دز و گەندەڵەکانی بەنێو ئەمنیەتییشیان هەر ئاگاشیان لێ نییە. بەرپرسانی ڕێژیم حزووری نیزامیی خۆی لە وڵاتانی دەوروبەر بەوە پاساو دەداتەوە کە ئەگەر ئەم شەڕانەی ئێستا لە سوریە، غەززە، عێراق، یەمەن و لوبنان دەیکات، نەیکات، دەبێ لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران بیانکات. بە واتایەکی دیکە ئەو شەڕی لە وڵات دوور خستۆتەوە و ئەمنیەتی بۆ وڵات دابین کردوە! هەرچەند خەڵکی ئێران قەتیان باوەڕ بەم پاساوانەی ڕێژیم نەکردوە، بەڵام لانیکەم ئێستا دەبێ بۆ لایەنگرانی ڕێژیم پرسیار بێت کە؛ ئەی ئەم تەقینەوانە چین کە لە نێوەڕاستی وڵاتدا دەکرێن و بە سەدان کەس لە خەڵک تێیدا دەبنە قوربانی؟!

وێڕای بەداخبوون لە کوژران و برینداربوونی کەسانی بێ‌تاوان لە وەها ڕووداوگەلێکدا، لە هەموو لایەک ڕوون و ئاشکرایە کە هۆکاری سەرەکیی ئەم ڕووداوانە و دۆخێکی نالەبارکە بەسەر وڵاتی ئێران و خەڵکەکەی هاتوە، بوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و سیاسەتە شەڕەنگێزەکانیەتی کە بەلای خەڵکی ئازادیخوازی وڵاتەوە ڕەتکراوە و مەحکوومە.

١٤ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## شارەوانییەکان، لە گەندەڵیی سیستماتیک هەتا "شارفرۆشتن"




**ڕەزا دانشجوو**

گەندەڵی و دزی وشەگەلێکن ئاوەڵدوانەی ژیانی شەرمەزاریی کۆماری ئیسلامیین. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا کەم ڕێکخراو و دەزگایەک دەدۆزیتەوە کە تێکڵاوی ئەو گەندەڵییە بەربڵاو و سیستماتیکە نەبووبێت. ئێستا بابەتی گەندەڵی پەیوەندیی تەنیا بە چەند کەس یا ڕێکخراوەی دیاریکراوەوە نییە، بەڵکوو باس لە گەندەڵیی سیستەمی لەنێو حوکمڕانی دەکرێت، برینێکی قووڵ کە هەر جار لە شوێنێکی ترەوە سەرهەڵدەداتەوە.

شارەوانییەکان لەو بەشانەن کە زۆر بەدەست ئەم نەخۆشییە درێژخایەنە دەناڵێنن، نەخۆشییەک کە تەنانەت گۆڕانکارییەکانی زۆر لە شوڕای شارەکان و سەرۆک شارەوانییەکان هەرگیز نەیانتوانیوە چارەسەرێک بۆ ئەم نەخۆشییە کوشندەیە بدۆزنەوە. هەرچەند زۆرینەی ئەوانەی لەم چوارچێوە بەسراوە چ وەکوو شارەوانی یان وەک شوڕای شار کار دەکەن خۆیان بەشێکن لە جەستەی نەخۆش و لاوازی ڕێژیم و لە بنەڕەتدا خۆیان هەڵگری ئەو نەخۆشییەن، بەڵام هەندێک جار کەسانی لێهاتوو و شارەزاش لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات، ئەگەر بەهەر هۆکارێک بێت توانیویانە بچنە نێو ئەم خولە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خراپ و داخراوە، نەیتوانیوە ببنەوە هۆکاری هیچ گۆڕانکارییەکیی باش و درەنگ یان زوو یان دەستیان لە کار کێشاوەتەوە، یان ناچار کراون دەست لە کار بکێشنەوە. بۆیە پێدەچێت ئەو شێرپەنجەیەی ساڵانێکە لە شارەوانییەکاندا ڕەگی داکوتاوە، تەنیا بە لەنێوبردنی کۆماری ئیسلامی چارەسەر بکرێت.

هەواڵی دەستبەسەرکردنی دوو شارەداری پێشووی مەهاباد لەلایەن سیستمی قەزایی ڕێژیمەوە ، لە کاتێکدا زانراوە کە هەردووکیان ماوەیەکی زۆرە هەڵاتوون. تازەترین هەواڵ سەبارەت بە گەندەڵیی بەربڵاو لە شارەوانییەکان بوو. شارەداری و شوراکانی شار بە هۆی یاسا هەڵەکان و سیستەمی حوکمڕانی گەندەڵ بوونەتە یەکێک لە گەردەنەکانی دزی و بەرتیل‌وەرگرتن لە کۆماری ئیسلامیدا. هەواڵی دەستبەسەرکردنی دەیان کەس لە سیستەمی بەرفراوان و درێژخایەنی شارەوانییەکان و شوراکانی شارەکان لەم ساڵانەی دواییدا تەنیا بەشێکی بچوکی گەندەڵی سیستماتیک لەم ڕێکخراوەیەدایە. هەرچەندە کۆماری ئیسلامی و عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕژێم هەمیشە هەوڵیان داوە بۆ بچووک نیشاندانی گەورەیی گەندەڵییەکانیان و لە چوارچێوەی چەند کەس و کەیسی تایبەتدا قەتیسی بکەن، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە چووەتە قۆناغی گەندەڵیی سیستماتیکەوە.

بەڵام هۆکار و ڕیشەی ئەم نەخۆشییە کوشندەیە لە شارەوانییەکان چییە وە بۆچی تا ئێستا هیچ چارەسەرێک بۆ ئەم نەخۆشییە نەکراوە؟ هەرچەند شارەوانییەکان بەپێی یاسا لەژێر چاودێری وەزارەتی نێوخۆدان، بەڵام لە زۆر ڕووەوە سەربەخۆ دەجووڵێنەوە. ڕەنگە گرنگترین هۆکاری ئەم سەربەخۆییەش شوێنی داهاتی شارەوانییەکان بێت کە کەمترین پشتبەستنیان بە بودجەی حکوومەت هەیە و شارەوانییەکان دەبێت خەرجیەکانیان لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داهاتەکانیان لە هاووڵاتیان کە بە یاسا دیاری کراوە، دابین بکەن.

داهاتەکان بە گشتی لە دوو سەرچاوەی نێوخۆیی و دەرەکییەوە دابین دەکرێن، کە داهاتی نێوخۆ لە پسوڵەی ڕاستەوخۆی شارەوانی لە بەکرێدانی موڵک و خانووبەرە و فرۆشتنی موڵک و سامانی گشتی بەدەست دێت و وەک سەرچاوە دەرەکییەکانی داهاتیش دەتوانرێت ئاماژە بکرێت بە وەرگرتنی پارە بۆ دەرکردنی مۆڵەتی بازرگانی و پیشە و هتد.

پشتبەستنی شارەوانییەکان بە داهاتی نێوخۆ بەبێ لەبەرچاوگرتنی سنووردارکردنی یاسایی بووەتە هۆی ئەوەی شارەوانییەکان و شورای شارەکان لە کێبڕکێی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی داهاتی زیاتر هیچ ئاستەنگێک لەبەردەمیاندا نەبینن و هیچ سنوورێک نەناسن. دەرئەنجامی ئەم ئازادییە کردارییە دەکرێ لە چەند بەشدا کورت بکرێتەوە:



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- گوشاری زیاتر لەسەر هاووڵاتیان بەتایبەت چینی هەژاری کۆمەڵگە کە ناتوانن پارەی سەپێنراو لەلایەن شارەدارییەکان بدەن و هەندێکجار خۆیان لە نێو یاساکانی بێبنەمای شارەوانیدا بێکەس دەبینین. ئاشکرایە کە ئەم چینە بەپێی ئەوەی دوور و نزیک هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ کەسانی خاوەن پلەی نییە زۆر زیاتر دەکەوێتە بەر زوڵم و کاریگەری ئەم سیستمە گەندەڵە.

- بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین زۆربەی ئەو داهاتانەی لە شارەوانیدا پێناسە کراون خاوەنی تلۆرانسێکی تایبەتن. بەو واتایەی دەتوانن کەم بکرێنەوە و ئەمەش بەو مانایەیە بەرپرسی پەیوەندیدار بە ئارەزووی خۆی ئازادیی دەبێت دەستوەردان لەم داهاتانەدا بکات. ئاشکرایە هەرچی پێگەی ئەم کاربەدەستە بەرزتر بێت زۆر ڕاحەتتر دەتوانێت دەستێوەردان لەم پروسەیەدا بکات. ئەمە ئەو شوێنەیە کە بە هۆی نەبوونی سیستەمێکی چاودێری یان هەندێک جار بە هۆی هاوڕێی سیستەمی چاودێری گەندەڵ بۆتە شوێنێکی تایبەت بۆ بەرتیلخۆران و گەندەڵکاران. لەگەڵ دەستبەکاربوونی شوراکان، چاوەڕوان دەکرا سیستمی چاودێری شارەوانییەکان باشتر ببێت، بەڵام بەهۆی سیستمی گەندەڵ و یاسای هەڵە نەک هەر باشتربوونێک بەدی نەهات، بەڵکوو پرۆسەی گەندەڵی و بەرتیلدان کەوتە قۆناغێکی نوێ. ئێستا پەردەلادان لەسەر دۆسیەی گەندەڵی لە شارەوانییەکان بۆتە باسی ڕۆژانەی خەڵک و هەواڵی هەمیشەیی میدیاکان.

- دەرئەنجامی کۆتایی و بێگومان خراپترین دەرئەنجامی ئەم بێیاساییە، دەرئەنجامە قەرەبووکراوەکانی زۆرینەی بڕیارە هەڵە و ناشارەزاییەکانە لە شارەوانیدا، بەتایبەت دوای دەستبەکاربوونی شوراکان، کە بەداخەوە بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە و زۆرجار قەرەبووکردنەوەیان مەحاڵە یان تەنها بە خەرجکردنی پارەیەکی زۆر دەکرێت. هەروەک پێشتر ئاماژە کرا شوراکان لە کێبڕکێیەکی بەردەوامدا بۆ بەدەستهێنانی پارەی زیاتر و تا ڕادەیەک بۆ بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لە هەوڵی ئەوەدان کە لە ڕێگەی شارەوانیەکانەوە پڕۆژەی جۆراوجۆر ئەنجام بدەن. بێگومان شارەوانییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو پڕۆژانە پێویستیان بە داهاتی زیاترە. بەداخەوە سەرچاوەی سەرەکی ئەو داهاتانە لە بڕیارە بەپەلە و هەڵەکانی شوراکان و شارەوانییەکان دابین دەکرێت، لە ڕێگەی فرۆشتنی موڵکی شارەوانی یان فرۆشتنی" قەرەباڵغی". لە ساڵانی ڕابردوودا دەیان کەیسی گۆڕینی شێوەی کەلکوەرگرتن لە سەوزایی بۆ شوێنی نیشتەجێ بوون لەلایەن میدیاکانەوە بڵاوکراونەتەوە. فرۆشتنی "قەرەباڵغی" ڕێگەیەکی تری مەترسیدارە بۆ بەدەستهێنانی داهات. ئەم بڕیارە هەڵانە کە تەنها بۆ بەدەستهێنانی پارەی زیاتر دەدرێن دەبنە هۆی گۆڕینی پێکهاتەی شار و ئەوەی لە درێژخایەندا شار بەرەوڕووی کێشە و قەیرانی زۆر بێتەوە. ئەوەی ئێستاش بە ناوی "شارفرۆشتن" ناودەبرێت، دەرئەنجامی ئەم بڕیارە هەڵانەیە.

خاڵێکی گرنگ کە نابێت بە ئاسانی چاوپۆشی لێ بکرێت. بە داخەوەتاقمێک لێکۆڵینەوەی نازانستی و هەڵە کە زۆربەیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەهۆی وەرگرتنی بەرتیل لەلایەن کەسانی بێئەزموونەوە ئەنجام دراون و زۆر جار هەر کۆپی لە لێکۆڵینەوەیەکی ترن و بە هیچ شێوە گوزارشت لە ڕاستییەکان ئەم شارە نادەن و هیچ هاوتایەکیان لەگەڵ جەستەی ئەو شارەی کە باسی لێوە دەکرێت نییە لەلایەک و دابەشکردنی نازانستییان زەوی لەلایەن شارەوانییەکان لەلایەکی تر ئەم دۆخەیان زۆر ئاڵۆزتر کردوە تا ئەو ڕادەیەی کە ئێستا لادان لە یاسا لە تاقمێک لە شارەکان بۆتە خواستێکی جەماوەری!

کۆمیسیۆنی مادەی ١٠٠ کە لە ساڵی ١٣٣٤ پەسەند کرا! ساڵانێکە بۆتە بەشێک لە پرۆسەی داهاتی شارەوانییەکان، لە کاتێکدا مەبەست لەم یاسایە ڕێگریکردن بوو لە سەرپێچییەکان تا ئەو جێگایەی کە دەکرێت، ئێستا بووەتە فاکتەری یارمەتیدانی سەرپێچیکاران. پێویست ناکات بڵێین بەهۆی ئازادیی کردەوەی ئەندامانی ئەم کۆمیسیۆنە لە بڕی غەرامەکردن، یەکێک لە شوێنەکانی گەندەڵی لە شارەوانییەکان هەر لێرەدایە!

پرسیار ئەوەیە سەرەڕای ئەوەی هۆکاری ئەم پشێوییە لە شارەوانیدا بە تەواوی ڕوونە، بۆچی بەدرێژایی ساڵان هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە نەگیراوەتەبەر؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە سیستەمی فەشەل و گەندەڵی شارەوانییەکان نەک هەر هیچ کێشەیەکی بۆ دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دروست ناکات، بەڵکوو لای کارتێلەکانی سوپای پاسداران و بەکرێگیراوی دز و قاچاخچیی کۆماری ئیسلامیی زۆر خوازراو و خۆشەویستە. لە نێوەڕاستی حەفتاکان و لە سەردەمی سەرۆککۆماریی هاشمی ڕەفسەنجانی، بیناسازی بوو بە پیشەی زۆرێک لە سەردارانی گەندەڵکاری سوپای پاسداران. بیناسازی شوێنێکی زۆر باش بوو هەم بۆ سڕینەوەی پارەی ڕەش و هەم دەکرا بە دەستبەسەرداگرتنی شارەوانییەکان وێڕای دەربازبوون لە یاسا ڕێگرەکان بێ دانی پارە و بە وەرگرتنی مۆڵەت " قەرەباڵغی" بە قازانجی زۆر گەیشت.

شارەوانی بەهۆی بوونی پارەی زۆر و ئازادیی ئاڵووگۆڕ لە دەرکردن و دامەزراندنەکاندا، چەندین ساڵە بووەتە شوێنی کۆبوونەوەی هێزەکانی سەر بە سوپای پاسداران. ئەم بابەتە لە شارە گەورەکاندا بۆ دەسەڵات گرنگی یەکجار زۆر هەیە. بەراورد بە شارەکانی تر پێویستە ئەوە بڵێین کە بەداخەوە دۆخی شارەکانی کوردستان زۆر مەترسیدارترە. گەندەڵی بەربڵاو لە شارەوانییەکاندا چیتر نهێنی نییە و وەرگرتنی بەرتیل زۆر سووک و ساکارە. بەلام ئەوەی زیاتر جێگەی نیگەرانییە بارودۆخی نالەباری زۆرێک لە شارەکانی کوردستانە کە لە سێبەری پشێویی بەربڵاو و بڕیارە ناپیشەییەکان، شارەکان وێنە و دیمەنی خۆیان بە تەواوی لەدەست داوە. گۆڕینی پێکهاتەی زۆرینەی شارەکانی کوردستان زیانێکی گەورەیە کە بەداخەوە قەرەبووکردنەوەیان مەحاڵە و تەنیا نەمانی کۆماری ئێسلامی دەتوانێت کۆتایی بەم چیرۆکە دڵتەزێنە بێنێت.

١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# تەنیایی دیكتاتۆرێك



**كەریم پەرویزی**

ئەوانەی ساڵانێكی زۆر دوورودرێژ لەسەر كورسیی دەسەڵات دەمێننەوە و بەجۆرێك داگیركەری بەناڕەوای ئەو كورسیەن، لەگەڵ دوو دیاردەی وێرانكەر بۆ دەسەڵاتەكەیان بەرەوڕوو دەبنەوە:

یەكەم بڕوایان بە كەس نامێنێ و هەموو كەس وەكوو مەترسی یان ئەوپەڕی وەكوو مۆرە دەبینن و لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانن لەوەی كە وەهمی كەسایەتییەكەیان لای مۆرەكانیان بشكێ و هەر بۆیە دڵەخورپەی ئەوەشیانە كە خۆشەویستییان لای مۆرە ئازیزەكانیان نەمێنێتەوە!

دووهەم: دیاردەیەكی دیكە بەرۆكیان دەگرێ كە هەر پێوەندیی بە وەهمی كەسایەتییانەوە هەیە و بریتیە لەوەی كە لەگەڵ تێپەڕینی ساڵانی بەدوای یەكدا، ئەو بەڵێن و دروشمانەی داویانن، وەدی نەهاتوون و ساڵ لەگەڵ ساڵ دەبێ بیانووی نوێ بۆ پاساوی بەڵێنە وەڕاست نەگەڕاوەكانیان بدۆزنەوە و هەر بۆیە ساڵ لەگەڵ ساڵ دروشمی گەورەتر و بەڵێنی فراوانتر لە پێشوو دەدەن تاكوو بەڵێنەكانیان یان بە واتایەكیتر درۆكانی پێشوویان بشارنەوە! نیگەرانییان لەوەی كە تەلیسمی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

درۆکانیان بشکێ و وەهمی کەسایەتییان بڕووخێ شەو و ڕۆژیان لێ تاڵ دەکا و بەدوای بەڵێنی دیکە دەگەڕێن تاکوو ماوەیەکی دیکەی پێ تێپەڕێنن!

وەلیی فەقیهی حاکم لە وڵاتی بەڵایێدراوی ئێران، ئەو دیکتاتۆرەیە کە لە چرکەساتەکانی کۆتایی تەمەنیدا، زیاتر لە هەموو کات هەست بە تەنیایی و تەریککەوتنەوە دەکا و ترسی زۆرتر بەرۆکی دەگرێ.

لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا، خامنەیی لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ بنەماڵەی قاسم سولەیمانیی تێرۆریستدا قسەیەکی کرد کە سەری میدیا و سیاسیکارانی لێ سووڕ ما، ئەویش ئەو قسەیەی بوو کە گوتی لە ساڵانی پێشوو خودا لە زمانی ئەوەوە قسەی کردوە!

خامنەیی ئیدی فەرماندە تێرۆریستەکانی و ئیمامە وەهمییەکانی و هیوا کرچو کاڵەکانی بۆ پووتین و حەسەن نەسروڵا و حەماس و ... دادی نەداوە و هیچ دەرەتانی بۆ نەماوەتەوە و خۆی کردوە بە زمانی ڕاستەوخۆی خودا بۆ خەڵک! جاران دەیانگوت کە وەلیی فەقیهی ئایەت و نیشانە و نوێنەرێکی خودایە بەڵام ئێستا لەوە تێپەڕیوە و خۆی کردوە بە زمانی بەگوڕی خودا!

لێرەدا کە پلە و پایەی خۆی گۆڕیوە و پەنای بردۆتە بەر وەهمێکی وەها گەورە دەبێ دۆخی شوێن و کاتی بۆ لێک بدەینەوە تاکوو بزانین کە خامنەیی بۆچی خۆی کردوە بە زمانی گڕداری خودا و درۆیەکی ئاوا ڕوون و گەورە دەکا؟!

لە سیستمی ویلایەتی فەقیهیدا لە ڕۆژی یەکەمەوە تاکوو ئێستا بناخەکەیان لە سەر ئەساسی پاوان کردن و داگیرکردنی تاکڕەوانەی کورسی دانا و هەر بۆیە خومەینی و دارودەستەکەی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە دەستیان دایە پاکتاوکردنی ئەوانەی کە بۆ سەرخستنی ڕژیم لەگەڵیان بوون و تەنانەت ئایەتوڵڵا و مەرجەعەکانیشیان تێرۆر کرد. کار گەیشتە شوێنێک کە خومەینی، جێگرەکەی خۆی واتە مونتەزیریی سڕییەوە!

ئەو میراتە بۆ خامنەییش مایەوە و هەموانی لە دەسەڵات دوور خستەوە و تەنانەت ڕەفسەنجانیشی لە نێو حەوزدا خنکاند! دیکتاتۆر بۆ ئەوەی کەس شەریکی دەسەڵات و بڕیارەکانی نەبێ، هەموویانی سڕییەوە و لە کۆتاییدا کەسێکی بێسەواد و نەزانی وەکوو ڕەئیسی و دارودەستەکەی بۆ ماوەتەوە!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەمە لە کاتێکدایە کە ساڵ لەگەڵ ساڵیش وادەی داوە کە بەرەی موقاوەمەت پەرە دەستێنێ و ئیسرائیل و ئامریکا کۆتاییان پێ دێ! دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهیش کە بە ئوموڵقورای ئیسلامی ناوی دەبرد، باڵ بەسەر ناوچەکە و جیهانی ئیسلامیدا دەکێشێ.

ئەو بەڵێنانە نەک بەدی نەهاتوون بەڵکوو ئابوورییەکەی وێرانتر و خەڵکی وڵات لێی بێزارتر بوون و بەرەی موقاوەمەت کە قەرار بوو ئیسرائیل و ئامریکا لەنێو بەرن ئێستە لەژێر بوردومانی مووشەک و درۆنەکانی ئامریکا و ئیسرائیل لە غەزە و بابولمەندەب و سووریە و لوبنان و عێڕاقدان و خامنەییش ناتوانێ پشتیان بگرێ و خۆی لە بەرپرسایەتییەکەی دەدزێتەوە! ترس لە مووشەکەکانی ئامریکا وای لێ کردوە کە بڵێ ئەو ئاگای لە بڕیارەکانی بەرەی موقاوەمەت نیە! بەڵام ترسیشی لە ڕووخانی وەهمی کەسایەتەییەکەی لانیکەم لە نێو لایەنگرانیدا هەموو ڕۆژ زۆرتر دەبێ و هەست بە سەرشۆڕی دەکا.

ئەم سەرشۆڕییە وەها یەخەی گرتوە کە ناتوانێ وەڵامێک بۆ بنەماڵەی قاسم سولەیمانیی تێرۆریست بدۆزێتەوە! سەرەتای کوژرانی قاسم سولەیمانی، خامنەیی و پاسدارە تێرۆریستەکانی دەیانگوت تۆڵەی سەخت و زۆر توند دەستێننەوە بەڵام نەک هیچیان پێ نەکرا بەڵکوو مووشەکیان بە فڕۆکەی سیڤیلی خودی ئێرانەوە نا!

لەم دواییەشدا کە شەڕی غەزە دەستی پێ کرد، پاسدارێکیان لە دەمی دەرچوو و گوتی ئەم شەڕە تۆڵەی قاسم سولەیمانیە، کەچی نەیانهێشت شەوی بەسەردا بێ و ڕەدیان کردەوە و گوتیان لەخۆوە شتی وای گوتوە! چوونکە لە مووشەکەکانی ناوە ئەتۆمییەکانی شەیتانی گەورە دەترسان!

جێگری قاسمی تێرۆریست لە سووریەش لێی درا و تازەییش سەرۆکی حەماس لە لوبنان کوژرا و خامنەیی هیچی پێ نەکراوە بۆ تۆڵە و هەر دەبێ خۆی لە بەرپرسایەتیش بدزێتەوە چوونکە ناوە ئەتۆمییەکان لە خەلیج ڕیزیان بەستوە!

لە وەها دۆخێکدا کە دیکتاتۆری ملهوڕ بەتەواوی هەست بە تەنیایی دەکا و داڕووخانی وەهمی کەسایەتیە درۆینەکەی بە بەرچاوییەوە دەبینێ، بۆ دڵدانەوەی بنەماڵەی قاسم سولەیمانیی تیرۆریست و هەروەها لایەنگرە مێشک پووچەڵەکانی ناچارە کە درۆیەکی گەورەتر لە درۆیەکانی جاران بکا و لەڕاستیدا بۆ دڵدانەوەی خۆی و شاردنەوەی دڵخورپەی ڕووخانی وەهمەکانی، خۆی دەکا بە زمانی بەگوڕ و گڕداری خودا و دەڵێ کە هەرچیی گوتوە ئەوە خودا بووە کە لە زمانی ئەمەوە دواوە!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەیەوێ بڵێ گەر درۆی کردوە و بەڵێنیی درۆی داوە و ئێستە سەرشۆڕانە دەبێ خۆی بدزێتەوە لە بەرپرسایەتییەکانی، ئەوە خودا تاوانبارە چوونکە ئەو قسانە کاتی خۆی گوتوویەتی قسەی خودا بوون کە لە زمانی ئەمەوە گوتراون!

دیکتاتۆری تەنیا لە کۆتاییەکانی تەمەنی دەسەڵاتەکەیدا لەهەموو کات ترسنۆکتر و لە هەموو دەمێک ترسناکترە! ڕەنگە بۆ دەربازکردنی وەهمی کەسایەتیەکەی لە ڕووخان، سیاسەتێک بگرێتە پێش کە هەم خەڵکی زۆر گیانیان لە دەست بدەن و خەساری زۆر بە ژیان و ماڵی خەڵک بگا و هەم دەسەڵاتەکەشی بخرێتە نێو کوانووی ئاگرەوە!

١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# لە کاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکان بەرەوڕووی بەکرێگیراوانی ئێران دەبێتەوە، بایدێن لەژێر گوشاردایە




**دێهیڵ – برەد درێس**

**وەرگێڕان لە ئینلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

لەسەر مافی بەپەرچدانەوەی توندتر بەهۆی هێرشی بەردەوام بۆ سەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، شوێنێک کە بنکەکانی ئەمریکایی نیزیکەی ١٠٠ جار هێرشیان کراوەتە سەر و پاپۆڕە بازرگانییەکان لە دەریای سوور هەراسان دەکرێن، سەرۆککۆمار بایدێن بەرەوڕووی زەختی پەرەئەستێن دەبێتەوە.

لافاوی هێرشی تاقمە بەکرێگیراوەکانی ئێرانی لە سەرانسەری ناوچە، کە نیزیکەی دوو مانگ لەوە پێش، لە ١٧ی ئۆکتۆبر هاوکات لەگەڵ شەڕی ئیسرائیل - حەماس لە غەززە دەستی پێ کرد، نایشارێتەوە و بۆتە هۆی تووڕەیی پەرەئەستێن لە کاپیتۆل هیڵ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆماریخوازەکان زەخت دەخەنە سەر بەڕیوەبەرایەتی بایدێن تا بەهێزتر بەرپەرچی تاقمە بەکرێگیراوەکانی ئێران بداتەوە. ڕێبەری کەمینەی ئەنجوومەنی پیران، میچ مەککانێڵ (کۆماریخواز لە ویلایەتی کێنتاکی)، ڕۆژی چوارشەممە گوتی بایدێن دەبێ جەخت لەسەر "ئەرکی ھەنووکەیی" واتە چاوترسێنکردنی ئێران بکاتەوە. مەککانێڵ گوتی: "بێتوو ئەو تاقمە بەکرێگیراوانەی ئێران چاوترسێن نەکرێن، وا بیر دەکەنەوە کە دەتوانن بێ لێپرسینەوە ئەمریکاییان بکوژن" و داوای لە بایدێن کرد "لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو هەڕەشانە جیددی بێ".

بەربژێرەکانی ھەڵبژاردنی سەرکۆمارییش لەسەر شانۆی مشتومڕی ھەڵبژاردن ئەو داوایەیان ئاراستەی بایدێن کرد. فەرمانداری فلۆریدا، ڕان دێسانتیس، کۆنە جەنگاوەرێکی هێزی دەریایی، گوتی: "هێزە ئەمریکاییەکان لە خۆرھەڵاتی نێوەڕاست دەڵێی "کێڵی نیشانەن" و فەرمانداری پێشووی کارۆلاینای باشوور، نیکی هێلی، نێردەی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان، بایدێنی بە پاشەکشە لە بەرانبەر ئێراندا تۆمەتبار کردووە. هێلی لە بارەی ئێران گوتی:" ئەوان تەنیا لە بەرانبەر هێزدا وڵام دەدەنەوە، تۆ دەبێ لێیان بدەی، دەبێ زۆر بەتوندی لێیان بدەی و ئیزنیان پێ بدەی لەوە تێبگەن".

بەگوێرەی دوایین ھەڵسەنگاندنەکانی پێنتاگۆن، لە ١٧ی ئۆکتۆبر بەولاوە تاقمە بەکرێگیراوەکانی ئێران لە عێراق و سووریە، ٩٢ جار هێرشیان کردۆتە سەر هێزەکانی ئەمریکایی. وڵاتە یەکگرتووەکان بە ھەمان شێوە چەند جار بەرپەرچی چەکدارە حوسییەکانی یەمەنی داوەتەوە. حوسییەکان، کە ئەوانیش لەلایەن ئێرانەوە پشتگیریی دەکرێن، فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانیان بە پاپۆڕەکانی ئەمریکاییەوە ناوە و ھەروەھا توانیویانە پاپۆڕێک لە مانگی ڕابردوودا بە بارمتە بگرن.

ئەو هێرشانە کە لە دەریای سوور دەکرێن، ساڵانە نیزیکەی دە لە سەدی ھاتوچۆی دەریایی بازرگانیی جیھانی بەوێدا تێپەڕ دەبێ. لەگەڵ زیاد بوونی هێرشەکان و پەرەگرتنی ڕەخنەکان، کاربەدەستانی بەرگریی دەڵێن ئامانجی سەرەکی ئەوان سنووردارکردنی شەڕی ئیسرائیل — حەماس پێشگرتن بە کێشەیەکی بەربلاوتر لە ناوچەیە، بۆ ئەو مەبەستە واشینگتۆن ھەنگاوی ڕێژەیی دژی میلیشیا بەکرێگیراوەکانی ئێران دەگرێتە بەر.

کایەی مەترسیداری تۆڵە بە تۆڵە بۆتە ھۆی سەرھەڵدانی ئەو نیگەرانییە کە وڵاتە یەکگرتوەکانی کایە بە ئاگر دەکات و بۆتە ھۆی ئەو ترسە ھەنگاوێکی ھەڵە دەتوانێ ببێتە ھۆی تەشەنەکردنێکی بەربلاوتری توندوتیژی. تاناسیس کامبانیس، سەرۆکی تینک تانکی پێشکەوتنخوازی سێنچری ئینترنشناڵ دەڵێ: "تەنانەت بێتوو ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان شەڕێکی بەربلاوتریشیان نەوێ، لێکدانەوەی ھەڵە بەئاسانی دەتوانێ ببێتە ھۆی دەستپێکردنی شەڕێکی ئەوتۆ".



https://serchawe.com

شەڕەنگێزییەکانی میلیشیا بەکرێگیراوەکان دژی وڵاتە یەکگرتووەکان چەند ساڵە درێژەی هەیە. لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٢١ تا سەرەتای ٢٠٢٣، حەفتا هێرش لەلایەن تاقمە بەکرێگیراوەکانی ئێرانی لە عێراق و شوێنی دیکە ڕوویان داوە. بەڵام دەستپێکی شەڕی ئیسرائیل - حەماس بووە هۆی ڕێژەیەکی پێوانەیی هێرش لە ماوەیەکی کورتدا. لێکۆڵەران دەڵێن میلیشیا بەکرێگیراوەکان و ئێران دەیانەوێ پەیامی هاوپشتی بۆ گەلی فەلەستین بنێرن، هاوکات دژی حزووری سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکانن. بوونی سەربازیی، لەناویاندا پاپۆڕی فڕۆکە هەڵگری ئەمریکایی و ژێردەریایی ناوەکی لە ناوچەکەدا دەگرێتەوە.

بەگوتەی لێکۆڵەران ئێران و هێزە بەکرێگیراوەکانی پێویستیانە لە جەنگەی شەڕیماڵوێرانکەری غەززەدا پیشان بدەن دژی ئەمریکان، بەڵام تاران وەکوو واشینگتۆن، نایەوێ لە ڕادەبەدەر بچێتە پێش. وڵاتە یەکگرتووەکان بەرەوڕووی دوو شەڕی مەزنی غەززە و ئۆکراین بۆتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئەو دوو کێشەیە زەخت دەخەنە سەر واشینگتۆن، ئامانجی سەرەکی بەڕێوەبەرایەتیی بایدێن دڵنیابوون لەوەیە کە ئاگری شەڕێکی بەربەرینی ناوچەیی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەڵنایسێ. وتەبێژی ڕۆژنامەوانیی پێنتاگۆن، ژەنراڵ پەت ڕایدەر، ڕۆژی پێنجشەممە بە هەواڵنێرانی گوت وڵاتە یەکگرتووەکان لە چاوترسێنکردنی تاقمە میلیشیاییەکانی سەر بە ئێران سەرکەوتوو بووە. ڕایدەر گوتی: "ئەوە بەو مانایە نییە کە ئاڵنگارییەکانی پێوەندیدار بە هێرشی بەکرێگیراوانی ئێران بۆ سەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق و سووریە و ئەو چەکدارانەی هاژەک بە پاپۆڕانەوە دەنێن، شتێکن کە نابێ بە جیددی وەرگیرێن".

مایکڵ نایت، پسپۆڕێکی ئێران و عێراق لە ئەنستیتۆی سیاسەتی خۆرهەڵاتی نیزیک، گوتی وڵاتە یەکگرتووەکان توانیویەتی تێکهەڵچوونەکان لە ئاستێکی ڕێژەییدا ڕاگرێ و لە کاتێکدا کە "لە مانشێتەکاندا جوان نایەتە بەرچاو،" لەڕاستیدا هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە نییە. نایت ئاماژەی بەوە کرد کە هیچ ئەندامێکی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە هێرشەکانی ئەو دواییانەدا نەکوژراوە و تاقمە میلیشیاکان وێدەچێ هێرەشە هاژەکی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانیان بە شێوەیەک جێبەجێ بکەن کە پێش بە کوژرانی هێزەکان بگرن. نایت گوتی: "ئەوان ئەگەرێکی کەمیان هەیە بەر هێزە ئەمریکاییەکان بکەون و هێندێک جار بەئانقەست بە شوێنی دیکەوە دەنرێن، چونکە هاژەکی مەزن تەنانەت پێگەکانیان نەگرتوونەوە. تەقەی زۆر بیستراوە، بەڵام ئەوان وەکوو دەڵێن لە ئاستێکی ماقووڵ دابوون، واتە هێرشی تاقە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان بووە کە بۆ هێزەکانی ئەمریکایی شتێکی ئاساییە".

بەڵام نایت دەڵێ: "چاوترسێنکردنی حوسییەکان لە نیزیک یەمەن شکستی هێناوە و وێدەچێ هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەئانقەست خۆ لە جێبەجێکردنی هێرشی وێرانکەرتر ببوێرێ. هۆیەک بۆ ئەو دەدان بە جەرگ داگرتنە دەتوانێ پێشگرتن بە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شکستی وتوویژی ئاشتی بێ کە ساڵێکە لەنێوان چەکدارانی حوسی و دەوڵەتی یەمەن کە هەر دوو لا لە ئاگربڕێکی لەرزۆک دان، لە ئارادایە. نایت گوتی: "ولاتە یەکگرتووەکان نایەوێ پرۆسەی ئاشتی تێک بچێ و حوسییەکانیش بەتەواوی کەلک لەوە وەردەگرن. چونکە دەزانن ئێستا ئەوان دەتوانن ئەوەی پێیان خۆشە بیکەن. ئەوانە بەشێک لە پازێڵی چاوترسێن کردنن کە ولاتە یەکگرتووەکان تێیدا کەمترین سەرکەوتنی هەبووە".

حوسییەکان وەکوو حیزبوڵڵای لوبنان، لایەنی بەرچاوی تاقمەکانی سەر بە ئێرانن و لە شەڕەکەیان دژی دەوڵەتی یەمەن کارامەیی خۆیان وەدەست هێناوە. ئەو شەڕە ئەوانی، لە بەراورد لەگەڵ تاقمە میلیشیاکانی دیکەی سەر بە ئێران، کردۆتە هێزێکی شەڕکەری لێهاتوو. کۆماریخواز مایکل مەککاڵ (لە ویلایەتی تێکزاس)، سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی کۆنگرە، بەهۆی شکستی بایدێن لە وەستاندنی هێرشەکانی حوسییەکان ڕەخنەی لە بایدێن گرت و داوای هەنگاوی مەزنتر دژی ئەو تاقمەیەی کرد، لە ناویاندا دەستنیشانکردنی وەکوو ڕێکخراوی تێرۆریستیی بیانییە.

مەککاڵ لە لێدوانەکەیدا گوتی: "بە پێشتریەتیدان بە سیاسەت لە جیات ئەمنیەت، ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بوەتە هۆی گەشەی بڕوابەخۆیی حوسییەکان و ئیزنی پێ داون گەشە بە چەکی پێشکەوتووتر بدەن. پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران پەرە پێ بدەن و کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر میلیۆنان هاووڵاتی بێتاوانی یەمەنیدا چڕتر بکەن".

ئەو گوتی "ئەوە ئاشکرایە کە حوسییەکان هەڕەشەیەکن بۆ یەمەن، بۆ هاوبەشەکانمان لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، هێزی سەربازیی و شارۆمەندانی ولاتە یەکگرتووەکان لە ناوچە و ئازادیی دەریاوانیی بۆ بازرگانیی جیهانین".

### دەستنیشانکردنیان حوسییەکان وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی بیانی دەتوانێ ڕێخۆشکەری چاوترسێنکردنی و هەروەها سنووردارکردنی ئابووریی ئەو تاقمە بێ

"

جەیسۆن بلازاکیس"، سەرۆکی ناوەندی تێرۆریزم، بنائاژۆخوازیی و دژە تێرۆر لە ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی میدڵبوری، گوتی: "دەستنیشانکردنی حوسییەکان وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی بیانی، دەتوانێ یارمەتی بە ولاتە یەکگرتوەکان بکات و وێناچێ وتوویژی ئاشتی لە نێوان حوسییەکان و دەوڵەتی یەمەن لە مەترسی هاوێ. هەروەها ئەو گوتی: "ئەوە نیشانەی ناڕەزایەتی ولاتە یەکگرتوەکان بەرانبەر بە ئاکاری ئێران دەبێ. دەبێ وەڵامی حوسییەکان بەهۆی چالاکییە دەرەکییەکانیان بدرێتەوە. ئەوان بەشێوەیەکی پەرەئەستێن بوونە هێزێکی شەڕانشۆ ئەوە نابێ پاشگوێ بخرێ."



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وڵاتە یەکگرتوەکان هەروەها بیر لە هێزێکی بەرپەرچدانەوەی دەریایی دەکاتەوە کە لە پاپۆڕی هێرشبەری چەند وڵات پێک هاتووە تا بتوانێ لە بەرانبەر هەڕەشەکانی حوسییەکان، بەرگری لە پاپۆڕە بازرگانییەکانی دەریای سوور بکات.

وێدەچی تا ئەوکاتەی شەڕی ئیسرائیل بۆ تێکشکاندنی حەماس لە غەززە، کە ئاسەواری وێرانکەری بۆ خەڵکی مەدەنی ئەوێ هەبووە درێژەی هەبێ، گرژییەکان لە ئاستێکی بەرزدا بەردەوام دەبن. ڕۆژی پێنجشەممە، وەزیری بەرگریی ئیسرائیل گوتی: "شەڕی غەززە دەتوانێ چەند مانگی دیکە درێژەی هەبێ. "لارێنس ویلکرسۆن، سەرهەنگێکی خانەنشینکراوی ئەمریکایی کە لە پێشدا لەژێر فەرماندەیی وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشوو، کاڵین پاوێڵ، خزمەتی کردوە گوتی: "ئەگەر بایدێن دەیەوێ پێش بە چوونی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو کێشەیەکی لە کۆنترۆڵ نەهاتوو بگرێ، دەبێ کۆتایی بە شەڕی غەززە بێنێ. ئەو گوتی: "تا ئەوکاتەی ئێمە بڕیار لەسەر کەمکردنەوەی هێزەکانمان نەدەین تا بهێڵین دۆخەکە سەقامگیر بێ، ئەوان ئەو کارە ناکەن".

١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# پێشمەرگە (ئەرک و ڕەسالەتەکانی)




**پژمان شەریعەتی**

بۆ ڕوونتربوونی پێوەرەکانی بوون بە پێشمەرگە یان توانایی پێشمەرگەبوون دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کاتێک دەڵێین ئامادەیی هزری هەبێت، بەو واتایە نییە کارناسێکی سیاسی یان بیرمەند بێت و هەموو مەکتەبە فکری و فەلسەفییەکان بزانێت، بەڵکوو دەبێ تێگەیشتنی لە فەلسەفەی ژیان هەبێت و دەرکی پرسی نیشتمانی بکا. بەو مانایە کە کوردستان، ئاڵا و کەرامەتی تاکی کورد بۆ ئەو لە سەرەوەی هەموو شتێک بێت. سەرەڕای ئەوە، لەپێناوی ئەو تێگەیشتنە هزرییە و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەکەی ئامادە بێت لە هەموو مەیدانێکدا چ سیاسی، نیزامی، هزری و شەڕی نەرم و وێژمانی، بەرگری و هێرش، تەنانەت گیانیشی فیدا بکات. ئەمە یەکێکی دیکە لە جەوهەرە سەرەکییەکانە کە پێشمەرگە ئەو ڕەساڵەتەی لەسەر شانە و بە هەموو تاکێک ناکرێت. زۆرن ئەو کەسانەی بە ئەندازەی پێشمەرگە نیشتمانیان خۆش دەوێ، بەڵام ناتوانن وەکوو پێشمەرگە مەیدانی و پێشەنگ بن. بەدڵنیاییەوە زۆرن ئەو کەسانەی لە ڕووی خوێندنەوەی ئاکادمیک و سیاسی پلەی بەرزی زانستییان هەیە و بە ئوسوولی و بەپێی فەکت، سەرچاوە و بەڵگە بەشێوەی زانستیانە و تیوریک پرسی کورد چ لە بواری گرفتەکانی بەردەمی چ وەکوو خاڵە بەهێزەکان دەتوانن شەنوکەو بکەن، بەڵام لە ڕووی پڕاکتیکی توانایی جێبەجێکردنیان نییە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەمە بەو واتـایە نییە کە هەر کەسێک نەبـوو بە پێشمەرگە، لە مەیدانـدا نییە و بـوونی نـاتوانێ کـاریگەر بێت. لێـرەدا مەبەست ئەوەیە لە کۆبەندی بیرکردنەوە و خواستەکانی نەتەوەدا لە کۆتـایی پێشمەرگایەتییە کە دەمانگەینێت بە ئامـانج. واتە پێشمەرگە توانـایی خۆی لە دڵ و خواستە ڕەواکـانی کۆمەڵگەی وشیاری کوردستان وەردەگرێت و هەر کەسێک لە هەر ڕێگایەک کە لە توانایدایە بۆ گەیشتن بە ئامـانج تێدەکۆشێت و پێشمەرگە دەبێتە هێمـای ڕاستەقینەی ئیرادەی گشتی بـۆ دەستەبەربوونی ماف.

بە شێوازێکی دیکە دەتوانین لە پێناسەی بوون و داخوازییە نەتەوایەتییەکان، ئیرادە، ویست، شعووری نەتەوایەتـی، خەمی هاوبەش، سەرکەوتن، مانەوە، شکۆی نیشتمانی و بەردەوامبـوون پێشمەرگە وەکوو کـۆکراوە و کورتکراو و شیرازەی هەمووی دیاری بکەین. هەروەها زۆربەی نەتەوەکانی جیهان، خۆیان بە خاک، ئاڵا، مێژوو و کولتوور پێناسە دەکەن و ئێمەی کورد خاڵێکی دیکەمان بە ناوی پێشمەرگە بۆ پێناسە هەیە کە هاوسەنگە لەگەڵ هەموو ئەوانە. یـانی لە ڕووی شوناسەوە باشتر خۆمانمان ناسیوە و لە پێناسەی مان و بوونی خۆمان، واتـای زۆرترمان پێ بەخشیوە.

پێشمەرگە خوڵقـاوی فەرهەنگێکی تـایبەت لە فەرهەنگی کوردەواری لە ڕابردووە هەتـا ئیستا بە هەمـوو ئاڵوگۆڕەکـانیەوە. خەبـات و تێکۆشانیش بەشێکی جیانەکراوەی دۆخی سیاسی، هەڵکەوتەی جوغرافیـایی، دەسەڵات و کـۆمەڵگەیە و کـاریگەریی زۆریان هەبووە و بەدرێژایی مێژوو گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و دێت. بەڵام ئەوەی کە نەگۆڕە پێشمەرگەیە و ئەو کەسەی کە دەتوانێت لەگەڵ هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە بەردەوام بێت و بێ ئەوەی ماهییەتی خۆی بگۆڕێت و خـۆی لەگەڵ بگونجێنێ، تەنیـا و تەنیـا پێشمەرگەیە. واتە کـاتێک دۆخی خەبـات و تێکۆشـان لە گۆڕاندایە، دەبینین لە هەلـومەرجێکی زەمەنیدا شێوازی خەبـات بەپێـی پێویستییەکان، خواستەکان و هەروەهـا داسەپاو و نەخـوازراو، دەگۆڕدرێ و ستراتیژی و تـاکتیک فۆڕمێکی دیکەی بە خۆیەوە دەگرێت. لەم کـاتە ایە کە پێشمەرگە لە هەمـوو چین و توێژەکـانی دیکەی کۆمەڵگە زووتـر خۆی لەگەڵ دۆخی تـازە دەگونجێنێت، بێئەوەی مـاهییەتی خۆی لەدەست بـدا و وەک خـۆی دەمێنێتەوە. بـۆ نموونە لە خەبـاتی مەدەنـی بەرەو خەبـاتی چـڕی چەکـدارانە پێشـمەرگە ئەو توانـاییەی هەیە، هاوکـات چەکەکەی بە شـانەوە بـێ و قەڵەمەکەی لە گیرفانی دەربێنێت و لە تێکۆشان چ بە شێوەی جیا و چ هاوکات بتوانێت هێزی خۆی بەو کەرەستانە پیشان بدات و بەردەوام بێـت. ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە پێشـمەرگە خـۆی فەرهەنگێکـی خەبـاتگێڕانەیە و خـوڵقێنەری فەرهەنگـێکە لە خەبـات و دیکتەی دەکات بە کۆمەڵگە و وەکوو مەکتەبێکی فەرهەنگی فۆڕم بە خەبات دەدا.

لە کولتـوور و ئەدەبیـاتی کوردیـدا بەشـێوەی جۆرواجـۆر بـاس لە پێشـمەرگە دەکرێـت کە زۆربەیـان سـەرچاوە لە هەسـت و خۆشەویستی دەگرن و وەسفێکی شـاعیرانەن بـۆ نموونە: "ڕۆڵە ئـازا و نەترسـەکان"، "هەڵـۆ چنگ بەگڕەکـان"، "تەوارە بەرزە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

فڕەکان" و زۆرجار شاعیر بۆنی عارەقی نێوچاوانی پێشمەرگە بە خۆشتر دەزانێت لە بۆنی هەموو گوڵەکانی جیهان. ئەم هەست و دەربڕینانە جوان و پێویستن و بەشێکە لە فەرهەنگی ئەدەبی کۆمەڵگەی کوردستان کە وەکوو ئوستوورەی ڕۆڵەکانی خۆیان دەبینن.

لێرەدایە پێشمەرگە دەبێتە مەکتەبێکی فەرهەنگی و بۆ ئەوەی باشتر بچینە ناخی ئەم بابەتە دەبێ ئەمە بکەین بە فەرهەنگی هەموو چین و توێژەکان. لە فەرهەنگدا جیا لە واتا گشتییەکەی، هەر چین و توێژێک فەرهەنگی تایبەت بە خۆی هەیە کە دۆخی ژیان، هەڵسوکەوت، پیشە و کەرەستەکان پێی دەبەخشن. ئەمەش وا دەکات بۆئەوەی خۆی بناسێنێت لە ڕووی کرداری، سیما و وێژمانییەوە بیانناسین. وەک نموونە زۆرمان دیوە بۆ ئەوەی کە تاکێک پیشەی خۆی باس بکات ئێمە بزانین پزیشکە و لە پێوەندی ڕۆژانەماندا لێکی بدینەوە کە ئەو تاکە خاون چ کەسایەتی و پلەی کۆمەڵایەتی و پیشەیەکە.

لە ژیانی ڕۆژانەماندا لە بەرەوڕووبوونەکاندا گۆمانمان کردوە یا گەیشتووین بە یەقین کە تاکی بەرامبەرمان وەرزشکارە، ئیستدلالیشمان بۆ سەلماندنی لە ڕووی سیما و جەستەی ئەو تاکەیە کە پێمان دەڵێت لە ڕووی فیزیۆلۆژیک بەدڵنیایەوە وەرزشڤانە یان جلی تایبەت بە وەرزشی لەبەرە، لە قسەکردنی ڕا دیارە تەنانەت ڕێگە ڕۆیشتنی دەری دەخات کە یاریزانە و ئێمە بۆئەوەی لێی بپرسین یان ئەو خۆی بناسێنێ دەزانین کە وەرزشڤانە. ئەمە فەرهەنگی تایبەت بە هەر چین و توێژێکە وەکوو پزیشک، کرێکار، ڕۆژنامەڤان و...هتد. خاونی فەرهەنگی خۆیانن و ئەگەر هەر تاکێک بیەوێ ببێت بە بەشێک لەو چینە دەبێ ببێتە هەڵگر و خاونی ئەو فەرهەنگە. بیهێنە بەرچاوتان لە سمینارێکی پزیشکی، ئەندازیارێکی میکانیک بەشدار بێت، دەستبەجی بۆئەوەی قسە بکات لە ڕووی جلوبەرگەکانی دەزانین کە ئەوە پزیشک نییە و کە قسەش بکات باشتر بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو لە پزیشکەکان نییە و تەنانەت شێوازی دانیشتنیشی ڕەنگە جیاواز بێت.

پێشمەرگەش بە سیمای، هەڵسوکەوت، قسە و ڕەفتاری، جلوبەرگ، بیرکردنەوەی و بگرە هەتا ڕێگا ڕۆیشتنی، جیاوازی خۆی لەگەڵ تاک، چین و توێژەکانی دیاری دەکات و بە گشتی و تایبەتی‌تر شێوازی ژیانی پێمان دەسەلمێنێت کە پێشمەرگەیە. ژیانێک کە زەمان، شوێن و دۆخ تێدا بەردەوام لە گۆڕاندایە، ژیانێک کە تاب و تەوان بە واتای تاقەت و بەرگەگرتن تێیدا زۆر گرینگە، پێشمەرگە بەرگەی دژواریگەلێک دەگرێت کە جیا لە خۆی نەبێت کەس ناتوانێت تەحەمولیان بکات. ڕەنگە لە کەشێکی سەخت بۆ نموونە سەرمادا باس لەوە بکەن کە شاخەوانێک دەتوانێت وەکوو پێشمەرگە بەرگەی سەرما بگرێت. بەڵام تا کەی دەتوانێت ئەو شاخەوانە لەو سەرمایەدا خۆی ڕابگرێت، تەنانەت لە ڕێگای سەرکەوتن بەرەو لووتکەی شاخ، شاخەوانەکە لە تەحەمولنەکردنی سەرما لە نیوەی ڕێگا بگەڕێتەوە و پلانی سەرکەوتنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ سەر لووتکە بخاتە ڕۆژێکی دیکە. لەلایەکی دیکەشەوە بگات بە لووتکە و پاش کۆتاییهاتنی سەفەرە وەرزشیەکەی بگەڕێتەوە سەر ژیانی پڕاوپڕ لە بژێوی خۆی. بەڵام پێشمەرگە لە پێناو ئەرکەکەیدا ئەگەر گیانیشی لەدەست بدا، ئامادە نییە بگەڕێتەوە و ڕەساڵەتەکەی بخاتە کاتێکی تر کە کەشوهەوا خۆشتر بێت. ئەم نموونە سادەیە لەمەڕ سەرما، ئیرادەییەکی بەهێز لە پشتییەتی کە لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیان لەگەڵ دۆخی ئەستەم چەندە بەرەوڕوو بێت و لە ماهییەتی خۆی دەست نەکێشێتەوە.

نموونەیەکی دیکە لە شەڕەکاندایە، داگیرکەرانی کوردستان بە هەزاران جار هێرشیان کردووەتە سەر خاکی کوردستان و پێشمەرگە لە سەنگەردا بەرەوڕووی بۆتەوە، دوژمنانێک کە بە چەکوچۆڵی قورس لە توپ، تانک، تەیارە تا هاژەک و درۆن پەلاماری پێشمەرگەیان داوە، بەڵام پێشمەرگە دەستی لە سەنگەر و بەرگری هەڵنەگرتووە. بیهێنە بەرچاوتان کە هاوڕێکەتان لە تەنیشتی خۆتان و لەبەرچاوتان بە گوللەی دوژمن شەهید بێت و توش لە شەڕ هەر بەردەوام بیت و ڕەنگە شەهیدەکەی دیکە بۆ خۆت بیت، بەڵام نەک پاشەکشە ناکەیت بەڵکوو بە ئیرادەتر لە پێناو خوێنی ئەو شەهیدەدا بەرەوڕووی دوژمن دەبییەوە. ئەگەر ئەو تاکە پێشمەرگە نەبێ بەدڵنیاییەوە ئەو شوێنە بەجێ دەهێڵێت و تەنیا ڕزگارکردنی گیانی خۆی بۆ گرینگ دەبێ.

زۆرن ئەو حەماسانەی کە پێشمەرگەی کوردستان خوڵقاندوویەتی و مووچڕکە بە گیانی هەموو ئینسانێکی خاوەن هەست دێنێت و سەرچاوە و بیرەوەری و کتێب زۆر لەو بوارانەدا نووسراوە و لێرەدا ئاماژەیان پێ ناکەین. بەگشتی ئەوەی مرۆڤ لەمەڕ بژێوی ژیان بۆخۆی پێناسەی کردوە و بە دوایاندا دەگەڕێت، پێشمەرگە گرینگیان پێ نادات و لە ژیانی پێشمەرگانە کەرەستەکانی خۆشبژێوی واتایان نییە. ئەوەیش بەو واتایە نییە کە پێشمەرگە بە دوای ژیانێکی ئاسوودە ناگەڕێت، بەڵکوو بە واتای قوربانیدانە بۆ ژیانی خۆش. پێشمەرگە نەک بژێوی ژیان و کەرەستەکان لەبەرچاو ناگرێت، بەڵکوو ئامادەیە کەسوکار و بەشێکی زۆر لە هەستەکانی خۆی بکاتە قوربانی بۆ گەیشتن بە سەرفرازیی نەتەوەکەی. ئەم شێوازە ژیانە یان فەرهەنگی ژیانی پێشمەرگە لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان بۆتە سەرمەشق و چین و توێژەکانی دیکەش کە بە ئیلهاموەرگرتن لە پێشمەرگە بۆ وڵاتیان بەپێی توانایان تێدەکۆشن و دەتوانین بڵێین پێشمەرگەئاسا چالاکی دەکەن. وەکوو نموونە پارێزەرانی ژینگەی کوردستان کە بە ئیلهاموەرگرتن لە پێشمەرگە بە هەڵمەت لە خزمەتی ژینگەی وڵات دان و لە کوردستان بە دەیان شەهیدی ژینگەمان هەیە. هەروەها لە هەموو سینف، ڕێکخراو و چینێک لە کۆمەڵگەی کوردستان چالاکانی ئەم بوارە پێشمەرگەئاسا لە مەیداندان و بوونی پێشمەرگە ئەو ورەیەیان پێدەدات تا بتوانن بەپێی توانای خۆیان بۆ نیشتانەکەیان تێچوو بدەن. تەنانەت بەشێکی دیکە لە کۆمەڵگەی کوردستان ئەگەر چالاکیش نەکەن، پێشمەرگە وەکوو هێمایەکە بۆیان وایە و هێماکانی پێشمەرگە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەکار دێنن. جلوبەرگی پێشمەرگانە دەپۆشن و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەوری، جامانە و ڕەشتی لە ملی خۆیان دەهاڵێنن و هەستێکی تایبەت بە خۆیان دەگرن کە بۆیان وەسف ناکرێت.

پێشمەرگە لە دڵی خەڵکدا جێگای هەیە، ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و ئەدەبیاتی حەماسی ئێمە لەو بوارەدا زۆر توانیوییەتی گرۆتینێکی هەبێ و پێشمەرگە وەسف بکات. ئەو چەندین نموونەیشمان کە هێناوە و بە شێوازێک پێشمەرگە پێناسە دەکەن و هەموو سەرچاوەگرتوو لە هەستن. بەڵام بەپێی مەنتق، زانست و عەقڵانی کۆمەڵگە دەبێت چۆن پێشمەرگە بناسێت؟ پێشمەرگە ئەو تاکەیە کە هێز دەدات بە خەڵک و ڕۆڵی دینامیکی هەیە بۆ کۆمەڵگە، پێشمەرگە ڕەمزی مانەوەی کوردستانە، پێشمەرگە تاکێکی خاون لێکدانەوە و تێگەیشتنە کە توانای هەڵسەنگاندنی هەیە و بەرژەوەندییەکانی وڵات بۆی لە سەرووی هەموو شتێکە و ئامادەیە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەکەی هەموو تێچوویک بدا.

پێشمەرگە ئەو تاکەیە کە هەموو ئەرکەکانی کۆمەڵگە وەئەستۆ دەگرێت، هەروەک چۆن پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد، پێشمەرگە بۆخۆی کۆمەڵگەیەکە. لێرەدا زۆرتر دەردەکەوێت کە جیا لەوەی کە چەکی شەڕەفی بەشانەوەیە و تێدەکۆشێت تا داگیرکەر لە وڵاتەکەی وەدەرنێت، ناتوانێت لە بەرامبەر زوڵم و ستەم بێدەنگ بێت. واتە خۆی لە ستەمەکانی سەر نەتەوەکەی بێبەری ناکات و تەنیا خۆی وەکوو هێزێکی بەرگریکار لە بەرامبەر هێرشی نیزامی داگیرکەر قەتیس بکاتەوە. بەڵکوو بەنیسبەت ستەمەکانی ژینگەیی، زمانی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ... هتد و بەگشتی هەموو شێوە ستەمێک و هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کورد خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت و لەو پێناوەدا چالاکی دەکات، کەواتە پێشمەرگە تاکێکە بەتەنیایی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیە. بۆ نموونە نموونە لە سێنفەکاندا، پێشمەرگە ناتوانێت ستەم بۆ سەر کرێکاران قبووڵ بکات و بێدەنگ بێت و دەبێتە چالاکی کریکاری و بەرگرییان لێ دەکات. یان لەهەمبەر ستەمی ڕەگەزیدا، پێشمەرگە توندوتیژی بۆ سەر ژنان تەحەمووڵ ناکات و وەکوو پارێزەرێکی مافی ژنان دەردەکەوێت و بەرگرییان لێ دەکات، هیچ چین و توێژ و سینف و پلەبەندێکی کۆمەڵایەتی نییە کە پێشمەرگە وەکوو چینێکی تایبەت لەو بوارانە چالاک نەبێت. بۆیە دەتوانین بەدڵنیاییەوە باس لەوە بکەین کە پێشمەرگە هێزێکە دەتوانێ بەتەنیایی ئەرکی کۆمەڵگەیەک وەئەستۆ بگرێت.
لێرەدا هێندێک جار تێگەیشتنێکی هەڵە لە کۆمەڵگەی کوردستان ڕوو دەدا، ئەویش ئەوەیە کاتێک دەبینی پێشمەرگە هەموو ئەرکەکان وەئەستۆ دەگرێت، تاکی کۆمەڵگە پەسیو دەبێت و وەکوو ڕزگاریدەر چاو لە پێشمەرگە دەکا و چاوەڕوانی هەیە هێزی پێشمەرگە بێت و ڕزگاری بکات. ئەم هەموو ئەرک وەئەستۆگرتنەی پێشمەرگە، بەو واتایە نییە کە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان هیچ کردەوە و دژکردەوەیکیان نەبێت و دڵخۆش بن بەوەی پێشمەرگە هەیە و لە جیات ئەوان چالاکی دەکات و ڕۆژێک دێت و هەموویان ڕزگار دەکات، بەڵکوو پێشمەرگە وەک داینامۆی کۆمەڵگە و پێشەنگ دەکەوێتە پێش هەتا کۆمەڵگە بجوڵێتەوە و وەکوو ڕێپیشاندەر بیسەلمێنێت کە ئێوەش دەتوانن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەلایەکی دیکەشەوە، پێشمەرگە دەست بۆ هەر کردەوەیەک دەبات و لێکدانەوەی لەسەر دەبێت و چالاکی تێدا دەکات، مانا بەخۆیەوە دەگرێت. وەکوو نموونە دەتوانین بڵێین "شاخ" یان چیا و هەموو ناوەکانی لە کوردەواری بە واتای شاخ دێن، وەکوو پێناسە لە ڕووی جوغرافیاییەوە بە واتای هەموو ئەو بەرزاییانەیە لە ئاستی زەوی بەرزترن و بەرد و کانی و داریان هەیە، ئەمە پێناسەیەکی سەرەتایی و گشتییە لە شاخ. لە ڕووی خاکەوە بۆ ئێمەی کورد کە لە وڵاتێکی شاخاوی دەژین، هێمایەکی سەرەکییە، بەڵام لە ڕووی هزری و بیرکردنەوەی نەتەوەییدا واتایەکی دیکەی هەیە، ئەویش وەکوو قەڵایەکی مانەوەیە یان زۆرجار دەڵێن تەنیا دۆستی کورد چیاکانن. ئەوەیش لەبەر ئەوەیە پێشمەرگە کە هەنگاو دەنێتە سەر شاخەکان کورد هەست بە ئاسوودەیی دەکات و دڵنیایە ئەو قەڵایە ناگیردرێت. بەشێکی سەرەکی لە سیما و هەیمەنەی پێشمەرگە، ئەوەیە کە سەربەرزانە لە شاخەکانی کوردستان هەنگاو هەڵدەگرێت و چیای کردووەتە سەنگەرێک کە هەر کاتێک بیەوێ لەسەر ئەو قەڵایە بە شانازییەوە پارێزگاری لە وڵاتەکەی بکا. لێرەدایە هەنگاو و هەیمەنەی پێشمەرگە واتا دەدات بە شاخ و بۆتە یەکێک لە ڕەمزەکانی مانەوەی کوردستان.

بەگشتی هەرکام لەو باسانە کە لێرەدا تا ئێستا کراون لەسەر پێشمەرگە هەڵگری فەلسەفەیەکی تایبەتن و پێویست دەکات لەسەریان زۆرتر ورد بینەوە و خوێندنەوەمان هەبێت و بەشێوەی عەقڵانی و زانستی پێشمەرگە پێناسە بکەین و ئەم بابەتە تەنیا دەتوانێ وەکوو سەرتیترێک بۆ کرانەوەی ئەو دەروازەیە بەمەبەستی ناسینی پیشمەرگە بێت. بۆیە دەتوانین بڵێین، پێشمەرگە واتە مانەوە و بەردەوامی و سەرکەوتنی کوردە کە ئامادەیە گیانی ببەخشێت تا کوردستان هەر بمێنێت.

١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## عەلی مونەزەمی: لیبرالیزم و کۆمۆنیزم دوو شێوە لە ئانتیتێزەکانی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگن



**دیمانە: دیاکۆ دانا**

### ئاماژە:

لە جیهانی ئەمڕۆدا پێناسەیەک کە لە ناسیۆنالیزم دەکرێ، لەسەر ئەو ئەساسەیە هەر نەتەوەیەک خاوەن زمان، کولتوور، داب و نەریـیەت، خـاک و هتـدی تـایبەت بەخـۆیەتی و تاکەکـان دەروەسـتی پاراسـتنی بەرژەوەنـدی نەتەوە و خـاک و نیشتمانەکەیانن. ڕەوتی ناسیۆنالیزم لە سێ سەدەی ڕابردوو و بەتایبەتی سەدەی پێشوو بە خەبات و بەربەرەکـانێی نەتەوە بندەستەکان لەدژی دەوڵەتە کۆلۆنیالیست و داگیرکەرەکان و پاشان ڕزگاربوونیان لە ژێردەستی و بوونیـان وەکوو دەوڵەتـی سـەربەخۆ گەشـەی کـردوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەنـدێک نەتەوەی وەک کـورد سـەرەڕای خەبـات و تێکۆشـانی بێوچـانی نەیتوانیـوە خـاوەن حکـوومەت و قەوارەی سیاسـیی سـەربەخۆی بێـت. "کوردسـتان" بـۆ شـەنوکەوکردنی زیـاتری چەمکـی ناسیۆنالیزم، گەشەکردنی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەڕەشەکانی بەردەمی و هەروەها ڕۆڵ و کـاریگەری حیـزب



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردییەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات و توێژی ڕووناکبیر و بژاردەی کورد لە خەملاندنی ناسیۆنالیزم وتوویژێکی لەگەڵ بەڕێز عەلی مونەزەمی، کارناسی سیاسی پێک هێناوە.

**دیاکۆ دانا**: کاک عەلی کەم نین ئەو بۆچوونانەی لە دنیای ئێستادا سنووڕێکی دیار لەنێوان نیشتمانخۆشەویستی و ناسیۆنالیزمدا دەکێشن، بەو مانایە کە ئینتیما بۆ نیشتمان بە بایەخێکی مرۆیی و ناسیۆنالیزم بۆ بیرتەسکی و پەرەدان بە سۆز و بیرێکی کوێرانە بۆ وڵات دادەنێن. یان دەبینین ڕاسیست و پۆپۆلیستەکان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا پێچەوانەی ئەو بۆچوونە بانگەشەی ناسیۆنالیزم بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵات دەکەن. ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو پێکدژییانە؟

**عەلی مونەزەمی**: ناسیۆنالیزم بەرهەمی سەدەی ١٧ و ١٨ی زایینییە و وەک ئیدئۆلۆژییەکی سیاسی بەو واتایەیە کە گرووپێکی نەتەوەیی مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێ و لە سنووری ئەو دەوڵەتەدا بەرگری لە سەروەریی ڕەهای خۆی بکات. ئەوەش بە پێچەوانەی بیر و هزری ئەوانەیە کە وڵاتی خۆیان لە باری سیاسییەوە سەربەخۆن و بەبێ ئەوەی گرێدراوی ئیدئۆلۆژی سیاسی بن، خۆش دەوێ. ناسیۆنالیستە بەرچاوتەنگەکان وڵات دەخەنە پێش هەموو شتێک و بەتایبەتی مرۆڤایەتییەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی فرەڕەنگیی کۆمەڵگە نەبینن و دەیانەوێ سیستەمێک دامەزرێنن کە پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی وڵات و نەتەوەی خۆیان لەسەر چارەڕەشی و بەلەنگازیی خەڵکانێک کە لە باری نەتەوەییەوە لەوان جیاوازن، پێش بکەوێت. ئەگەرچی بەرزترین ئاستی ئەمجۆرە ناسیۆنالیزمە لە ئورووپادا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نازییەکان، بەڵام لە وڵاتانی دیکەش، بۆ نموونە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و بەتایبەتی ئەوانە کە کوردستانیان داگیر کردوە، ئێمە ڕۆژانە بەرەوڕووی ئەمجۆرە ناسیۆنالیزمە بەرچاوتەنگە دەبین کە بە هەموو توانای خۆیان هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەی کورد دەدەن و یان حاشا لە بوونی کورد وەک گرووپێکی خاوەن ناسنامەی جیاواز دەکەن.

لیبراڵیزم و کۆمۆنیزم دوو شێوە لە ئانتیتێزەکانی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ بوون. بەڵام هەردووکیان لە دوکترینی خۆیاندا تا ئێستا سەرکەوتوو نەبوون. لەبەر ئەوەی کە هەستی ناسنامەخوازی لەنێوان خەڵکدا پەرەی گرتوە و بە قەوڵی فۆکۆیاما ئەو ناسنامەخوازییە خۆی لە ناسیۆنالیزم و ئۆلگەرایی (دینگەرایی)دا پیشان دەدات و هەر ئەوەش بووە هۆکار کە لە وڵاتانی ئورووپاییشدا حیزبەکانی دەستی ڕاستی بەرەوپێش بچن و لە زۆربەک لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنن. ساکارترین بیانووش بۆ بانگەشەی بیری تەسکی ناسیۆنالیستی بەبێ جیاوازی، بانگەشە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە. چ ئەوەی کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە دژی کۆچبەرەکان بانگەشە دەکەن کە گۆیا ئاسایشی وڵاتانی ئەوانی تێک داوە یان ئەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکرێ و کورد بە دژبەری بەرژەوەندی و ئاسایشی وڵات و دەسەڵاتی نەتەوە داگیرکەرەکان دادەنێن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**دیاکۆ دانا:** هەر لە چوارچێوەی ئەم باسەماندا ئەگەر پۆلینبەندییەک بۆ قازانج و زیانەکانی ناسیۆنالیزم بکەین، ئەم پۆلینە چۆن دەکرێت؟

**عەلی مونەزەمی**: کاتێک باس لە ناسیۆنالیزم دەکرێت، دەبێت ئێمە لەنێوان ناسیۆنالیزمی هێرشبەرانە و بەرچاوتەنگ لەگەڵ ناسیۆنالیزمی شوناسخواز و ڕزگاریخوازانە جیاوازی دابنێین. لەبەر ئەوەی ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخوازانە لە ئەساسدا بە دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی پاوانخواز دروست دەبێت و ئامانجی ئەوەیە بۆ ڕیالیزەکردنی ئیرادەی گشتیی خۆی بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باش پێڕەوی بکات. ئەو ناسیۆنالیزمە یەکسانیخوازە، هەوڵی خۆسەپاندن و یان داگیرکاری و چەوساندنەوەی گرووپی دیکەی نەتەوەیی نادات و لە چوارچێوەی وڵاتدا ئازادییەکانی تاکەکەسی و ئازادییەکانی سیاسیی گشتی و گرووپی بە فەرمی دەناسێت و بەکردەوە هەوڵ بۆ سڕینەوەی هەرچەشنە زۆردارییەک دەدات.

**دیاکۆ دانا:** کاک عەلی با بێینە سەر ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئێوە لە ئێستادا چۆن باس لە بەرەوڕووبوونەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و ناسیۆنالیزمی ناوەندگەرا دەکەن؟

**عەلی مونەزەمی**: بەرەوڕووبوونی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و ناسیۆنالیزمی کوردی دروست وەک کردار و کاردانەوەی بەریەککەوتنی ناسیۆنالیزمی هێرشبەرانە و ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخوازانەیە. ناسیۆنالیزمی هێرشبەرانە بۆ ئەوەی باڵادەستیی خۆی ڕابگرێ، ئینکاری ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخوازانە دەکات. ئەوەش وەک تێکنیکێک بۆ زاڵبوون بەسەر ناسیۆنالیزمی کوردیدا لەلایەن ناسیۆنالیزمی ئێرانی بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە پێڕەو دەکرێت. لەبەریەککەوتنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و کوردی وەک لەبەریەککەوتنی هزری ئازادیخوازی و هزری چەوساندنەوە، هزری وڵاتپەروەری و هزری شۆڤینیستی، یەکسانیخوای و باڵادەستخوازی، دادپەروەری و نادادپەروەرییە.

**دیاکۆ دانا:** بە ڕوانگەیەکی مێژوویی قۆناغەکانی گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵات کامانەن؟

**عەلی مونەزەمی**: ناسیۆنالیزمی کوردیش هەروەک هەموو ناسیۆنالیزمەکانی دیکە لە ڕەوتی مێژوودا گەشەی کردوە و پێش کەوتووە تا گەیشتووە ئێستا. شوێن‌پێی هزری ناسیۆنالیستی لە کوردستاندا ئێمە دەتوانین لە کتێبی مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا ببینین. بەڵام بە کردەوە شۆڕشی ناسیۆنالیستی لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و بەهۆی ئەوەی شەڕ و مەیدانی ئەم شۆڕشە بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی دەگرتەوە، دەتوانین بڵێین کە لەو سەردەمەوە بە کردەوە قۆناغی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە دەستی پێ کردوە. لە سەردەمی شۆڕشی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سمکۆدا ئەو هزرە زۆرتر پەرەی گرتوە و سمکۆ بە دامەزراندنی قۆتابخانە، دەرکردنی ڕۆژنامە، بیرکردنەوە لە دامەزراندنی سیستەمێکی دەسەڵاتداریی کۆماری بووە هۆی گەشە و بەرەوپێشچوونی زیاتری ئەم هزرە. هەر هاوتەریب لەگەڵ شۆڕشی سمکۆ، شۆڕشی ئاراڕاتیش لەو بەرەوپێشچوونەدا دەورێکی باشی هەبووە و بووە سەرەتایەک بۆ هاتنی هێما نەتەوەییەکان بۆ ڕۆژهەڵات. هەموو ئەو پرۆسەیە لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا دەگاتە تروپکی خۆی و وەدیهاتنی ئیرادەی نەتەوەیی کورد لە بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا. لەو سەردەمەدا زۆرتر بە شێوەیەکی سیستەماتیک کار لەسەر ئێلێمێنتەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی کرا. گەشەی زمانی کوردی، کار لەسەر مێژووی کورد، جیاوازی دانەنان لەنێوان بەشەکانی کوردستادا و بەو شێوەیە کار لەسەر خاکی هاوبەش، کار لەپێناوی دامەزرانی سیستەمێکی ئابووریی هاوبەش و بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی هاوبەش لەو کارانەن کە کۆماری کورستان بە شێوەی ڕێکوپێک لەو پێناوەدا هەوڵی داوە.

**دیاکۆ دانا**: گەشەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە چیدا خۆی دەبینێتەوە و بەرهەمی چ باروودۆخێکە؟

**عەلی مونەزەمی**: ناسیۆنالیزمی کوردی بەرهەمی ڕەوتێکی مێژووییە. بەڵام بەهۆی ئەوەی کوردستان لەلایەن چوار وڵاتی داگیرکەرەوە داگیر کراوە و کورد بۆخۆی وەک نەتەوەیەکی ئازاد ئەو مەجالەی نەبووە کە بە بەرنامە کار لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی بکات، بەڵام حیزبەکانی کوردستان بە هەموو کەموکوڕییەکانیانەوە توانیویانە ئەم کەلێنە تا ڕادەیەک پڕ بکەنەوە و لانیکەم لە بواری زمانی هاوبەش، مێژوو، هەستی هاوبەش و ناساندنی ئەردنیگاریی کوردستان بە نەتەوەکەمان دەوری باش بگێڕن. لێرەدا پێویستە هەروەها ئاماژە بە ڕۆڵی هونەرمەندان و نووسەران و زۆر چین و توێژی دیکەش بکرێت کە بۆ ئەم ئامانجە زەحمەتیان کێشاوە و هەوڵیان داوە.

**دیاکۆ دانا**: هەڕەشەکانی بەردەم گەشەکردنی پتری ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێران چین؟

**عەلی مونەزەمی**: هەڕەشەکانی بەردەم گەشەکردنی پتری ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم نێوخۆیین و هەم دەرەکی. گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای گەشەی بیر و هزری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتدا دابەزاندنی ویستی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بۆ ئاستی خودموختاری و فیدراڵیزمە کە ئەوەش بۆ خۆی دەبێتە هۆکار کە داگیرکاری لە هزری تاکی کورددا سروشتی خۆی بنوێنێ. کاتێک کە داگیرکاری خۆی سروشتی نواند، ئەوە یارمەتیدەر دەبێت کە ئێلێمێنتەکانی دیکەی ناسیۆنالیزمی کوردیش بە سانایی پەک بخرێن. هەروەها پەرەپێدان بە ناوچەگەرایی و زاراوەگەرایی دوو فاکتەری دیکەن کە کۆسپی بەردەم گەشەی نەتەوەپەروەیی کوردین. بەکارهێنانی حیزب حیزبێنە وەک ناسنامە لە جیاتی ناسنامەی هاوبەشی نەتەوەیی و عەشیرەگەرایی لە جیاتی نەتەوەپەروەری.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڕەشەکانی دەرەکی لە هەموو ئەو هەڕەشانەدا ڕەنگ دەدەنەوە کە داگیرکەران بە دژی نەتەوەپەروەیی کوردی دەکەن بریتین لە: قەدەغەی پەروەردە بە زمانی زگماکی، تێکدانی مێژوو و ڕەشکردنەوەی سیمای قارەمانە نەتەوەییەکانی کورد، تێکدانی دێموگرافیی کوردستان، پێشگرتن لە گەشەیەی ئابووریی هاوبەش، پەرەپێدان بە عەشیرەگەرایی، پڕووپاگاندا بۆ ناسنامەی چرووکی ئێرانیبوون و ئێرانچێیەتی، تێکدانی هەستی هاوبەشی کورد و هەوڵدان بۆ پڕرەنگکردنی هەێڵی ناسنامەیی لەنێوان کوردەکانی پارچە جیاوازەکانی کوردستان.

**دیاکۆ دانا: خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات لە یەک سەدەی ڕابردوودا چەند ئامانجێکی بووە، کە دیارترینیان دێموکراسی، ناسیۆنالیزم و سۆسیالیزم بووە. لە ڕوانگەی جەنابتەوە کامیان پێویستە پێشتریتیی هەبێ و بۆچی؟**

**عەلی مونەزەمی**: هەر سێی ئەم ئامانجانە لەڕاستیدا یەک ئامانجە کە ئەویش ئازادییە. ئازادی لە تێروانینی کوردیدا خۆی لە سرینەوەی هەرچەشنە زۆرداری و باڵادەستییەکدا دەبینێت کە ئەوەش بە دێموکراسی، سەربەخۆیی کوردستان وەک وڵاتێک بۆ هەموو کوردستانیان و سڕینەوەی زۆرداریی چینایەتی مسۆگەر دەبێت. بەڵام لە هێندێک قۆناغدا بەهۆی هەلومەرجی تایبەت ئەو ویستە هێندێک ئاڵوگۆری بەسەردا هێنراوە و بە دێموکراسی بۆ سیستەمی دەسەڵاتداریی داگیرکەرانی کوردستان و خودموختاری یان فیدراڵیزم لە جیاتی سەربەخۆیی داندراوە. دێموکراتیزەکردنی سیستەمی دەسەڵاتی حکوومەتێکی داگیرکەر بۆ ئەوەی کە مەجال بوخوڵقێ کە کورد بتوانێ بە دامەزراندنی دامەزراوەی هاوبەش لەگەڵ ئەوان ئازادیی خۆی وەی بێنێ، ئەستەمە. بەڵام دێموکراسی بۆ کوردستان و هەڵسوکەوتی دێموکراتیک لەنێوان حیزب و لایەنە کوردستانییەکاندا ئەرکێکی شۆڕشگێڕانە و نەتەوەییە. بۆ ناسیۆنالیزمیش ئەگەر خودموختاری و فیدراڵیزم وەک تاکتیک و پلەی گەیشتن بە سەربەخۆیی چاو لێبکرێت، مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵی هەڵ بکات. بەڵام لە هەموو کاتێکدا دەبێ هەوڵ بۆ وەدیهاتنی ئیرادەی گشتیی خەڵکی کوردستان کە سەربەخۆییە، دەبێ پێشتریتیی بدرێتێ. بەبێ هەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ، دابەزاندنی سۆسیالیزم کە لەڕاستیدا کەرەسەیەکە بۆ دادپەروەری لە سیستەمێکی دێموکراتیکدا، بەبی سەربەخۆیی کوردستان مومکین نییە. دەبێ کۆمەڵگەیەکی ئازادت هەبێت تا دادپەروەری تێیدا جێگیر بکەی. کە واتە، ناسیۆنالیزم بەرامبەر دێموکراسی و سۆسیالیزمدا پێشتریتییە هەیە.

**دیاکۆ دانا: کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کورد لەسەر گەشەی بیری ناسیۆنالیستی لە کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**عەلی مونەزەمی**: تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بۆ گەشەی بیر و هزری ناسیۆنالیستی لە کوردستاندا لە دوو مەیدانی تیۆریک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و کرداردا خۆی دەنوێنێ کە ئەوەش لە سێ قۆناخی جیاوازدا دەتوانین باسی لەسەر بکەین: سەردەمی پێش دامەزرانی حیزبی دێموکرات (کۆمەڵەی ژێکاف)، سەردەمی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و سەردەمی ڕێبەریی دوکتۆر قاسملوو. هەرسێی ئەو قۆناخانە پێکەوە گرێدراون و هەر کامەیان لە کاتی خۆیدا کاریگەریی هەبووە و هەیە لەسەر پەرەگرتنی ناسیۆنالیزمی ڕزگاریخوازانە لە کوردستاندا. ئەو ناسیۆنالیزمە ناسیۆنالیزمێکی یەکسانخوازە. بەو واتەیە کە لە لایەک سەردەستیی نەتەوەکانی دیکە لەسەر نەتەوەی کورددا ڕەت دەکاتەوە و لەلایەکی دیکە پێش لە ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد دەگرێت و ڕوحی ئازادیخوازانەی ئەم ناسیۆنالیزمە دەپارێزێ و دەگەیەنێتە لووتکە.

**دیاکۆ دانا: دیاسپۆرای کورد لەکوێی گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا جێ دەگرێ؟**


**عەلی مونەزەمی:** ئێمە دەتوانین دیاسپۆرای کورد لە سەر دوو بەشی دیاسپۆرای کورد لە نێوخۆی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان (وەک کوردەکان لە خوراسان، قەزوین، ئیستانبۆل و هتد) و دیاسپۆرای کورد لە وڵاتانی دیکە و بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژاوایی دابەش بکەین. کوردەکان لە نێوخۆی وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا بە پاراستنی زۆریەک لە نرخە کولتوورییەکانیان و ناسنامەی خۆیان دەتوانن هێزێکی گەورە بن کە بە دژی گۆڕینی دێموکرافیی کوردستان دەتوانین کەڵکی لێ وەربگرین و بە بەپێچەوانەکردنی کۆچبەربوونیان و هێنانەوەی دووبارەیان بۆ کوردستان، دێموگرافیی ئەو ناوچانەی کە لەلایەن داگیرکەرانەوە تێکدراون، وەک خۆیان لێ بکەینەوە. ئەم کارە دەتوانێ زۆر لە بەرژەوەندیی ناسیۆنالیزمی کوردستانیدا بیت بەو مەرجە کە ئیمکاناتی جێبەجێکردنی هەبێت. دیاسپۆرای کورد لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە کار و چالاکییەکانیان و ناساندنی پرسی کوردستان بە خەڵکی ئەم وڵاتانە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە. بەتایبەتی ئەو کوردانەی کە کاری ئاکادێمکیک دەکەن و بە شێوەی زانستی لەسەر پرسی کورد کار دەکەن، دەبنە هۆی بەرەوپێشچوونی بیر و هزری نەتەوەیی و وڵاتپەروەری و ناساندنی ئەم پرسە بە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار لەو وڵاتانەدا. هیوادارم لەو بارەوە هێزەکانی کورد زۆر پشتیوان و هاوکار و ڕێنیشاندەریان بن.

٢٦ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# کێبڕکێیەکی سەیر



**ئاسۆ مێنبەری**

لەو کاتەوە بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لەنێو کۆمەڵگەدا پەرەی سەندووە، کێبڕکێیەکی سەیروسەمەرەش هاتووەتە ئاراوە کە زۆر جار ئەم کێبڕکێیە وا دەکات کە مرۆڤەکان بەبێ هیچ بیرکردنەوە و لێکدانەوەیەک بکەونە گێژاوی نەزانییەوە و تەنیا بەمەبەستی بەجێنەمان لە قافڵەکە پێ لەسەر باوەڕەکانیشیان دابنێن.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا هەروەک سالانی ڕابردوو، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوون بە گۆڕەپانی کێبڕکێ بۆ پیرۆزبایی لە ژنان، ئەویش بۆ بۆنەیەک کە ڕەنگە زۆربەی هەرەزۆری بەکارهێنەرانی سۆشیاڵمیدیا، هۆکاری دیاریکردنەکەشی هەر نەزانن.

لە ڕۆژژمێری ڕێژیمی ئێراندا، کۆمەڵێک بۆنە دیاری کراون کە هیچ تەباییەکیان لەگەڵ فەرهەنگ و دابونەریتی لانیکەم زۆرینەی دانیشتووانی ئەو جوغرافیا دەسکردە نییە، بەڵام بە هۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی شیعەی ویلایەتی فەقیهی، بەسەر هەموو کۆمەڵگەکەدا سەپاوە و خەڵک ناچارن لەو ڕۆژانەدا بە خواستی دەسەڵات شین یان شایی بگێڕن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نموونەی لەم جۆرە بۆنانە زۆرن، هەر لە ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕەوە کە وەکوو ڕۆژی مامۆستا دیاری کراوە هەتا دەگاتە ڕۆژی دایک و باوک و کچ و خوێندکار و بە دەیان بۆنەی دیکە.

بە درێژایی ساڵ و هاوکات لەگەڵ هەموو ئەم بۆنانە، بەکارهێنەرانی سۆشیاڵ میدیا لە کوردستان دەبنە سێ دەستەوە، دەستەیەک ئەوانەن کە نێوندیان گرتوە وهیچ ڕایەکیان لەسەر پرسەکە نییە، دەستەی دووەم ئەوانەن کە زوو سواری شەپۆلەکە دەبن و بۆ بەجێنەمان لە قافڵەکە پەیتا پەیتا بە دانانی پۆست و ستۆری پیرۆزبایی لە دایک و هاوسەرەکانیان دەکەن و بێگومان لە ڕۆژی ٨ ی مارسیشدا دیسان هەر یەکەمی بێ ڕکابەرن و لە هەموو کەسیش زیاتر لایەنگری مافی ژن و دژی چەوساندنەوەی ژنانن! بەڵام دەستەی سێهەم کە بەداخەوە هیچکات هەوڵەکانیشیان بە ئاکام نەگەیشتوە ئەو کەسانەن کە هەوڵی ڕۆشنگەری دەدەن و بە نووسی ستاتووسی جیاواز و زۆر جاریش بە ڕەخنەی توند و بێبەزەییانە هەوڵی تێگەیاندنی خەڵک لە بابەتەکە دەدەن.

### ئێمە وەکوو تاک لە کام دەستەدا جێمان دەبێتەوە؟

لە دەستەی یەکەمدا کە هەر ئەو بێلایەنبوونە خۆی زۆر مەترسیدارترە، چونکە نابێ تۆ لە کۆمەڵگەیەکدا بەو هەموو کێشە و ئاریشەوە بژیت و هیچ شتێکت بەلاوە گرینگ نەبێ! لە دەستەی دووهەمدا، بابەتەکە جێی تێڕامانە، لە هەموو ساڵەکانی دەسەڵاتداریێتی ڕێژیمی ئێراندا، کورد وەکوو نەتەوەیەکی بەشخوراو و داگیرکراو، هیچکات هیچ بۆنەیەکی فەرمیی ئەم ڕێژیمەی بە فەرمی نەناسیوە، لای کورد ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ بە نیشانەی ڕێزگرتن لە خەباتی سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی وەکوو ڕۆژی خوێندکار ناودێر کراوە، ڕۆژی لەسێدارەدرانی فەرزاد کەمانگەر ڕۆژی مامۆستایە، ڕۆژی ٨ ی مارس وەکوو ڕۆژی جیهانیی ژن ڕێزی لێ دەگیرێت چونکە لە ڕاستیدا کورد و دەسەڵاتی زاڵ، باوەڕ و بیرکردنەوەیان هاوتەریب نییە!
نموونەیەک لەم ڕاستییە، ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوویە. هەموومان باش دەزانین کە شۆڕشی ژینا، چەندین ساڵ بوو بەستێنەکەی ئامادە ببوو، لانیکەم لە بواری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە باش دەزانین کە ڕێژیم تووشی چ دارمانێک ببوو، بەڵام کوژرانی ژینا توانیی خاڵێکی بەهێز بۆ کۆکردنەوەی ڕق و تووڕەیی خەڵک بێت، دەسپێکی شۆڕشەکە بە کوژرانی ژینا بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێ بوو، بەڵام پەرەسەندنی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی سەلماندی کە ئازادژیان و پرسی ژنان تا چەند گرێدراوی یەکن.

هەر لەو شۆڕشەدا بوو کە تاکەکانی کۆمەڵگە ڕەنگە بەهەڵەدا نەڕۆیشتبێتین ئەگەر بڵێین بۆ یەکەمجار بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، هاتنە سەر شەقام و لە دەوری ئامانجێکی هاوبەش کە دژایەتیی لەگەڵ تەواویەتی ڕێژیمێکی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرەڕۆ بوو، کۆ بوونەوە. ئەو خەڵکەی کە هاتنە سەر شەقامەکان و دروشمی ژن، ژیان، ئازدییان وتەوە، دەیانزانی کە ژن چۆن لەو کۆمەڵگەیەدا دەچەوسێتەوە. بەپێچەوانەی دەسەڵاتی زاڵ کە کچی تەمەن ٩ساڵ، بە شوو دەدات و لای ئاساییە کە هەر ئەو منداڵە لە تەمەنی ١٠ ساڵاندا ببێ بە دایک و لە کتێبە دەرسییەکاندا بە باسکردن لە ئەرک و ڕۆڵی ژنی گوێڕایەڵ، ئەرکی بۆ پێناسە دەکات و لە هەموو بوارەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەخلاقیشەوە، چوارچێوەی بۆ دادەنێ و ئەگەر لێی لابدات بەردبارانی دەکات و زۆر بە ئاسانی ئیزنی کوشتنی بە پیاوەکانی بنەماڵەکەی دەدات، ئەو خەڵکە کە هاتنە سەر شەقام، بەشێک لە داواکارییەکانیان، نەهێشتنی ئەم ستەمە ڕەگەزییە بوو، بەتایبەت خودی ژنان کە هاتنە سەر شەقامەکان و سەرپۆشەکانیان فڕێ دا، کە دژی ڕێژیم دروشمیان دا و لە بەرەی بەرانبەری دەسەڵاتدا بوێرانە ڕاوەستان و داوای مافەکانی خۆیان کرد، باش دەزانن کە هیچکات فاتمە و مەعسوومە ناتوانن هێمایەکی ڕاستەقینە لە باوەڕەکانی ئەوان بن.

ئاخۆ چۆن ئەبێ، کەسێک بکرێتە هێما کە لە تەمەنی منداڵیدا بە شوو دراوە و هەر لە منداڵیدا بووەتە دایک و هەتا ئەوکاتەی ماوە کۆیلەی باوەڕ و نەریتەکانی سەرچاوەگرتوو لە ئایین بووە؟ چۆن ئەبێ ژنێکی ئازا و وشیاری کوردستان کە دەزانێ سەربەخۆیی ئابووری و پێگەیشتن و خوێندەوار بوون و هاوتەریبکردنی ژیانی لەگەڵ پێوەرە زانستی و جیهانییەکان چەندە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر بەختەوەری خۆی و نەوەی دوای خۆی هەبێ، ڕۆژی لەدایکبوونی فاتمەی زەهرا بە ڕۆژی خۆی بزانێ؟ خۆ هەموو پێوەرەکانیان جیاوازن، ئەی کوا خاڵی هاوبەشیان؟

دەسەڵات لە ڕێگەی ئەم هێماسازییەوە زۆر بە ئاسانی توانیویەتی کاریگەری لەسەر تاک دابنێت و لانیکەم ئامرازەکانی بەردەستی توانیویانە یارمەتیدەرێکی باش بن. ئێمە ناتوانین باس لە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بکەین و بە پێچەوانەکەی گوێڕایەڵی ئەو یاسا و نەریتانە بین کە دوژمن بەسەرمانیدا سەپاندوە. پێویستە قووڵتر بیر بکەینەوە و دوژمنەکەمان باشتر بناسین!

١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید حوسێن عەلیپوور - حەسۆ)




**ڕۆژێ لەسەر تۆ نیشتمان، من دەبمە ڕێی ئەفسانەیەک**
**باڵندەئاسای تۆ دەبم، وەیلان لەبەر هێلانەیەک**

**برایم چووکەڵی**

٨ ڕۆژ لە مانگی خەزەڵوەری پاییزی ساڵی ١٣٧٠ تێپەڕیبوو. هەوا بەرە بەرە بەرەو ساردی دەڕۆیشت. ئەو بەرەبەیانییەش وەک هەموو ڕۆژەکانی دیکە کادر و پێشمەرگەکان لە گوندی ئیندزێ زوو لە خەو هەستابوون بۆ ئەوەی سەعات ٨ی بەیانی لە شوێنی دیاریکراو سواری مینیبووس بن و بچنە شوێنی کارەکەیان. خەڵکێکی دڵگەرم، پاک و بێگەرد کە هەتا دەبوو بە کاتژمێر ٨ وردە وردە ک ۆدەبوونەوە و بە شۆخی و جەفەنگ لەگەڵ یەکتر دەدوان و باسوخواسی ڕۆژیان لەگەڵ یەکتر دێنایە گۆڕێ. لەنێو مینیبووسەکەشدا هەتا شوێنی کار کە چارەگەسەعاتێک ڕێگا دەبوو، هەر بە قسەی خۆش و گوێگرتن لە هەواڵی ڕادیۆ جیهانییەکان تا گەیشتنە شوێنی کار ڕادەبرا.

بەڵام ئەو ڕۆژە، ٨ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی ئەو دەستەیە لە پێشمەرگەکان نەیانزانیبوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی سیخوڕ و بەکرێگیراوەکانیانەوە ئوتومبیلێکی شوێرلێتی پڕ لە ماددەی تەقینەوەی لەسەر ڕێگا بۆ داناونەتەوە. مینیبووسەکە کە ٢٧ کەس کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەی حیزبی تێدا بوو. لە نیوەی ڕێگا و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەگەڵ نیزیکبوونەوەی مینیبووسەکە لە شوێنی ئوتومبیلە بۆمبڕێژکراوەکە لە دوورەوە دەیتەقیننەوە. لەو کردەوە تێرۆریستییەدا سێ کادر و فەرماندەی حیزب بە ناوەکانی حوسێن عەلیپوور (ناسراو بە حەسۆ) جێگری هیزی پارێزگاری، مەلا ڕەسووڵ گەردی و جەلیل مامایی شەهید و ٢٤ کەسەکەی دیکەش برینداز بوون. لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارە یادێک لە شەهیدی فەرماندە حوسێن عەلیپوور (حەسۆ) دەکەینەوە.

حوسێن عەلیپوور ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی، لە ئاوایی گردەسووری ناوچەی بەربنەی پیرانشار، چاوی بە دونیای پڕ لە ڕەنج و کوێرەوەری پشکووت و لە ئامێزی گەرمی بنەماڵە زەحمەتکێشەکەیدا و، لەنێو سروشتی جوانی کوردستانی خۆشەویستدا گەورە بوو.

حوسێن بەهۆی دۆخی خراپی ژیانی ئەوسەردەم بە نەخوێندەواری مایەوە و بەناچار هەر لە منداڵییەوە لە مووچە و مەزرادا خەریکی کاری سەختی وەرزێڕی بوو و مەڕداری بوو. حوسێن شەو و ڕۆژ وێڕای بنەماڵە کاری دەکرد و ژیانی ناوبراو هەتا شۆڕشی گەلانی ئیران بەمجۆرە درێژەی کێشا.

حەسۆ بە دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەشداریی کرد و بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، حەسۆ لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨دا ڕێگا و ڕێبازی حیزبی دێموکراتی بۆ خەبات هەڵبژارد.

هاوڕێ حەسۆ پێشمەرگەیەکی دڵپاک و قسەخۆش بوو. کۆڕی هاوڕێیانی هەمیشە ڕازاوە ڕادەگرت و هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەت بە حیزب و گەلەکەی تەرخان کردبوو. ئەو هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە کەوتە بەر دڵان و جێگای خۆی لەنێو هاوسەنگەرانیدا کردەوە. حەسۆ کە ئیمانێکی قووڵی بە ڕێبازەکەی هەبوو، پێشمەرگەیەکی ڕەوشتبەرز و خاوەن خوو و سروشتی شۆڕشگێڕانە بوو. هەر ئەوەش وایکرد زۆر زوو ببێتە خۆشەویستی پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەی پیرانشار.

حەسۆ ڕۆڵەیەکی نەترس، فیداکار و گیانباز بوو. لە شەڕەکاندا بە ورە و ئیمانێکی پۆڵایینەوە پەلاماری هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیمی دەدا و، لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی پیرانشار و ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا بەشداریی چالاکانەی هەبوو. ئازایەتی و ئەزموون و لێهاتوویی حەسۆ بوو بەهۆی ئەوەی سەرەتا وەک سەرپەل و پاشان جێگری لک و دواجار وەک فەرماندەری لک دیاری بکرێ. حەسۆ دوای وەرگرتنی ئەو بەرپرسایەتییانە هەرچی لە توانایدا بوو بۆ بارهێنانی پێشمەرگە و تاکتیکی نیزامی بەکاری دەهێنا و جێپەنجەی بە زۆر عەمەلیاتی قارەمانانەی ناوچەی پیرانشارەوە دیارن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەڕەکانی شێلمجاران، جادەی پیرانشار-نەغەدە، شەڕی پشتی کانی خودا، شەڕی نێوان خاڵدار و سێڵوێ، شەڕی پایەگای دەڵاوان و هەموو شەڕەکانی ناوچەی بەربنەنە، نموونەیەکی چووکە لە قارەمانەتییەکانی شەهید حەسۆی فەرماندەن کە لە دەفتەری بیرەوەریی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا تۆماری کردوون.

شەهید حەسۆ لە مەیدانی بەربەرەکانێ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا دووجار بریندار بوو و هەموو جارێ پاش ساڕێژبوونەوەی برینەکەی بەگوڕتر لە پێشوو دەهاتەوە مەیدان و سەرلەنوێ سەنگەری لە کۆنەپەرستان دەگرتەوە. زۆر لە ڕۆژەکانی ساڵ کە لەپڕ شریخەی تفەنگ، تۆپ و خومپارەی دوژمن و بۆنی باڕووت و دووکەڵ سروشتی جوانی ئەم ناوچەیەی لە خۆیدا نوقوم دەکرد و شەهید حەسۆ وێڕای هاوسەنگەرانی لە هێزی دوژمن ڕادەپەڕین و لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی پیرانشار ڕاویان دەنان. شەهید حەسۆ لە باری کۆمەڵایەتییشەوە کەسایەتییەکی بەرزی هەبوو و ڕووی لەهەر ماڵێک کردبوایە دەرگای لەسەر پشت بۆ کرابۆوە. ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەی بە واتای ڕاستەقینەی خۆی لە وجوودیدا هەبوو و وانەی ئەخلاق بەرزی بە هاوسەنگەرانی فێر دەکرد.

لە دوا قۆناغی ژیانی پێشمەرگانەی شەهید حەسۆدا لەلایەن حیزبەوە نێردرایە بنکەی دەفتەری سیاسی و وەک جێگری فەرماندەی هێزی سامرەند دیاری کرا. ناوبراو لەو هێزەش بۆ ڕێکوپێککردنی ئەو هێزە، هەرچیی لە توانایدا بوو ئەنجامی دا و لە هەر ئەرکێکی پێیان سپاردبوایە دریغی نەدەکرد. بەڵام بەداخەوە تێرۆریستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پیلانێکی خائینانەدا ڕۆژی ٨ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی بە تەقاندنەوەی ماشێنێکی بۆمبڕێژکراو، لەسەر ڕێگای مینیبووسێکی حیزب لەنێوان شوێنی پشوودان و شوێنی کارەکەیان، حوسێن عەلیپووریان وێڕای دوو هاوسەنگەری دیکەی شەهید کرد.

١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# گۆرانی و گۆلی ورمێ لە داخی هەوردۆشین



**دارسمە**

**هەورۆ، هەورۆ، هەورۆ؛ هەورۆ بارانییە/ یارم لێرە نییە/ بۆیە کەیفم نییە.**
**هەورێکی هێنا بارانەی پێوە؟ یاخوا نەبارێ یارم بەڕێوە.**

ئەمانەی سەرەوە دوو بەندی دوو گۆرانیی جیاوازی کوردین. لە هەردوو بەندەکەدا باس لە هەوری باراناوی دەکرێت. بەڵام لە گۆرانیی یەکەمدا بارانە کەیفی گۆرانیبێژ ساز دەکات و لە هی دووهەمدا گۆرانیبێژ بە بارین حاڵی تێکدەچێت و داوا لە خوا دەکات باران نەبارێت.

گۆرانیی یەکەم بە هەوری باراناوی هەڵدەڵێت و خۆزگە دەخوازێت لە کاتی باریندا "یار"ی لەلا بوایە و بەیەکەوە بە خوشیەوە کەشوهەوای باراناوی بچێژن. گۆرانیبێژی دووهەمیش لە تەڕبوونی "یار"ی دەترسێت و دەڵێت یارم بەڕێوەیە و یاخوا بارانی بەسەردا نەبارێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گۆرانییەکیش هەیە دەڵێت" :باران دەباریٚ ڕێزە بە ڕێزە/ گۆزەم پێی‌دانا لە ڕێی کارێزە".

گۆرانییەکی دیکەش دەڵێت" :خودا داکەی بارانێ کزەی شەماڵ بێ بە شەو/ بیدا لە گۆنەی یارم بەڵکوو ڕاپەڕێ لەخەو"
لەم دوو گۆرانییەشدا، لە یەکەمیان "یار" بە گۆزەوە بە بەر "باران"دا دەڕوات و لە دووهەمیاندا گۆرانیبێژ داوا دەکات بارانە گۆنەی یاری تەڕ بکات و لە خەوی ڕاپەڕێنێت. دیارە ئەم هەتیوە خۆی دڵی بەرایی نادات یاری لە خەو ڕاپەڕێنێت، یان ترسنۆکە و ناوێرێت خۆی لە خەو هەڵیبستێنێت، بۆیە پەنا بۆ باران دەبات!

ئازەرییانیش لە دراوسێیەتی کورداندا حەزیان لە بارانە و ئەوانیش بارانە لە گەلێک لە گۆرانیانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم کۆپلەیەی خوارەوەش وێنەیەکی بەرچاوی فلۆلکۆری ئازەرییانە و ئەویش وەک شایەتێک بۆ هاوبیری کوردان و ئازەرییان لەبەرانبەر بارانەدا دەهێنمەوە. گۆرانیە ئازەرییەکە دەڵێت:

"یاغیش یاغیر دەنە دەنە/ اورک سوێزوون دێیر مەنە/ بیر ئینتیزار گوێزوم یۆڵدا/ ها بەلکێ سوێگلیم گەلە"

واتا: "باران دەباریٚ نم نمە/ قسەی دڵت بە من بڵێ/ چاوەڕوانم لە ڕێگا/ بەڵکوو دڵدارم دەرکەوێت"

ئەم تورکەش وەک کوردەکانی خۆمان حەزی لەمەیە دڵدارکەی لەژێر نمنمەی باراندا دەرکەوێت. بە وێکچوونی ئەم گۆرانییانە گومانمان نامێنێت کورد و تورک وەک یەک حەزیان لە بارانە. لە خوا و شێخ و مەشایەخ و چاک و پیران دەپاڕێمەوە هاوبیری ئەم دوو نەتەوەیە پەرە بستێنێت و بۆ زۆر شتی دیکە پەل بهاوێژێت و ئەو مرچ و مۆنییە نێوانیان ببێتە بزە و پێکەنین.

لە سەردێری ئەم بابەتەدا ناوی گۆلی ورمێ هاتوە و ڕەنگە خوێنەری بەڕێز بۆی بووبێتە پرسیار گۆرانی و گۆلی ورمێ کوجا مەرحەبا؟ بۆیە لێرەدا پێوەندیی گۆرانی و گۆلی ورمێتان بەڕوونی بۆ دەردەخەم:

هەموومان دەزانین لە خورئاوای گۆلی ورمێ لە سنووری نێوان کورد و ئازەرییانەوە هەتا گۆلی "وان" لە باکووری کوردستان، بە کوردستان دەژمێردرێت و نیشتمانی تورکی ئازەرییش لە خۆرهەلات و باکووری ئەم گۆلەوە دەست پێ دەکات و خاکیان پاڵ وە گۆلی "قەزوێن" یان "دەریای مازەندەران" دەدات. وڵاتی برایانی ئازەری لە "مەلیکەندی"، "بناو"، "عەجەبشێر"، "ئازەرشار" و "ئێڵخچی" لەو دیو گۆلی ورمێ دەست پێ دەکات و هەرلەوی بۆ لای "شەبستەر" و "تێک" و " تێل" و تەسووچ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەسووڕێتەوە. لەوێ‌ڕا بەرەو خۆرهەڵات و باکوور کۆمەڵێک هەرمەنی و کوردی دانیشتووی قەرباغ و دانیشتوانی شارەدێ "یەکان"ی لێ دەرچێت، هەتا چاو هەتەردەکات تورکی ئازەرییە.

ئەم گۆرانیی "بارانە" یان وەک ئازەری دەڵێن "یاغش"ـە لەسەردەمی دەستەڵاداریەتیی مەحموود ئەحمەدی‌نژاد یانی هەمان سەرۆککۆمارە کوێرمووشەکەی چەند ساڵ لەمەوبەری ئێرانەوە ماناکەی قووڵتربووەتەوە. ئەحمەدی نژاد ١٢ ساڵ لەمەوبەر دەیگوت: وڵاتانی خۆرئاوا بەئەنقەست هەوڵ دەدەن ئێران تووشی وشکەساڵی بکەن. ئەو سەرۆککۆمارە کوێرەمووشەیەی ئەوکات، ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ بانەمەڕی ١٣٩٠ی هەتاوی لە کاتی ڕێوڕەسمی پڕئاوکردنی بەنداوی "کەمال سالح" لە نزیک شاری ئەراک گوتی: "وڵاتانی ئورووپا بە کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەی تایبەت ئەو هەورانەی ڕوویان لە ئێرانە، پێش ئەوەی بگەنە سەر ئاسمانی ئێمە دەیاندۆشن." لەکاتێکدا ئەم بێریانەی ئێمە دوو سەر مەڕ و مانگایان پێ نادۆشرێت، تۆ بڵێی بێری ئورووپایی چۆن بتوانن ئەم هەورە بەرزانە بدۆشن؟

ئێستا ١٢ ساڵێک بەسەر فەرمایشی سەرۆککۆماری کوێرەمووشەدا تێدەپەڕێت و لە کاتێکدا گۆلی ورمێ خەریکە ئاخرین چۆڕی بەرەو وشکبوون لێ‌دەبڕێت، دیسان بەزمی لادانی هەوران لە ئاسمانی ئێرانەوە بۆ ئاسمانی دراوسێیان باسی لێوە دەکرێت. چەند ڕۆژ لەمەوبەر سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەی ئێران لە پەراوێزی کۆبوونەوەیەکی کابینەی ئێستای کۆماری ئیسلامی لە وڵامی پەیامنێرێکدا گوتی: ئێمە خەریکی لێکۆڵینەوە لە دیاردەی هەڵوەشانەوەی هەوران لەسەر گۆلی ورمێین و بەوردی و زانستیانە لەم دیاردەیە دەکۆڵینەوە.

فەرمایشتی بەرپرسانی کەون و نوێی کۆماری ئیسلامی بە جێگەی خۆی، ئەمەیان گرینگە، ئەم گۆرانیی بارانە و یاغیشەیە دوو دراوسێی کورد و تورکی ئازەری لەگەڵ دوایین هەناسەی گۆلی ورمێ دەڵێینەوە.

ئەوانەی دەشڵێن هەورێکی هێنا بارانەی پێوە/ یاخوا نەبارێ باران بەڕێوە، ڕەنگە پیاوی سەهیۆنیزم و دوور لە ڕووی خوشک برا چەپەکانمان پیاوی ئەمپریالیزمیش بن و لەجیات بێرییەکانی خۆمان مرخیان لە هەوردۆشە خۆرئاواییەکان خۆش کردبێت.

١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## د. کوێستان گادانی: ڕاستە زۆر دەرفەتمان لەکیس چوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی ئێران ناگەڕێتەوە پێش شۆڕشی ژینا



**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

### ئاماژە:

شۆڕشی ژینا بە پاشخانی سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییەکانی دەیان ساڵەی دژی کۆماری ئیسلامی بناغەی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی وە لەرزە خست و ڕێژیمی تا لێواری نەمان برد. ساڵێک دوای ڕووداوەکانی ڕەزبەر و خەزەڵوەری ١٤٠١ ئەو پرسیارە لە هەموو کاتێک بەرجەستەتر دەبێتەوە کە کاریگەرییەکانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە سەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان لە کوردستان و ئێران چی بوون؟ ئایا بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە گشتییەتی خۆیدا توانی ڕاپەڕینی ژینا بکات بە دەرفەت بۆ بەرجەستەکردنی وێژمانی سیاسی و پرسی کورد؟ ژنانی کورد لەکوێی ئەو شۆڕشەدا وەستاون؟ شۆڕشی ژینا بۆ بە ئاکام نەگەیشت؟ ئایا ئەو ڕاپەڕینە کۆتایی پێ هاتوە؟ لەم دیمانەیەدا ئەم پرسیارانە و کۆمەڵە بابەتێکی تر لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی ژینادا لەگەڵ خاتوو د. کوێستان گادانی، چالاکی سیاسی و مامۆستای زانکۆ تاوتوێ دەکەین.



https://serchawe.com

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو کوێستان سەرەتا باسەکەمان بەم پرسیارەوە دەست پێدەکەین، ساڵێک و چەند مانگ دوای شۆڕشی ژینـا، بەڕێزتـان چۆن بـاس لە کاریگەرییەکـانی بـزووتنەوەی ژن، ژیـان، ئـازادی لەسـەر ڕەوتـی ڕووداوە سیاسییەکان لە کوردستان و ئێران دەکەن؟

**د. کوێستان گادانی**: بە ئـاوڕدانەوەییەکی کورت لەسەر شۆڕشی ژینـا، بـزووتنەوەیەک کە لەسـەر بنـاغەی سێ چەمکـی "ژن، ژیـان، ئازادی" ڕێچکەی خەباتی خۆی گرتە بەر، پێش ئەوەی کـاریگەریی ئەم ڕاپەڕینـە لەسەر ڕەوتـی ڕووداوە سیاسییەکان لە ناوچەدا باس بکەین، ڕەنگە گرینگیی خۆی هەبێت کە بەکورتی باسی نێوەرۆک و کـاریگەریی ئەم سێ چەمکە لە ژینگەی سیاسیی ئێران و کوردستاندا بکەیـن. لەم سێ وشەیەدا کە لە مـاوەی یەکسـاڵی ڕابـردوودا بە چەنـدین زمـان وەرگێـردراوە و دەنگـدانەوەی جیهـانی هەبـووە. هەمـووان دەزانـین کە ژن لە بـواری ڕەگەزی و مـافی یەکسـانی بەداخەوە لە ئێـران هـیچ بایەخێکی ئەوتۆ و ئەمڕۆیی لەچاو وڵاتـانی ئازاد و دێموکراتیک پێ نەدراوە. مانـا و مەفهوومی وشـەی ژن پەیامێک بـوو بـۆ سەلماندن، دەربڕینی توانایی و یەکسانیی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەی داخراوی ئێرانـدا. وشـەی ژیـان لە بـواری کـۆمەڵایەتی و بژێوی ژیان، فەرق و جیاوازیی نێو کۆمەڵگە ڕەمزی مانەوە و بەردەوامیی خەڵکی ئێران کە دەتـوانین وەک بێزاریدەربـڕین لە ژیان و بارودۆخی ئابووری و بژێوی ژیانی خەڵکـانی دانیشـتووی ئێـران و دەنگهەڵبڕینی نـاڕەزایەتی خەڵـک و گـوێنەدان و دابیننەکردنی پێویستی ڕۆژانەی دانیشتووانی ئێران لەلایەن دامودەزگـای حکوومەتی ئیسلامی بخوێنـدرێتەوە. چەمکی سێیەم کە ڕەنگبێ لەنێو دانیشتووانی ئێراندا لە ناوچەیەکەوە بـۆ نـاوچەیەکی دی و لە تـاکێک بـۆ تـاکێکی دیکە جیـاواز بێت. بەو مانایە کە ڕەنگبێ تـاکێک لە شاری تـاران وشەی ئازادی بۆ شێوەی پۆشینی جلوبەرگ، ئـازادی و سەربەسـتبوونی لە دەرەوەی یاسا و ڕێسای ئیسلامی ئامانج بێت، بەڵام هەمان وشەی ئازادی بۆ کوردەکـان و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێـران مانـا و مەفهـوومی سیاسـی، سەربەسـتیی نەتەوەیـی و ئـازادیی ڕادەربـڕین بێـت. بە باگراونـدی ئەم سێ چەمکە وەک دروشـمی پـڕ نێوەرۆکی ژن، ژیان، ئازادی دەبینین کە کاریگەریی ئەم شۆڕشە نەک تەنیـا لە ئێران و کوردستان بەڵکوو دەنگدانەوەی لە هەموو جیهاندا هەبوو. کاریگەریی لەسەر ڕووداوە سیاسییەکان بەدڵنیاییەوە لە نێوخۆی کوردستان بەنیسبەت دەرەوەی وڵات زیاتر بووە، دیارە هەر ئەوەش چاوەڕوان دەکرێ چونکە ئامانج لەو بزووتنەوانە پێکهێنـانی ئـاڵوگۆڕ و پێکـانی ئامانجەکـان لە نـاوچەی دیـاریکراوە کە ئەگەر پشتیوانی دەرەوەی وڵاتیشی وەک کاتالیزاتۆرێک بـۆ ئەم ئـاڵوگۆڕەی لـێ بکەوێـتەوە زۆر باشتر دەبێ.

بەکـورتی دەتـوانم بڵـێم بـارودۆخی ئێـران و کوردسـتان نـاگەڕێتەوە بـۆ پـێش ٢٦ی خەرمانـانی ١٤٠١ی هەتـاوی. کوردسـتان بەتـایبەتی و ئێران بەگشـتی بـۆ جـارێکی دیکە بۆیـان دەرکەوت کە کـۆمەڵگە بەبـێ هەبـوونی ڕۆڵ و نەخشی ژنـان نـاتوانێ کۆمەڵگەییەکی سـەرکەوتوو بێت و هەبـوون و تێکەڵاوبـوون و بەشـداریی ژنـان لە پرۆسـەی وەدەسـتهێنانی مـاف و ئامـانجە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕەواکانی هەر کۆمەڵگەیەک بەردی بناغەی جێگیرکردنی کۆمەڵگەییەکی دێموکراتە لە داهاتوودا. ژنان و لاوان چیدیکە پاشکۆ و ڕێرەوەی گەورە سالاَنی کۆمەڵگە نین و بەڵکوو بەشێوەیەکی سەردەمیانە و ئەمڕۆیی دەتوانن ڕێبەری بزووتنەوەیەک وەرگرن و بە ئەزموون و هاوکاریی نەسڵی پێش خۆیان سەرکەوتنی زیاتر وەدەست بێنن. بۆ کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان دەرکەوت لەگەڵ ئەوەی مێژوو و خەباتی چەند ساڵەی گەلانی ئێران بەرز دەنرخێنن، بەڵام تەنیا ڕێگای ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لەیەک شێوە و یەک ڕەهەندی خەباتدا نییە بەڵکوو لە زۆر ڕەهەندەوە دەتوانن هەنگاو بەرەوە چارەسەری کێشەکان هەڵێننەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە چاوەڕوانی زیاتری لە مودیرییەتی بەردەوامی شۆڕشی ژینا دەکرا، بەڵام یەکدەنگی، هاوکاری و یەکگرتوویی خەڵکی ئێران لە ناوچە جیاوازەکان لە جارانی پێشوو زیاتر بوو کە هەمووی ئەمانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە وای کردوە، خەڵکی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی ترسی لە حکوومەت نەمێنێ و بە خەباتی نێوخۆیی لە داهاتوودا هەرەس بە سیاسەتی ناعەداڵەتی و نابەرابەری و سیاسەتی دوگمی کۆماری ئیسلامی بهێنێ. بەمجۆرە ئەگەر ئەم حکوومەتە تەنیا ڕێگای نەجاتی خۆیشی لە قەتڵوعام، زیندانیکردنی دژبەران و ئێعدامی خەڵکی ئێراندا ببینێتەوە، دیسانەوە ئەم حکوومەتە بەم خەڵکە نەترسە ناوێرێ و ناگەڕێتەوە قۆناغی پێش شەهیدکردنی ژینا و ئەو ڕاپەڕینەی لەو سۆنگەیەوە وەڕێ کەوت.

**شەهرام سوبحانی**: بە ڕوانگەیەکی خەسارناسانە، ئایا بزووتنەوەی ژنانی کوردستان یان تەنانەت بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە گشتییەتی خۆیدا توانی ڕاپەڕینی ژینا بکات بە دەرفەت بۆ بەرجەستەکردنەوەی ویژمان و پرسی کورد و بزووتنەوەی ژنانی کورد؟

**د. کوێستان گادانی**: ئەوەی کە ئەم دەرفەتە بۆ پرسی ژنان و پرسی کورد چەندە کەلکی لێ وەرگیراوە، ناتوانین بڵێین کەلکمان لێ وەرنەگرتوە, بەڵام دەمانتوانی زیاتر و باشتر کەلک لەم بزووتنەوە جەماوەرییە وەرگرین. هۆکاری کەمتر کەلکوەرگرتن لەم هەلومەرجەدا دەتوانێ ئەوە بێت کە ئامادەیی تەواوی بۆ نەکرابوو، بەرنامە داڕێژراو نەبوو. چاوەڕواننەکراو بوو. ئەزموونی کار و نیازپاکی و کار و هاوکاریی ئۆپۆزیسیۆن چ لە ئاستی ئێران و چ لە ئاستی کوردستانی غایب بوو. هێندێک بەرژەوەندیی حیزبی و نەتەوەییمان پشتگوێ خست و زیاتر لە بیری بزووتنەوەی هەمە لایەنەی خەڵکی ئێراندا بووین و دەکرێ بڵێین هێندێک بە تەعاروف و بە ئیحتیات هەنگاوەکانمان هەڵدەهێنایەوە تا زەمانێک کە ئێمە بۆ هاودەنگی و یەکڕەنگی و پشتیوانی هەمە لایەنە هەوڵمان دەدا، هێندێک لایەنی دیکە بەرنامەڕێژیی خۆیان کردبوو. هەمووی ئەوانە و زۆر خاڵی دیکە بوونە هۆکاری ئەوەی کەمتر بتوانین لەم دەرفەتە کەلک وەرگرین. بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەسکەوتەکانیشی کەم نەبوون وەک ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و بگرە هاوئاهەنگی ڕیزی حیزب و لایەن



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سیاسییە کوردەکانیش وشیارتر خەتی سیاسی ڕوونتر و ڕێگا و شێوەی هاوکاری خەباتییان بۆ یەکتر شەفافتر و ڕوونتر بوونەوە.

بۆ جارێکی دیکە لە دوای شەڕی کۆبانی ژنی کورد ئەمجارە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نیوی ژنی کورد و خەباتی نەتەوایەتی و یەکسانی هێناوە نێو بەرنامەو پرۆژەی کاری دامودەزگای نێودەوڵەتی. ژنانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرنج و پشتیوانیی ژنانی جیهانیان بۆ هاوخەباتی و یەکسانیخوازی لە کۆمەڵگەدا بۆ لای خۆیان ڕاکێشا. ئەوە کە لە ماوەی دوو مانگدا دوو خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل و ساخارۆف پێشکەش بە دوو ژن کرا کە سیمبولی خەباتی یەکسانی و ئازادی بوون، هەم دەسکەوت و هەم پەیامێکی سیاسیی پڕ مانا بوو بۆ حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**شەهرام سوبحانی**: هەر بەو ڕوانگە خەسار ناسانەیە، شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بۆ بە ئامانج نەگەیشت؟ یان بە تەعبیرێکی دی ئایا ئەو ڕاپەڕینە کۆتایی هاتوە؟

**د. کوێستان گادانی**: پێش ئەوەی باسی بە ئامانجگەیشتن بکەین دەبێ بڵێین ئامانجی ئەم شۆڕشە لە سەرەتاوە چی بوو تا بزانین بە ئامانج گەیشت یان نا. تازە هەر لەسەر وشەی شۆڕش زۆر تێبینی هەیە ئەرێ شۆڕش بوو یان بزووتنەوەیەکی جەماوەری بە مەودا و بەربەرین و بەردەوامێکی زۆر کە هەموو شاهیدی بووین. کە باس لە سەرکەوتن یان شکستی شۆڕش دەکرێ، دەبێ ئامانج و بەرنامەیەکی لە پشت بێت و گرووپێک جا هەرچی ناوی لێ بنێین بەڕێوەبەری ئەم شۆڕش و بزووتنەوەیە وەئەستۆ بگرێ. بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەم بزووتنەوەیە، بزووتنەوەییەکی جەماوەری بوو کە لە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا توانی چەندین پەیامی ببێت و کاریگەریی خۆشی دابنێت. لەم ڕوانگەوە دەتوانین بڵێین کە سەرکەوتوو بووە و ئامانجی خۆی پێکاوە. ئەگەر بڕوانینە بەرنامە و پلانی هەر یەکەیەکەی دامەزراو و ڕێکخراوی سێنفی تا حیزبێکی سیاسی و دامودەزگای دەوڵەتی لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئامانجێکی تایبەتی هەیە و لەم ڕێگەیەدا کار و تێکۆشان دەکات. ئێمە هەموومان دەزانین کە شۆڕشی ژینا تا ڕادەیەکی زۆر خۆرسک و بێ‌ڕێبەر بوو بە بەراورد لەگەڵ شۆڕشەکانی پێشووتر. کەسێکی کاریزما و بەڕێوەبەرێکی تایبەتی نەبوو، تەنانەت بەرنامە و خواستێکی دیاریکراوی لە بوارێکی تایبەتیشدا نەبوو. واتا وەک خۆپیشاندانەکانی دیکە "خواستتەوەر" نەبوو، بەڵکوو تەقینەوەی ناڕازیەتیی پەنگخواردووی چەندین ساڵەی خەڵکی زوڵملێکراوی کوردستان و ئێران بوو کە بەکۆمەڵ و یەکدەنگ ڕووی دا کە دیارە ئەوەش بەداخەوە هەموو شارە گەورەکان و هەموو چین و توێژی کۆمەڵگەی نەگرتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: خوێندنەوە گشتییەکەی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی کۆماری ئیسلامی بۆ پرسی ژنان و مافەکانییان لە ئێرانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**داهاتوو چییە؟ پێتان وانییە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن پتر لەوەی باوەڕیان بەو پرسە هەبێت پتر بۆ بەرژەوەندیی سیاسی و لە پێناو دەسەڵاتخوازیدا سەیری دەکەن؟**

پێش ئەوەی باسی خوێندنەوەی گشتیی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی کۆماری ئیسلامی بکەین، با ئاوڕێکی زۆر کورت لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە. دڵنیام لێرەدا لەگەڵم هاوڕان کە باسی ئۆپۆزیسیۆن دەکەین ڕوومان لە ئۆپۆزیسیۆنێکە لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێن بەداخەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت بە پرشوبڵاوی و لاوازی دەبیندرێت. لێرەدا جێگەی خۆیەتی دووپاتی بکەمەوە کە لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و هاودەنگ دەرفەتێکی زێڕینی وەک شۆڕشی ژینا بۆ دەسکەوتی زیاترمان لە دەست دا. ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران نەیتوانیوە لەسەر چەند خاڵی هاوبەش بە هاوپەیمانێک بگات کە بتوانێ لانیکەم وەک ئاڵتێرناتیڤێک قسەی خەڵکی نێوخۆی ئێران بکات دەتوانین چ چاوەڕوانییەکمان لێی هەبێت. ئۆپۆزیسیۆنێکی دابەش و نارێک کە هەر کەسەی سازی سیاسیی حیزب، ڕێکخراوی خۆی وەک کەسایەتیی لێ دەدا، نەک تەنیا ناتوانین ڕا و بیروبۆچۆنییان لەسەر ژنان بە دروستی بزانین، بەڵکوو زۆر جاری وا هەبوو کە تەنانەت لەسەر خودی کۆماری ئیسلامی تووشی ڕاوبۆچوونی دوگم و پارادۆکس بووە. دیارە هەموو حیزب و پێکهاتەیەک هێندێک دروشمی هەیە کە تا ئێستا بەکردوە جێبەجێ نەکراون. یەکێک لەوان پرسی ژنە. لەم حیزب و ڕێکخراوانەدا، لەگەڵ ئەوەی بەرنامە و تیۆریی باشی هەیە بەڵام تا ئێستا پیادە نەکراون. لە کات و ساتی وەک شۆڕشی ژینا یان هەلومەرجی تایبەتدا ئەم دروشمانە زیاتر لە وتوویژ و لێدوانەکاندا دەردەکەون. هەموو هەوڵ دەدەن کە لایەنێک لە لایەنێکی دیکە باشتر سەرنجی جێگە و پێگەی ژنان باس بکەن و ڕێزی لێ بگرن. بەڵام تا ئێستا هیچ حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتیک بە گوێرەی پێویست نەیانتوانیوە لە مەیدانی کردەوەدا وڵامدەری چالاکی، تێکۆشان، جێگە و پێگەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بن. تا ئێستاش خەبات و ڕۆڵی ڕێبەری و بەڕێوەبەریمان هەر زۆرتر ڕوخساری پیاوانەی پێوە دیارە، لەگەڵ ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆی هێندێک مێکانیزم و هەبوونی ڕێکخراوەکانی ژنان بەتایبەتی لە ئاستی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان پێشکەوتنێک لەم بوارەدا دەبیندرێت. بەڵام تەنیا دەستپێکە جێ نەکەوتووە. ئەوەی چاوەڕوان دەکرا لە حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان خوێندنەوەی ڕۆڵی ژنان و دیاربوونییان بوو لە ئاستی کاری دیپلۆماسی کە وەک بالوێزێک کار بۆ شۆڕشی ژینا بکەن و دەنگی ئەوان بن لە دەرەوەی وڵات. لەگەڵ ئەوەی ژنان وەک تاک بۆخۆیان ئەوەندەی لە دەستییان هات کاریان کرد بەڵام لە ئاستی بەڕێوبەریی حیزبی و ڕێکخراوەییدا بەداخەوە دەبێ بڵێین کە جێگەی ژنان خاڵی بوو، من ئەوە دەگەڕێنمەوە بۆ ڕووتینی کاری چەند ساڵەی حیزبە کوردییەکان کە زیاتر پیاوان لە ناوەندی بڕیاردان و وتەبێژی دابوون و هاوکات هەستیاربوونی دۆخەکە کە بەهۆی کەمی ژنان لە ناوەندی بڕیاردانندا لە ڕابردوودا، دوو دڵی، شک و گومان لە توانایی ژنان لەم بوارەوە لەلایەن ڕێبەری و بەڕێوەبەریدا هەبووە. لەلایەکی دیکەش کاتەکان و دۆخەکان ئەوەندە ناڕوونن کە حاڵەتێکی کێبەرکێی دێتە ئاراوە کە هەر تاک و هەر حیزبێک پێیوایە ئێستا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کاتی دیاربوون و لەسەر خەت بوونە و ئەگەر ئەو هەلە نەقۆزنەوە ئەوە خۆیان دیار نابن و ئەم دەرفەتە لە دەست دەچێت و ڕابردووی کار و چالاکییان نادیار دەبێت. کەواتە دەتوانین بڵێین نە لە ئاستی حیزب و ڕێکخراوەییدا و نە لە ئاستی تاکەکەسییدا هەبوونی ژنان لە ناوەندی بەڕێوبەریی و ڕێبەری نەبووتە کولتوورێکی جێکەوتوو و هەمەپەسەند و زیاتر لە چوارچێوەی دروشمی بریقەدار و فۆرمالیتەدا ماوەتەوە. لەم بارەوە ژنانی ئێرانی بەهۆی پشتیوانی مەیدانی کە لە کۆمەڵگەی ئێراندا لێیان کرا بە باشترین شێوە دەرکەوتن و بەشێک لە ئێرانییەکان ئەم هەلەیان باش قۆستەوە و بە پێشخستنی ئەم ژنانە دەکرێ بڵێین کە شۆڕشی ژینای کوردییان زیاتر بە ئێرانی کرد کە دەبێ بڵێین ئێمەی کورد بەهۆی هێندێک بەربەستی تاکی، حیزبی و بێئەزموونی و بێپشتیوانیی مەیدانی لەم دەرفەتە بەباشی کەڵکمان لێ وەرنەگرت. زیاتر لەسەر ڕەوتی نیشتمانپەروەری ئیحساسی و زیاتر لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبیدا خۆمان قەتیس هێشتەوە و بەرخوردمان بەم قەزییەیە، واتە شۆڕشی ژینا کرد.

**شەهرام سوبحانی**: کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی تۆتالیتەر و سەرکوتگەری مافەکانی خەڵک بۆچی ئەوەندە لە پرسی ژن، ژیان، ئازادی تۆقیوە؟ تا ئەو ڕادەیەی ڕیسوایی ئەوە بکرێت کە دەستبەسەر لەوحی ڕێزلێنانەکەی خەڵاتی ساخارۆڤدا بگرێ؟

**د. کوێستان گادانی**: ئەم ترس و خۆفەی ڕێژیم دەتوانێ لە چەندین گۆشەوە باسی لێ بکرێت. یەکەم، ڕێژیم زۆر لە ئێمە باشتر کە لە دەرەوەی ئێران دەژین کۆمەڵگەی خۆی دەناسێ بەو مانایە کە دەزانێ زۆر درەنگ بووە و ڕیشەی کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی تەنیا بەهۆی سەرکوت و زەبر و زۆری لە دەستدایە کە ئەوە لە درێژخایەندا هەر دۆڕانی بە دوایەوەیە. کەواتە جموجۆڵ و چالاکبوونی خەڵک بە گشتی و ژنان و لاوان لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەتایبەتی هەست پێ کردوە و دەزانێ کە خەڵک وەحشت و ترسی لەم دەوڵەتە لەرزۆکە نەماوە یان باشتر بڵێین کە وەگیان هاتوون و مەرگ تەرجیح دەدەن بەسەر ئەم شێوە ژیانە. دوویەم، ئەوەی کە خەڵکی نێوخۆی ئێران و نەسڵی ئەمڕۆ لەگەڵ دنیای دەرەوە لە پێوەندی نەک ڕۆژانە بەڵکوو لە کات و ساتدا پێکەوە دەژین و تێکنۆلۆژی وای کردوە کە هیچ شتێک ناتوانێ تا سەر شاراوە بێت. سێیەم، لەم چەند ساڵانەی دواییدا ژنان چالاکیی زیاتر و بەشداری زیاتریان لەنێوخۆی وڵات هەبووە کە ئەمە هەم لە بواری کولتووری و لە هێندێک ناوچەی ئێران لە بواری مەزهەبی تابۆ بووە و ئەگەر ئەمە لە ئێران هەروا بەردەوام بێت ئەم کۆمارە ئیسلامییەی کە دەیەوێ ئیمپراتۆریی شیعە لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دابمەزرێنێت و ڕێبەری بکات ناتوانێ وەڵامدەری بەرنامە و پیلانەکانی بێت نەک لەنێوخۆی وڵات بەڵکوو لە دەرەوەی ئێرانیش. بۆیە، ئەگەر جاران پیاوان ڕێبەر و پێشەنگی خۆپێشاندانەکانی سەر شەقام بوون و چالاکی سیاسی و جەنگاوەر دادەنران، تا ڕادەیەک لە باری کولتووری و مەزهەبی ئاسایی بوو و بگرە کوشتن و ئێعدامیش بۆ پیاوان زیاتر جێگای پەسەند و عادی بوو، بەڵام ئێستا کە ژنان شان بە شانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پیاوان و بگرە زیاتر لە پێشڕەوەی خەبات دژی ئەم ڕێژیمەن. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدات کە ئەم ڕۆل و نەقشەی ژنان کەمڕەنگتر بکاتەوە و نەهێڵێ دەنگ و ڕەنگییان بە هیچ کوێ بگات و لەوەش دەترسێ کە ئەم خەباتە، پەسن و دەنگدانەوەکەی ببێتە پاڵنەرێکی زیاتری چالاکیی ژنانی نێوخۆ کە بەشداریی پتر و کاریگەرتریان لە کۆمەڵگەدا هەبێت. کەواتە ڕێژیم لەم ڕوانگەیەوە هەوڵ دەدات کە خەبات و دەنگوڕەنگی ژنانی چالاک بنەبڕ بکات یان ئەوەی ڕێگریی، ترس و تۆقاندن بەم کردەوانەی بخاتە نێو ڕیزەکانی ژنان کە بە خۆشییەوە لەم بارەوە تا ئێستا هیچ دەسکەوتێکی نەبووە.

**شەهرام سوبحانی**: باسی خەڵاتەکەی ساخارۆڤ و هەڵوێستی یەکیەتیی ئورووپا کرا. ئێوە چۆن دەڕوانن پاڵپشتیی کۆمەڵگەی جیهانی وەک فاکتەرێک لە سەرکەوتنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران؟

**د. کوێستان گادانی**: بەداخەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەپێی مێژوو زۆربەی کات هەر چاوی لە پشتیوانی و دەستێوەردانی کۆمەلگەی جیهانی بووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی. دیارە ئەم چاوەڕوانییە سنووری خۆی هەیە، بەو مانایە کە هێندێک چاوەڕوانی و بە دەستهێنانی دەسکەوتی بەرچاو بەهۆی عورف و پرۆتۆکۆل و هاوپەیمانی کاری دیپلۆماسی و دانووستانی نێوان دەوڵەتان بەپشتیوانی جیهانی و دەوڵەتانی زلهێز گرێ دراوە و نکۆڵی لەم بەشە ناکرێ. بەڵام هۆی ئەساسیی ئەم چاوەڕوانییانە لەڕاستیدا لە نەبوونی یەکدەنگی، یەک هێزی و یەکگرتوویی خۆمانە کە وەک کۆمەڵگەیەک کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەژین بە هەموو نەتەوەکانەوە، لەسەر بەرژەوەندی و خاڵە هاوبەشەکان زۆر لێک دوورین کە بەداخەوە بەهۆی مێژوویەکی پڕ لەژێر دەستی و دابەش بوونمان کورد یەکەم پشکی پێ براوە. لە کاتی ئاوادا هەموو هیوا و ئۆمێدمان دەبێتە چاوەڕوانی و پشتیوانیی کۆمەڵگەی جیهانی بەبێ ئەوی بزانین کە ئەوانیش بەرژەوەندیی وڵاتانی خۆیان لەبەر چاوە و زۆر بەوردی هەڵسەنگاندنی بابەتەکان دەکەن و لە هەر کات و ساتێکدا بەرژەوەندی بۆ ئەوان و هاوپەیمانییەکانیان هەبوو لەسەر خەت دەبن دەنا لە هەمووی ئەم پرۆسانەدا تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی پرۆتۆکۆلەکانی مافی مرۆڤ ئیدانەی هەڵسوکەوتی وڵاتی وەک ئێران دەکەن.

لە شۆڕشی ژیناشدا وێڕای لەسەر شەقامبوونی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و هاودەردەی و پیشتوانی هەزاران کەسی لەسەر شەقامەکانی وڵاتانی ئورووپا و دەرەوەی وڵات بەگشتی دیسانەوە هەر لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ ئیدانەی ئەم هەڵسوکەوتانەی ئێرانییان لە بەرامبەر شۆڕشی ژینادا کرد. کۆمەڵگەی جیهانی دەیتوانی زیاتر لە پشتیوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا دیار بکەوێ و ڕۆڵی هەبێت. میدیای جیهانی ڕۆلی باشی گێڕا، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە پێوەندییەکانییاندا چ وەک کەسایەتی، چ بە گرووپ و چ وەک حیزب و ڕێکخراوەکان دەنگی خەڵکی نێوخۆیان بە دامودەزگای نێودەوڵەتی ڕاگەیاند، بەڵام دیسانەوە کۆمەڵگەی جیهانی بە پارێزەوە و لە چوارچێوەی پێوەندی و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بەرخوردیان بەم قەزییە کرد. ڕاستە خەڵاتی ئاشتی نۆبێل و خەڵاتی ساخارۆف درا بە دوو ژن لە نێوخۆی ئێران، بەڵام هەر لە چوارچێوەی مافی یەکسانی و ڕەگەزیدا بابەتەکەیان دیت، واتە یەکەم چەمکی دروشمی ژن، ژیان، ئازادیان بەرجەستە کردوە نەک ژیانی خەڵک و ئازادیی خەڵک لە نێوخۆی ئێران، کە من لەم هەلومەرجەدا ئەم خوێندنەوەیەش بە کەم نابینم وەک دەستکەوتێکی شۆڕشی ژینا چاوی لێ دەکەم. بەڵام کۆمەڵگەی جیهانی دەیتوانی لەوە زیاتر پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا بکات.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر کۆتاییەک بۆ شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بنووسرێتەوە، ئێوە چ کۆتاییەک پێشبینی دەکەن و ئەو کۆتاییە چۆن بەدی دێت؟

**د. کوێستان گادانی**: من زۆر لەگەڵ وشەی کۆتایی شۆڕشی ژینا هاوڕا نیم و کۆتاییەک بۆ ئەم شۆڕشە نابینم. بەڵکوو لە جۆری خۆیدا وەک سەرەتای شۆڕشێکی ئەمڕۆیی لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەیبینم کە ڕەنگبێ لە فۆرم و شێوە و شوێن بە جۆرێکی دیکە سەر هەڵداتەوە. ڕاستە کە ئێستا خۆپێشاندانی سەر شەقام نابینین بەڵام خۆ ڕۆڵی بنەماڵەی شەهیدانی ژینا خۆی وەک خەباتێک لەم چوارچێوە پڕ لە ترس و خۆفەی کە بۆ خەڵکی کوردستان خوڵقێنراوە، کاریگەریی لەسەر خۆپیشاندانەکان کەمتر نییە. لە ڕوانگەی منەوە نە شۆڕشی ژینا یەکەم شۆڕشی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و نە کۆتا شۆڕشی نێوخۆش دەبێت، بەڵام دەتوانین بڵێین کە شێوەیەکی نوێ لە شۆڕش بوو کە خەڵکی کوردستان لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا ئەزموونی کرد و کاریگەریی و دەستکەوتی تایبەت بەخۆیەوە هەبووە لەگەڵ ئەوەیدا کە دەیتوانی دەستکەوتی زیاتری هەبێت و خەڵکی ئێران بە گشتی و کورد بەتایبەتی ئەم دەرفەتەی زیاتر قۆستبویانەوە بۆ نیزیک بوونەوە لە ئامانجەکانی خۆی، بەڵام ئەم شۆڕشە کۆتایی پێ نەهاتووە و نایە بەڵکوو بە فۆڕمێکی دیکە سەر هەڵدەداتەوە کە هیوادارم ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەگشتیی و کورد بەتایبەتی بە ئەزموونوەرگرتن لە شۆڕشی ژینا بتوانێ خۆی تەیار بکاتەوە و لە دەرفەتی داهاتوودا زیاتر لەم بزووتنەوانەی نێوخۆ بە قازانجی دەستەبەرکردنی مافی ڕەوای گەلەکەمان کەلکی لێ وەربگرێت.

١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## توندوتیژیی سیستماتیک و ڕووبەڕووبوونەوەی



**(لە پەراوێزی جێبەجێکردنی سزای ٧٤ قامچی لەسەر ڕۆیا حیشمەتی)**

**شەونم هەمزەیی**

جێبەجێکردنی سزای لێدانی ٧٤ زەربەی قامچیی ڕۆیا حیشمەتی لە لقی یەکی خانەی دادی ناوچەی ٧ی تاران کە بەهاری ئەمساڵ لە لایەن دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە هۆی بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی بێ حیجابی زۆرەملێ لە جووتسایدی کشاوەرزی تاران سزای ساڵێک بەندکرانی هەڵپەسێردراو، لێدانی ٧٤ زەربەی قامچی و سێ ساڵ قەدەغەبوونی چوونەدەرەوە لەوڵاتی بەسەردا سەپێندرا، بۆ جارێکی دیکە پرسی توندوتیژیی دژی ژنانی بە ڕۆژەڤ کردەوە و لەملا و ئەولا بە تایبەت سۆشیال میدیادا باسی زۆری لێ کەوتەوە.

هەروەک هەمووومان ئاگادارین پێگەی ژنان لە کۆمەڵگە جیاوازە مرۆییەکاندا بە گشتی خوارتر و کەمتر لە پێگەی پیاوانە و هەڵاواردنی ڕەگەزی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بۆ ژنان و پارێزەرانی مافی ئەم ڕەگەزە بابەتێکی جێی نیگەرانییە. بەڵام



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەر ئەم هەڵاواردنانەش ڕێژەییە و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. توندوتیژییەکان زۆرن بەڵام ئەوەی من زیاتره مەبەستمە تیشکی بخەمە سەر توندوتیژیی سیستماتیکە.

توندوتیژیی سیستماتیک جۆرێک لە توندوتیژییە کە بکەری ئەم جۆرە لە توندوتیژی لە، سیستم، پێکهاتە یان ناوەندێکی دەسەڵاتە و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش یەک لەو وڵاتانەیە کە بە شێوەی سیستماتیک توندوتیژی دەنوێنێ. بۆ زیاتر نواندنی ئەم هەڵاواردنە سیستماتیکە —چونکە ئاگامەندانە بەڕێوە دەچێ- هەر قەناعەت دێنین بە ئاماژەدان بە بەشێکی بەرچاو لە پێشێلکردنی مافی ژنان لەچاو پیاوان لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییدا، کە یاسایەکی پێشمۆدێرنە و لەگەڵ سەرەکیترین بنەماکانی مافە مرۆییەکان وەک ئەسڵی بەرامبەری و یەکسانیی مرۆڤەکان لە دژایەتییدایە.

مافە سزاییەکان کە بریتین لە: تەمەنی بەرپرسایەتیی سزایی (بۆ کچان/ژنان ٩ ساڵ)، دییە (نیوەی پیاوان)، پێگەی شایەدیی ژنان (لێرەشدا نیوەی پیاوانە)، حیجابی زۆرەملی (کە بۆ ژنان هەموو لەش بێجگە لە دەموچاو و دەست و پێ دەگرێتەوە و بەڕێوەنەبردنی سزای ٧٤ قامچیی لەسەرە) و...

مافە خێزانییەکان: پێکهێنانی ژیانی هاوبەش (بۆ کچان لە ٩ ساڵی کۆچی مانگی دەست پێ دەکا کە بەرامبەرە لەگەڵ ٨ ساڵ و ٩ مانگی هەتاوی)، ئازادی لە بڕیاری پێکهێنانی ژیانی هاوبەش (بەندە بە ڕەزایەتی باوک و سەرپەرستەوە)، فرەژنی، واجببوونی فەرمانەکانی پیاو لەسەر ژن (لە بەرامبەر پێدانی مارەیی و دابینکردنی نەفەقەدا)، مافی چوونە دەرەوە لە وڵات (بەبێ ڕەزایەتی پیاو ناکرێ)، مافی کارکردن (هەر بەندە بە ویستی پیاوەوە)، مافی جیابوونەوە (لە چەند حاڵەتێکی تایبەتدا نەبێ ئەم مافە لەدەست پیاودایە)، مافی سەرپەرستیی منداڵ (سەرپەرستیی منداڵ لە ئەگەری جیا بوونەوەی ژن و مێرد دەدرێ بە پیاو)، میرات (نیوەی پیاوان داندراوە).

بێجگە لەمانەی کە باس کرا هەندێک لە مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەیە کە تەنیا لە پاوانی پیاواندایە و ژنان بۆیان نییە لەو بەشانەدا هیچ چالاکییەکیان هەبێ. ...

دەسەڵات بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ژنان دەچەوسێنێتەوە، بەم شێوەیە وەک دەبینین و لە سەرتریشەوە گوترا، ژنان لە کۆمەڵگەی ئێراندا سیستماتیک دەچەوسێنرێنەوە و وەک کاڵایەک لە ئیختیاری چێژ و حەسانەوەی پیاواندان و، بەتەواوی یاسا لە پشت پیاو و لە دژایەتی لەگەڵ ژندایە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پرسی توندوتیژیی سیستماتیک، پرسێکی تازە نییە، بەڵام بە کوژرانی ژینا ئەمینی کچە کوردی خەڵکی شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە بیانووی نەگونجاوی حیجابەکەی لەلایەن پۆلیسی ڕەوشتی کۆماری ئیسلامی و بەهۆی ئەشکەنجە و لێدان کەوتە کۆماوە و دوای سێ ڕۆژ، گیانی لەدەست دا، زیاتر بۆتە پرسی ڕۆژ. لێکەوتەکانی کوشتنی حکوومەتی ژینا ئەمینی گەلێ پرس و بابەتی گرینگی بە شوێن خۆیدا هێنا و بوو بە شۆڕشێکی سەرتاسەری و بابەتێکی جیهانی. لەگەڵ ئەوەی شۆڕشی ژینا گەلێ ڕەهەندی جیاوازیی هەبوو، بەڵام پرسی حیجاب و توندوتیژیی دژی ژنان بە بیانووی حیجاب زیاتر بوو بە پرسێکی جیهانی و دەنگدانەوەی جیهانیی لێ کەوتەوە.

بابەتی گرینگی ئەم دیوی شۆڕشەکە، دژایەتیی لەگەڵ یاسا داسەپاوەکانی کۆماری ئیسلامی بوو. هەر زۆر زوو بینیمان کە ژنان بە فڕێدانی سەرپۆشەکانیان دروشمی ژن، ژیان، ئازادییان وتەوە و خۆڕاگرانە لە بەرامبەر هێزە سەرکوتەکانی ئەو ڕێژیمە وەستانەوە. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ زیاتر سەپاندنی یاسا زۆرەملێیەکانی و ئەوەی تواناى نەمابوو بە بڕیار و یاسا ڕووبەڕووی خەڵک ببێتەوە، هێزە سەرکوتەکانی لەم پێوەندییەدا زیاتر بکا.

ڕێژیمی ئێران لە چوارچێوەی گەلاڵەیەکی نوێدا کە لەژێر ناوی پاراستنی کولتووری عیفاف و حیجاب ئامادە کراوە، باسی لەوە کردوە کە ڕەچاونەکردنی حیجاب لەلایەن ئەو کارمەندە ژنانەوە کە لە ناوەندە ئیدارییەکاندا کار دەکەن، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی مووچەکانیان و لە ئەگەری بەردەوامبووندا، جیا لە بڕینی مووچە، دەبێتە هۆی دەرکرانیشیان لە کارەکانیان. هەر لەم پێوەندییەدا پارێزگاری قوم بە دەرکردنی بەخشنامەیەک داوای لە ژنان کردووە کە بە چارشێو و بە بێ جوانکاری بچنە سەر کارەکانیان. هەروەها ئەحمەد عەلەمولهودا، نوێنەری خامنەیی لە خوراسانی ڕەزەوی، ڕەچاونەکردنی حیجابی بە تاوانی سیاسی ناو بردووە و تەنانەت چەندین ناوەند و دووکانیش بە هۆی ڕەچاو نەکردنی حیجابەوە بە یەکجاری داخراون. هەروەها لە لایکی دیکەوە "حەسەن بەهرام نیا" پارێزگاری ئیلام گوتی: "دەبێ لە بواری عیفاف و حیجابەوە فەرهەنگسازی بکرێت و دەنگ و ڕەنگی ڕێژیم لەو پەیوەندییەدا ڕۆڵی بنەڕەتی و کاریگەر بگێڕێت. هەروەها حیجابی بە پارێزەری شەرەف و نامووس ناوبرد و وتی هەموو ژنان دەبێ حیجاب بپۆشن. هەروەها ئەرکی ئێمەیە وەکوو بەڕێوەبەرانی دەسەڵاتی ئیسلامی بە پەرۆشەوە گرینگی بەو بایەخە بدەین."

بەڵام وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ دا، لایەنی گرینگ و جێی باس، هەڵوێست و وەستانەوە دژی یاسا زۆرەملێکانی ئەم سیستەمە بوو. جیا لە شۆڕشی ژینا کە لە نیشانەکانی لە دژایەتی لەگەڵ ئەم سیستەمە باشتر خۆیان نیشان دا و کاریگەرییەکانی بە سەر کۆمەڵگەدا دەرکەوت. جێی خۆیەتی نموونەی چەند ژنێکی بوێر باس بکرێ کە بوونە بابەتی ڕۆژ و کاردانەوەی زۆریان بە دوای خۆیاندا هێنا، یەک لەوان نازیلا مەعرووفیان ڕۆژنامەنووسی کوردی خەڵکی سەقز و دانیشتووی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تاران کە بە بڕیاری دادسەرای ئیرشاد (ئەمنییەتی ئەخلاقی) بە تۆمەتی "پەرەدان بە گرینگینەدان بە ڕێوشوێنی ئایینی"، دەسبەسەر کرا و بە گوتەی ئەوان جلوبەرگی نازیلا لە شوێنی گشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە هۆکارەکانی دەسبەسەرکرانی بووە. بەڵام نازیلا چوار جار دوای ئازادیی کاتی، وێنەی خۆی بێ لەبەرچاوگرتنی حیجابی زۆرەملێ و بەرزکردنەوەی دەستی بە مانای سەرکەوتن"، بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند ئەگەر چەند جاری دیکەش دەسبەسەر بکرێمەوە ناچمە ژێر باری یاسا داسەپاوەکانەوە. هەروەها نێرگس محەممەدی ژنە چالاکوانێکی مافی مرۆڤ و زیندانیی سیاسی کە ماوەی چەند ساڵە لە چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدایە و ئامادە نەبوو لە کاتی دادگاییکردنیدا لە بەردەم دادوەر و لە دادگا حیجاب بپۆشێ.

تازەترین نموونەی بەرەنگاربوونەوەی ئەو یاسا زۆرەملێ داسەپاوە، ڕۆیا حیشمەتییە کە وەک خۆی باسی کردووە، فەرمانبەری لقی جێبەجێکرانی سزاکان بەهۆی لابردنی لەچکە، هەڕەشەیان لێکردووە کە توندتر قامچی لێبدرێت و داوایان لێکردووە حیجابەکەی بپۆشێ، بەڵام ئەو کە دژی حیجابی زۆرەملێیە، داواکەی ڕەت کردووەتەوە و دەڵێ " قامچییەکانم نەدەبژارد، لەژێر لێو دەمخوێند، بەناوی ژن بەناوی ئازادی، جلی کۆیلەیەتی دڕا، شەوی تاری ئێمە بەسەر دێت، هەموو قامچییەکان دەبن بە تەور".

لە کۆتاییدا خاڵێکی گرینگ کە پێویستە لەم پێوەندییەدا ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە، پێویستە کولتووری توندوتیژی بەتوندی مەحکووم بکرێ. کۆمەڵگەی تووڕە ئاکاری توندوتیژانە لە خۆی نیشان دەدا، پێویستە لەسەر تاک بە تاکی ئێمە لە پێشدا لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین و کولتووری خۆمان لە توندوتیژی بسڕینەوە، بۆ پێشگرتن بەوەی کە وردە وردە ئەگەری ئەوەی هەیە ئاسایی ببێتەوە و لەگەڵ هەواڵێک هیچ جیاوازییەکی نەمێنێ.

١٧ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# تەقینەوەکانی کرمان و ماهییەتی بەتاڵی کۆماری ئیسلامی




**سمایل شەرەفی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەرووبەری خۆی پڕ کردوە لە دوژمنی فەڕزی و واقعی و، "دوژمن" یەکێک لە کۆدڕەمزەکانی ڕێبەری ئەم ڕێژیمە بۆ سەرکوتکاری و بەگژداچوونەوەی جیابیران و خەڵکی ناڕازی لەم نیزامەیە، ئێستا لە ڕیزبەندیی دوژمنەکانیشیدا تووشی گرفت بووە. هەر لە یەکەم ساتەکانی تەقینەوەکانی ڕێوڕەسمیساڵمەرگی قاسمی سولەیمانی لە کرماندا، لە فەرماندەی سپای پاسدرانەوە بگرە تا سەرۆککۆمار و خودی جەنابی خامنەیی، گوتیان هیچ گومانی تێدا نیە کە کاری ئیسرائیل و ئەمریکایە. کەچی ڕۆژێک دواتر، داعش تەقینەوەکانی وەئەستۆ گرت و ڕایگەیاند کە دوو خۆکوژی جیهادی کارەکەیان کردوە. وەک بڵێی کاربەدەستانی ڕێژیم زۆریان پێ ناخۆش بێت کە داعش تەقینەوەکانی گرتبێتە ئەستۆ، دەستبەجێ وەزارەتی ئیتڵاعات و سپای پاسداران لە دوو ڕاگەیاندراوی جیادا، گوتیانەوە کە "سرویسە سیخوڕییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بە بەکارهێنانی داعش" تەقینەوەکانیان ئەنجام داوە.

دوو ڕۆژ دواتر کە هێندێک مۆرەی دیکەی وەک؛ کچی قاسمی سولەیمانی، عەلەمولهودای نوێنەری خامنەیی لە مەشهەد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حەسەن خومەینی نەوەی خومەینی و زۆرێک لە جەنابانی دیکە لەو بارەوە قسەیان کرد، گومانی ئەوەیکە تەقینەوەکان کاری خودی دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بێت، زیاتر پەرەی سەند.

کچی قاسمی سولەیمانی غایببوونی خۆی لە ڕێوڕەسمەکە خستە ئەستۆی باوکی و گوتی کە "حاج قاسم" هاتۆتە خەوی و پێی گوتووە "پێویست ناکات ئەمساڵ بێیە سەر قەبری من"! نەوەی خومەینی گوتی – یان وا باشتروایە بڵێین پێیان ڕاسپاردبوو بڵێ– کە ئەو خوێنانەی لە کرمان ڕژان، دەبنە هۆی ئاسایش و ئەمنیەتی وڵات و یەکگرتوویی لەنێو کۆمەڵگەدا زیاتر دەکەن!! دواتر خودی میدیاکانی ڕێژیم بڵاویان کردوە کە زۆربەی ئەوانەی لە ئاکامی تەقینەوەکانی کرماندا کوژراون، منداڵە مەدرەسەیین و بەبێ ئەوەی باوک و دایکیان ئاگادار کرابێتنەوە لە قوتابخانەوە بۆ بەشداریی ڕێورەسمەکە هێندراون.

کۆماری ئیسلامی ئێران کە ٤٤ ساڵە بە دوژمنسازی، هەوڵی ئەوەیە تاوانی هەموو شکست و بێتواناییەکی خۆی لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری، سیاسی و ئەمنیەتی بخاتە ئەستۆی یەکێک لەو دوژمنانەی کە خۆی بۆ وەها ڕۆژێکی ساز کردوون، لەمەیاندا بەتەواوەتی تێدا ماوەتەوە. خەڵک چیدیکە باوەڕ بە درۆی کاربەدەستانی ڕێژیم ناکەن و بۆیان دەرکەوتوە کە ئەم دەسەڵاتە زۆر لەوە جینایەتکارترە کە گیان و ماڵی خەڵکی بۆ گرینگ بێت. لە ڕەوتی خستنەخوارەوەی هەواپەیما ئۆکراینییەکەدا بۆ داپۆشینی بێتواناییەکانی خۆی بەرانبەر بەو دوژمنانەی کە ٤٤ ساڵە "مرگ بر"یان بۆ دەنێرێ، دەرکەوت کە ئەم ڕێژیمە چەندە بەلایەوە ئاسانە بۆ خۆدزینەوە لە بێتوانایی لە بەجێگەیاندنی درووشمی "انتقام سخت" و بەلارێدابردنی بیروڕای خەڵک، ١٧٠ کەس لە خەڵکی وڵات بکاتە قوربانی. هەروەها لە ڕوتی شۆڕشی ژینادا هەموو لایەک دیتیان کە ژوورە پیلانگێڕییەکانی سپا و ناوەندە ئەمنییەتییەکان چۆن بە کۆدی "تجزیەطلبی" و تاوانبارکردنی شۆڕشگێڕانی سەر شەقامەکان بە دەستوپێوەندی "استکبار جهانی"، شۆڕشی هێمنانەی خەڵکی ئێران و کوردستانیان خەڵتانی خوێن کرد.
چڕبوونەوەی بیروڕای گشتیی خەڵک لەسەر پەرەسەندنی ئەگەری ئەوەیکە تەقینەوەکان سیناریوی خودی ڕێژیم بن و هەروەها ڕەخنەی بەشێک لە چالاکانی سیاسیی جیابیر لە نێوخۆی وڵات لەسەر بۆشایی ئەمنیەتیی لە وڵات، کاربەدەستانی ڕێژیمی ناچار بە پاساوهێنانەوە و ژێستی بەرگریکارانە کرد. بۆیە ڕۆژێک دوای کۆبوونەوەی تایبەتی "شورای ئەمنیەتی میللی"ی ڕێژیم لە سەر تەقینەوەکانی کرمان، لێدوانی کاربەدەستانی سیاسی و ئەمنیەتی کەوتە فازێکی دیکەوە. ناوەندە ئەمنیەتییەکان کە وەزیفەیان لەسەر پاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتیان لە مێژە لەژێر عەلامەتی پرسیاردایە، بە خۆهەڵکیشان و درۆکردن دەیانهەوێ وا بنوێنن کە ئەوەی لە کرمان ڕووی داوە، بەشێکی چووکە لە پیلانێکی گەورەتر کە توانیویانە پووچەڵی بکەنەوە. لەم پێوەندییەدا ڕێکخراوی قەزایی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە کرمان ڕایگەیاند؛ دوژمن پلانی بۆ تەقاندنەوەی ٦٤ بۆمب لە سەرانسەری وڵاتدا هەبووە کە پوچەڵ کراونەتەوە و بەرێوەبەرانیان دەستبەسەر کراون.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە لایەکی دیکەوە وەزارەتی ئیتلاعات ڕایگەیاند کە ئەوانەی تەقینەوەکەی کرمانیان بەڕێوە بردووە لە شەش پارێزگای ئێرانەوە ساپۆرت و هاوکاری کراون و ١١ کەس لە هاوکارەکانیان دەستبەسەر کراون.

ئەم لێدوان و فڕوفیشاڵانەی کاربەدەستە دەوڵەتی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم کە بەرهەمی جۆری مودیرییەتی تەقینەوەکانی کرمان لە لایەن شورای ئەمنیەتی میللییەوەیە، بەشێکی بۆ پاساوهێنانەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنیەتییەیە کە لە کرماندا بەڕوونی خۆی دەرخست و بەشێکیشی بۆ ترساندنی خەڵک لە هەڕەشەیەکی خەیاڵییە کە گوایا ئەگەر هێزە ئەمنییەتییەکان نەتوانن کۆنترۆڵی بکەن، زیانی بۆ خەڵک و وڵات دەبێت.

گومانی تێدا نییە کە تەنانەت خودی کاربەدەستانی ڕێژیم و ناوەندە باڵا و بڕیاربەدەستەکانی وەک شورای ئەمنیەتی میللی کە ڕاستەوخۆ لە لایەن خامنەییەوە چاودێری دەکرێ، تێگەیشتوون کە خەڵک هەستی بەم سیناریۆسازییانە کردوە و، دەشزانن کە خەڵک گاڵتەیان بە ئیدیعای "انتقام سخت"ی کاربەدەستانی ڕێژیم دێت. بۆیە هەم شوڕای ئەمنیەتی میللی و هەم بەیتی عەلی خامنەیی و بەگشتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئیدیعای "انتقام سخت" نەک لەسەر دوژمنانی جۆراوجۆری سازکراویان، لەسەر خەڵکی وڵات هەر جارەو بەجۆرێک تاقی دەکەنەوە، لە بیرو زەینی خەڵکدا دەسەڵاتێکی ڕەشی بەتاڵ لە ماهییەتی ئینسانییە.

١٨ی بەفرانباری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# قوتابی لە هێڵی پێشەوەی شۆڕشی ژینادا



**ناسر ساڵحی ئەسڵ**

لە سەردەمی شۆڕشی زانیاریدا قوتابی وەک نەوەی نوێی گەلانی ئێران و کوردستان، ڕۆژبەڕۆژ لە بنەماکانی فیکری چەقبەستووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلاشمی نەک هەر دوور کەوتووتەوە و لێ تێپەڕیوە، بەڵکوو هاوڕاش نییە. چونکە ئەو نەوەیە کە ئیستا قوتابی یا خوێندکارە کە چاوی هەڵێناوە، دنیایەکی دیجیتالی دیتوە و ئینتێرنێت و ماهوارە و موبایل بۆ ئەو بابەتێکی ڕۆژانە بووە و لەگەڵی گەورە بووە. هەربۆیە نەوەی نوێ خۆی لە دنیایەک زانیارییدا دیتووتەوە کە بەهیچ شێوەیەک هاوشێوەی ئەوە نییە کە ڕێژیمی دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی بۆ دەکا و هەوڵ دەدا بە زۆرەملی بەسەر نەوەی نوێدا بیسەپێنیت.

ئەگەر لە دەیەی شەستی هەتاویدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەبۆنەی جۆراوجۆرەوە قوتابیانی قوتابخانەکانی ئێران و کوردستانی بە زۆرەملی ڕاکێشی سەر شەقامی دەکرد و بە مەبەستی بەلاڕێبردنی بیر و هزری قوتابیان و بە دروشم گەلێکی بێ مانا و شەڕخوازانە بیروڕای گەلانی ئێران و گەلانی چەوساوەی جیهانی پێی ڕەنگرێژ دەکرد، بەڵام لە ئیستادا قوتابی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەوەی نوێ تەواوییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و ڕەتی دەکاتەوە و خوازیاری ڕووخانیەتی. ئەزموونی چوار دەیە لە دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئیران و کوردستان پیشانی داوە کە زۆربەی بەرنامە، پلان و سەرچاوەی کتێبە دەرسییەکانی لەگەڵ زاتی فیربوون و بارهێنانی قوتابی، نامۆ و ناتەبان و ئەو بابەت و نێوەرۆکانە ناتوانن بۆ درێژەدان بە خوێندن قوتابیان دڵخۆش یان هاندەرێکی گونجاو بێت. هەربۆیە ڕادە و ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن بەهۆی نەبوونی پەروەردەی سالم، شوێنی پێویست بۆ خوێندن، بەئەمنیەتیکردن و پادگانیکردنی قوتابخانەکان، بوونی دیاردە دزێوەکانی وەک ماددەی هۆشبەر لە قوتابخانەکان، ڕادەی وازهێنان لە خوێندن لە ئێران و بەتایبەتی لە ناوچە پەراوێزخراوەکانی نەتەوەکانی ئێران لە هەڵکشاندا بووە. هەروەها ڕۆڵی مامۆستایان لە بزوتنەوەی مامۆستایان لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەتی لە کوردستان، بە بەردەوامی لە ڕیزی پێشەوەی نارەزایەتییەکان لە ئاستی کوردستان و ئێراندا بوون و هێندیک جار دەستیان داوەتە مانگرتنی گشتی لە ئاستی قوتابخانەکانی کوردستان و ئێراندا و دەنگدانەوەی نێوخۆیی و جهانی بووە و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هەست و جووڵەی قوتابی بووە. ئەگەرچی بزووتنەوەی مامۆستایان زۆرجار نەیتوانیوە وەک بزووتنەوەکانی دیکە گشتگیرتر بێ و بە شێوەیەک کە ببێتە هۆی داخرانی قوتابخانەکان، بەڵام وەک بزووتنەوەیەکی پێشەیی داواکاریی هەبووە و کاریگەریی ئەرێنی و هاندەرانەی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا و هاندانی قوتابیان لە کوردستان و ئیراندا هەبووە.

لەلایەکی دیکەوە نێوەرۆکی وانەی کتێبە دەرسییەکان بۆ قوتابی، نازانستی، دواکەوتوویی و داپڵۆسێنەر بووە. چونکە نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکان لە ڕوانگەی قوتابییەوە لەمپەر و ئاڵنگاری سەرەکی ژیانێکی ئازاد و سەردەمیانەیە. هەروەها مانای ژیان و ئازادی لە زەینی نەوەی نوێ قوتابیدا ئیدی نیوەرۆکی چیرۆکی کتێبەکانی کە لە سیستەمی پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دەکوترێتەوە نییە. بەڵکوو مانای ژیان و ئازادی ئەو لە دنیای دیجیتالییە کە دوورە لە زەینییەتێکی دواکەوتوو و سەدەی نێوەڕاستەکان کە حکوومەتی ئیسلامی دەیەوێ، وەک خۆراک دەرخواردی قوتابی نەوەی نوێی بدات. هەر بۆیە کەلێنی قوتابی نەوەی نوێ لەگەڵ بنەماکانی ئیدئۆلۆژیی چەقبەستووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرهەمی چوار دەیە سەرکوت، خەفەقان و هەڵەکانی سیستەمی پەروەردەی ناداد پەروەرانەی ڕێژیمە. لە سیستەمی دواکەوتوو پەروەردە و بارهێنانی ناداد پەروەرانەی ڕێژیمدا، کەلێن لەنێوان ناوچە پەراوێزخراوەکانی نەتەوەکانی ئیران لەگەڵ ناوەندە، ئەو کەلێنە پەروەردەییە بۆتە نەهامەتی و دواکەوتوویی بەر هەرێمەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران. چونکە قوتابخانەکانی ناوەند بە کەلکوەرگرتن لە ڕانتی حکوومەتی لەچاو قوتابخانەکانی ناوچە پەراوێز خراوەکان، هەموو ئیمکاناتێکی بینا و پەروردەییان هەیە. ئەوە لە کاتێکدایە سەرمایە، سامان و داهاتی نەوت لە ئیران بۆ سپای پاسداران و بنکە ئەتۆمییەکانی تەرخان کراوە. وەزارەتی پەروەردە و بارهێنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، هیچکات هەوڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابی و قوتابخانەی نەداوە و تەنانەت زۆرجار یاسا و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕێساکانی خۆشی لەمەڕ پەروەردە و بارهێنان ڕەچاو ناکات و بگرە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆی ڕێخۆشکەر و هۆکاری سەرەکیی دواکەوتوویی پەروەردە و بارهێنانە و بەتایبەت لە ناوچە پەراوێزخراوەکانی وەک ڕۆژهەلاتی کوردستان و بەلووچستان. ئەوە لە کاتێکدایە لە ئەسڵی ٣٠ی یاسای بنەڕەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییدا هاتووە "دەوڵەت ئەرکداره پێداویستییەکانی پەروەردە و بارهێنان، بێبەرانبەر بۆ هەموو خەڵک هەتا کۆتایی قوناغی دواناوەندەی دابین بکات و خوێندنی باڵاش هەتا ئاستی خۆشبژێوی وڵات بەشێوەی بێ بەرانبەر پەرە پێ بدات".

هەنووکە لە ئێران و کوردستاندا سیاسەتێکی ئەمنیەتی و مێتۆدیکی سەدەکانی نێوەڕاست بەسەر کەشوهەوای قوتابخانەکاندا زاڵە. ئامانجدارکردنی نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکان بە بیرۆکەی دوگمی ئیدئۆلۆژی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و بارهینانەوە، تەنیا بە مەبەستی خزمەت بە بەهێزکردنی دوگم و بەرتەسکی دەسەڵاتی داسەپاو و دوورخستنەوەی قوتابیان لە گەیشتن بە ئامانجە سەردەمییەکانە. هەروەها ڕاکێشانی زۆرەملی قوتابیان بۆ پڕکردنەوەی فۆڕمی بەسیجی قوتابی لە قوتابخانەکاندا و بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرە ماددەییەکی هۆشبەر لەلایەن دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمەوە لە قوتابخانە و زانستگەکاندا لە کردەوە دزێوەکانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە، بۆ ئەوەی لەلایەک بیر و هەستی قوتابیان لە بیر و هەستی نیشتمانپەروەری و ڕزگاریخوازیی و مافویستی بەتاڵ بکات و لەلایەکی دیکەوە قوتابیان گوێڕایەڵی سیاسەتەکانی خۆی بکا، تا هەردەم لە چالاکییەکانی ڕێژیمدا وەک ڕێپێوانە حکوومەتییەکان و دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا کەلکیان لێ وەرگرێ یان بیری سەدەی نێوەڕاستی خۆی لەنێو ئەو توێژە ڕوو لە گەشەیەدا بڵاو بکاتەوە.

هەروەها لە قوتابخانە و زانستگەکاندا سەرەڕای هەموو ئەو کارانەی کە ئاماژەمان پێدان بە وەڕێخستنی گەشتیی مەزهەبی بە ناو "ڕاهیانی نوور" بیری مەرگ، شەڕ و ڤین و مردووپەرەستتیان لەنێودا پەرە پێ دەدات. هەر بۆیە ساڵانە بە دەیان قوتابی و خوێندکار لەم ڕێگایەدا بەهۆی پێکدادان ماشین یان وەرگەڕان، گیانیان لە دەست دەدەن. کەوابوو بەپێی ئەو داتایانەی باس کران، لە ئیستادا قوتابی و قوتابخانە وەک مەکتەبی هزری شۆڕشی ژینا، هەر لە ساڵەکانی دەیەی هەشتاوە کەلێن و جیاوازییەکانی لەگەڵ بنەماکانی پەروەردەیی و ئیدئۆلۆژیی ڕەهای ویلایەتی فەقیهی زیاتری کردووە. چونکە جیاوازی خۆپیشاندان و ویست و داخوازییەکانی لەگەڵ خۆپیشاندان و ویستەکانی پیش ڕاپەڕینی ژینا، دەگەڕێتەوە بۆ نەوەی نوێ کە هەمێشە لەگەڵ فیکری دواکەوتووی حکوومەتی ئیسلامی لە ململانیدا بووە. هەر بۆیە لە کاتی ڕاپەڕین و شۆڕشی ژینادا نەوەی نوێ بە جیاوازی بنەڕەتییەوە لەگەل کۆی تەواوییەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە دژایەتیی و بەربەرەکانیدا بووە و ئێستا لە سەر شەقامە. لە ئێستادا کەلێن و جیاوازییەکان لەنێوان نەوەی نوێ و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی قووڵتر بووتەوە. هەر بۆیە خەباتی شەقامی نەوەی نوێ لە سەرکەوتن نیزیکترە. هەروەها لە ئێستای ڕەوتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشی ژینادا، بنەماکانی ئیدئۆلۆژیی چەقبەستووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، نە تەنیا لە فیکر و زەینی قوتابی نەوەی نوێدا هیچ جێگە و پێگەیەکی نییە، بەڵکوو قوتابی پێی‌وایە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو بەها و چەمکە جیهانگیرانە بکەوێت، پێویستە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێ پەڕێت. تێپەڕینێک کە پێویستی گەیشتن بە خولیاکانی لەپێناو ژیانیکی ئازاد و سەردەمیانە و ئەمڕۆیی بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە.

١٨ی بەفرانباری ٢٧٢٣


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بەشێک لەو جینایەتانەی ڕێژیم لە ناوچەی هەوشار خوڵقاندنی



## ڕێژیمی منداڵکوژ

## بەشێک لەو جینایەتانەی ڕێژیم لە ناوچەی هەوشار خوڵقاندنی

**ڕەزا موڕادی**

لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵ دەسەڵاتدارەتیی دیکتاتۆری و پڕ لە نەهامەتیی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلانی ژێردەستەی ئێران و بەتایبەت کورد، سیاسەتی گرتن، ئەشکەنجە، کوشتنی جیابیران، نەیارانی نێوخۆیی و تێرۆری ئازادیخوازان لە دەرەوەی وڵات ڕوخساری دژەمرۆیی‌بوونی لە کۆمەڵگەی نێوەدەوڵەتیدا بە تەواوەتی دەرکەوتوە. دەسەڵاتێک کە هەر لە سەرەتاوە بە پاساو و بە ناوی ئایین و پاراستنی بەهاکانەوە لە هیچ تاوان، کوشتوبڕ و ڕەشەکوژییەک دەستی نەپاراست و بەئاشکرا دژایەتیی خۆی لەگەڵ ئازادی و دێموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەربڕی و بەکردەوەش هەموو هەوڵێکی داوە بۆ چەقبەستوویی کۆمەڵگە و هەر چەشنە پێشکەوتنێکی هزری.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێـژیم لە کوردسـتان شـێواز و پـلان و بەرنـامەی چڕتـری هەبـوو بـۆ گەلـی کـورد، لەبەر ئەوەی کە هەر لە سـەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕووی ڕاستەقینەی بۆ کورد دەرکەوتبوو. هەربۆیە خومەینی بە پشتبەستن بە ئایەتی قورئـان "اشـدا علی کفـار..." لە ٢٨ی گەلاوێـژی ١٣٥٨ی هەتـاویـدا خوێنی کوردی بە حەڵاڵ زانی و فەرمـانی دا تـا "غـائل"ەی کوردستان کۆتـایی پـێبێنن. هەر بە دوای ئەم فتـوایە لە هەمـوو لایەکەوە هێزی کۆنەپەرەستی ڕێـژیم پەلامـاری کوردستانیان دا و جگە لە نەورۆزی خوێناوی لە سنە، پاوە و نەغەدە چەندین شوێن و نـاوچەی تـری کوردسـتان کەوتـنە بەر لێشاوی بێبەزەییانەی هێزەکانی ڕێژیم، وەک هەوشار.

خەڵکـی ناوچەکـانی هەوشـار (تیکـاب و سـاینقەڵا) بەهـۆی هەڵـکەوتەی جۆغرافیـایی و فرەنەتەوەبـوونی ئەم نـاوچەیە و هاوسنووربوونی لەگەڵ پارێزگای زەنجـان پـاش فتواکەی خومەینی بێبەش نەبـوو لەم پەلامـارانە و دانیشتووانی کوردی ئەم ناوچەیە زۆر بەتوندی کەوتنە بەر ڕقی هێزە کۆنەپەرەستە گۆشدراوەکانی ڕێژیم. هەر لە دەسپێکی ئەو پەلامارانەدا -دیـارە پێشتریش تـاک و تەرا پێکدادان هەبوو- چەنـدین مـاڵی کورد لە شێرەمەرد و ئەحمەدئـاوا سووتـان و زیـاتر لە دە کەس کە منداڵیشی تێدا بوو، بوون بە قوربانیی دەستی هێزەکانی ڕێژیم.(١)

ڕێـژیم بە کەلـکوەرگرتن لە جیـاوازیی مەزهەبـی و نەتەوەیـی نێوان دانیشتووانی ئەم نـاوچەیە و دنەدانی کەسـانی غەیـری کورد وەکوو بەرپرسی حکوومەتی دژی کورد، پەلامار و هێرشەکانیان بـۆ سەر گونـدە کوردەکـان چڕتـر کـردەوە و لە کۆتـاییدا دەستیان بەسەر ئەو گوندانەدا گرت و چەندین مـاڵی کوردیـان ئـاگر تێبەردا. هەر بـۆیە بەشێک لە کوردەکـان بەناچـاری بـۆ پاراستنی گیانیان ئـاوارەی گونـدەکانی دیکە بـوون و ماڵوحـاڵی خۆیـان بەجێهێشت. پـاش ئەوەی کە هێزەکـانی ڕێـژیم لەم گوندانە جێگیر بوون بە هەموو هێز و توانـایەکەوە پەلامـاری گونـدەکانی حەسـەناوا و نەبیکەنـدیان دا و تەنـانەت دەسـتیان لە کوشتنی پیر، ژن، منداڵ و تەنـانەت کۆرپەڵەش نەپاراست.(٢)

نەبوونی زمانی وتووێژ و بـاوەڕمەندنەبوونی دەسەڵاتدارانی کۆمـاری ئیسلامی بە ئـازادی و یەکسـانیی نێـوان گەلانـی ئێران و داخستنی هەموو ڕێگایەکی ئاشتیانە و هەوڵەکان بۆ بەچۆکداهێنانی ئیرادەی گەلی کورد لە لایەکەوە کە کوردی بە مەترسی بۆ سەر خۆی و بەرژەوەندییەکانی دەزانی و، لەلایەکی تریشەوە مکووڕ بـوون و داکۆکیکردنی گەلـی کوردیش بـۆ گەیشـتن بە مافە ڕەواکانی، ؛ کۆماری ئیسلامی ڕژدتر کرد هەتـا بەو پەڕی هێزەوە بیەوێ ئیـرادەی گەلـی کـورد تێکبشکێنێت. ڕێـژیم کە لێبڕابوو بە حیسابی خۆی "غـائل"ەی کوردستان بۆ هەمیشە بنەبڕ بکات، لە پەلامارەکانیاندا تەنانەت بەزەییان بە منـداڵانی نێو بێشکەشدا نەهاتەوە، بەو بیانووەی ئەم منداڵانە کە گەورە بوون دەبن بە "ضد انقلاب" و مەترسی لەسـەر "حکومت عـدل علی "دروست دەکەن. لەسەر ئەم بنەمایە جگە لەو کەسانەی بە تۆپ و خۆمپارەکانی ڕێژیم دەبوونە قوربانی لە هەمانکاتـدا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژمارەیەکیش لە خەڵکی بێدەسەڵات و سڤیلی ئەو گوندانە بەهۆی دەمارگرژی و ڕق و گرێکوێرە دەروونییەکانی هێزەکانی ڕێژیمەوە گیانیان لێ ئەستێندرا.(٣)

جگە لە شارەکانی تیکاب و ساینقەڵا کە هەر لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشەوە کەوتبووە دەستی ڕێژیم چەندین گوندی پشت چەم (چەم قەورە) لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە بەتەواوەتی دەستی بەسەرداگیرا و لە هیچ تاوانێک دەستیان نەدەپاراست و لەو بڕوایە دابوون بە هەڕەشە، ترس و تۆقاندن و کوشتن دەتوانن کۆتایی بە ئیرادەی گەلی کورد بێنن، بەڵام پاش تێپەڕینی ٤٤ساڵ لە دەسەڵاتداریتی کۆماری ئیسلامی، گەلی کورد قورس و قایمتر لە جاران لەپێناو خاک و مافە ڕەواکانیدا بەرگری لە خاک و نیشتمانەکەی دەکا.

هێزەکانی ڕێژیم لە ١٢ی پووشپەڕی ١٣٦٠ی هەتاوی توانیان دەست بەسەر گوندی ماینبڵاخ لە ٣٢ کیلۆمەتریی شاری تیکابدا بگرن و بەچەشنی گوندەکانی تری هەوشار پەلاماری خەڵکیان دا و دەستیان کرد بە لێدان و هەڕەشە و تۆقاندن. دواتر ١١ کەس لە ڕیشسپی و پیاوماقووڵەکانی گوندیان ڕاپێچی پاسگای ماینبڵاخ کرد و وەک بارمتە دەستبەسەریان کردن و هەر ئەو شەوە هەر یازدە کەسەکەیان لەنێو پاسگاکەی ماینبڵاخدا دایە بەر ڕەگباری چەکەکانیان وکۆمەڵکوژیان کردن.(٤) پاش چەندین ساڵ بەدواداچوون و هەوڵی بەردەوامی بنەماڵەی قوربانییەکان بۆ دادخوازی و لێپرسینەوە لەو تاوانە گەورەیە، بەرپرسانی ئەو ناوچەیە و تەنانەت دادگاش بەپێچەوانەی خواستی خۆیان، لەبەر بوونی بەڵگەی تەواو و شاهید، دانیان بەوە دانا کە ئەو ڕەشەکوژییە لەلایەن سپای پاسدارانەوە کراوە، بەڵام هەڵەیەک بووە و بەهۆی لێکتێنەگەیشتنەوە کراوە.

پاش فتواکەی خومەینی بەنیسەدر وەک یەکەم سەرۆککۆمار کە گوتبووی "قەیتانی پۆتینەکانتان مەکەنەوە هەتا کوردستان پاکسازی دەکەن"، هێزی کۆنەپەرەستی ڕێژیم کە پێیان وابوو گەلی کورد کافرە و خوێنی حەڵالە و بە کوشتنی ژن و منداڵی کورد بەو کلیلەی کە لە ملیان دابوو ڕاستەوخۆ دەچنە بەهەشت، بە بیری کۆنەپەرەستانەوە لەگەڵ دەمارگرژی و گرێکوێرە دەروونییەکانیانەوە بێبەزەییانە هەر کەسیان گرتبا دەیانکوشت و ماڵەکەیان دەسووتاند. هەر لە درێژەی ئەو ڕەفتارەدا گوندی "حەسەنلەولان"یش پەلامار و گەمارۆ درا. خەڵکی بێدەسەڵاتی ئەم گوندە ئەوانەی توانایان هەبوو خۆیان دەرباز کرد و ئەوەشی کە مایەوە بۆ پاراستنی گیانی، خۆیان حەشار دا؛ کەچی تاوان و جیناتەتەکانی ڕێژیم کارەساتی لێ کەوتەوە.(٥)

هاوینی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی پاش چەندین شەڕ و پێکدادانی قورس لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ڕێژیم، ناوچەی هەوشار بە تەواوەتی داگیرکرا و ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی هێزەکانی ڕێژیم چاونەترسانە پەلاماری گیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و ماڵی خەڵکی بێتاوان بدەن و کۆمەڵێک جینایەتی دیکەش بخوڵقێنن.(٦)

ساڵی ١٣٥٨ هەتا ١٣٦٠ بە دیاریکراویی ٧٠ کەس لە خەڵکی سقیلی گوندەکانی هەوشار لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە شەهید کران، کە ١٠ کەسیان ژن بووە و نیزیک بە نیوەی ئەم ژمارەیەش تەمەنیان لەسەرەوەی پەنجا ساڵ بووە و هەشت قوربانییش منداڵی خوار تەمەن ١٠ ساڵ بوو.

بەهۆی هەڵکەوتەی جۆغرافیایی و بارودۆخی تایبەتی ئەم ناوچەیە ئێستاشی لەگەڵدا بێت جگە لە هەڕەشە و ترس و تۆقاندن، پەراوێزخستنی کورد و هەڵاواردن لەلایەن بەڕێوەبەرانی ڕێژیم لە هەوشار چەند قاتە و؛ لەم سۆنگەیەوە دەستپێڕاگەیشتن بە ژمارەی تەواوی قوربانیانی دەستی هێزەکانی ڕێژیم و تالانکاری و تاوانەکان پاش شۆڕشی گەلانی ئێران ئەستەمە، هەر بۆیە گومان لەوەدا نییە ماڵ سووتان و کوژرانی خەڵکی سقیل لەم ناوچەیە زۆر زیاترە لەو ژمارەیەی کە لە بەردەستدایە.

***

١- حەبیب قارەمانی و ئیسماعیل محەممەدی لە شێرەمەرد و محەممەدئەمین شوعاعی، عەلیمەرد گەرامی، سەید سەعید مەحموودیان، حاجی سەیفوڵڵا وەیسی، عایشە حاجی لوتفە، یەحیا قارەمانی ١١ساڵە لە گوندی ئەحمەداوا.

٢- خانم باسامی، ئەحمەد عومرانی، حەسەن باسامی، سەیفوڵڵا بەرزگەر، شێخ باباعەلی، سەید نیزام، سۆفی ئیسماعیل و کوڕێکی سۆفی فەتاح لە حەسەناوا و محەممەد ڕاعی، ئاسیە لوتفی، سەدیق ئەمیرپەناهی، فاتمە ئەمیرئەحمەدی، سەدیق یەگانە، مەنسوور یەگانە ٢ ساڵە، ناسر یەگانە (کۆرپەلە)، مەحبووبە خێزانی سەدیق یەگانە، سەعید ئەمیری، ساڵەح گەرامی، محەممەد سۆفیئەقدەم و سولیمان کوڕی مەحموود ٦ ساڵە لە نەبیکەندی کە لەو کۆمەڵکوژییەدا کوژران.

٣- بۆ نموونە لە گوندی مینبەر(مەمەر) سەر بە ساینقەڵا، گەلاوێژ نەساج (٤ ساڵە) بە گوللە و عەلی و ئەقدەس نەورۆزیش (٥ و ١٢ ساڵە) بە نارنجۆک کە هەڵیاندابووە نێو ماڵەکەیان گیانیان لەدەست دا. هەروەها بایز جەمشیدیش پاش برینداركردنی ڕێگەیان نەدا چارەسەری پزیشکی وەربگرێ و بەهۆی سەختیی برینەکەی گیانی لەدەست دا. لە گوندی ئاغەجەری محەممەد باخەوان کە نابینا بوو، لەگەڵ خەرمانی خێزانی درانە بەر ڕەگبار و بەبێ هیچ سووچ و تاوانێک کوژران، هەروەها عەبدوڵڵا بەهرامی کوڕی حاجی محەممەدئەمین بیچاقچی لە سانجوود لەگەڵ هاوڕێکەی لە کاتی دروێنەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەنمدا درانە بەر فیشەک و بێبەزەییانە و تەنیا بە تاوانی کوردبوون گیانیان لێ ئەستێندرا.

٤- سەید حەکیم مووسەوی، مەلای مزگەوت تەمەن ٦٥ ساڵ؛ حاجی سەعید عیبادی تەمەن ٧٥ ساڵ؛ حاجی عەبدوڵڵا ئەمیری تەمەن ٧٥ ساڵ؛ حەسەن زارعی تەمەن ٦٤ ساڵ، حوسێن زارعی تەمەن ٦٧ ساڵ، محەممەدکەریم زارعی تەمەن ٢٣ ساڵ، عەبدولڕەحمان شاهی تەمەن ٦٣ ساڵ، حەبیب ڕەحیمی تەمەن ٦٠ ساڵ، برایم مەولوودی تەمەن ٥٧ ساڵ، کەریم پەرتەوی تەمەن ٦٠ ساڵ و محەممەد بابایی تەمەن ٥٥ ساڵ.

٥- سەعید مەلەکی تەمەن ١٥ ساڵ لە ترسی هێزەکانی ڕێژیم لە پشت دارەتەونی ماڵەکەیاندا کە هێندەی نەمابوو تەواو ببێت، خۆی حەشار دابوو، و کاتێک ئەم هێزە ماڵەکەیان ئاگر دا، سەعیدیش لە پشت دارەتەونەکەوە دەسووتێ و دەبێتە پارچەیەک خەڵووز. دواتر محەممەدکەریم باوکی و عەبدوڵڵا ئەحمەدی (مەیخان)یش تەنیا و تەنیا لە بەر کوردبوونیان لەو ئاواییە کوژران.

لە درێژەی تاوانەکانی ڕێژیم لە هەوشار فاتمە ئاخەوان، زاهد زارعی، خالید زارعی، زاهد کاکایی و عەتا ئاقایی لە گویاغاج و محەممەد قودرەتی و حاجی ساڵەح عەزیزی لە قزکوێرپی و پیرۆز مورادی و مەحموود وەلیزادە وحاجی شامحەممەد شێری لە قۆزڵوو بە دەستی هێزەکانی ڕێژیمەوە گیانیان لێ ئەستێندرا.

٦- لە خاتووناوا میرزا محەممەدڕەسووڵ زەیجی و لە داشکستان سەید عەلی، سەید مەحموود، ڕەحیم منەووەر و کوڕی مەولوود ڕەحمانی درانە بەر ڕەگبار و کوژران.  لە دومەزکەندیش ڕەحمان سەقزی، برایم سەقزی، شەریف جەوانی و کوڕی حاجی کەریم و لە ئاغدەرەی نێوەڕاستیش کوێخا عەلی بکەنە گیانیان لێ ئەستێندرا.

١٨ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سەیوانی وەتەن و زارای نیشتمان، دووانەی ئیرادەن لەبۆ گشتمان



**شەریف فەلاح**

لە کاتێکدا دۆخی زەبروزەنگ و سەرکوت، زیندان و سێدارە، ترس و تۆقاندنی دوژمنی خوێنمژ بەسەر ئێران و ڕۆژهەڵاتی نیشتماندا زاڵە. لە کاتێکدا ژیان خەریکە دەخنکێ و ئەستێرە کزکز لە سریوە کەوتوە و باڵندە فڕینی لەبیر چۆتەوە و ئاسمان بۆتە قەڵەمڕەوی یاسای داڵ و لە هەرێمی دیوان هیچ ئاهەنگێکی شادی نایەتە گوێ. لە هەرێمی عەشق و جوانی، لە بناری ئاویەری سەربەرز دوو ئەویندراری هەرێمی هەڵفڕین لە شەقەی باڵ دەدەن و باوەشی ئەوین، ئیرادە و هیوا بۆ یەکدی دەکەنەوە. سەیوانی وەتەن و زارای نیشتمان، ئێستە ئیدی تەنیا دوو مامۆستا و وانەبێژی زمان نیین، بەڵکوو دوو باڵوێزی ئیرادەی کوردبوون و ناسنامەی نەتەوەییمانن.

ئەگەر بە چاوی دڵ و ڕوح لەو وێنەیە ڕامێنن تەنیا وێنەیکی لۆکاڵیی کرچ و کاڵی ڕۆژانە نییە، بەڵکوو مرۆڤی وردبین و خاڵئەنگێو دەتوانێ مانا شاراوەکانی پشت ئەو وێنەیە وەدۆزێ. وێنەیەک تژی لە ئیرادە، دوو ئەویندراری باڵابەرز، دوو دڵداری سەر پڕ لە سەودا دوو ئاشق لە ڕەگەزی مەم و زین و خەج و سیامەند، دوو خۆشەویستی هاوڕێبازی شیرین و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

فەرهاد، دوو شەنگەسواری هاوسەفەری ناسر و مانماڵ لە قاپێکدا دەرکەوتوون. بە باوەشێکی ئاوەڵا و بزەی پڕ لە خۆزگە و هیوای سەر لێوانەوە، هەموو خەون و خولیای دوژمن دەکەنە بڵقی سەر ئاو. لەو دیمەنە هەستبزوێنەدا ئەو دوو ئەویندارە سەربەرزەکەی ئێمە بە هەنگاوی ئیرادە لەسەر شەقام و بەپێی خۆیان ڕێگەیەک دەپێون، هەم دوژمنیان بەچۆکدا هێناوە و هەم ئەوەی ترس و شڵەژان لە گرتن بێت لە ڕوخسارياندا بەدی ناکرێت. ئەو دیمەنە ناوازەیە وانەی هەرمانیی گەلێکە، ئەو وێنەیە ئاوێنەی باڵانوێنی خەباتی ڕەوای میللەتێکە کە لە مێژوویدا ترس و چۆکدادان و مل کەچ بوون بۆ ویستی دوژمن واتای نەبووە.

هەنگاوە بە بڕشتەکانی زارای پێشەنگ کە زیندان و مەرگدۆستیی دوژمنی هێنایە سەر چۆک، کۆڵنەدان و پشوو درێژییەکانی و پابەندبوون بە باوەڕ و خەونە شیرینەکانی بوونە هۆی ئەوەی کە لە کاتی بەڕێکردنی هاوسەرە وەفادارەکەی سەیواندا بۆ زیندان، قورس و قایمتر لە جاران و بە سەری بەرز و ڕووی سوورەوە دەربکەون و بێ ترس و سڵەمینەوە دیسان ئامێز بۆ یەکدی بکەنەوە. ئەوان بە سرتەوە بە گوێی یەکیاندا چرپاند: کە هەتا گەیشتن بە تروپکی بەرزی ئاوات، هەین وەدەمێنین و چۆک دانادەین، بەڵام گەل و جەماوەری تینووی ئازادی، شەقامی ڕاساوی ڕۆژهەڵاتی بریندار، ئیرادەی بەکۆمەڵی خەڵکی وشیار گوێیان لێ بوو و دووپاتیان کردەوە: لەگەڵتانین، هاودەنگ و هاوسۆزی وتە و چرپەی ئەویندارانەی هەر ڕۆژتانین. هەنگاوتان پتەو ئەی شۆڕەسوارانی ژینەژانی کەسکی نیشتمان.

ئێوە بڕوان، ئێوە خۆزگەن، ئێوەن ئاسۆگی ژیان. ئێوە ڕۆڵەی کاروانێکی سەوداسەری تا کەشکەڵان تژی لە ئیرادەن کە وانەی بوێری و کۆڵنەدان لە سمکۆی مەزن فێر بوون. ئێوە قوتابیی مەکتەبەکەی کۆماری هەرمانن کە پێشەوای مەزن فێری کردوون سێدارە بەچۆکدا بێنن و ترس لەگۆڕ بنێن و سەربەرزانە بچنە سەردار و چۆکتان نەلەرزێ، هەتا دوژمن بە سەربەرزیتان سەری نەوی بکات. باڵای ئیرادەتان چەشنی قەندیلە، ئاگری جامەدانیی ملی سەیوانی لەسەر ناوە و ئاربەبا لفکەی سۆرانیی کراسە شینەکەی زارای کردۆتە چۆپی گۆڤەندی ئازادی. پووزەوانەی نەبەردیتان لە چۆمی سیروان هەڵکێشاوە و گادەر و سەیمەرە و کەڵوێ دەبنە وەشتەبارانی زەماوەندی نەمریتان، ئەی دوو دڵدارە ئازیزەکەی ڕۆژهەڵات، هەڵکشێن بۆ هەڵەمووتی ئیرادە. قەڵەمی دەستتان یادگاری هەژار و هێمنی پێشەنگە و ڕەوت و شێوەی وانەتان، لە قوتابخانەکەی مامۆستا شەریفی سنە بۆ بەجێ ماوە، بۆیە ئێستاش لەسەر تەختەڕەشی قوتابخانە بە یادگار ماوە و نووسراوە:

**ئا وێنەی ئازادی**
**ئاڵای ئاوات و شادی**
**کاف وێنەی کوردستان**
**کورد و کۆمەڵ و کوێستان**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بریا ئێستا شیرینی تەشیرێسی وەفایی و "حەبیبە"کەی نالی، "لەیل"ەکەی خاڵۆی کۆماسی و "عەنبەرخاتوون"ی مەولەوی مابان و لە شایی و گۆڤەندی ئیرادەی ئێوەدا ڕەشبەڵەکی شادییان گرتبا. زارای نیشتمان، هۆ کەنیشکە شینپۆشە باڵابەرزە، لێوە بەخەندەکەی ئاویەر. سەیوانی وەتەن، ئەی باڵات چەشنی کەپری بەر خۆرەتاوی لای لەیلاخ، ڕێگە ببڕن و هەنگاو هەڵبگرن، هەرچەند ڕێگە تووش و پڕ هەڵدێر و کەند و لەندە، بەڵام باش بزانن ئێوە تەنیا نیین و ڕۆڵەکانی ورمێی بەهەیبەت، موکریانی دڵی کوردایەتی، هەورامانی دێرین و سنەی خوێناوی و دالاهۆی مەڵبەندی ئەهوورا، شۆڕەسوارانی کرماشانی، دڵی مێژوو و ئیلامی دێرین و لوڕستانی کوردان لەگەڵتانن، لەگەڵ ترپەی دڵی دەریایی و ئیرادەی کێوئاساتاندا دڵیان لێ دەدات و پێ لەسەر شوێن هەنگاوەکانتان دادەنێن، کاروانی خۆر بەڕێوەیە و بڕۆن و مەوەستن ئەی زارای نیشتمان و سەیوانی پڕ لە خۆزگە و شادی، ئێوەن ڕێڕەوانی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی."

١٨ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هۆشی دەستکرد و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**ئەلبورز ڕوویینتەن**

یەکێک لە نوێترین پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە دونیای ئەمڕۆدا هۆشی دەستکردە و چەند کۆمپانییەکی گەورەی بواری تێکۆنۆلۆژی کە لەسەر هۆشی دەستکرد کار دەکەن، بەشێک لەو پێشکەوتنانەی خۆیان لەم بوارەدا ئاشکرا کردوە و بەڵگەن بۆ گرینگی لە ڕادەبەدەری ئەو بوارە لە ژیانی مرۆڤایەتی.

پەیدابوونی ئینتێرنێت یا دروستکردنی تەلەفوونی زیرەک چەندە کاریگەرییان لەسەر ژیانی مرۆڤەکان هەیە، پێشبینی دەکرێ هۆشی دەستکرد لە چەند ساڵی داهاتوو ئەو ڕۆڵە گرینگە بگێڕێ بەجۆرێک دونیای تێکۆنۆلۆژی گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و کاریگەریی لەسەر بواری ژیان هەبێت. ئەو پێشکەوتنانە بە ڕادەیەک سەرنجڕاکێشن کە بە دەیان وتاری زانستی ڕۆژانە لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ئەرێنی و نەرێنی ئەو بوارە دەنوسرێت. لە ئێستادا ئەوەی دەگوترێ لەسەر هۆشی دەستکرد ئەوەیە کە دەتوانێ زانیارییەکی زۆر کۆ بکاتەوە لە پێناو وەڵامدانەوەی ویست و پرسیارەکانی مرۆڤ بەکار بێنێ. بۆ نموونە باس لەوە دەکرێ هۆشی دەستکرد دەتوانێ بۆ ناسینی نەخۆشییەکان لە پزیشکێک باشتر و زۆر خێراتر کار بکات،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یا دەتوانێ هەر دۆسییەکی یاسایی بە شیکردنەوەی بەگوێرەی یاساکان هەڵسەنگێنێت و لە چەند چرکە هەموو ئاکامە یاساییەکانی ئەو دۆسیەیە باشتر لە چەند پارێزەر دەربخات و بە دەیان نموونەی دیکە لە بواری جیاواز بۆ بەکارهێنانی هۆشی دەستکرد لە داهاتوودا هەن. لە هەمانکاتدا هەمووی ئەوانە بەشی یەکەمی دەرکەوتنی ئەو بوارەیە کە توانایییەکی لە ڕادەبەدەری کۆکردنەوە و شیکردنەوە و هەڵسانگاندنی داتای هەیە پیشان دەدات.

کارناسانی ئەو بوارانە باس لەوە دەکەن لە قوناغی داهاتووی هۆشی دەستکرددا زیادکردنی توانای بیرکردنەوە بە گوێرەی دیاریکراوە. گەیشتن بە ئەو قوناغەی هۆشی دەستکرد زۆر دوور نییە و ئەوەش وای کردوە کارناسان لەسەر گۆڕانکاری خێرا و قووڵ لە ژیانی مرۆڤ دوای پێشکەوتنی هۆشی دەستکرد هاوڕان.

لە یەکەمین دەرکەوتنەکانی هۆشی دەستکرد، دەرکەوتنی چەت جی پی تی لە کۆمپانیان ئۆپن ئای بوو کە تەواوی زانیارییەکانی دونیای ئینتێرنێتی تا ساڵی ٢٠٢٢ لە خۆیدا کۆی کردووەتەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان کە بەکاری دەهینێ.

کاتێک دونیای پێشکەوتووی مرۆڤایەتی بە پرسی لە جۆرەوە سەرقاڵە کوردستانی ئێمە بەهۆی بندەستی داگیرکەر و دیکتاتورییەوە کە جیا لە زمانی دڕندەی و سەرکوت هیچی دیکە نازانێ دەناڵێنین. هەر دوێنێ بوو مامۆستای زمانی کوردی بە تۆمەتی فێرکردنی خۆبەخشانەی زمانی کوردی سەیوان ئیبراهیمی بەرەو زیندان چوو تا سزای خۆی تێپەڕێنێ. لە کاتی چوون بۆ زیندان ماڵئاوایی لە هاوژینی زیندانی خۆی مامۆستا "زارا" کرد کە بە هەمان تۆمەت لە زیندان دایە، دوو سەدە بەسەر ئەو کاتەی کە ژان ژاک ڕۆسو دەیگوت مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن بەڵام لە هەموو شوێنێک لە زەنجیر دروان. بەڵام تا ئێستاش کورد لە زەنجیری داگیرکەر ڕزگاری نەبووە و سەرەڕای شایانیەتی ناتوانێ ئاسایی وەک وڵاتانی پێشکەوتوو هەنگاوی پێشکەوتن بگرێتە بەر. هەر تاکێکی خولیای ئەو پێشکەوتنە پرسیاری سەرنجڕاکێشی بە بواری خۆی دەپرسێ بۆ من کە خولیای ئازادیی کورد و کوردستانم لەسەر کورد پرسیارم کرد بزانم هۆشی دەستکرد چۆن لەو بوارەدا وەڵام دەداتەوە؟ هەر بۆیە لە پێشکەوتووترین داهێنانی مرۆڤایەتیم پرسی کە بۆ چی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئازاد نین، چەت جی پی تی بەو شێوەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکەی منی داوە:

"کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە کوردستانی ئێرانیش دەناسرێ وەک کوردی پارچەکانی دیکە خەباتێکی درێژیان بۆ بە وەدەستهێنانی ئازادی و مافە سیاسی و کولتووری کۆمەڵایەتییەکانیان هەیە کە لەبەر زۆر هۆکار بە ئاکام نەگەیشتوون. دۆخی سیاسی: لە ئێراندا ڕێژیمێکی ناوەندگەرا هەیە کە دژی هەر جۆرە ویستێکی دابەشکردنی دەسەڵات و ئۆتۆنۆمی لایەنە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئیتنیکی و جیاوازەکان لەوانە کوردەکانیشە.

فاکتەری ژئۆپۆلیتیکی: شوێنی هەڵکەوتنی جوغرافیای کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە جۆرێکە، وڵاتان و هێزەکانی ناوچەی دژی ئۆتۆنۆمی کوردەکانن.

کولتوور و زمانی جیاواز. کوردەکان خاوەنی زمان و کولتووری جیاوازن کە لەلایەن ڕێژیمەوە دژایەتی دەکرێت و بۆتە هۆکارێکی دیکە بۆ ئەوەی ڕێژیم کوردەکان سەرکوت بکات.

خەباتی چەکداری: بەهۆی ئەو دۆخە سیاسییە زۆر جار شەڕ لەنێوان گرووپە کوردەکان کە داخوازی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆییان هەیە لەگەڵ دەسەڵات دروست دەبێت.

دینامیزمە نێونەتەوەییەکان: هەروەها بەگوێرەی دینامیزمەکانی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لەنێوان ئێران و وڵاتانی دیکە و بەلەبەرچاوگرتنی فاکتەری ژئۆپۆلیتیکیش بەپێچەوانی بەرژەوەندی کوردەکانەن".

لە کۆتایشدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو دۆخە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ بەو شێوەیە بوون بەهۆی دینامیزم و گۆڕانکاری خێرا لەوانە لە ئێستادا گۆڕانکاری بە سەر کوردستان هاتبێ. بێگومان گۆڕانکاری زۆر لە ساڵی ڕابردوو ڕوویداوە بەڵام خەبات بۆ ئازادی هەر بەردەوامە.

هەروەک لە وەڵامی هۆشی دەستکرد سەبارەت کورد دەبینن ئەو فاکتەرانەی بەحەق باسی کردون نابێ لەوە خافڵ بین کە فاکتەری نێوخۆییش کاریگەرن، ئەوەی جیگای سەرنج بوو بۆ من سەرەڕای ئەوەی دوژمن لە ساڵانی ڕابردوو بە هەموو شێوەیەک ڕاستییەکانی دۆخی نەتەوەی کورد دەشەوێنێ بۆ ئەوەی ئەو خەباتە ڕەوایە بۆ ئازادی بە ناسنامەی کوردیەوە بسرێتەوە. بەڵام دیسان هۆشی دەستکرد لەسەر هەموو ئەو زانیارییانەی کە لەسەر کورد هەیە وەڵامی ڕاست بدۆزێتەوە و بەپێچەوانەی گوتاری ڕێژیمە داگیرکەرەکان گوتاری کوردایەتی کەم و زۆر وەک خۆی پیشان بدات. لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە بڵێم هۆشی دەستکردیش دانی بە مافی کورد دانا ئەو ڕێژیمە داگیرکەرانە هەر حاشای لێ دەکەن.

١٩ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بەرسڤی "كانت" بۆ پرسیاری: ئایا سیاسەت دەتوانێ ئەخلاقی بێت؟




**شاڕوخ حەسەنزادە**

وانەكانی كانت لە مێژووی فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوا و لە گەنگەشەی پێوەندیی نێوان ئەخلاق و سیاسەت، ڕێک لەبەرامبەر باوەڕ و بۆچوونەكانی "ماكیاڤێڵ" دادەنرێت. فەلسەفەی ئیمانوێڵ كانت (١٧٢٤ - ١٨٠٤) فەلسەفەی زاڵ بەسەر بیروهزری سەدەی نۆزدەهەم لە ئورووپا بەتایبەت ئەڵمان بووە.

وانەكانی كانت لە ڕەخنەی "ئاوەزی كردەیی" و "یاسای ئەخلاق"، زەمانەتی كۆمەڵێک یاسایە كە پێوەندی لەتەک ڕەوشت و كردارەوە هەیە. كانت لە نامیلكەی "وانەكانی فەلسەفەی ئەخلاق"دا ئەركی مرۆڤ لەهەمبەر دیتران كە بۆ فەرمانی ویژدانیی ئەخلاقی دەگەڕێتەوە بە دوو بەشی پێوەندیدار بە "خواستی خێر" یان خێرخوازی و "بەرپرسیارەتی" یان دادپەروەری دەخاتە ڕوو. ناوبراو لقی یەكەم وەک كردەیەكی خێرخوازانە و پەسند كردن و لقی دووهەم بە بەرپرسانە و دادپەروەرانە دەزانێت. هەرچەندە لە ڕەوتی مێژووی هزری سیاسی و لەنێوان بیرمەندانـدا بایەخدان بە تێرمی "ئەخلاق" و "سیاسەت" بەردەوام لەبەرچاو گیراوە، لەهەمان كاتدا ئەو بۆچوونانە جیاواز و زۆرجاریش لەبەریەكدا بوون. بەڵام خوێندنەوەی "كانت" و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئامۆژگارییەکانی کە بەرهەمی ڕەوشی سەردەمی خۆی (ڕەوشەنگەری) بوو و لەتەک ئاوەز و تەتەڵەی هزری لەسەر بنەمای کردار بووە، ئایدیای جیاوازتری ڕۆناوە و هانمان دەدا پرسیارگەلێک بورووژێنین کە: چۆن دەکرێ ئەو دوو چەمکە دەگەڵ یەکتر هەڵسەنگێنین؟ ئایا سیاسەت دەتوانێ ئەخلاقی بێت؟ سیاسەت دەڵێ: "وەک مار خۆپارێز و دوورنوارِ بە"، ئاکارەکانیش دەڵێن: "پاک و بێگەرد بە وەک کۆتر". لە جێگایەک کە ئەو دوو چەمکە ناتوانن بە یەک ئاراستەدا بڕۆن، هەموو کەسێک بۆی هەیە بڵێ لەنێوان سیاسەت و ئەخلاقدا دژایەتی هەیە؛ لێ ئەگە هەردووکیان بەگشتی یەک بن، تێگەیشتنی دژایەتی ئیتر مانای نامێنێت و ئەو پرسە کە دژوازیی چۆن دەبێ چارەسەر بکرێ وەک کێشەیەک چارەسەر نابێ. وێڕای ئەمەش ڕستەی "شەڕافەتمەندی باشترین سیاسەتە"، ئەوپەڕی هەرجۆرە نەرێ(نفی) و نکۆڵی و مەرجی ناچارەکی هەموو سیاسەتێکە(کانت. ٢٠١٥). ئەمری ئەخلاق وەک ئەرکێکی کردەییە کە بریتییە لە کۆمەڵێک یاسای بێمەرج، کەواتە بە زانینی دەستەڵاتدارێتی چەمکیی ئەخلاق و ئاکار وەک ئەرکێک دەتوانرێ بە شێوەیەکی زۆرباش تێبگەی و دژایەتیی نێوان سیاسەت وەک ئەمرێکی پراگماتیک و کردەیی ماف و ئەخلاقیش وەک ئەمرێکی تیۆرەکی ماف لەنێو دەچێت.

کانت بیری دەکردەوە هەرکات ئێمە دان بە دەستەڵاتدارێتی مانای ئەرک دابنێین، ئیدی بەئاشکرا مانای نامێنێ ئەگە بڵێین، ناتوانین بەپێی یاساگەلی ئەخلاقی بجووڵێینەوە، ئەگە ئەخلاق بە مانای کردار، لەسەر بنەمای ئەرک بێ و لە گومان و بیروخەیاڵی قازانجویستی بخەملێ، لەتەک سیاسەت هاوئاراستە و هاوتەریب دەبێ. لە ڕاستیدا کانت لەنێوان ئەخلاق و سیاسەتدا ناتەباییەک نابینێت و لە "ئاشتی سەقامگیر"دا دەنووسێت: "گرژی و مشتومڕێک لەنێو سیاسەت بەمانای بەشی کردەیی ماف و، ئەخلاق بە مانای بەشیی تیۆرەکی ماف (واتە لەنێوان کردە و تیۆری) نابینم؛ چوونکە تێکهەڵچوونێکی وا تەنیا کاتێک ڕوو دەدا کە، لە ئەخلاق ئامۆژگارییەکی بەرژەوەندیخوازانە بێتە مراز، واتە ئەو ڕێساگەلە گشتییەی کە بەپێی بنەماکانی، کەسێک باشترین کەرەسەکان بۆ قازانج و کار و پیشەی خۆی هەڵبژێریت، ئەمش هەر ڕێک ئەو نەرێتیبوونی ئەخلاقە"(سرمدی. رادمرد. ١٣٩٤).

ئاکارەکان خۆیان بەشێوەیەکی خۆزاو ئەمرێکی کردەیین؛ چوونکە گشتایەتییەکن لە یاساگەلی بێمەرج کە ئێمە بەو شتەی کە دەبێ بیکەین هان دەدا، هەر ئەوەش کەسێک لە دەستەڵاتدارێتی مانای ئەخلاق لە ئەرکدا تێگەیشتبێ، ئیدی پاتەبوونەوەی ئەو قسەیە کە ناتوانێت ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت، بەدڵنیاییەی پڕوپووچە؛ چوونکە ئەگە وابا، مانای ئەرک دەبوایە لە ئەخلاق بسڕدرێتەوە) (ultra posse neom obligatur) چەمکێکە لە یاسای حقوقی ڕۆمی قۆجی بەو مانایە کە؛ هیچ کەس زیاتر لەوەیکە توانای ئەو کارەی هەیە، ئەرکدار ناکرێ). لەئاکامدا دژایەتی لە نێوان سیاسەت وەک نەریتێکی کردەیی لە ماف و ئەخلاق وەک نەریتێکی تیۆرەکی لە ماف بوونی هەبێ، لەنێو دەچێت (کانت. ٢٠١٥).



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کانت بە سێ شێواز ئاماژە بە ئەمری کامڵی ئاکار دەکات:

**شێوازی یەکەم**: تەنیا بەپێی پرەنسیپێک هەڵسوکەوت بکە کە بەپێی ئەو، لە هەمان کات، بتوانی و ئیرادە بکەی، ئەو یاسایە، جیهانداگر بێ. (بە شێوازێک بجووڵێیەوە کە بتهەوێ ئەو کردەیە، ببێتە یاسای سرووشت، واتە بتهەوێ هەموولایەک ئاوا جوان هەڵسوکەوت بکەن).

**شێوازی دووهەم**: بەشێوەیەک هەڵسوکەوت بکە، کە مرۆڤ، جا خۆت بی یان دیتران بەردەوام مەبەستت بن و هیچکات وەک ئامراز بەکاریان مەهێنە(بنەمای مرۆڤایەتی).

**شێوازی سێهەم**: تەنیا بە شێوازێک بجووڵێوە کە ئیرادە بە پرەنسیپەکانیدا بتوانێ خۆی وەک یاسادانەرێکی جیهانداگر بزانێت (بەردەوام بەجۆرێک بجووڵێوە کە وا وێنا بکرێ تۆ بە یاساکانی خۆت، ئەندامێک لە ئەندامانی یاسادانەر لە سنووری ئامانجەکان دای) (افروغ. ١٣٨٩).

لە فەلسەفەی ئەخلاقی کانت یەکێکی دیکە لە میناکەکانی کردەی نائەخلاقی کە ئەوەیان بە چاویلکەی ئەوپەڕخۆزا هەڵدەسەنگێنێت، "درۆ"یە و، ڕاستوێژی وەک یەکێک لە بابەتەکانی سەرەکی ئەمری بێ ئەملاوئەولا لە دەزگای بیرکردنەوەی ناوبراو گرنگی و بایەخی خۆی پێ دراوە. بە نێرینی کانت ئێمە بۆ ڕۆنانی یاسای ئەخلاقی، دەبێ بنوارین و بزانین ئاخۆ زۆرینە و ماکسیمۆمی ئاکارمان دەتوانێت ببێتە ئەمرێکی گشتگیر یان نا. میناکی ناسراوی کانت لەسەر بنەمای ئەوپەڕخۆزاو لەهەمبەر "درۆی ناچارەکی" دێنینەوە بیرمان. کانت دەڵێت: ئێمە ناتوانین درۆی مەسڵەحەتی وەک یاسایەکی ئەخلاقی دابنێین، چوونکە هەرکە لە کۆمەڵگەدا وەک دیاردەیەکی باوی لێ هات، ئیتر هیچکەس بەڵێنی بە کەس نادات و کەسیش باوەڕ بە قەوڵ و بەڵێنییەکانی کەس ناکات و ئەگە ناچارەکی ئیمانی پێ بێنیت ئەویش وەک بەرامبەرەکەی وڵام دەداتەوە(کانت. ١٣٩٦).

یاسایەکی ئەخلاقی کە پێوەری هەڵسەنگاندنی بایەخە ئاکارییەکانی سەرجەم کردەوەکانمانە، دەبێ یاسایەک بێ کە بنەما و ڕەگ و ڕیشەی لە ئاوەز و کردە و ویژدانی وشیاری مرۆژایەتی دابێ و بە چەندین جۆر باسی بکرێ کە یەکێک لەوانە ئەمەیە کە؛ بە جۆرێک بجووڵێوە کە بتوانی و بخوازی بنەمای هەڵسوکەوتی تۆ، ببێتە یاسایەکی گشتگیر ئاخێزگەی ئەو یاسایە ئاوەزی کردەیی یان ویژدانی ئەخلاقییە(گلچین. ١٣٨٢). ئیرادەی پاکژ وەک یەکێک لە کۆڵەکە هزرییەکانی کانت کە زۆری باوەڕ پێی هەبووە، دێتە بەر باس و تەنیا شتێک کەبەبێ هیچ پێش مەرجێک، خێرە، هەمەن خواستیی خێرە. کانت دەڵێت؛ ئەگە ئەخلاق وەک بنەمای ئارەزوو بۆ وێنە خودا بزانین، پلە و پایەی ئەخلاق دادەبزێت و سەدەمەمان لە سەربەخۆیی خۆمان داوە. بە بڕوای کانت تەنیا یەک خێری جەوهەری بوونی هەیە و ئەویش خواستی پاکە و دەتوانین لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بۆچوونەکانی کانت ئەوەی لێ هەڵکڕێنین کە، ناوبراو جۆرێک گەشبینی بۆ داهاتوو هەیە ڕێک بەپێچەوانەی "شوپنهاوێر" کە بۆچوونەکانی بەپێچەوانەی کانت و لەبەرامبەر ئەودا هەڵکەوتوون. تەنیا تشتێک بەبێ هیچ شەرت و مەرجێک، چاکە و خێرە، ئیرادەی خێرە. لە ڕوانگەی ئەو، خوداش بەهۆی هەبوونی خواستی باشە، خێرە. ناوبراو دەڵێ بۆ ئەوەیکە بتوانین چوارچێوەیەکی تەواو تۆکمە بۆ ئەخلاق بە دەستەوە بدەین، دەبێ دان بە بوونی خوا دابنێین. لە ڕوانگەی ئەو، ئەخلاقیبوون دەبێتە هۆی ئەوەیکە بە جۆرێک هەڵسووکەوت بکەین کە چاوەڕوانی لە بوونەوەری ئاوەزمەند دەکرێ بە واتایەک، کردەی ئەخلاقی، کرداری ئاوەزمەندێتییە.(دەگوترێ ئەو نێرینەی کانت بۆ باوەڕە ئۆلییەکانی دایک و باوکی کانت دەگەڕێتەوە کە زۆر باوەڕیان بە پیرۆزایەتی مارتین لۆتێر و ئایینی پرۆتێستانەوە هەبووە)

## سەربەخۆیی کانت لەسەر چەند پێشگریمانە ڕۆنراوە:

- بوونەوەری بەتەواوەتی ئاوەزمەند، ڕاستییەکان دەڵێت.
- بوونەوەری بەتەواوەتی ئاوەزمەند، بەڵێن ناشکێنیت.
- بوونەوەری بەتەواوەتی ئاوەزمەند، قۆپیە و دەغەڵی ناکات.
- بوونەوەری بەتەواوەتی ئاوەزمەند، دەگەڵ دیتران بە ڕەوشتبەرزی هەڵسوکەوت دەکات.(افروغ. ١٣٨٩).

لە فەلسەفەی ئەخلاقی کانتدا، تاک لە بەرامبەر کۆ نەرێ نەکراوە بەڵکوو تاکێتیی لەبەرامبەر کەسایەتییدا ڕەت کراوەتەوە، تاک دەستکورتی کارتێکراوی نەفسیی خۆیەتی بەڵام، کەس، گوێڕایەڵی یاسای ئەخلاقییە، لە ڕاستیدا ئاخێزگە و سەرێکانی کردەی ئەخلاقی ویژدانە(سرمدی. رادمرد. ١٣٩٤). ئەو ویژدانە ئاکارییەی کانت باسی لێ دەکات، مرۆڤ بانگهێشتی ئەوپەڕی ئاوەزمەندی و ژیری دەکا نەک بەختەوەری، بەهەرحاڵ بەو هەمووە دژوازییەی ئەو دوو چەمکە دەگەڵ یەکتر هەیانە، هەوڵ دەدا ئەوپەڕی جوانیی ڕەوشتبەرزی و هەبوونی ئەخلاق وێنا بکات.

جا چوونکە کانت جگە لە چاکە و باشە شتێکی دیکە ناناسێ، دەڵێت: لە هەموو دنیادا تاکە چاکەیەک هەیە و ئەویش "خواستی باشە"یە و ئیرادەی چاکەش واتە ملکەچ بوون لەهەمبەر بڕیارەکانی ویژدان. کەواتە دەبێ بەرئەمرێ ویژدان بین و لەبەرامبەریدا گوێڕایەڵ، چونکە ویژدانی ئەخلاقی کاری بە ئاکامی کردە نییە کەوابوو سەروکاری دەگەڵ بەختەوەری مرۆڤەکانیش نییە. چوونکە لە ئاکامدا بەختەوەری هەمان ئەمری خۆشییە ئەگەرچی هەموو چێژوەرگرتنێکیش لەڕووی خۆشییەوە نییە، چێژێک دەگەڵ خۆی ئازار بێنیت، خۆشیی نییە، بەختیارییش یانی خۆشیی زۆرتر کە تێیدا هیچ جۆرە ئازار و ژانێک-لەهەموو جۆرێکی دەروونی و جەستەیی-، دنیایی و پەسڵانی(اخروی) بوونی نییە و چارەڕەشی یانی ژان و ڕەنجی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆمەڵەی ئازارەکان و کۆمەڵێ خۆشییەکانیش بەهەموو ڕوویەکەوە، دەبێ هەژمار بکرێت(زنجانی. ١٣٧٦). ناوبراو هەروەها لەهەمبەر سیاسەت لە پەنا ئاکار، هەوڵ دەدا باشتر بیناسێنێت و پێناسەیەکی نوێی بۆ دابهێنێت و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە؛ سیاسەت، کارکردن بە بیردۆزی و بنەماکانی تیۆری مافە، فێربوونی ماف لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنەکەیتی، ئەو پێناسەیە ڕێساناسانەیە چوونکە نەک هەر بوون بەڵکوو شیمانەکانیش باس دەکات، ئەو پێناسەیە لە ئاشتی‌نامە بە مەبەستی پێناسەیەکی گشتگیر باس نەکراوە، بەڵکوو لێرەدا مەبەست لێی بەرسڤ بە ئیمکانی پێوەندی نێوان سیاسەت و ئەخلاقدایە(نیکفر. ١٣٨٤).

بەڵام کە باس لە کەسیی سەر بەو دوو چەمکەش دەکرێ ئەو دوو کەسایەتییە جیاوازیان هەیە، دوو کەسایەتی لە ژێر ناوی "سیاستەمداری ئەخلاقی" و "گوتارخوێنی سیاسی" ئەمە هێمای دوو قوتابخانەی ئاکاریی ئەرکتەوەر و ئەخلاق بازرگانین. ئەگە بمانهەوێ ئەو ڕستەیە باشتر ڕوون بکەینەوە دەبێ بڵێین؛ سیاسەتمەداری ئەخلاقی کەسێکە کە بنواشەی سیاسی بە شێوەی هاوتەریب دەگەڵ ئەخلاق بەڕێوە دەبا، واتا لە دەزگای هزری ئەودا سیاسەت گرێدراوی ئەخلاقە(سرمدی. رادمهر. ١٣٩٤)، ئەوەی تر، کەسێک کە ئاکار بەشێوازێک لێ دەکات کە قازانجی لێوەربگریت، بۆ ئەو بەپێچەوانە، ئەخلاق پاشکۆی سیاسەتە و لەژێرفەرمانی ئەودایە. ئەو جۆرە کەسە بە پاشەکشە لە ڕێسا ئاکارییەکان هەوڵ دەدات پرسەکان بە شێوەی ئەزمونکراو چارەسەر بکات. بۆ ئەو کەسە مانەوە و بەردەوامیی هێز و دەستەلات و بەرژەوەندییەکان ئامانجی کۆتاییەتی. کەواتە سیاسەت کاتێک ئاوێتەی ئەخلاق دەبێت کە سیاسەتدانەر ئەرکی یاسایی خۆی جێبەجێ دەکات، بەدڵنیاییەوە لێرەدا یاسا ئەو شتە نییە کە نووسراوە و پشتیوان و یارمەتیدەریشی هێزی حکومەتە. بە ڕوانینی کانت هەرکاتێک لەنێوان ئەخلاق و سیاسەت دا گرژی ڕوو بدات، ئەوە ئەخلاقە کە دەتوانێ پێوەندی خۆی دەگەڵ سیاسەت بپچڕێنیت؛ لەبەرامبەر ئەوە سیاسەتە پێویستی بە ئەخلاق هەیە، بۆ درێژەدان بە ژیان و پێوەندی نێوان سیاسەت و ئەخلاق لە کۆمەڵگەدا تەنیا نابێ خۆمان بە زانکۆ و وانەکان ببەستینەوە بەڵکوو دەبێ ئەمە بۆناخی چینەکانی کۆمەڵگە بەرین. دەبێ لە پەندەکانی ئاوەزی کردەیی کانت کەڵک وەربگرین و ویژدانیی ئەخلاقی گەشە پێبدەین هەتا ببێتە کولتوری گشتی لەنێو کۆمەڵگە، هەڵبەت خێرایی جێگرتنی ئەو بابەتەش بۆ سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە دەگەڕێتە کە هەتا دێموکراتتر بێ گەیشتن بەو ئامانجە خێراتر ڕوو دەدات.

## لە کۆتاییدا:

"سیاسەتی ڕاستەقینە ناتوانێت بەبێ ڕێزلێنان لە ئەخلاق گەشە بکا و پێش بکەوێت، هەرچەند سیاسەت خۆی هونەرێکی دژوارە و سەختە، بەڵام یەکڕەنگ بوونی لەتەک ئاکار هیچ هونەرێکی سەیروسەمەرە نییە، چوونکە ئەو هاوڕەنگییە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گرێکوێرەی دژوازی نێوان سیاسەت و ئەخلاق دەکاتەوە. مافەکانی مرۆڤ دەبێ ڕێزیان لێ بگیردرێ و وەک ئەمرێکی پیرۆز سەیر بکرێن، هەرچەند تێچووی ئەوە فیداکارییە بۆ ئەو کەسانەی لە دەستەڵاتدان قورس بێ، لێرەدا کەس ناتوانێ نیوەڕێگا بپێوێت و دەسکەوتەکەی لە مافەیلی هاوشێوە بەمەرج(لە نیوەڕێگای نێوان ماف و هەڵپەرەستی)بۆخۆی دابنێت؛ لەبەرامبەردا، هەموو سیاسەتێک دەبێ لەهەمبەر ئەخلاقێتی چۆک دابدا و بەم کارە دەتوانێ هیوادار بێ، هەرچەند بە لەسەرەخۆیی بەڵام لەکۆتاییدا پلەیەک دەستەبەر دەکات کە بۆ هەتاهەتایە لە ڕووناکییەکی سەقامگیردا دەدرەوشێتەوە (کانت. ۳۵).

## سەرچاوەکان:


- کانت، امانوئل. ۲۰۱۵. طرحی فلسفی به سوی صلح ابدی. مترجم. باقر، پرهام. پروژه توانا.
- سرمدی، حمید. رادمرد، سعید. ۱۳۹٤. اخلاق و سیاست در فلسفه انتقادی کانت. همایش بین المللی نوآوری و تحقیق در هنر و علوم انسانی. دوره ۱. دانشگاه علوم تحقیقات تهران.
- افروغ، عماد. ۱۳۸۹. پرسشهای اساسی رابطه اخلاق و سیاست.جستارهای سیاسی معاصر، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی. سال اول. شماره اول. صص ۱ - ۳۲.
- گلچین، حسین. ۱۳۸۲. فلسفه اخلاق کانت. نامه فرهنگ، شماره چهل و هشت. صص ۹۳ - ۹۹.
- کانت، امانوئل. ۱۳٦۹. بنیاد مابعدالطبیعه اخلاق. ترجمه حمید عنایت، علی، قیصری. تهران. خوارزمی.
- زنجانی حقانی، حسین. ۱۳۷٦. نظریه کانت درباره وجدان اخلاقی و نقد آن. ماهنامه مکتب اسلام. شماره ده.
- نیکفر، محمد رضا. ۱۳۸٤. مفهوم صلح. نگاه نو. شمارەهای ٦۳ تا ٦٥.


۱۹ی بەفرانباری ۲۷۲۳



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کوردستان لەسەر پێیە



سمایل شەرەفی

لە ڕەوتی شۆڕشی ژیناوە تا بە ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو جۆرێک و لە هەر ڕێگایەکەوە بۆی کرابێ هەوڵی داوە، بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران بەرانبەر بە کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی بشێوێنێ. ئەم سیاسەتەی ڕێژیمیش لە تۆڵەکردنەوە لە کورد و ڕۆڵی پێشەنگایەتیی کوردستان لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادییەوە دێت.

دوای سەرهەڵدان و نارەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە کوشتنی ژینا ئەمینی، زۆری نەخایەند درووشمی "کوردستان، کوردستان پشتیوانیت لێ دەکەین" شەقامی شارەکانی ئێرانی تەنییەوە و درووشمی ژن، ژیان، ئازادی بوو بە هاوار و درووشمی سەدان هەزار خۆپێشاندەری غەیرە کورد. کوردستان بوو بە سەردێری هەواڵی میدیاکان و کورد لە مانشێتی ڕۆژنامەکاندا بوو بە ڕەمزی گۆڕانکارییەکی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێران.

بە پێچەوانەی سیاسەت و پیلانی دەسەڵاتی ناوەندگەرای کۆماری ئیسلامی کە چوار دەیەیە جیا لە ئینکاری قەزیەی کورد، هەموو هەوڵێکی ئەوە بووە پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێران لە کورد بکاتە دوژمن و دژبەیەک هانیان بدات، لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشی ژینادا ئەوە پێکهاتەکانی دیکەی ئێران بوون کە پشتیوانیی خۆیان لە کوردستان دەربڕی. کۆماری ئیسلامی کە ڕەنجبەخەسار و دۆڕاوی ئەم مەیدانە بوو، بەترس لە درێژەکێشانی ئەم ڕەوتە، دیسان کەوتەوە پیلانگێڕی دژبە کوردستان و وەحشیانە و بێبەزەییانە هێرشی کردە سەر شەقامەکانی کوردستان و بە دەیان کەس لە لاوانی ئەم نیشتمانەی خەڵتانی خوێن کرد و هێرشی مووشەکیی کردە سەر حیزبەکانی کوردستان.

خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان و لەسەروویانەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕەپێشگرتنی ڕەفتاری درووست و سیاسەتی دەروەستانە، پیلانە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمیان پووچەڵ کردوە. کۆماری ئیسلامی کە بە ڕاوەستانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، پێی وایە توانیویەتی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێران و کوردستان بۆ هەمیشە کپ بکات، لەو ماوەیەدا دەبێ بەباشی بۆی دەرکەوتبێ کە خەڵک لەم ڕێژیمە تێپەڕیون و لەهەر مەجالێک بۆ گەیاندنی بێزاری و نارەزایەتیی خۆیان لەم نیزامە کەڵک وەردەگرن؛ کچان و ژنانی وڵات سەرەڕای دنیایەک بەربەستی جۆراوجۆری مەیدانی کە ڕۆژانە جموجۆڵ و ڕەفتاریان کۆنترۆڵ دەکەن، ئێستاش ئازایانە بە لابردنی سەرپۆش و سەبکی ڕەفتاریی خۆیان و بە شێوازی دیکە، دژایەتیی خۆیان لەگەڵ نێوەڕۆکی ئەم نیزامە کۆنەپەرەستە دەردەبڕن. خوێندکارانی وڵات بە خستنەژێر پرسیاری بیروبۆچوونی دواکەوتوانەی نوێنەرانی دەسەڵات لە زانکۆکان و گوێنەدان بە یاسا و ڕێسا پاشکەوتووەکانی داسەپاو بەسەر سیستەمی پەروەردە و زانکۆکاندا، وەک بەشێکی زیندوو لە بزووتنەوەی سەرانسەریی وڵات لە مەیدان دان. کۆمەڵگەی ئەدەبی، هونەری و فەرهەنگیی کوردستان هەرکام لە حەوزە و بەستێنی کاری خۆیاندا بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی جەماوەریی جۆراوجۆر، پارێزگاری لە کولتوورێک دەکەن کە تێفکرین و ئایدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەت دەکاتەوە و نیشان دەدەن کە کولتووری پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتە، نەتەنیا تەقالیدی کۆنەپەرەستانە ئەم ڕێژیمە نامۆیە ناگرێتە خۆی، بەڵکوو دژایەتیی لەگەڵدا دەکات.

لە کوردستان کە بەگوێرەی بوونی پاشخانێکی دەوڵەمەند لە کاری سیاسی، ڕێکخراوەیی و مەدەنی، کۆمەڵگەی مەدەنی تیایدا لەسەرڕێیترە، خاوەنداریتی و هەستکردن بە بەرپرسیاریتی تیایدا ڕۆژلەگەڵڕۆژ لەگەشە دایە. خاوەنداریتی لە ژینگەی نیشتمان، پارێزگاری لە زمان و کلتووری نەتەوایەتی و ڕێزگرتن لە کەسایەتیی و پیشەنگانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کوردەواری و هەستکردنی زیاتر بە زەروورەتی یەکیەتیی و یەکگرتوویی، کوردستانی زیاتر لە هەمیشە کردۆتە کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و لەسەرڕێ.

کچان و کوڕانی نیشتمان بە دەستی بەتاڵ و تەنیا بە هەستکردن بە بەرپرسیاربوونیان بەرانبەر بەو خاکەی تیایدا دەژین، بە پشتیوانیکردن لە ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان، خەریکی پاراستنی نیشتمانەکەیانن. بەشێکی دیکەیان لە شار و ناوچەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک و لەسەر هەزینەی خۆیان، پێشمەرگەی زمان و کولتووری کوردەوارین و لە ڕێگای دانانی فێرگەکانەوە پارێزگاری لە زمانی کوردی دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە ئەمڕۆژانە کەسانی وەک زارا محەممەدی و سەیوانی هاوسەری، بەندیخانەکانیان کردۆتە بەشێک لە سەنگەری بزووتنەوەی شوناسخوازانەی گەلەکەیان. ئەوان وەک باوکی سەیوان ئیبراهیمی لە کاتی بەڕێکردنی کوڕەکەیدا بۆ بەندیخانە گوتی؛ "هیچ کەند و کۆسپ و سەرکوت و پیلانێک نەیتوانیوە خۆشەویستیی نیشتمانیان لە دڵ دەربێنێ."

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە تا ئێستاش وەک نموونە؛ بە درووستکردنی فیلمێکی بێنێوەرۆک و پڕ لە درۆ و چەواشەکاریی وەک "چشمان بیدار بمو"، هەموو هەوڵێکی ئەوەیە کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی و حیزبە خۆشەویست و خاوەن پێگەکەی، وەک بۆ خۆی دەیەوێ ناشیرین وێنا بکات، دەبێ باش زانیبێتی کە کوردستان لەسەر پێیە و ئەوەی ئەمڕۆ بەلای زۆرینەی خەڵکی ئێران و کوردستانەوە دزێو و بێ داهاتوویە؛ ڕێک دەسەڵات و ڕێژیمەکەی خۆیانە.

٢٠ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# "کوردستان" و ڕیسالەتێکی هەمیشەیی



کارگێڕانی چاپخانەی ڕۆژنامەی " کوردستان " لە سەردەمی کۆماردا

**عەلی بداغی**

**"ئێمە کە بە دڵمانا نەدەهات خاوەنی چاپخانە و ئینتیشارات بین؛ ئەوا بە یارمەتیی خودا نامەی "کوردستان" داندرا و هەوەڵ ژمارەی بڵاو کراوە. ئەم نامەیە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڵاو دەبێتەوە. دەیەوێ قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتیحاد و برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناغەکەی بە زانست و هونەر و لەشساغی داندرابێ و بتوانێ دەگەڵ سێڵاوی دوبەرەکی و بێدینی و هەمو جۆرە ڕەوشتێک کە بۆ سەربەستی زەرەر بێت بەربەرەکانی بکا، هیوامان وایە ئەم قەڵایەی کە خەریکین قایمی بکەین؛ وەها قایم و بەهێز بێت کە هیچ هێزێک نەتوانێ بەربەرەکانی لە گەڵا بکا".**

**(سەید محەممەد حەمیدی، یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان، بەفرانباری ١٣٢٤)**

**٢٠ی بەفرانباری ئەم مانگە ٧٨ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی "کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕادەبرێ. ڕۆژنامەیەک کە دوو حەوتوو دواتری بوو بە زمانحاڵی کۆماری کوردستان و لەوساوە هەتا ئێستا زمانحاڵی بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بووە.**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤دا و بە بڵاوکردنەوەی "کوردستان" ڕیسالەتێکیان بۆ ئەو ڕۆژنامەیە دیاری کرد، ئەو ئەرک و ڕیسالەتەش پارێزگاری لە زمان، شوناسی نەتەوەیی کوردی و سەنگەری قەڵەم لە خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ڕیسالەتێک کە لەو کاتەوە بەرێوەبەرانی "کوردستان" نەوە دوای نەوەی وەک بایەخێکی نەگۆڕ پاراستوویانە و سەرەڕای هەموو دۆخە سەخت و دژوارەکان لە پێناویدا بەبەردەوامی تێکۆشاون. ئەم کورتە نووسینە کە لە یادی دەرچوونی یەکەم ژمارەی "کوردستان"دا بڵاو دەبێتەوە، باس لە چەند تایبەتمەندییەکی ئەم ڕۆژنامەیە لە قۆناغ و بڕگە جیاوازە زەمەنییەکانی دەرچوونی دەکا:

**"کوردستان"** لەگەڵ ئەوەی زمانحاڵی حیزبی دێموکرات بووە، بەڵام لە قۆناغی جۆراوجۆر و فرەڕەهەندی خەباتی سیاسیی کورد لە ئێراندا نەخشی زۆر بەرفراوانتر و گەورەتری، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بە ئەستۆ بووە. "کوردستان" ڕێوشوێنەکانی خۆڕاگری، مێتۆدەکانی خەبات و هەستی شۆڕشگێڕی بە بنەمای تێکۆشان بۆ ڕزگاریی کورد لە ئێران داناوە و کاری بۆ گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی لە هەموو کوردستان کردوە و هەوڵی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییەکان لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان و لە ئاستی نیشتمانی کوردستانی گەورەدا داوە و بەحەق خاوەن وێژمانی کوردی بووە و پرسی نەتەوەیی بردووەتە نێو زەین و دڵی تاکی کورد. لە هەموو ئەو ماوەیەدا "کوردستان" تایبەتیتر لەنێوان ویستە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژنامەی "کوردستان"دا هەمیشە پەیوەندییەکی کارلێک و ڕاستەوخۆ بووە. ستراتیژیی نەگۆڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوە بووە کە "کوردستان" بە پێی ئیمکانات و ڕەوشی خەبات لە هەر بارودۆخێکدا ئاوێنەی باڵانوێنی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت. هاوکات ئەوەندە جێ‌متمانە و موعتەبەر بێت کە لە زۆر لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمیدا وەک بەڵگەنامە کەڵکی لێ‌وەربگیردرێ و باوەڕی پێ بکرێت.

**"کوردستان"** هەڵگری باوەڕ و پەیامی حیزبی دێموکراتە کە پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە خەباتی شوناس‌خوازیی نەتەوەی کورد هەیە. حیزبێک کە کۆماری کوردستانی دامەزراندووە و بە دژی دوو ڕێژیمی سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەر کە هیچ بایەخێکی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکانی کورد دانەناوە خەباتی کردووە. بۆیە دەکرێ مێژووی خەباتی ئەو حیزبە کە هاوکات مێژووی خەباتی ئەو نەتەوەیەشە لە لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا بخوێندرێتەوە. هەروەها چارەنووسی "کوردستان"یش لە هەموو ماوەی تەمەنیدا بەشێک بووە لە چارەنووسی حیزبی دێموکرات کە زمانحاڵی ئەم حیزبە بووە. کاتێک ئەم حیزبە لە نێوخۆی وڵات حوکمی بەدەستە و کۆمار بەڕێوە دەبا، "کوردستان" بە ئیمکاناتی حکوومەت و بە ڕێکوپێکی و بە تایبەتمەندیی ڕۆژنامەیەک کە وەڵامدەری حەوجێیەکانی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە. کاتێکیش حیزبەکەی لە مەتەرێزی شەڕی چەکداری و بەرگری لە مانی گەلەکەی دایە، دەبێتە چەک و دەنگی پێشمەرگە. کە حیزبەکەی تێکۆشانی ئاشکرای هەبووە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە ئاشکرا دەرچووە و بڵاو بۆتەوە، ئەگەریش حیزب لە خەباتی سەختی پێشمەرگانەدا بووبێ، لە چیا و ئەشکەوت و بن گاشەبەردەکانەوە گەیوەتەوە شار و دەستی خوێنەرانی. ئەگەر ڕۆژێک چالاکی و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە کزیی دابێ، ئەم لاوازییە لە ڕۆژنامەشدا ڕەنگی داوەتەوە و هەرکاتێکیش هەلومەرج لە بەرژەوەندیی حیزبدا چووبێتە پێش، ئەوا "کوردستان" سوودی لە بارودۆخەکە وەرگرتوە و گەشەونەشەی پێوە دیارە.

تایبەتمەندییەکی دیکەی "کوردستان" ئەوەیە لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیە توانیویانە بە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ۸ دەیەی ڕابردوو لە سینگی خۆیاندا مەترسیی چەواشەکران و بیرچوونەوە لە ڕاستییە مێژووییەکانی ئەو ماوەیە بڕەوێنێتەوە و وەک ئەرشیڤێکی نەتەوەیی، گەنجینەیەک لە زانیاریی سیاسی و مێژوویی بۆ نەوەی نوێی کوردستان بپارێزێت. هەروەها قوتابخانەیەک بووە بۆ ئەدەبیاتیکی بەپڕەنسیپ، ڕاستگۆ و ڕاستبێژ، دوور لە سووکایەتی و بوختان هەڵبەستن و تەنانەت لە ئاست دوژمنانی نەتەوەی کوردیشدا قەت لە چوارچێوەی ئەدەب و پڕەنسیپەکانی لای نەداوە. هاوکار "کوردستان" لەسەر دەستی مامۆستایانی خاوەنناو لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیدا لە ڕووی نووسین و ڕێنووس و پاراویی وشەکانی فێرگەیەک بووە بۆ ئەو کەسانەی ویستوویانە شارەزایی پتریان لەسەر زمانی کوردی هەبێت.

"**کوردستان**" لە ماوەی ژیانی خۆیدا زۆر قۆناغی بڕیوە. هەروەک گوترا سەردەمانێک ئەرکی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بڕیار و پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانی لە ئەستۆ بووە و لە قۆناغەکانی دواتری خەبات و تێکۆشانی حیزبدا شوێنی تۆماری حەماسەی پێشمەرگەکان و مێژووی خوێناویی ساڵە سەختەکانی خەباتی کورد بووە. لە هەموو ئەو ماوەیەشدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە سانسۆڕ خراوەتە سەری و ڕاستییەکانی لێ چەواشە کراوە، "کوردستان" ئەو تیشک و ڕووناکاییە بووە دژی بە شەوەزەنگی بێدادیی ڕێژیمەکانی پاسایەتی و کۆماری ئیسلامی داوە. سەرجەم ژمارە و لاپەڕەکانی "کوردستان" پڕن لە داستان و نەبەردیی نەتەوەیەک، ئەدەبی بەرگری و خۆڕاگریی میللەتێک و پرۆژەی وشیاریی نەتەوەیی بۆ ڕابوون و هەستانەوەی گەلێک و بەردەوامیی لەخەبات بۆ ئامانجەکانی. هەروەها لەهەمبەر داسەپانی سیاسەتی سانسۆڕی دوو حکوومەتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و پیلانە نەرمەکانی ئەم دوو ڕێژیمە بۆ دروستکردنی قەیرانی شوناس و تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نەتەوەی باڵادەستدا، "کوردستان" قەڵای خۆڕاگری پارێزگاری لە پێناس و شوناس و هەویتیی کوردی بووە.

"کوردستان" لە هەموو ماوەی تەمەنیدا کۆمەڵە ئەرکێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی بۆ خۆی پێناسە کردووە کە بەشێکی بریتین لە: بانگەشە و بەدواداچوون بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەرجەستەکردنی بایەخمەندیی شۆڕشگێڕی و خەباتکاری و، هەروەها ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ وەک پڕنسیپێکی ئەخلاقی و ئینسانی و جیهانگیر. "کوردستان" لە هەر بارودۆخێکدا ئاوڕی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، ژینگە و بەرگری لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان داوەتەوە بە بایەخەوە بۆ پرسی ژنی ڕوانیوە و بەگژ هەڵاواردن و فەرق و جیاوازیدانان چۆتەوە، جا ئەمە چ سەرچاوەکەی کولتوور و نەریتی کۆمەڵ بووبێ یان ڕوانگە و سیاسەتی حکوومەتی زاڵ بەسەر کوردستاندا.

"**کوردستان**" باوەڕی بە بیروڕای ئازاد هەیە و لەگەڵ ئەوەدا کە بۆخۆی ئۆرگان و زمانحاڵی حیزبێکی سیاسییە، بەڵام سینگفراوانە و قەتی دەرگای ڕەخنە لە خۆی دانەخستووە. "کوردستان" لەگەڵ بایەخدانی بە لەقاودانی سیاسەتەکانی ڕێژیمەکانی ناوەندگەرای تاران، پرسەکانی شوناس و ڕۆشنگەری و زمان؛ پەروەردە و نووسین و ئەدەبیاتی منداڵانی پشتگوێ نەخستوە و بڵاوبوونەوەی پاشکۆ و گۆڤاری "دنیای منداڵان" بۆ ماوەی نیزیک بە ١٥ ساڵ یەکێکی دی لە ڕیسالەت و کارە بەبایەخ و بەبەرهەمەکانی "کوردستان" بووە. ڕۆژنامەی "کوردستان" هەروەها لە ڕەوتی بەردەوامی کار و تێکۆشانی خۆیدا دەیان و بگرە سەدان کادری لێوەشاوەی لە بواری نووسین، کاری فەننی و هونەری ڕۆژنامەنووسیدا پێگەیاندوە کە هەر لەجێدا ئەمە سەرمایەیەکی گەورە و بەنرخ بووە بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات.

"**کوردستان**" بەدرێژایی تەمەنی دەرچوونی هەوڵی داوە بە سەرنجدان بە پێویستیی گەیاندنی زانیاری بەکەڵک لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و زانستییەوە، ڕەسالەتی ڕۆژنامەگەری خۆی بپارێزێ و لە پێناو گەیاندنی زانیاری بە خوێنەرانی و یارمەتیدان بە چوونەسەری ئاستی تێگەیشتوویی خەڵک و وشیاری نەتەوەیی لەلایەک و لەلایەکی دیکەش لە پێناو خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردیدا، خزمەت بکا.

ڕاستە کە "کوردستان" لە ڕووی بەردەوامی و پشوودرێژییەوە سەرەرای هەموو دژواری و سەختییەکان لە ٧٨ ساڵی رابردوودا لەسەر ڕێی بووە و تیرۆر و تۆپ و خۆمپارە و مووشەکیش نەیتوانیوە بیوەستێنێ و، هەروەها لە ڕووی وەفاداری و پابەندبوون بە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات -وەک دامەزرێنەری کۆماری کوردستان و داهێنەری زۆربەی هێما شوناسبەخشەکانی نەتەوەی کورد- هەست بە شانازی و سەربەرزی دەکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەزانێت کە لە سەردەمی ڕکابەریی میدیایی، خێرایی گەیاندن و وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی بەردەنگی پرچاوەڕوانیدا چ لە ڕووی فۆرم و شێوازی نووسین و چ بەرۆژبوون لە ڕووی گوتار و ڕوانینەوە بەردەوام پێویستیی بە بەخۆداچوونەوە و گۆڕانکاریی بەوەخت و بەجێ هەیە و بە پێی توانا لەوەش بەجێ نەماوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

### لە کۆتاییدا:

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، یەکێک لە سەرنووسەرانی پێشووی "کوردستان" لە نووسینێکدا بەبۆنەی هەڵکردنی مۆمی ژمارەی ٨٠٠ی کوردستان (خولی نوێ) دەڵێ: "کوردستان" هەموو شتێکی وەک حیزبی دێموکرات دەچێ و شتێکی زۆریش سروشتییە، چونکی زمانحاڵی حیزبە و ئەرک و سەلاحییەتی خۆیەتی کە ئاوێنەی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە بەرزترین ئۆرگانی بڕیاردانیدا بێ. "کوردستان"یش هەروەک حیزبەکەی سەربەخۆیە، ڕاستگۆیە، پێشکەوتوویە و هەر لە بەر ئەوانەش خۆشەویستە.

**٢٠ی بەفرانباری ٢٧٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# "کوردستان"، ئاڵایەکی هەمیشە شەکاوەی حیزبی دێموکرات



**حەسەن قارەمانی**

ڕۆژنامەی "کوردستان" سیمبولێکی ناسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئاڵایەکی شەکاوەیە لەسەر قەڵای سەربەرزی دەیان ساڵەی مێژووی کورددا. ئەم ئاڵایە لە ڕێگەی ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە کە لە خواستی پاراستنی زمان و شوناسی نەتەوەیی کوردەوە لەدایک بووە، پەرەی سەندوە و بووەتە دەنگێکی بەهێز بۆ خەباتی ئازادیخوازیی کورد.

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە پاراستنی زمانی کوردی، ناسنامەی نەتەوەیی و هێزی قەڵەم لە خەباتی ئازادیخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای پاشەکشە و تاقیکردنەوە، خزمەتکارێکی دڵسۆز بووە بۆ ئەم ئەرکە.

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە یەکەم دەرکەوتنی لە ٧٨ ساڵ لەمەوبەرەوە، ڕێبەرێکی متمانەپێکراو و هاوەڵێکی دڵسۆز بووە و خۆی لە پاراستنی زمانی کوردی و ناسنامەی نەتەوەییدا بە ئەرکدار زانیوە. وەک پارێزەری زمانی کوردی خزمەتی کردوە، ڕۆحی میللەتی بەنرخ کردوە و جەنگاوەری بەهێزی قەڵەم بووە لە شەڕی ڕزگاریدا. ڕۆژنامەی "کوردستان" پابەندبوونێکی ڕەگداکوتاو بۆ زیندوو ڕاگرتنی بەها کوردییەکان و چەسپاندنی بۆ نەوە لە دوای نەوە هەڵدەگرێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژنامەی کوردستان بەدرێژایی ساڵان وەک قەڵایەکی بێوچان لەدژی هەوڵەکانی بێدەنگکردنی زمانی کوردی و سەرکوتکردنی ناسنامەی نەتەوەیی وەستاوە. درێژکراوەی میراتی مەعنەوی حیزبی دێموکرات بووە و شەوەزەنگی بێدەنگیی دڕ داوە هەتا ببێتە دەنگی کورد.

ڕۆژنامەی "کوردستان" هەر تەنیا بڵاوکراوەیەک نییە؛ بەڵکوو میراتگرێکی کولتووری و فیکرییە کە نەوەکانی کوردی یەک لە دوای یەک ڕێنمایی کردوە و پەروەردەی کردوون. هەر ڕەنگێک لە لاپەڕەکانیدا وەک ڕەنگدانەوەی مێژووی کورد وایە و، سەکۆیەک بووە بۆ بیری کوردی و دەنگی ئاشکرای بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد بووە.

ڕۆژنامەی "کوردستان" دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بۆ پێگەیاندنی ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسانی کورد بووە. هێزی مرۆیی و کادری بەوەج و لێهاتووی لە بواری نووسین، تیکنیک و ڕۆژنامەگەریدا پەروەردە کردوە و تریبوونی هەرەگرینگ بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات بووە.

"

کوردستان" پردێکی لە نێوان ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست کردوە. "کوردستان" زیاتر لە تەنیا دەنگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خزمەتی کردووە؛ ئەو ڕۆژنامەیە پلاتفۆرمێکی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بووە کە لەپێناو ڕزگاریی کورد لە ئێران، بەرخۆدان، خەبات و ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی دەربڕیوە. ڕۆژنامەی "کوردستان" جەوهەری ناسنامەی کوردایەتیی پێک هێناوە و بە سەرکەوتوویی پرسە نەتەوەییەکانی بە گەلی کورد گەیاندوە. ئەم ڕۆژنامەیە نوێنەرایەتیی زیندووی خواستەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و پاڵپشتیی دۆزی خۆی بووە و، هەمیشە لەگەڵ گۆڕانی دەرفەت و بارودۆخەکاندا بەڕۆژ کردوە. "کوردستان" هەم سامانی میدیایی حیزبی دێموکرات و هەم پارێزەری خەباتی ناسنامەیی کورد بووە و لە ڕێگەی لاپەڕەکانیەوە مێژوو و چارەنووسی نەتەوەی کوردی بەرجەستە کردوە.

ڕۆژنامە "کوردستان" بە بەردەوامیی خۆی چارەنووسی خۆی و حیزبی دێموکراتی پێکەوە گرێ داوە و هەم وەک چەکی پێشمەرگە و هەم وەک ئەرشیفێکی زیندووی خەباتی ناسنامەی کورد و قەڵای بەرەنگاربوونەوەی ستەم و سانسۆر ڕۆڵی بینیوە .هەر لاپەڕەیەکی ڕۆژنامە "کوردستان" شایەتحاڵی مێژوو و یادەوەرییەکانی هەشت دەیەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتوە، بۆ ئەوەی هیچ ڕاستییەکی مێژوویی نەفەوتێت و نە شێوێت. جێگای ئەدەبیاتی پرەنسیپی و ڕاستگۆ و فوتابخانەیەک بووە بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی و سەرچاوەیەکی گرنگی بەڵگەنامە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی بووە.

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ژیانیدا چەند قۆناغێکی تێپەڕاندوە، بەرەنگاری سانسۆر بووەتەوە، تەحەدای هێزی نەرمی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیمەکانی ناوەندگەرای تارانی کردوە و قەڵایەک بووە لە بەرامبەر هەوڵەکانی هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەی کورد.

ڕۆژنامە "کوردستان" بەدرێژایی بوونی خۆی ئەرکێکی هەمیشەیی لە باوەش گرتوە، ئەویش خەبات بۆ چارەی خۆنووسین، بەرجەستەکردنی بەها شۆڕشگێڕییەکان و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ. "کوردستان" سەرەڕای سەختی و خۆڕاگری، هەرگیز دەرگای ڕەخنەی لە خۆی نەداخستوە و، هەمیشە هەوڵ داوە دەنگێک بێت بۆ ستەملێکراوان و سەکۆیەک بۆ مەعریفە لە سیاسەت و کۆمەڵگە و ئەدەب. ئەمڕۆ "کوردستان" نەک هەر وەک ئاڵای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڵکوو وەک ئیلهامێکی ئەبەدی و بیرهێنانەوەی هێز و خۆڕاگریی کورد دەمێنێتەوە.

٢١ی بەفرانباری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەندکردنی ئازادی!



**شیوا مورادیان**

لە بەشێکی کتێبی "ئازادی لە هزر و ڕامانی قاسملوودا" هاتوە کە لە ڕوانگەی ئەو ڕێبەرە مەزنەی گەلی کوردەوە ئازادی بریتییە لە هەڵبژاردن و مافێک کە لە چوارچێوەی ئەخلاقدا شرۆڤە دەکرێت و مرۆڤ بە حوکمی مرۆڤبوونی دەبێتە خاوەن ئەو ئازادییە و بە شێوەی سرووشتی لەو ئازادییە بەهرەمەند دەبێت.

ئەو پێناسەیە لە ئازادی هەم ئاماژەیە بە توانای بڕیاردانی سەربەخۆیانەی مرۆڤ و دواتر کۆمەڵگە و هەبوونی دەرفەتی هەڵبژاردن لەنێو بژاردە جیاوازەکاندا و هەم ئاماژەیە بە چوارچێوەی ئەخلاقی ئازادی. ئەمەی دووەم دەکرێ ئاماژە بێت بۆ ئەوەش کە لە باسکردن سەبارەت بە ئازادی پێویستە ڕێژەیی بوونی ئازادی لەبەرچاو بگرین. بەو مانایە کە باس لە ئازادیی ڕەها ناکرێت، بەڵکوو ئازادی سنووردارە. بەو واتایە مرۆڤ مافی ئازادیی هەیە تا کاتێک سنوورەکانی ئازادیی کەسانی تر نەبەزێنێت. ئەمە ڕوانگەیەکی ئەخلاقیانەیە بۆ ئازادی. لەم واتایەدا ئازادی دۆخێکە کە تێیدا هیچ شتێک ڕێگر نەبێت لە بەردەم ئیرادەی تاک یان کۆمەڵگە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، مەگەر ئەوەی ئازادی تاک و کۆمەڵگەکانی دیکە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێشێل بكات.

ئازادی ڕزگاربوونە لە دۆخێک کە بە شێوەی زۆرەملێ یان پێچەوانەی ئیرادەی مرۆڤ داسەپابێت. ئازادی دەرفەت و هەلێکە بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی تواناکانی تاک و کۆمەڵگە. لە سەردەمی ئێستادا ئازدییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە کۆڵەکەی سەرەکیی دێموکراسی دادەنرێن. بە تایبەتی ئازادیی سیاسی کە دەرفەتی دەنگدانی تاک و هاووڵاتییان و بەشداریکردنیان لە ئیدارەی وڵات دەڕەخسێنێت. زەوت کردنی ئەو ئازادیانە زەوتکردنی ئیرادەی تاک و گەلە. زەوتکردنی ئازادیش لە چوارچێوەی بۆچوونی دکتور قاسملوودا بە مانای لەنێوبردنی توانای هەڵبژاردنی تاک و کۆمەڵگە دێت. لەبەر ئەوەیە کە من ناوی دەنێم بەندکردنی ئازادی.

ڕاستە یەکێک لەو هۆکارانەی کە مرۆڤ کەوتووەتە بیری دامەزراندنی شوێنێک بەناوی بەندیخانە تەمبێکردن یان چاکسازی کرداریی ئەو کەسگەلە بووە کە دژی نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگە جووڵاونەتەوە و ئامانج لە دەستبەسەرکردنیان نەمانی تاوان بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی باشتر و ئەمینتر بووە، بەڵام بەشێکی زۆر لە بەندیخانەکان و بەتایبەت ئەوانەی ئەمڕۆکە بە بەندیخانەی سیاسی ناسراون حەبسکردنی ئازادییەکان و بەندکردنی کەسانی ئازادیخوازە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە کاتی بەدەسەڵات گەیشتنیەوە تا ئێستا بەردەوام سنووری ئازادییەکانی بەرتەسک کردووەتەوە و هاوکات پەرەی بە زیندانەکان و زیادکردنی ژمارەی زیندانیان داوە بەرچاوترین نموونەیە بۆ بەندکردنی ئازادییەکان. ئێستاکە بەهۆی نەبوونی ئازادی بۆ چین و توێژە جۆراوجۆرەکان ئێران بووەتە بەندیخانەیەکی گەورە بۆ ڕۆژنامەنووسان، چالاکانی سیاسی و مەدەنی، هونەرمەندان و تەنانەت نووسەران و ڕووناکبیران و جیابیران. بەدرێژایی تەمەنی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرە ئامانج لە پەرەپێدان بە دیاردەی بەندکردن و بەندیخانەکان زیاتر کپکردنی دەنگی ئازادیخوازان و جیابیران بەمەبەستی لەسەر دەسەڵات مانەوە و بەردەوامی حکوومەتی دز و گەندەڵەکان بووە. دەنا خۆی کۆماری ئیسلامی سەرچاوەی گەورەی پەرەپێدان بە تاوانە کۆمەڵایەتییەکانە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا و لە درێژەی سیاسەتی بەندکردنی ئازادییەکانی نەتەوەکانی ئێراندا، بەتایبەتی نەتەوەی کورد بەرەورووی تێرۆر، ئێعدام، ئەشکەنجە، حوکمی جیهاد و هێرشی سەربازی دڕندانە، جێنوساید و زۆر شێوازی دیکەی سەرکوت و بێدەنگکردن بوونەتەوە. لە بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامیدا بە دەیان جەلادی وەک خەلخاڵی، ئێژەیی، ڕەئیسی، قازی سەڵەواتی بارهێنراون و دەسەڵاتی ڕەهایان پێدراوە بۆ دەرکردنی حوکمی بەندکردن و کوشتنی ئازادیخوازان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام سـەرەڕای ئەو تـاوانە ڤیزەونـانە، بێگومـان ئەو ڕێـژیمە مرۆڤکـوژە نەیتوانیـوە بە ئامـانجی سـەرەکیی خـۆی واتە ڕیشەکێشکردنی ئیرادەی ئـازادیخوازانەی تـاک و گەلانـی ئێران بگـات. بەتـایبەت سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگ و فشارە قورسەی خستوویەتە سەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و سەر حیزبەکان لە دەرەوەی سنوورەکان بەڵام ئیرادەی ئـازادیخوازی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ڕۆژهەڵات بەرزتـر دەبێت. ئەم ئـازادیخوازییەش بەرهەمـی ڕیشـەداکوتانی ئەندێشـەی ڕێبەرانـی ئەو گەلە و کەسانی وەک کـاک دکتور قاسملوویە کە لە لایەکەوە پێی وابـوو هیچ نێعمەتێک لە جیهانـدا لە ئـازادی بەنەرختر نییە و لەلایەکی ترەوە ڕوونی دەکردەوە کە ئـازادی تێچووی دەوێت و ئەوەی ئازادی بـوێ دەبـێ نرخـی ئەو ئـازادیەش بـدات. ئەمەش یەکێک لەو وتە بەنرخانەیە کە بووەتە وردی سەرزمانی لاوان، ژنان و هەمـوو چین و تـوێژێکی کۆمەڵگە و ئیرادەیەکی پـێ بەخشیون تاکوو بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادیدا ئامادەی هەر فیداکارییەک بن.

٢١ی بەفرانباری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# گاڵتەجاڕییەکی ڕۆژنامەی "جام جم"ی تاران




**مەنسوور مروەتی**

چوارشەممەی حەوتووی ڕابردوو ڕۆژنامەی "جام جم"ی تاران لە چوارەمین ساڵڕۆژی کوژرانی قاسم سولەیمانیدا و لەسەر وێنەکەی ناوبراو نووسیبووی "اسم تو رمز میشود،" واتە ناوی تۆ دەبێتە ڕەمز. هەمووان دەزانن ئەم نووسراوە مێژووییە کۆپی نووسراوەکەی سەر کێلی "ژینا ئەمینی"یە کە لە دوای ناشتنی شەهید ژینا لە قەبرستانی ئایچی سەقز لە سەر بەردەنووسی مەزارەکەی نووسرا، و لە ڕاستیشدا هەروای لێ هات و ناوی شەهید ژینا بوو بە ڕەمزی شۆڕش و سەرهەڵدانێک کە کۆماری ئیسلامی تا ئەوکات شتی وای بە خۆیەوە نەدیبوو و ئێستاش بڵێسەی ئەم شۆڕشە نەتەنیا نەکوژاوەتەوە؛ بەڵکوو هەموان چاوەڕوانن هەر ئەم ناوی ڕەمزە ببێتە ڕەمزی ڕووخانی یەکێک لە ڕەشترین دەسەڵاتەکانی سەردەم واتە کۆماری ئیسلامیی ئێران.

بێگومان ئەوەی ئەو سەردێڕەی ڕۆژنامەی "جامی جەم"ی دیبێ، لە پێشدا تێر بە عەقڵی بەڕێوەبەرانی ئەو ڕۆژنامەیە پێکەنیوە و لە دڵی خۆیدا گوتوویە ئاخر ئەو ڕستە مێژووییەی سەر کێلی ژینای جوانەمەرگ لەکوێ و کۆپیکردنی بۆ وەسفی یەکێک لە مرۆڤکوژترین تیرۆریستانی سەردەم لەکوێ؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئاسانترین کار بۆ بەراوردکردنی ئەم جۆرە نووسراوانە بۆ وەسفی کەسەکان پەنابردن بۆ ڕای گشتی و وردبوونەوەیەکی سەرپێی بە کار و کردوە و ئاکارەکانی ئەو کەسانەیە. بەڵێ، شەهید بوونی کچە کوردێکی غەریب لە تاران وەها دڵی بیروڕای گشتیی هەژاند کە لە ماوەیەکی کەمدا هەموو ئێران بە پێشەنگایەتیی کوردستان ڕژانە سەر شەقامەکان و بۆ یەکەم جار لە مێژووی پڕ نەگبەتیی کۆماری ئیسلامیدا، خەریک بوو بەجارێ تەخت و بەختی دەسەڵاتدارانی تاران تێکەوە پێچێ. ناوی ژینا لە ئێران و ناوچەکەش ئەولاتر ڕۆیی و هەموو دنیای تەنییەوە و زۆربەی هەرەزۆری وڵاتان و دەسەڵاتداران و خەڵکی دنیای لە سەر ژینا هێنایە دەنگ و لەو ڕێگایەوە دنیا ئەمجارە باشتر لە ماهییەتی ڕەش و نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی گەیشتن و ئێستاش کاردانەوەکان و چالاکییەکان لەم بەستێنەدا لە دنیادا درێژەی هەیە. بەو واتایە کە ژینا و بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی هەر جارە و لە لایەن ناوەندێکی جیهانییەوە خەڵات دەکرێن و ڕێز لە ناو و یاد و خەباتیان دەگیرێ. بەمجۆرە جیهانێک ڕێز لە ناو و یادی ژینا دەگرێ و لە ڕاستیدا ناوی ئەو بووەتە ڕەمزی ئازادی میلیۆنان ئینسانی چەوساوە بە دەست هەندێ مرۆڤ و یاسای سەدەکانی نێوەڕاست. بۆیە جێی خۆیەتی و ئەو ڕستەیە پڕ بە پێستیەتی کە بنووسرێ و بگوترێ، "ژینا گیان تۆ نامری ناوی تۆ دەبێتە ڕەمز."


بەڵام ئەی بۆ ئەم ڕستەیە بۆ لەگەڵ ناوی کەسێکی وەک قاسمی سولەیمانی نایەتەوە و ئەگەر بۆی بنووسرێ دەبێتە مایەی گاڵتە و پێکەنین؟ جوابی ئەم پرسیارە زۆر ڕوونە و پێویست بە بیرکردنەوەی زۆر ناکا. ناوی ئەم پاسدارە تیرۆریستە لانیکەم بیرهێنەرەوەی کوژرانی زیاتر لە پێنج سەد هەزار کەس لە ژن و منداڵ و پیر و لاوی خەڵکی سووریەیە کە لە ڕەوتی بەهاری عەرەبیدا وەک خەڵکی وڵاتانی دیکە ویستیان چارەنووسی خۆیان بگۆڕن و لە دەست دیکتاتۆری و دەسەڵاتی زاڵ بەسەر وڵاتەکەیاندا ڕزگاریان ببێ. وەبیرهێنەروەی بریندداربوون و ئاوارەبوونی سەتان هەزار کەسی سوورییە کە ئێستاشی لەگەڵ بێ بەدەست برینەکانیانەوە دەناڵێن یا بەناچاری وڵاتی خۆیان بە جێ هێشتووە و ئاوارەی وڵاتانی دیکە بوون. ناوی قاسم سولەیمانی وەبیرهێنەروەی دەستێوەردان و ئاژاوە و کوشت و کوشتاری ئێران لە وڵاتانی ناوچەکە و جیهانە. ناوی قاسمی سولەیمانی وەبیرهێنەروەی شەهیدبوونی ١٧٦ کەس مرۆڤی بێتاوان لە فڕۆکە ئۆکراینییەکەیە کە بە دەستی سپای پاسدارن و بە مووشەک لە ئاسمانی تاران تەقێنرایەوە و کۆماری ئیسلامی تا ئێستاش وەڵامدەری کەس نییە. ناوی قاسم سولەیمانی وەبیرهێنەروەی کوژرانی زیاتر لە ٥٠ کەس لە خەڵکی کرمان لە کاتی نێژرانی ئەودا و وەبیرهێنەروەی کوژرانی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە ژن و منداڵی بەزۆرهێنراو بۆ سەر گۆڕەکەی لە هەفتەی ڕابردوودایە. کەواتە پاسدارێکی خوێنمژی نەحسی ئاوا لەکوێ و نووسینی ڕستەی ناوی تۆ دەبێتە ڕەمز لەکوێ؟ بۆیە هەروەک گوترا هەر کەسێک ئەو لاپەڕەیەی ڕۆژنامەی "جامی جەم"ی دیبێ تەنیا پێدەکەنێ و گاڵتەی بە عەقڵی بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە دێ.

٢١ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سەرکوت و تاڵان




**عەلی بداغی**

شەش مانگ دوای تێکهەڵچوونی بەشێک لە کرێکارانی گوندی ئاغدەرەی تیکاب لەگەڵ هێزە ئینتیزامییەکان کە بووە هۆی دەسبەسەرکرانی ژمارەیەکی زۆر لەوان و پەروەندەی ئەمنیەتی دژی ٩ کەس لەوان ساز کرا، ڕۆژی سێشەممە، ١٩ی بەفرانبار دووهەمین کۆبوونەوەی دادگاییکردنی ئەو کەسانە بەڕێوە چوو. ڕووداوەکە بۆ ڕۆژی ٩ی گەلاوێژی ئەمساڵ دەگەڕێتەوە، کاتێک بەشێک لە لاوانی بێکاری ئاوایی دوای چەندین جار بەرزکردنەوەی داخوازی و سەرەڕای بەڵێنی پێشووی خاوەنکاران و بەڕێوەبەرانی کانگای زێڕی ئاغدەرە بۆ دامەزراندنیان و پێسپاردنی کار لەو کانگەیە دیسان وەڵامی "نا"یان وەرگرتەوە و کۆبوونەوەی نارەزایەتیی ئەوان کەوتە بەر پەلاماری هێزە ئینتیزامییەکان. هێزە ئینتیزامییەکان تەقەیان لێ کردن و بەو هۆیەوە دوو کەس لە خەڵکەکە بریندار بوون و دەیان کەسیش کەوتنە بەر زەبری باتوم و قۆنداغە تفەنگ. ڕێژیم بەوەش نەوەستا و لە پەلاماری نیوەشەوی ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا ٣٢ کەس لە کرێکارانی کانگاکە نەک دەسبەسەر و ڕاپێچی زیندان کران، بەڵکوو دوای بەربوونی کاتییان بە بارمتەی قورسی ٦٠٠ میلیۆن هەتا یەک میلیارد تمەنی بەشی زۆریان لە کارەکانیشیان دەرکران. ئێستا ئەو کرێکارانەی بۆ پشتگیری لە لاوانی بێکاری گوندەکەیان و بۆ بەرزکردنەوەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ناڕەزایەتییان بە دۆخی هەژاری و بێکاریی خەڵکی ناوچەکەیان ناڕەزایەتییان دەربڕیوە و لەبری وەڵامدانەوە بە داخوازییەکانیان لێیان دراوە، بریندار و لە کار بێکاریش کراون، بە تۆمەتی "شێواندنی نەزمی گشتی" و "هەوڵدان دژی ئەمنییەتی نێوخۆی وڵات" دادگایی دەکرێن! ئەمەش چارەنووسی خەڵکی کرێکار لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامییە کە لەبری دابینبوونی مافەکانی و دەستەبەری ژیانێکی ڕێزدارانە لێی دەدرێ، لە کارەکەی دەردەکرێ و دەخرێتە زیندانەوە و دەدرێتە بەز زەبری قامچی!

کانگای زێڕی ئاغدەرە لە ٤٠ کیلۆمەتریی تیکاب هەڵکەوتووە. خەڵکی هەژاری ئاواییەکانی ناوچە کە پێشتر بە تەونکردن، کاری وەرزێری و ئاژەڵدارییەوە ژیانیان بەڕێ دەکرد، لە دەیەی ۷۰ی هەتاویدا بە دەسبەکاربوونی کانگای زێڕەکە ترووسکایی هیوایەکیان بۆ پەیدا بوو. چونکی ئەمە بۆ ئەوان بە مانای دەسکەوتنی هەلی کار و بووژانەوەی ناوچەکە بوو. کەچی لە ڕاستیدا لە ماوەی زیاتر لە ۳۰ ساڵی ڕابردوودا بەشی خەڵکی ناوچەکە تەنیا کرێکاری بۆ بەشێکی کەم لەوان ئەویش بە گرێبەستی کاتیی ۳ مانگە و، ئەویدی پیسبوونی ژینگە، خەساربوونی زەوییە کشتوکاڵییەکان، هەڵمژینی سیانوور و دزەکردنی جیوە لە ئاوی چەمی ساروخدا بووە. سەرباری ئەوەش خەڵکەکە بەرەوڕووی زۆر مەترسیی دیکەی وەک شێرپەنجەی سپیەلاک و گەروو بوونەتەوە و جیا لە بەتاڵانچوونی زێڕ و سامانەکەیان خەڵکەکە نە زەوییان بۆ ما، نە ئاژەڵ و نە چەم و هەناسەدان و ژیانیشیان بەتەواوی خەریکە دەفەوتێ؛ بەوحاڵە کرێکاری لەو کارگە و کارخانەیشیان پێ ڕەوا نابیندرێت.

کارەسات ئەوەیە کە نیوەی هەموو پاشکەوتی زێڕی وڵاتی ئێران لە تیکاب هەڵکەوتووە و زیاتر لە سەتا ٤٠ی هەموو زێڕی ئێران لە ساڵدا لە کانگا زێڕەکانی تیکاب ڕەعەمەڵ دێ، کەچی ئەو شارە یەک لە هەژارترین و پاشکەوتووترین ناوچەکانی ئێران لە گەشەسەندنی مرۆیی و پەرەسەندنی ئابوورییە. ناوچەکە بەهۆی بوونی ئەو سامانە دەوڵەمەندە لەلایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە بەتەواوی ئەمنیەتی و میلیتاریزە کراوە و هەرچەشنە ناڕەزایەتی و دەنگهەڵبڕینێکی خەڵک بە هەڕەشە و گرتن و سەرکوتی خوێناوی وەڵام دەدرێتەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دوای داگیرکاریی کوردستانەوە بە پلان و پیلان و سیستماتیک دەستی بەسەر هەموو سەرچاوە ژێرزەوییەکان و سامانە سروشتییەکانی ناوچەی دەوڵەمەندی کوردستان داگرتوە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ئاو و سەرچاوە ژێرزەوینییەکانی، وەکوو زێڕ، گووگرد، بەردە جۆراوجۆرەکان و بەتایبەت بەردی مەڕمەڕ، نەوت، گاز و هەموو سووتەمەنییەکان و سەرجەم سەرچاوە سروشتییەکانی تر بە یەکێک لەو ناوچە هەرە دەوڵەمەندەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت جیهان دادەنرێت، کەچی لەسۆنگەی سیاسەتی دوژمنکاریی ڕێژیمەوە خەڵکەکەی هەژارترین و ناوچەکەش



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دواکەوتووترین بەشی لە جوغرافیای سیاسیی ئێرانە. ڕێژیمی ئێران ئەوەندەی دەتوانێ لەلایەک سەرچاوە و سامانی سروشتیی کوردستان بەتاڵان دەبا و لەلایەکی دی بە تێکدان و کاولکاریی ژینگە سیاسەتیی زەویی سووتاوی لەسەر جێبەجێ دەکات.

دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان هەر بە سەرکوتی ئەو نەتەوە مافخوازە و بێبەشکردنی لە مافە مەدەنی و سیاسییەکانی تەواو نابێ، بەڵکوو هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک لە کوردستان دەگرێتەوە.

ئەگەر هەواڵەکان ڕۆژانە باس لە گرتن و سزادانی چالاکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کرێکاری لە کوردستان دەکەن، ئەگەر ئامار و داتاکان باس لە هەڵاواردنی سیستماتیکی کوردستان لە گەشەی ئابووری و مرۆیی کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەکەن، ئەگەر کورد و مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی هەروا چیرۆکی بەردرێژی داوا و مافخوازیی ئەو نەتەوەیە لە ئێرانە؛ مخابن ژینگەی کوردستانیش زۆرترین زەبری لە سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی بەرکەوتوە. دانانی خاڵی کۆتاییش لەسەر ئەو تراژیدییە تەنیا بە کۆتاییهێنان بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە دەستەبەر دەبێت.

٢٢ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## فەرهەنگ، وەکوو ئەوەی هەیە



**سەلام سەدیقی**

مەبەستی من ئەوە نیە کە بڵێم بوونی فەرهەنگ باش یان خراپە و لە تەرازووی هەڵسەنگاندنم نەهاویشتووە، بەڵکوو دەڵێم بوونی هەیە و زوربەی ئەرک و کارەکان لە چوارچێوەی فەرهەنگێکی دیاریکراو دان کە لە ڕوانگەی، دەوڵەتەکان و ڕێکخراوەکانەوە بەنرخن.

گومانیش لەوەدا نییە کە هەر نەتەوە و دەوڵەتێک و ڕێکخراوێک بۆ بەڕێوەبردنی کار و درێژەدان بە ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی خۆیان، پێویستیان بە ئاوڕدانەوەیەکی جیددی و بنەڕەتییە لە گۆڕەپانی فەرهەنگ، بەتایبەتی نەتەوەی کورد. چوونکی فەرهەنگ دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی پابەندبوونی ئەندامان بە ڕێکخراوەکان و بەردەوامبوونیان لە کار و تێکۆشاندا. ئەوەش بە قازانجی ڕێکخراوەکەیە. بوونی پێڕەویش لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی نەهێشتنی دیاردەی ناڕوونی، بۆ فەرمانبەران و ئەندامانی دامەزراوەکە گرینگە. پێڕەو دیاری دەکا کە ئەرکەکانمان چۆن ڕاپەڕێنین و کارە لەپێشینەکان چین؟ نابێ لە لایەنە خراپەکانیشی ئاگادار نەبین کە کاریگەری زۆری لەسەر ڕێکخراوەکە دەبێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەگەر بەها هاوبەشەکانی ئەندامانی ڕێکخراوێک پێچەوانەی ئەو بنەمایانە بن کە دەبنە هۆی بەرەوپێشچوونی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە، لە وەها کاتێکدا فەرهەنگ هاوسەنگیی خۆی لەدەست دەدات و لەجێی نەبوانە. ئەو دۆخەش لە کاتێکدایە کە ڕێکخراوەکە لە شوێنێکی پڕ کێشەدا بێ. ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەی لە ژینگە و شوێنی بوونی ڕێکخراوەکەدا ڕوو دەدەن، لەوانەیە ببنە هۆی ئەوەی فەرهەنگی بەرکار و چەسپاوی ڕێکخراوەکە گونجاو نەبن. کەوابوو هەرکاتێک دامەزراوەیەک لە ژینگە و شوێنێکی سەقامگیر و ئارامدا بوو، بەردەوامبوونی ڕەوتی کار و کردەوەکان وەک سامانێک بۆ ڕێکخراوەکە دەژمێردرێ.

جاری واهەیە ئەوگۆڕانکارییانەی لە دامەزراوەیەکدا ڕوو دەدەن، لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی قەوارەی بەڕێوەبەرایەتی و دەسەڵات، قەوارەییەکی ناکارامە و لاواز بێت. کەواتە کاتێک ڕێکخراو یان هەر دامەزراوەیەک لە کەشێکی ئارام و سەقامگرتوودا بێ، ڕەچاوکردنی پێڕەو و ڕێساکان بە ڕێژەییەکی بەرچاو هەستی پێ دەکرێ. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر لە دۆخێکی نائارامدا بێ، ئەوە یاسا و ڕێساکانی ڕێکخراوەکە دەبێتە بارێکی گران بەسەر شانی ئەندامانەوە و ڕێگر دەبێ لە هەر چەشنە کاردانەوەیەک لە ئاست گۆڕانکارییەکاندا.

## فەرهەنگسازی و پاراستنی

هەموو ڕێکخراوێک دەبێ بنەمایەکی پتەو و ئامانجێکی ڕوونی لەپێش بێ بۆ دروستبوونی. کە دروستیش بوو، مادام لەسەر بناخەیەکی قایمە و ئامانجی دیاربێ، هەڵوەشانەوەی ئاسان نابێ. بەڵام ئەوانە چین کە لە دروستبوونی فەرهەنگدا دەوری سەرەکی دەبینن و ئەو هێزانەی پەیڕەوی دەبن، بە چی بەهێز و پارێزراو دەبن؟ لێرەدا دەمەوێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە.

## چۆنیەتیی پەیدابوونی فەرهەنگ

هەموو ڕێکخراو و دامەزراوەکان، بەگوێرەی کولتوور و داب ونەریتە باوەکانی نێو کۆمەڵگە، شێوازی کارکردنی خۆی دادەڕێژێ و هەروەها پشت بە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی ڕابردووی دەبەستێ. ئەوەش ڕووی سەرنجمان پێ دەکاتە بنەما سەرەکییەکانی فەرهەنگی ڕێکخراوەیی یان دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکە.

بنیادنەر یان دامەزرێنەرانی هەموو ڕێکخراوێک ، دەوری سەرەکی لە داڕشتنی پێڕەوی دامەزراوەکە و ئامانجی دروستبوونیدا دەگێڕن. هەر ئەوانیشن کە قەوارە و چۆنیەتی کارکردنی ڕێکخراوەکە دیاری دەکەن .شێوازی کارکردنی ڕابردوویان، نابێتە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەربەست بۆ ئێستایان.

هەموو ڕێکخراوێک لەسەرەتادا لە چوارچێوەی دەستەی بچووک بچووکدا دروست دەبێ و بە زۆری تێبینی و سەرنجی ڕێکخەرەکانی برەوی هەیە و بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانیان هەموو ڕێگایەک دەگرنەبەر. تا بەرەبەرە وای لێ دێت لە ئەنجامی لێکتێگەیشتن و پێوەندی بەردەوامدا ئەندامانیش فێر دەبن بە دڵسۆزییەوە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجدا تێبکۆشن.

لێرەدا بۆ وێنە دەتوانین باسی پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری کوردستان بکەین کە لە زۆر لایەنەوە توانیان کاریگەرییان لەسەر گەلی کورد هەبێ و وای لێبکات کە لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بێ و بۆ گەیشتن بە ئامانج کە ڕزگاری کوردستانە، لە هیچ فیداکارییێک درێغی نەکا.

## بە زیندوویی هێشتنەوەی فەرهەنگ

دوای ئەوەی فەرهەنگێک لە ڕێکخراوێکدا جێگیر کرا، کار لەسەر ئەوە دەکرێ کەفەرمانبەرەکان بە ڕەچاوکردنی بنەما دیارەکانی، فەرهەنگەکە بپارێزن و بە زیندوویی بیهێڵنەوە. بۆ وێنە ئەو ڕێکارانەی دەبنە هۆی بەهێزکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی.
بەرنامەی وەرگرتن و دامەزراندن، چاودێری و هەڵسەنگاندن، دیاریکردنی سزا و پاداش، هەبوونی بەرنامەی پەروەردەکردن و بارهێنان و هەروەها بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەر و ئەندامان بۆ ئەوەیە کە ڕێکخراوەکە دڵنیا بێت لەوەی کە ئەوانەی دایمەزراندوون خۆیان لەگەڵ قەوارەکە بگونجێنن و دەشیانەوێ پشتی ئەو کەسانە بگرن کە لە دامەزراوەکەدا هەوڵی زیاتریان داوە و سزای ئەوانەش بدەن کە دژ یان کەمتەرخەم بوون.

لە مانەوە و پاراستنی نەریتی هەر ڕێکخراوێکدا سێ شت دەور دەبینێ کە بریتین لە: چۆنیەتیی وەرگرتن و دامەزراندن، ئەرک و کاری بەڕێوەبەرایەتیی ڕێکخراو، لە کۆتاییشدا ڕێگاکانی خۆگونجاندنی ئەندامان و کارمەندەکانە لەگەڵ نەریتی ڕێکخراوەکە.

## وەرگرتن و دامەزراندن

خاڵی دیار و بەرچاو لە بەشی وەرگرتن و دامەزراندندا ئەوەیە کە دەبێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کەسانێک وەربگرن خۆشناو و ناسراو بن و لە بەرەوپێش بردن و سەرکەوتن لە ڕاپەڕاندنی کارەکاندا بەتوانا بن و زانیاری و شارەزایی پێویستیان هەبێت. ئەو کەسانەشی کە ئەو هەڵسەنگاندنە بۆ داواکارانی دامەزراندن دەکەن دەبێ زۆر وردبین و بەسەرنج بن و لە هەموو بارێکیشەوە زانیاری تەواو لەسەر ڕێکخراوەکە بدەن بە ئەوانەی داوای دامەزراندن دەکەن. هەروەها ئەوکەسانە بۆخۆشیان دەبێ زانیاری لەسەر ئەو ڕێکخراوەیە پەیدا بکەن و ئەگەر زانیان لەگەڵ ڕوانگە و بیرکردنەوەیان ناتەبایە، دەکرێ واز بێنن و پاشگەز ببنەوە.

ئەو کەسانەی بەشی وەرگرتن و دامەزراندنیان بەدەستە، دەبێ دەورەی ڕاهێنانیان لەوبارەوە دیتبێ بۆ ئەوەی بتوانن بە شارەزاییەوە کەسانی شیاو دیاری بکەن. هەروەها کەموکووڕییەکان دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

٢٤ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کۆمەڵگەیەکی زیندوو و دەروەست



شاڕوخ حەسەنزادە

بۆ پێناسەی خەباتی مەدەنی دەبێ بۆ چەمکی "مەدەنییەت" بگەڕێینەوە کە "ئەزقەزا" یەکێک لە کۆڵەکەکانی کۆماری کوردستانیش بووە، مانای مەدەنییەت لە هزری سیاسی-کۆمەڵایەتیدا، پێوەندیی لەتەک چەمکگەلی وەک شارستانییەتدا هەیە. کەوابوو ئەم چەمکە تەنیا مانایەکی ئەخلاقیی نییە کە بکرێ دەگەڵ "کردەی ئاکاری" هەڵسەنگێندرێ، بەڵکوو چەمکێکە زاڵ بەسەر سامانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەموو کۆمەڵگەیەکدا.

مەدەنییەت شێوازی پێوەندی لەهەمبەر بنەمای جیاوازییەکان و دژایەتییەکانە، کە لە دەسەڵاتە سیاسییە دیکتاتۆر و توتالیتەرەکاندا ڕێزی لێ نەگیراوە. هەر ئەوەش وای کردوە مەدەنییەتی کۆمەڵگەیەکی وریا لەبەرامبەر نامەدەنییەتیی دەستەڵات یان تەنانەت هەندێک کۆمەڵگەی دەستەمۆدا، وەک کردەیەکی ناوازە و ئاوارتە سەیر بکرێ.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین ڕووداوی ناخەژێنی سرووشتی و ناسرووشتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕوویان دا، وەک بوومەلەرزە و سێڵاو لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان و ناوچەی کوتوڵی دەڤەری شاری خۆی یان هاتنی شەپۆڵی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆرۆناویرووس کە بە هیمەتی خۆبەخۆی خەڵک و بە هەست بە بەرپرسیارەتی نەتەوەیی هەتا ئاستێکی باش بە سەریاندا زاڵ بوون و ئەو یارمەتییانە لاپەڕەیەکی زێڕین و درەوشاوە مێژوویی لە هەرەوەز و هاوکاری گەیاندنی یەکتر بوو کە هیچکات لەبیر ناکرێ. لە بەرامبەردا هەموو ئەوانە ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیی قەیرانی وڵات وەک لایەنێکی دەوڵەتی، کە لەژێر کۆمەڵەی وەزارەتی نێوخۆ چالاکە و بەرپرسیارەتی ئامادە بوون و پێشگرتن لە قەیران و هاوکاری گەیاندن بە زیانلێکەوتوانی لەسەر شانە، ئەرکەکانی خۆی بە دروستی بەجێ گەیاندبا، ڕەنگ بوو ئێستا هەزاران هاونیشتمانی وەک ئێمەمانان زیندووبان و لە پەنا بنەماڵەکانیان ژیانیان کردبا. لێ مەخابن هەر وەک باقی جومگەکانی دیکەی دەستەڵات کە بە گەندەڵی، ناشارەزایی و کەمتەرخەمی گلاون و بەردەوام نەک قەیرانەکان کۆنترۆڵ ناکەن، بەڵکوو سەرچاوەی بەشی زۆری قەیران و کێشەکانی نەک هەر کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانن، بەڵکوو زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیشیان تووشی شەڕ و ماڵوێرانی کردوە.

کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بریتین لە هەموو ڕێکخراوەکان و چین و تاکی دەروەست و دڵسۆز، لەخۆبوردوویانە وێڕای هەموو ئاستەنگ و ڕەوشی خراپی ئابووریی نیشتمان، لە تەنگانەدا بە هانای خوشک و براکانیانەوە چوون و دەچن کە سەرچڵەپۆپەی ئەو هاوکاری و پشتیوانییە لە ڕاپەڕینی ژینا کە بە درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" تابووی لەشکاننەهاتووی ڕێژیمی کردە بڵقی سەر ئاو، خۆی ڕوونتر لە هەمیشە دەرخست.

لە دوامین ڕووداوی سرووشتی دا، چەند ڕۆژ لەمەوبەر کۆمەڵێک شاخەوانی گرووپی "کانیاو"ی نەغەدە لە چیای "ڕەندۆڵە"ی سەر بە شاری شنۆ وەبەر ڕنوو کەوتن کە هەتا ئیستا دوو شاخەوان ڕزگار کراون و بەداخەوە لە چارەنووسی سێ شاخەوانەکەی دیکە زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەر دەستدا نییە. هەر دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم ڕووداوە و بانگەوازی ڕێکخراوە مەدەنییەکان بۆ بەهاناوەچوونی شاخەوانان، شەپۆلێک لە هاوسۆزی و هەنگاوی بەکردەوە نران. بە دەیان گرووپی شاخەوانی شارەزا لە شاری شنۆ و تەنانەت شارەکانی دیکەوە، لە کەشوهەوایەکی سارد و بۆراندا کەوتنە گەڕان و شاخ و دۆڵەکانیان پێماڵ کرد. خەڵکیی خەمخۆری ئاواییەکانی زمێ، حەیدەرئاباد و ئاڵکاوێ بە هەرشێوەیەک بۆیان کرا، هەر لە ڕێنوێنیکردنی شاخەوانان هەتا پێڕاگەیشتنیان هاوکاریی تیمەکانی گەڕانیان کرد. چالاکانی میدیایی و رایەڵە کۆمەڵایەتییەکان لە پەیج و تۆڕەکاندا پەیتاپەیتا هەواڵیان بڵاو کردەوە و داوای هاوکاری و بەهاناوەچوونی خەڵکی شارەزایان دەکرد.

لە حاڵێکدا جیا لە گرووپێکی دڵسۆز لەلایەن خاچی سوورەوە کە ئەوانیش هەر لە هێزی خۆبەخش پێکدێن، دەسەڵات و بەتایبەت دامودەزگانی ڕێژیم لە شنۆ و نەغەدە هیچ هەوڵێکیان بۆ بەهاناوەچوونی شاخەوانانی ونبوو نەدا، بەڵام خەڵک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەوپەڕی بێئیمکاناتی، بەڵام بە ئیرادەیەکی یەکگرتووانەی پۆلاییینەوە، قۆڵی هیمەتیان هەڵماڵی و بۆ دۆزینەوەی کوڕەکانی خۆیان کەوتنەکار. بەتایبەت گرووپە شاخەوانییەکان کە لەو کەش و هەوا سارد و بەستەڵەکەدا دەرووەستانە هیمەتیان نواند.

ئەوەی جێگای ڕامان و تێفکرینە و دەکرێ لە بواری کۆمەڵناسی و بە ڕوانگەی دەروونناسانەی کۆمەڵگە سەیر بکرێ، ئەوەیە کە؛ کۆمەڵگەیەک کە دەیان ساڵە لە بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، زمانی و بە گشتی نەتەوەییەوە دەچەوسێتەوە و بەر بە پێشکەوتنەکانی دەگیرێ؛ چۆن دەتوانێ ئەوا وشیار، زیندوو، دەرووەست و لەخۆبوردوو بێ کە بەردەوام دوای هەموو لێقەومان و قەیرانێک بە هانای یەکترەوە دەچن و بە پشتیوانی و هاوکارییان تێچووی قورسی ڕووداوەکان کەمتر دەکەنەوە. ئەگەرچی ڕەنگبێ ئەو ڕەخنەیەش لەو خەڵکە بگیرێ کە، بۆچی دەبێ ئێمە تێچووی ڕووداو و قەیرانەکان بدەین، ئەوە لە حاڵێکدا ئەرکی حکومەتە؟! بەو چالاکییانە هاوکاری ئەو ڕێژیمە دەکرێ کە گیانی خەڵک بەتایبەت تاکی کوردی هەر بۆ گرنگ نییە، بەڵام کورد گوتەنی "تێکوشینی بە هیوای جیران ویشکە"؛ ئەوە خەڵکە دەبێ پشتی یەکتر بگرن و بە پشتیوانی و هاوکاری یەکتر بەسەر قەیرانەکاندا زاڵ بن و لە ئاکامدا بە ژیانێکی بەختەوەرانە بگەن. دیمەنی شارێک بە پیر و لاو و قوتابی و مامۆستاوە لە دوعا و نزا و، ژنێک وەک تاکێکی دڵسۆز، دەرووەست و لەخۆبوردوو کە لەو قەیرانە ئابوورییەدا نان و خواردنی دەیان هاونیشتمانی و شاخەوانی ماندوو کە لە ڕەوشێکی ناڵەباری کەش و هەوا لەبەر بەفر و بەستەڵەک و باڕن و کڕیوە خۆبەخشانە سینگی چیا هەڵدەدڕن ئامادە کردوە، یان ئەو لاوانەی تیمی ئافرۆدسوار کە ئەرکی گواستنەوە و گەیاندنیان وەئەستۆی خۆیان گرتوە، ڕەنگبێ بۆ دەستەڵاتە دیکتاتۆرەکان مۆتەکە بێ و هەر لە فیلم و چیرۆکی ئەفسانەییشدا ببینیدرێن.

بێهیوابوونی خەڵک لە ڕێژیم لە کاتی لێقەوماندا بەمانای نەبوونی مەشروعیەتی ئەو نیزامە لای خەڵکە و ئەرکی دەستەڵاتیش بەداخەوە تەنیا کوشتنی کۆڵبەر و کاسبکار، گرتن و ئەشکەنجە و سێدارە و شێواندنی بنەماڵەکان و ئاژاوە و ماڵوێران کردنە هەر بۆیە دەرفەتی ئەو کردە خێرانەی نییە.

شەپۆلی بەهاناوەچوونی ئەو کوڕە شاخەوانانە لەلایەن خەڵکی شنۆ و شار و ئاوایییەکانی دیکەی دەڤەرەکە لە هەموو شکڵ و شێوازێکی گونجاوی خۆیدا، بۆ جارێکی دەریخست کە کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی زیندوو، لەسەرپێ و ڕێکخراوە کە لە نواندنی ئەم جۆرە ڕەفتارانەدا بە تەواوەتی هەستی بە زەرووڕەتی یەکێتی و یەکگرتووی خۆی کردوە. ئەم تایبەتمەندییە لە ڕەفتاری کۆمەڵگەی کوردستان کە بە بەستێنەکانی هەموو جموجۆڵێکی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ژینگەپارێزی و سیاسییەوە دیارە، دەریدەخات کە کۆمەڵگەی کوردستان کە خاوەنی پاشخانێکی زیندووی پڕ لە خەبات و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تێکۆشانی جۆراوجۆرە، لە ئاستێکی بەرزی وشیاریی نەتەوەیی و خۆڕێکخستنی کۆمەڵایەتی‌دایە کە بەدەر لە کەمتەرخەمیی دام ودەزگاکانی دەسەڵات، توانای خۆبەڕێوەبەری و خاوەندرارێتی لە خۆی هەیە.

**٢٥ی بەفرانباری ٢٧٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خەباتی ئەمڕۆی ژنان ئۆتۆریتەی ڕێژیمی وەلەرزە خستووە




**شەونم هەمزەیی**

لە کۆتاییەکانی هاوینی ئەمساڵدا و بەدوای کوشتنی "ژینا ئەمینی" زنجیرە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانێکی بەرین هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی گرتەوە کە ئەو ناڕەزایەتییانە لە شێوازی جۆراوجۆردا ئێستاش هەر بەردەوامن و بێوێنەترین ناڕەزایەتییەکانن کە لە مێژووی ئەم چلوئەوەندە ساڵەدا بەرەڕووی ڕێژیم بوونەتەوە. شەهیدبوونی ژینا بووە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی ڕاپەڕینی ئێراندا. ئەگەر لە بزووتنەوەی مەشرووتەوە تا ساڵی ٨٨یش ئێمە شایەدی ناڕەزایەتی، ڕاپەڕین، کوودەتا و شۆڕش لە ئێراندا بووین، بەڵام ئەم ڕاپەڕینەی ژینا جیاوازیی بنەڕەتیی لەگەڵ هەموو ناڕەزایەتییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران هەبوو. خەڵک وەک پێشتر ناڕەزایەتییەکی بەتەنیا ئابووری یاخود سیاسی نەبوو، بەڵکوو هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ... دەگرتەوە. لەم شۆڕشەدا ئێمە چینی بەرفراوانی پەراوێزخراوانی کۆمەڵگە دەبینین کە دەنگیان بەرزتر و دلێرترە لەوانەی لە بوارە جیاوازەکاندا لە چینی سەرەوەی کۆمەڵگەن و، بۆ یەکەم جارە هەموو کەمینەکان بە هاودەنگییەوە دەیانەوێ ڕیشەی هەڵاوردنە فرەڕەهەندەکان هەڵکەنن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژنان لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان بە باشترین شێوەی لەم دەرفەتە و لەم کەشە تێگەیشتوون و بە هێز و وزەیەکی بەرچاوەوە دەرکەوتوون. ژنان لەو بزووتنەوەیەدا ڕۆڵی پێشەنگایەتی دەگێڕن و ئەمەش دیسان خاڵێکی جیاوازە و لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا نموونەی نییە. بۆ یەکەم جارە کە ژن پاشکۆی پیاو نییە و ئەم خەباتەی ژنان لەلایەک ئۆتۆریتەی ڕێژیمی وەلەرزە خستووە و لەلایەکی تر سامی خەڵک و بە تایبەت ژنانی لە دەسەڵات شکاندوە. هەروەک چۆن دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بووەتە ڕەنگدانەوەی ڕاستیی خەبات و بەرخۆدانی ژنان.

**ئەمڕۆ کێ ڕێبەرە؟** هەمووان ڕێبەرن، ئەوەی لە شەقامدایە، ئەوەی خەبات لەدژی ناداد پەروەری دەکات، ئەوەی ئایدۆلۆژییەکانیی ڕیژیم دەخاتە ژێر پرسیار، ئەوەی خەبات بۆ پاراستنی کولتوور ناسنامە... هتد دەکات و ڕوو لە دەسەڵات دەوەستێتەوە خۆی ڕێبەرێکە. بە سەدان کەس دەسبەسەر کران، ئیعدام کران، شەهید و برینداد کران، بەڵام نارەزایەتی و ڕاپەڕین هەر نەنیشتووەتەوە و بەردەوامە.

شۆڕشی ژینا و خەبات و بەرخۆدانی ژنان کاریگەریی لەسەر تەواوی کوردستان و ئێران دانا، ژن بوو بە سیمبولی خەبات و تێکۆشان و بەرخۆدان. لە ماوەی دەسەڵاتدارییەتیی کۆماری ئیسلامیدا ژنان بەردەوام لە سەر شەقام بوون و لە ڕەهەندە جیاوازەکانی خەبات تێکۆشاون، قوربانییان داوە و دەسکەوتی زۆریشیان بە دەست هێناوە. هەر لە دەسپێکی شۆڕشی ژینا و دوای ساڵێک لە بەردەوامیی ئەو شۆڕشە لەگەڵ ئەوەی بێ‌تێچوو نەبوو، بەڵام شاهیدی گەلێگ دەسکەوتی گرینگ و بە بایەخ بووین کە ڕۆڵ و ئازایەتیی ژنان و بەردەوامییان لە خەبات و تێکۆشان نیشان دەدات.

پارلەمانی ئورووپا خەڵاتی "ساخارۆف"ی ساڵی ۲۰۲۳ ی زایینی بە ژینا ئەمینی و شۆڕشی "ژن ژیان ئازادی" بەخشی. ڕۆبرتا مەتسولا، بەرپرسی پارلمانی ئورووپا سەبارەت بە بەخشینی خەڵاتی ساخارۆف بە ژینا ئەمینی گوتی: "قەتڵی دڕندانەی ژینا ئەمینی خاڵی وەرچەرخان بوو" و دواتر گوتی ئێمە لە تەنیشت هەموو ئەو کەسانە دەبین و ڕادەوەستین کە بۆ "یەکسانی و ئازادی" لە ئێراندا خەبات دەکەن. پارلمانی ئورووپا بە شانازییەوە لە تەنیشت خەڵکی دلێر و بوێری ئێران وەستایەوە و بە نیشانەی ڕێزلێنان لە خەبات و تێکۆشانی ژنان، پیاوان و گەنجانی ئێرانی لە بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی" خەڵاتەکەی پێشکەش کرد.

نێرگز محەممەدی، بە هۆی چالاکییەکانی لە بواری مافی مرۆڤ و مافەکانی ژنان و داکۆکیکردنی لە ئازادییەکانی ئەو ژنانەی لە ئێران ستەمیان لێ کراوە، خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بۆ ساڵی ۲۰۲۳ی پێدرا. نێرگس کە ماوەی چەند ساڵە لە بەندیخانەکانی ئێراندایە بە هۆی خەبات و چالاکییە بەردەوامەکانی لە زینداندا لە دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی دیکە سزای بەندکرانی زیاتری بەسەردا سەپایەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

زارا محەممەدی و موژگان کاووسی دوو لەو ژنە بوێرانەی دیکەن کە لە ڕەهەندێکی دیکەدا و لە مەتەرێزی خەبات بۆ پاراستنی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی خەباتیان کردووە و بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتەوە دژایەتیی چالاکییەکانیان کراوە و بەو هۆیەوە سزا دراون و بەند کراون، بەڵام ئەم ترساندن و تۆقاندن و زیندانی کردنانە نە تەنیا ناتوانێ ڕاستیی پێویستیی پاراستنی زمان و ناسنامە لە مێشک و دڵی خەڵک و زارا و موژگانەکاندا بسڕێتەوە، بەڵکوو ڕێک کارکردێکی پێچەوانەی دەبێ و نموونەش بۆ ئەم ئیدیعایە وتەکانی زارا بوو لە دوای ڕاگەیاندنی حوکمەکەی کە گوتی: "شانازی دەکەم ١٠ ساڵی ژیانی خۆم لە خزمەتی خەڵک و زمانی دایکییدا بووم، ئەگەر وتنەوەی زمانی دایکی تاوانە! ئەوە قەبووڵمە و تاوانێکی پیرۆزە و بیری ئازادیم لە زینداندا پتەوتر دەبێت."

نازیلا مەعرووفییان، ئیلاهە محەممەدی و نیلووفەر حامیدی، کە قوربانیی نەبوونی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لە ئێراندان و نازیلا بە هۆی وتووێژێک لەگەڵ باوکی ژینا ئەمینی لە دوای کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، ئیلاهە و نیلووفەر بە هۆی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی کوشتنی ژینا ئەمینی کەوتنە ژێر ئەشکەنجە و ئازار و بەندکران، بەڵام دوای ئازادبوونیان لە زیندان بۆ دووبارە و بە شێوەیەکی دیکە بە فڕیدانی سەرپۆشەکانیان دژی بنەما ئایدلۆژییەکانی ڕێژیم وەستانەوە و بۆ جارێکی دیکە دەسەڵاتدارانیان وەلەرزە خست و هەوڵی دروستکردنی دۆسییەی زیاتر بۆ سزادانی زیاتریان دەکەن.

ڕۆیا حیشمەتی کە لە ژێر قامچیی دوژمناندا کۆڵی نەدا وتی: بەناوی ژن بەناوی ئازادی، جلی کۆیلەیەتی دڕا، شەوی تاری ئێمە بەسەر دێت، هەموو قامچییەکان دەبن بە تەور. هەروەها دروشمەکانی، شەهیدبوونتان پیرۆز بێت، ڕێگات بەردەوامە. ئێمە دایکانی شۆڕش بە هیچ جۆرێک لە خوێنی ڕۆڵەکانمان ناگوزەرێین. تا دوا هەناسەمان دادخوازی خوێنی بەناحەقڕژاوی ڕۆڵەکانمانین بە دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە. ڕێگای شەهیدەکانمان پڕ ڕێبوار بێت. ناسرەوین، نابەزین، سەردەکەوین"، ئەمانە وتەی دایکانی شەهید و دادخوازن کە لە ڕۆژی شەهیدبوون و ساڵیادی شەهیدبوونی ڕۆڵەکانیان بە هەڵگرتنی دەسماڵی سوور و بە ئازایەتی و بوێریەوە لە ڕووی دوژمن وەستانەوە.
ئەم خەباتە پێناسەی سێ تەوەری گرینگە، تەوەری دژایەتی لەگەڵ هەڵاواردنی ڕەگەزی کە لە وشەی ژندا ڕەنگی داوەتەوە، تەوەری دژایەتی لەگەڵ هەڵاواردنی چینایەتی و ئاستی خۆشگوزەرانیی خەڵک کە لە وشەی ژیاندا بەرچاو دەکەوێ و تەوەری دژایەتی لەگەڵ دیکتاتۆرییەت کەوا لە وشەی ئازادیدایە. کەواتە کۆماری ئیسلامی ڕەواییی نەماوە و نەک وەک دەسەڵاتێکی یاسایی و خەڵکی، بەڵکوو وەک داگیرکەرێکی سەرکوتکەر چاو لێدەکرێ. مادام ڕوانگەی زۆربەی خەڵک بگۆڕێ بۆ ئەم ڕوانگەیە، ئەوە یانی دەسەڵات شکست دێنێ، جا ئەمڕۆ بێ یان کاتێکی تر.

٢٧ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ڕێژێمێک کە جیا لە هاشاوڵی دەوروبەر هیچی بۆ نەمابێتەوە!



**سمایل شەرەفی**

سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەوی سێشەممە لەسەر چوارشەممەی ڕابردوو لە سێ سەکۆی مووشەکهاوێژی جیاوازەوە هێرشی مۆشەکی و درۆنیی کردە سەر سێ وڵاتی دراوسیی خۆی و ناوچە کە بریتین لە؛ عێراق (هەرێمی باشووری کوردستان)، سووریە و پاکستان. سپای پاسداران کە ئەم هێرشانەی بە تۆڵەکردنەوە لە تەقینەوەکانی کرمان، هێرش بۆ سەر پایگاکانی لە ڕاسکی سیستان و بەلوچستان و کوژرانی چەند مۆرەیەکی لە سوریە پاساو دایەوە، ڕایگەیاند کە ئەم هێرشانە بە دەستوور و فەرمانی ڕاستەوخۆی، عەلی خامنەیی بەڕێوە چوون.

ئەوەی کە ئیدیعاکانی سپای پاسداران و بەرپرسانی ڕێژیم بۆ پاساوهێنانەوەی ئەم هێرشە مووشەکییانە چەندە ڕاست و نزیک لە واقعیەتن، لانیکەم بەنیسبەت هەرێمی کوردستان و بوونی شوێنی سیخوڕی و پیلانگێڕی دژ بە ئێران لە هەولێر، جیا لە درۆ و بوختان شتێکی دیکە نیە. بەڵام ئەوەی ئامانجی ئەم وتارەیە خوێندنەوە بۆ دیوێکی دیکەی ئەم هەوڵە تێرۆریستیانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە دەکرێ لە دوو ئاستی دەرەکی و نێوخۆییدا قسەی لەسەر بکرێ.

لە دوای شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس کە کۆماری ئیسلامی لەوانەیە بیری لەو ئاستە لە دژکردەوەی دەوڵەتی ناتانیاهۆ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەرانبەر بە هێرشی ١٥ی ئۆکتۆبری حەماس بۆسەر خەڵکی سڤیلی ئیسرائیل نەدەکردەوە، ڕەوتی ڕووداوەکان بە قازانجی کۆماری ئیسلامی نەچوونە پێشێ. سەرمایەگوزاریی چەندین ساڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر حەماس و پرسی غەززە کە بە درۆ بە ناوی "پشتیوانی لە قەزیەی فەلەستین"، سەروەت و سامانی خەڵکی ئێرانیان تێدا خەرج دەکرد، بە خۆتەبرەئەکردن لە کردەوەکانی حەماس، مایەبۆچ دەرچوو؛ غەززە بە زیاتر لە ٢٠هەزار کوژراو، دەیان هەزار برینداز و سەدان هەزار ئاوارەوە، بوو بە وێرانەیەکی تەواو.

لە درێژەی ئەم شەڕ و ئالۆزیانەدا کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای گرووپە نیابەتییەکانەوە لەهەوڵی بەرفراوانکردنی شەڕەکەدا بوو، هەنگاو بە هەنگاو؛ لە سووریە و عێراق بە کوژرانی دەیان کەس لە پلەدارەکانی سپای پاسداران و تێداچوونی چەند کەسێک لە سەرکردەکانی لایەنە شێعەکان و لە یەمەن بە هێرشی ئاسمانیی ئەرتەشی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان بۆ سەر حووسییەکان، بەکردەوە ئاچمەز کرا. لە لایەکی دیکەوە رووسیە کە بە هاوپەیمانی ئیستراتێژی ئێران دەناسرێ، لە مەسەلەی سێ دوڕگەی کەنداودا کە ئێران ئیدیعای خاوەندارێتیان دەکات، دانی بە خوێندنەوەی وڵاتانی عەرەبیدا نا و نەک هەر پشتی کۆماری ئیسلامیی چۆڵ کرد، بەڵکوو چووکەترین وڵامدانەوەی بە هات و هاواری بەرپرسانی ڕێژیم نەبوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پێی وابوو "گەردەلوولی ئەقسا" کۆتایی بە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت عەرەبستان لەگەڵ ئیسرائیل دەهێنێ و بەگرتنەپێشی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕیاز دەتوانێ خۆی بە شەریکی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ناوچەکە بزانێ و لەم ڕێگایەوە فورسایی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی لەسەر خۆی کەم بکاتەوە، ئەم پلانەشی لێ بوویە بڵقی سەر ئاو. لە بەشداریکردنیدا بۆ کۆبوونەوەی هاوکاریی وڵاتانی ئیسلامی لە ڕیاز کە تایبەت بە ئاڵۆزییەکانی ئیسرائیل و حەماس بوو، ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆکۆماری ئێران کە پێی وابوو دەبێ بۆچون و هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامی ببنە هەوێنی بڕیارنامەی کۆتایی کۆبوونەوە، بەڵام بڕیارنامەکە بەبێ ئەوەی چووکەترین سەرنجی جەنابیان و ڕێژیمەکەی تێدا بێت، باسی لە کۆتایی شەڕ و چارەسەری کێشەکان لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە کرد.

لە ئاستی نێوخۆییدا بەرەی خەڵک دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرەئەستاندن و خۆڕێکخستن بۆ خۆدەرخستنی جیدی لە هەر دەرفەتێکی گونجاو دایە. کۆماری ئیسلامیش لە تەواویەتی خۆیدا داماڵدراو لە مەشرووعیەتی سیاسی و بەڕێوەبەری، نەتەنیا توانای کەمکردنەوەی کەلێنی نێوان خۆی و خەڵکی نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەی هەموو ئەو ئیدیعایانەی لەسەر پاراستنی ئەمنیەتی نێوخۆی وڵات و دوورخستنەوەی شەڕ بۆ ئەو دیو سنوورەکانی ئێرانی دەکرد، لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

قەزیەی تەقینەوەکانی کرماندا دەکەوت، کە لەو بەستێنەشدا چەندە بێدەسەڵات و لاوازە.

ڕێژیمێک کە پێگەی لەنێو خەڵکی وڵاتەکەیدا ئەوەندە لاواز و بێئایەندە بێت و بە پێچەوانەی ئیدیعای سەردارە کارتۆنییەکانی لە قووڵایی خاکەکەیدا تەقینەوەی وەک ئەوانەی کرمان بکرێت و بکەرانی بتوانن بە ئاسانی سنوورەکان ببڕن و پێشتریش بە تۆن زانیاری لە ناوەندە ئەتۆمییەکانیەوە چوبێتە دەرەوە و لە ئاستی ناوچەکە و سیاسەتی "صدور انقلاب"ەکەیدا ئاوا مایەپوچ دەرچووبێ و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێناسەی شەڕئەنگێزانەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی جیهانی وەرگرتبێ، جیا لە هاشاوڵ و پەلاماردانی ئەم و ئەو چ ڕێگایەکی بۆ دەمێنێتەوە؟!

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە وەزیری دەرەوەی لە کۆبوونەوەکانی دوێنێی داڤۆسدا ئەم هێرشە تێرۆریستیانەی بە پاراستنی خەڵکی وڵات! لە قەڵەم دەدا، بەشێک لە ئامانجەکانی لەم کردەوانە، خۆدەربازکردن لە ترسی سەرهەڵدانی خەڵک دژبە خۆی و بۆ شاردنەوەی بێتوانایی خۆی بەرانبەر بە ئیرادەی مافخوازانەی خەڵکە. خەڵکێک کە بە هۆی ئەم ڕێژیمەوە وڵاتەکەی لێبۆتە زیندانێکی گەورە و تیایدا بەهەژاری و بێئازادی دەژی، بەڵام بڕیار و هەڵوێستی بۆ تێپەڕین لەم نیزامە جیدی و لێبڕاوانەیە.

هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر خاکی وڵاتانی دەوروبەر، لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کورتخایەن، وریەک وەبەر لایەنگرانی ڕێژیم و بەتایبەت هێزە سەرکوتکەرە ئەمنیەتییەکانی بێنێ و پێیان وابێ و وەک دەڵێن؛ "هێزی مووشەکیی ناوچەکە"ن، بەڵام وەک هەموو کەسێکی ئاگادار لە پێگەی ئەم ڕێژیمە لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات، زۆر ناخایەنێ ئەوانیش بۆیان دەردەکەوێ و دەیبینن کە ئەم پەلامار و هاشاوڵبردنانە لە ترس و پێگەی نەبوویەتی.

۲۸ی بەفرانباری ۲۷۲۳



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئامانجی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان



**تەیموور مستەفایی**

لە دوای دامەزرانی هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا ئەگەرچی ڕێژیمی ئێران لافی دۆسایەتی بە درۆ بە کوردی باشوور دەدا، بەڵام هیچکات لە پیلانگێڕی دژی ئەم هەرێمە نەوەستاوە و، سڵی نەکردووەتەوە کە دۆستە کوردەکانی باشووری کوردستان لە خۆی دەڕەنجێنێت و دڵیان دێشێنێ. کۆماری ئیسلامی قەوارەی هەرێمی کوردستان بە ئیسرائیلی دوویەم دەشوبهێنێت کە دوایین لێدوانی ڕەییسی سەرۆک کۆماری، کۆماری ئیسلامی کە پاش تەقینەوەکەی کرمان لە وەسفی قاسم سولەیمانیدا گوتبوی قاسم سلیمانی لە دروستبوونی ئیسرائیلێکی دیکە لە ناوچەدا پێشگیری کرد دەرخەری ئەو ڕاستییەیە. هەمووان دەزانن مەبەستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێفراندوم بۆ سەربەخۆیی لە ساڵی ٢٠١٧ بوو. کۆماری ئیسلامی هەر ئەوکاتیش بەگەمارۆدانی کوردستان و هەڕەشە لە قەوارەی هەرێم بە کردەوە دوژمنایەتی خۆیان دژی کورد و مافە ڕەواکانی پیشان دا. بێجگە لەوە ئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو هێرشانەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە چەند خاڵدا دەخەمە بەرچاو:

١- وەک لە چەند دێڕی پێشوودا ئاماژەم پێ کرد کۆماری ئیسلامی قەوارەی هەرێمی کوردستانی بە ئیسرائیلی دوویەم دەزانێ و ئامانجی لاوازکردن و لە کۆتاییدا نەهێشتنی ئەم هەرێمەیە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٢- دۆستایەتی کورد لەگەڵ هاوپەیمانەکان و هەڵویستی کورد و سوونی مەزهەبەکان سەبارەت بە پێویستی مانەوەی هاوپەیمانان لە عێراق دژی سیاسەتی ئێرانە و بەم هەڵویستە زۆر قەڵس بووە.
٣- هەرێمی کوردستان کە تا ئێستا ناوچەیەکی ئەمن بوو و بەو هۆیەوە خەڵکی بیانی سەرمایەگوزارییان تێدا دەکرد، بە نائارامبوونی دەبێتە هۆی کشانەوەی ئەو کۆمپانیایانە کە لە هەرێمی کوردستاندا سەرمایەگوزارییان کردوە، لە ئاکامدا لاوازبوونی باری ئابووری هەرێمی کوردستانی لێ دەکەوێتەوە کە ئامانجی ڕێژیمی ئێرانە.
٤- بە ناردنی پەیامێکە بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا کە ڕێژیمی ئێران چەکی دوورهاوێژ و بە قەولی خۆیان خاڵکوتیان هەیە و دەتوانن لە دژی ئەوانیش کەلکی لێ وەکرگرن و، هیچ ناوچەیەکیش لە هەرێمی کوردستان لاوازتر نییە بۆ ئەم مانۆڕ و تاقیکارییانە.
٥- پەیامێکە بۆ دەوڵەتانی ناوچە کە ئەمریکا ناتوانێ بیانپارێزێت و باشترە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ڕێک بکەون ئەمنیەتیان پارێزراو دەبێ.

ستراتیژی ئەمریکا لە دەورانی ئۆباما و ئێستاش بایدێن دوورکەوتنەوە لە شەڕ و هەوڵدانە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سەرۆک کۆمار بایدێنیش ئەوەندەی بایخ بەم ستراتیژییە داوە کە ئۆتۆریتەی ئەمریکای لە بەرامبەر ڕێژیمی ئێران بردووەتە ژێر پرسیار و نەتەنیا هاوپەیمانەکانی بگرە خەڵکی ئەمریکاش لەم نەرمینواندنانەی لە ڕادەبەدەری بایدێن نیگەران و قەڵسن.

ئێرانیش ئەگەرچی ماکەی سەرەکی شەڕ و قەیرانخوڵقێنییە، بەڵام تێوەگلان لە شەڕێکی تەواومانا لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە بەرژەوەندیی خۆیدا نابینێ و، تەنانەت لە هەڵایسانی شەڕێکی گەورە لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەترسێ. کۆماری ئیسلامی ستراتیژی ئەمریکا کە دژی شەڕە کردوەتە دەرفەت و بەهۆی گرووپە میلیشیاییەکانییەوە، هێرش بۆسەر هێزەکانی ئەمریکا و نائەمنکردنی ناوچەکە بە دەریای سوریشەوە کە 15٪بازرگانی جیهانی بەم ناوچەیەدا تێپەڕ دەبێ کردوویەتە کارێکی ڕۆژانە و، ئامانجییەتی بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بڵێ کە ئێران هێزێکە کە دەبێ حیسابی بۆ بکەن.

ئەم وەزعە کە لە ناوچەکەدا پێک هاتووە ئەگەری بەربەرینتربوونی شەڕ و دەرچوونی کۆنترۆڵ لە دەستی ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم شەڕە، واتە ئەمریکا و ئێران کەم نییە، بۆیە دەبێ چاوەڕوانی ڕووداوەکانی داهاتوو بین. لەم هەلومەرجە ئاڵۆزە ناوچەیی و جیهانییەدا هەر لایەن و دەوڵەتێک خەریکی خۆ ئامادەکردنن بۆ ئەگەری شەڕە. سوئید کە ساڵیانێکی دوورودرێژە لە هیچ شەڕێکدا بەشداری نەکردوە لەلایەن سەرۆک وەزیرانی ئەم وەڵاتەوە داوا لە خەڵکەکەی دەکا


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ ئەگەری ڕوودانی هەر شەڕێک ئامادە بن، کەوابێ ئێمەش دەبێ ئاگاداری ئەم وەزعە هەستیارە بین.

## ئاکام

وەک لە چەند دێڕی پێشوودا ئاماژەم پێ کرد، ناوچە کە هەنگاوەکانی بەرەو شەڕ زیاترە تا بەرەو ئاشتی، لە جەمسەربەندی ئەگەری شەڕ لە ناوچەکەدا کۆماری ئیسلامی دەیەوێ گوشارەکانی بۆ سەر ئەو لایەنانە لە ناوچەکەدا کە بەتەواوی لەگەڵی هاوئاهەنگ نین زیاد بکات تا بەڵکوو لەگەڵی ڕێک بکەون. بێجگە لەوانەش باسمان کردن و دەتوانم چندین هۆکار و خاڵی دیکەشیان لێ زیاد بکەم.

بۆ درێژنەبوونەوەی بابەتەکە دەمەوێ جەوهەری ئەم باسە کە هۆکار ی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستانە بڵێم:

ئەو هێرشانە لەو باوەڕەی کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوەی گرتوە کە هەرێمی کوردستان بە ئیسرائیلی دوویەم دەزانێ و ئەمەیان سەدان بار هێناوەتە ئاراوە و نەیان شاردووەتەوە. قابیلە کۆماری ئیسلامیی ئێران دروشمی لەنێوبردنی ئیسرائیلی هەڵگرتبێت و ئیزن بدات بە قەولی خۆیان ئیسرائیلی دوویەم لە بناگوێیاندا دروست بێت. ئەم وەڵامە جەوهەریە کە و ئەو خاڵانەش کە پێشتر باس کران لە خزمەت ئەم ئامانجە دایە و کەس وەدوای هۆکاری لاوەکی دیکەدا نەگەڕێت.

٣٠ی بەفرانباری ٢٧٢٣

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێبەندانی ٢٧٢٣ی کوردی = جانێوێری ٢٠٢٤ی زایینی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێیان بۆ نووسین و ئامادەکردنی نووسراوە و بابەتەکان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com